زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی "وفایی" دا

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا


لەلایەن

**فرمێسک موسلیح محەمەد**

بەکالۆریۆس لەبەشی زمانی کوردی- ٢٠١٠

بەسەرپەرشتی

**پ.د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان**


هەولێر، کوردستان

تشرینی یەکەم ٢٠١٥

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەر نامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (**مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی "وەفایی" دا)** هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردووەتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: فرمێسک مصلح محمد

بەروار:

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردی. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو............................................ واژوو............................................

بەروار...............................................

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:............................................................................

ناو:.............................................................................

سەرۆکی بەش.......................................................................

بەروار:..........................................................................

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلیژ

واژوو:..........................................................................

ناو: عاتف عەبدوڵڵا فەرهادی

بەروار:.........................................................................

.

هەولێرنامەی کتێب

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەرنامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی (وەفایی)دا) خوێندەوە و قوتابییەکەمان کە ناوی (فرمێسک موسلێح محەمەد) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی ئەدەبی کوردی تیادایە.

واژوو:
ناو:
ئەندام:
بەروار:

واژوو:
ناو:
ئەندام:
بەروار:

واژوو:
ناو:
ئەندام:
بەروار:

واژوو:
ناو:
سەرۆکی لیژنە:
بەروار:

واژوو:
ناو: : پ.ی.د .شادان جمیل عباس
ڕاگری کۆلێژی زمان
بەروار:

هەوالنامەی کتێب

## پێشکەش

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- ❖ باوکی زێدە ئازیزم، کە هەمیشە ڕێگە دوورەکانی بۆم نزیک کردووەتەوە.
- ❖ دایکی میهرەبانم، کە بە خۆشەویستییەوە گەورەی کردم.
- ❖ بۆ خۆشەویست و هاوسەرم (نەبەز ئیسماعیل)، کە بە ڕیتم و خۆشەویستی ژیانمی جوانتر کرد.
- ❖ بۆ خوشکم و براکانم کە هەمیشە پاڵپشتم بوون.
- ❖ بە هەموو ئەوانەی چێژ لە مۆسیقای شیعر وەردەگرن.

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین

- سوپاس و پێزانینم بۆ مامۆستای سەرپەرشتیارم بەڕێز (پ.د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی لە ئەستۆ گرت ولەگەڵم ماندوو بوو.
- سوپاس و پێزانینینم بۆ (پ.ی.د. ئیدریس عەبدوڵڵا) و (د. محەمەد بەکر)، کە ڕێنماییان کردم بە دڵێکی فراوانەوە وەڵامی پرسیارەکانیان دەدامەوە.
- سوپاس و ڕێزم بۆ (پ.د.سەردار گەردی) و (پ.ی.د. یادگار باڵەکی)، کە لە لە هەڵبژاردنی ناوونیشاندا ڕاوێژم پێکردن و هاندەرم بوون.
- بەڕێز (د. هەڵگورد محەمەد) کە لە کاری کۆمپیوتەردا هاوکار و هاماهەنگ بوو.
- بەڕێز (م.ی. چیایی کمال سەعدی) کە لە بەشە مۆسیقییەکەدا هاوکارم بوو.
- بەڕێزان (د.عاتف فەرهادی) و (م. تەڵعەت تاهیر) کە کارەکانیان بۆ ڕایی کردم.
- سوپاسم بۆ (م.ی. سۆران مامند) کە پاڵپشت و یارمەتیدەرم بوو.
- هاوڕێیانم (کاروان ئەحمەد) و (رزگار ئیسماعیل) و (م.ی.ژیار عوسمان)، کە لە دەستخستنی سەرچاوەکاندا هاوکارم بوون.

هەواڵنامەی کتێب

## پوختەی توێژینەوەکە


مۆسیقای شیعری هەموو ئەو لایەنانە دەگرێتەوە، کە بەشداری لە بنیاتنانی ڕیتم و ئاوازی شیعردا دەکەن. ئەم لێکۆلینەوەیە کە بە ناونیشانی (مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی "وەفایی"دا)یە. هەوڵێکە بۆ دیاریکردن و تیشک خستنە سەر لایەنە مۆسیقییەکانی شیعر، بەتایبەت مۆسیقای شیعرەکانی "وەفایی".

توێژینەوەکە لە پێشەکیەک و دوو بەش پێکهاتووە، هەر بەشێکیش بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: تایبەتکراوە بەلایەنە تیۆرییەکانی مۆسیقای شیعر، کە لەسێ تەوەرەی سەربەخۆدا باسکراون. لە هەر تەوەرەیەکیش بەشێوەیەکی گشتی گۆشەیەکی مۆسیقای شیعری و ئەو لایەنانەی، کە مۆسیقییەت لەشیعردا دروست دەکەن دیارخراوە.

بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی سەرجەم لایەنەکانی مۆسیقای دەرەوە و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی "وەفایی"ە، بەرەچاوکردنی تایبەتمەندییە شیعرییەکانی وەفایی. لەپاڵ ئەمانەش هەوڵدراوە پەیوەندییەک لەنێوان مۆسیقای شیعری و وێنەی شیعری و هەروەها مۆسیقای شیعری و دەروونناسی لەڕێگەی شیعرەکانی "**وەفایی**"ەوە دروست بکەین.

لە دواییشدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە "**وەفایی**" زۆر گرینگی بە مۆسیقای شیعری داوە، زۆرجاریش لە پێناو مۆسیقا شیعری نووسیووە، چونکە وەفایی عاشقی مۆسیقا و گۆرانی بووە.

((پێرست))


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| بەڵێننامە | ii |
| پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | iii |
| بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە | iv |
| پێشکەش | v |
| سوپاس و پێزانین | vi |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە | vii |
| پێرست | viii |
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: لەبارەی مۆسیقای شیعرەوە** | ٥_١١٠ |
| 1.1تەوەرەی یەکەم: | 5 |
| 1.1.1 زاراوە و چەمکی مۆسیقای شیعری | ٥ |
| 2.1.1 پێناسەی ی شیعری | ١٠ |
| 3.1.1 ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقای شیعری | ١٤ |
| 4.1.1 مۆسیقای شیعری لە دیدی جیاوازەوە | ١٨ |
| 2.1 تەوەرەی دووەم: | |
| 1.2.1 هێز و ئاوازە | ٢٢ |
| 2.2.1 کێش لە نێوان شیعر و مۆسیقادا | ٢٨ |
| 3.2.1 مۆسیقای شیعری لە ڕێبازە ئەدەبییەکاندا: | ٣٣ |
| 1.3.2.1 مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی کلاسیزمدا | ٣٣ |
| 2.3.2.1 مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا | ٤٠ |
| 3.3.2.1 مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی ڕیالیزمدا | ٤٨ |
| 4.3.2.1 مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی سیمبولیزمدا | ٥٣ |
| 3.1 تەوەرەی سێیەم: | |
| 1.3.1 جۆرەکانی مۆسیقای شیعری | ٥٦ |
| 1.1.3.1مۆسیقای دەرەوە | ٦١ |
| 1.1.1.3.1کێش | ٦٣ |
| 1.1.1.1.3.1جۆرەکانی کێش | ٦٦ |
| 2.1.1.1.3.1 سیستەمی کێش لە ئەدەبیاتی کوردیدا | ٦٧ |
| 2.1.1.3.1 سەروا | ٧١ |
| 1.2.1.1.3.1جۆرەکانی سەروا | ٧٥ |

| | |
|---|---|
| 2.1.3.1 مۆسیقای ناوەوە"ریتم" | ٨٠ |
| 1.2.1.3.1دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و پێکهاتەکان | ٨٤ |
| 1.1.2.1.3.1 دووبارەکردنەوەی دەنگ | ٨٧ |
| 2.1.2.1.3.1 دووبارەکردنەوەی وشە | ٩٤ |
| 3.1.2.1.3.1 دووبارەکردنەوەی ئامراز | ٩٨ |
| 4.1.2.1.3.1 دووبارەکردنەوەی دەستەواژە | ٩٩ |
| 5.1.2.1.3.1 دووبارەکردنەوەی ڕستە | ١٠٠ |
| 2.2.1.3.1 ڕەگەزدۆزی | ١٠٢ |
| 3.2.1.3.1 دژیەک | ١٠٤ |
| 4.2.1.3.1 بەرانبەری | ١٠٦ |
| 5.2.1.3.1 کەرتکردن | ١٠٧ |
| 6.2.1.3.1 رد العجز علی صدر (دوابەسەر) | ١٠٨ |
| 7.2.1.3.1 هاوتەریبی پێکهاتەیی | ١٠٩ |
| **بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی جۆر و شێوە مۆسیقایەکانی شیعرەکانی "وەفایی"دا** | 2٢2_١١١ |
| **1.2 تەوەرەی یەکەم: مۆسیقای دەرەکی** | ١١١ |
| 1.1.2کێش | ١١١ |
| 1.1.1.2 کێشی هەزەج | ١١٢ |
| 2.1.1.2 کێشی ڕەمەل | ١١٧ |
| 3.1.1.2 کێشی ڕەجەز | ١٢١ |
| 4.1.1.2 کێشی موزاریع | ١٢٣ |
| 5.1.1.2 کێشی بەسیت | ١٢٥ |
| 6.1.1.2 کێشی موجتەس | ١٢٧ |
| 7.1.1.2 کێشی سەریع | ١٢٨ |
| 8.1.1.2 ئەو شیعرانەی وەفایی کە بە کێشی خۆماڵی دانراون یان ساغنەکراونەتەوە | ١٣٠ |
| 2.1.2 سەروا | ١٣٦ |
| 1.2.1.2یەکێتی سەروا | ١٣٦ |
| 2.2.1.2 سەروای کۆپلەبەند | ١٣٨ |
| **2.2 تەوەرەی دووەم: مۆسیقای ناوەوە "ریتم"** | ١٤١ |
| 1.2.2دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشەو پێکهاتەکان | ١٤١ |
| 1.1.2.2دووبارەکردنەوەی دەنگ | ١٤٢ |

| | |
|---|---|
| 2.1.2.2 دووبارەکردنەوەی وشە | ١٥٩ |
| 3.1.2.2 دووبارەکردنەوەی ئامراز | ١٦٧ |
| 4.1.2.2 دووبارەکردنەوەی دەستەواژە | ١٦٨ |
| 5.1.2.2 دووبارەکردنەوەی ڕستە | ١٧٠ |
| 2.2.2 ڕەگەزدۆزی | ١٧٣ |
| 3.2.2 دژیەک | ١٧٩ |
| 4.2.2 بەرانبەری | ١٨١ |
| 5.2.2 جێگۆرکێ | ١٨٢ |
| 6.2.2 کەرتکردن | ١٨٣ |
| 7.2.2 رد العجز علی صدر (دوابەسەر) | ١٨٩ |
| 8.2.2 هاوتەریبی پێکهاتەیی | ١٩٠ |
| **3.2 تەوەرەی سێیەم:** | ١٩٢ |
| 1.3.2 ڕەنگدانەوەی مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقاییەکان لە شیعرەکانی "**وەفایی**" دا | ١٩٢ |
| 2.3.2 پەیوەندی مۆسیقای شیعری بە: | ٢٠٠ |
| 1.2.3.2وێنەی شیعرییەوە | ٢٠٠ |
| 1.1.2.3.2ڕۆڵی ڕەوانبێژی لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا | ٢٠٥ |
| 1.1.1.2.3.2 وێنەی لێکچواندن | ٢٠٥ |
| 2.1.1.2.3.2 وێنەی خواستن | ٢٠٨ |
| 3.1.1.2.3.2 وێنەی درکە | ٢١٠ |
| 2.1.2.3.2 ڕۆڵی هەستەکان لە دروستبوونی وێنەی شیعریدا | ٢١١ |
| 3.1.2.3.2 ڕۆڵی پیت لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا | ٢١٤ |
| 2.2.3.2 لایەنی دەروونناسیەوە | ٢١٥ |
| **ئەنجام** | ٢٢٣ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | R242_R226 |
| **پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی ئینگلیزی** | i |


هەولێرنامەی کتێب

# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

## (پێشەکی)

مۆسیقا و شیعر ئەو دوو هونەرەن، کە بە درێژایی مێژوو پەیوەندییان بە یەکترەوە هەبووە، نەیان توانیوە دەست بەرداری یەکتری بن، چونکە هەر یەکێکیان ئەوی دیکەیان تەواو دەکات. مۆسیقای شیعری ئەو دیاردە سەرنج ڕاکێشەیە، کە لە شیعردا هەستی پێدەکرێ و پێی کاریگەر دەبین، بێگومان هەر سەردەمە و مۆسیقاییێکی شیعری تایبەت بەخۆی هەیە، یان بە واتایەکی دیکە هەر سەردەمە و مۆسیقاییێکی پێویستە، کە پێویستیی دەروونی سەردەم داوای دەکات و شیعریش وەک کاردانەوەیەکی دەروونی وەڵامی پێویستییەکانی سەردەم دەداتەوە.

### هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

گرینگی و بایەخی مۆسیقا لە شیعردا بوونێکی دیارو بەرچاوی هەیە لەناو دەقە شیعرییەکانی شاعیران بە گشتی و شاعیرانی کلاسیک لەناو ئەوانیشدا "**وەفایی**" شاعیرە، کە پێکهاتە و کەرستەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمەیە، شیعرەکانی شاعیری ناوبراو تەژین لە هەیەجانی مۆسیقی و وشەکان لێوان لێون لە نۆتەی مۆسیقی، هەر ئەمەشە وایکردووە، مۆسیقا و شیعر ئاوێتەی دەقە شیعرییەکانی شاعیر بێت و ئێمە پەلکێشی ناو دەقە شیعرییەکانی خۆی بکات.

### ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی لێکۆلینەوەکەمان دیاریکردن و خستنەڕووی چەمکی مۆسیقای شیعرییە لەپاڵ ئەمانەش گەیشتنە بە لایەنە مۆسیقییەکانی شیعر و بە تایبەت شیعرەکانی "**وەفایی**"

### گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

گرفتی لێکۆڵینەوەکەمان دەرخستنی لایەنە مۆسیقییەکانی شیعرەکانی "**وەفایی**"یە، کە تا ئێستا تیشک نەخراوەتە سەر هەموو لایەنە مۆسیقییەکانی شیعری شاعیر، کە دیاردەیەکی دیار و بەرچاوە و بەڕوونی لە شیعرەکانیدا هەستی پێدەکرێ، هەروەها ساغکردنەوەی بەشێک لە شیعرەکانی شاعیر لە ڕووی عەرووزییەوە، لە زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی "**وەفایی**" کراون لێکنەدرابوونەوە و زۆربەی جار بەپەنجەیی هەژمار دەکران. گرفتێکی دیکە بریتی بوو لە لایەنە دەنگییەکان لە شیعرەکانیدا، کە بەتەواوی لای لێنەکراوەتەوە و تەنیا لە دێرێک یان لە شیعرێکدا بەکورتی ئاماژەی پێکراوە، هەر بۆیە دەستنیشانکردنی مۆسیقای تەواوی شیعرەکانی لە ڕێگەی هەژماردنی ژمارە و ڕێژە و جۆر و کاریگەری دەنگەکان بە پێویست زاندرا.

### سنوور و بواری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان تەنیا لە بازنەی مۆسیقای شیعرە کوردییەکانی "**وەفایی**"دا دەخولێتەوە، خۆمان لە شیعرە فارسییەکانی بواردووە.

### میتۆد و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

بۆ ئەم لێکۆڵینەوە ئەدەبییە سوودمان لە زیاتر لە میتۆد و ڕێبازێک وەرگرتووە، خۆمان بە تاکە ڕێبازێک نەبەستووەتەوە. بەگشتی میتۆدی وەسفیی شیکاریمان گرتۆتە بەر. سەرەتا میتۆدی وەسفیمان لەبەشە تیۆرییەکەدا پەیڕەوکردووە، بۆ ئەوەی لایەنە تیۆرییەکە بەشێوەیەکی زانستی بخەینە ڕوو، بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی شیعرەکانیش لە بەشی دووەمدا سوودمان لە میتۆدی شیکاری وەرگرتووە، هەندێکجاریش سوودمان لە شێوازی ئاماری وەرگرتووە و تێکەڵی میتۆدە سەرەکییەکەمان کردووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەگشتی لە پێشەکییەک و دووبەشی سەرەکی پێکهاتووە:-

بەشی یەکەم: لەڕووی تیۆرییەوە بەسەر سێ تەوەرەدا دابەشکراوە، بەمشێوەیە:

**تەوەرەی یەکەم:** لەم تەوەرەدا باس لە چەمک و زاراوەی مۆسیقای شیعری کراوە لەرێگەی دیاریکردنی هەریەک لە چەمکەکانی "**مۆسیقا**" و "**شیعر**"ەوە هەوڵی تێگەیشتنی زارەوەکەمان داوە. هەروەها ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقای شیعری لەناو ئەدەبییات و خستنەڕووی مۆسیقای شیعری لە دیدی جیاوازەوە خراوەتە بەر باس.

**تەوەرەی دووەم:** لەم تەوەرەیەدا باس لە هێز و ئاوازە کراوە، جگە لەمەش باس لە جیاوازی کێش کراوە لە نێوان شیعر و مۆسیقادا، لە پاڵ ئەمانەشدا مۆسیقای شیعری لە ڕێبازە ئەدەبییەکان دیاریکراوە، بۆ نیشاندانی چۆنییەتی و چەندێتی گرنگیدانیان بە مۆسیقای شیعرییەوە.

**تەوەرەی سێیەم** لەم تەوەرەیەدا باس لە جۆرەکانی مۆسیقای شیعری کراوە، کە ئەمانیش، هەریەک لە مۆسیقای دەرەوە و ناوەوەن، هەموو لق و پۆپەکانی ئەم دوو جۆر مۆسیقایە باسکراون.

**بەشی دووەمیش** بەشێوەیەکی گشتی لە ڕووی پراکتیکەوە، دابەشی سەر سێ تەوەرە کراوە:

**تەوەرەی یەکەم** بۆ مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی "**وەفایی**"، تەرخانکراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی باس لە بەکارهێنانی جۆرەکانی کێش و سەروا کراوە و ڕێژەی بەکارهێنانیان خراوەتەڕوو.

**تەوەرەی دووەمیش** تایبەتە بە مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی "**وەفایی**"، هەریەک لە دیاردەکانی دووبارەکردنەوە و هونەرە جوانکارییە وشەییەکان دەگرێتەوە، کە کاریگەری دیاریان لەسەر ڕازاندنەوەی مۆسیقای ناوەوە هەیە، خراوەتە ڕوو.

**تەوەرەی سێیەمیش** باس لە ڕەنگدانەوەی ئامێر و ناوەکانی تایبەت بە مۆسیقا لە شیعرەکانی "**وەفایی**"دا کراوە و ڕێژەی بەکارهێنانیشیان لە خشتەیەکدا نیشاندراوە. هەر لەم تەوەرەیەدا هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان مۆسیقا و وێنەی شیعری و مۆسیقا و دەروونناسی دراوە و لەوێوە بەرەو دیاریکردنی لایەنە مۆسیقییەکانی شیعرەکان چووینەتەوە.

لەکۆتاییدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک، کە لە چەند خاڵێکدا کورتکرونەتەوە. هەروەها لیستی سەرچاوەکان و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خرونەتەڕوو . بەهیوای ئەوەی خزمەتێکمان بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی کردبێت و کەلێنێکی کتێبخانەی کوردیمان پڕکردبێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

*بەشی یەکەم

لەبارەی مۆسیقای شیعرەوە

تەوەرەی یەکەم:

- زاراوە و چەمکی مۆسیقای شیعری
- پێناسەی مۆسیقای شیعری
- ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقای شیعری
- مۆسیقای شیعری لە دیدی جیاوازەوە

کتێب هەوالنامەی

## بەشی یەکەم: لە بارەی مۆسیقای شیعرییەوە

### ١,١ تەوەرەی یەکەم:

#### ١,١,١ زاراوە و چەمکی مۆسیقای شیعری

مۆسیقای شیعری زاراوەیەکی لێکدراوە لەناو ئەدەبیاتدا، چونکە مۆسیقا و شیعر پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە، بەواتایەکی دیکە مۆسیقا ڕۆحی شیعرە. مۆسیقای شیعری زاراوەیەکی لێکدراوە، لە دوو وشەی "**مۆسیقا**" و "**شیعر**" پێکهاتووە. بۆ ئاشنابوونمان بەم زاراوەیە ڕوو لەهەریەک لە زاراوە و وشەی"**مۆسیقا**" و "**شیعر**" دەکەین.

- **زاراوەی مۆسیقا:**

وشەی مۆسیقا لە بنەچەوە بۆ وشەی (**Muse**)ی زمانی یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە لە سەدەی پێنجەم، کە یەکێک بووە لە خواوەندە یۆنانییەکان و باوەڕیان وابووە، کە ئەم خواوەندە هاندەریان بووە لە بوارە جیاوازەکانی وەکو ئەدەب و هونەر، دواتر وشەکە لە سەدەی دوازدەهەم لە زمانی یۆنانییەوە چووەتە ناو زمانی فەرەنسی کۆن بەشێوەی (**musike**)، پێشتر لە کاری هونەریدا بە کارهاتووە، لە زمانی فەرەنسی بە شێوەی (**musique**). دوای ئەمە وشەکە بە شێوەی (**musica**/ یان (**musicus**) هاتووەتە ناو زمانی لاتینیەوە[١].

وشەی (**Music**) لە ڕووی دروستبوونەوەش لەناوی (**Muse**)+پاشگری (**ic**) پێکهاتووە، بەیەکەوەش دەبێتە (**Music**). سەرەڕای ئەو گریمانەی گشتیەی کە دەڵێت: یۆنانییەکان زاراوەی (**Music**) یان بە مۆسیقا داوە، دکتۆر"**ئیرەج گوڵسورخی**" لە وتارێکیدا بەناونیشانی "**گەشەکردن و گۆڕانی مانای وشەی مۆسیقا**"دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:

---

[(1)]Oxford English Dictionary.
http://www.oed.com/search?searchType=dictionary&isWritersAndEditors=true&searchUri=All&q=onli

هەواڵنامەی کتێب

که زاراوەی مۆسیقا زۆر پێش یۆنانییەکان بە مۆسیقا بەخشراوە و دەشڵێت: کەوا زاراوەکە (Music)[*] لە زمانی فارسییەوە چووەتە ناو زمانی یۆنانی، لەبەرئەوەی یۆنانیەکان بە مۆسیقا دەڵێن: (khavania) "**خاڤانیا**" کە لە وشەی (khenia)"**خینیا**"ی زمانی فارسیەوە وەرگیراوە و دارێژراوە، کە بەواتای تێکەڵەی نێوان وشە و مۆسیقا دێت. لە ڕێوڕەسمە ئاینییە ئەفسانەییەکانی زمانی فارسی کۆندا زاراوەی (musiqaqia)"**مۆسیقاقیا**" هەبووە، کە بۆ پاڕانەوە لە فریشتەی گەورە بەکار دەهات، ئەمەش پێش ئەو سەردەمە بووە، کە یۆنانییەکان زاراوەی مۆسیقا بۆ ژەنینی ئامێرە مۆسیقییەکان و گۆرانی گوتن بەکار بێنن. "**دکتۆر ئیرەج**" دەڵێت: زاراوەی مۆسیقا لە زمانی فارسیەوە چووەتە ناو زمانی یۆنانی، ئینجا فەیلەسوف و لێکۆڵەرەوەی ئیسلامی "**ئەلکیندی**"، زاراوەی مۆسیقای لە یۆنانیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بە زاراوەی الموسیقی[١].

لە زمانی کوردیشدا زاراوەی "**مۆسیقا**" یان "**میوزیک**" بەکاردێت. وشەی "**مۆسیقا**" لە فەرهەنگدا بەم مانایانە لێکدراوەتەوە ((ئاوازی خۆش، ئامرازی دەستکرد)) [٢]، هەرچەندە زۆرجار لە لێکۆڵینەوەکاندا وشەی "**ئاواز**" لە بری "**مۆسیقا**" بەکارهاتووە، بەڵام ئەم دوو زاراوەیە لە ڕووی مانا و ئەرکەوە لە یەکتر جیاوازن، چونکە وشەی ئاواز لە بەرانبەر "melody" لە ئینگلیزی و بەرانبەر "**لحن**" لە عەرەبی دەوەستێت.

((ئاواز پەیوەندیی دەنگەکانە یەک بەویترەوە لەڕووی ئاسکی و گریدا. ئەم دوو توخمە شانبەشانی یەک دەڕۆن، واتە بەهەردووکیانەوە، ئینجا مۆسیقا دروست دەبێت، هەر تاکێکیان بەتەنیا مۆسیقا دروست ناکات. مۆسیقا لەمانە پێکهاتووە: **دەنگ، پلە توندی دەنگ، جۆر یا زەنگ، کات**))[٣]. مۆسیقا (هونەرە و زانستە و زمانە، بۆیە دەڵێین: هونەرە، چونکە مۆسیقا وەکو بەشەکانی دیکەی هونەر پێویستی بە بەهرەیەکی سروشتی هەیە.

---

*: بە قسەی دکتۆر ئیرەج بێت فارسەکان یەکەم نەتەوەکان بوونە، کە مۆسیقایان بەکار هێناوە، شان بە شانی چینییەکان، بەڵام بە گوێرەی ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیکا بێت، لە ڕووە مێژووییەکەوە بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ هیندییە کۆنەکان دەگەڕێتەوە، کە مۆسیقایان لەبۆنە ئاینیەکانیاندا بەکارهێناوە. ئینجا دوای ئەوانیش چینییەکان لە هەرە کۆنترین نەتەوەکان بوونە، کە بەهەمان شێوەی هیندییە کۆنەکان، بە شێوەیەکی نەریتیانە مۆسیقایان لە بۆنە ئاینیەکانیاندا بەکارهێناوە.

[1]http://www.iranchamber.com/music/articles/development_changes_meaning_music.php

[٢] هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپی هەشتەم، چاپخانەی سروش، تهران، لا١٢٧.

[٣]دلێر ئیبراهیم، تیۆری مۆسیقا، چاپی سێیەم،ــــــ؟، ٢٠٠٤ ، لا١٢٧.

مۆسیقا زانستە، لەسەر بناغەی زانستی بیرکاری و فیزیایی و سروشتی داندراوە. مۆسیقا زمانێکی جیهانییە و ئەلف و بای تایبەت بەخۆی هەیە))[١].

کەواتە: ئەم زانستانە کاریگەرییان هەبووە، لەسەر مۆسیقا و بەپێچەوانەشەوە مۆسیقا کاریگەریی لەسەر ئەوان جێهێشتووە. ئەم هونەرانە لەنێوە خۆیاندا کەوتوونەتە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی یەکترییەوە.

مۆسیقا بە واتا گشتییەکەی واتای ئەوە دەگەیێنێت، کە ((کۆمەڵە دەنگێکە  توندی و بەرزی و نزمی  جیاوازیان هەیەو ئەو بەرزی و نزمی و توندیانەش لە ئاوازدا ڕێکخراون، ئاوازەکانیش لە شێوەکانی کێش و ڕیزبوون و جۆرو لێدانی برگەکاندا ڕێکخراون))[٢].

بەهەمان شێوە ئەم سیستەمە لە شیعریشدا هەستی پێدەکرێت، کە لە چەند دەنگێک پێکدێت و ئەو دەنگانە لە وشەدا دەردەکەون و وشەکانیش وشەی ئاسایی زمانن، بەڵام هەڵبژێردراون لەلایەن شاعیرەوە بەپێی گونجان و هەست و کێشی شیعرەکە بەکاردەهێنرێت و بەیەکەوە مۆسیقاییەکی سەرنجڕاکێش بە شیعرەکە دەبەخشێت. هەر ئەو مۆسیقایەشە لە شیعردا ڕێگە بەخوێنەر نادا هەرەمەکیانە و بەسەریەکەوە دەقی شیعرێک بخوێنێتەوە، ئەگەرچی دەنگ و وشەکانی شیعر هەمان دەنگ و وشەکانی زمانی ڕۆژانەن، بەڵام مۆسیقای شیعری سیستەمێکی تایبەت بەشیعرەکە دەبەخشێت

چونکەمۆسیقای شیعری ((تەنیا وەک دەنگ نابیسترێت، بەڵکو حاڵەتێکی هێمنی دەروونی و ئاسوودەیی بەخوێنەر، یان بیسەر دەگەیەنێت، لە هەناسە سواری و نیگەرانی ڕزگاری دەکات))[٣].

مۆسیقا چ وەک هونەرێکی سەربەخۆ بێت، یان لەڕێگەی هونەری دیکەوە بێت، ڕێگەیەکە بۆ چوونە ناو دڵ و دەروونی خوێنەر و لەوێوەشەوە کاریگەری لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤ جێدەهێڵێت، کە ئەمەش پەیام و ئەرکە ڕاستەقینەکەی خۆیەتی.

---

[١] صلاح رؤوف، تیۆرەکانی مۆسیقا، چاپی یەکەم، چاپخانەی/ سومر، ١٩٨٩، ل٦٧.
[6] Merriam Webster Dictionary. Online

[٣]ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٨٨-٨٩.

**• چەمکی شیعر**

وشەی (**Poetry**) سەرەتای دەرکەوتنی بۆ وشەی (**poeta**) زمانی لاتینی کۆن دەگەڕێتەوە، هەروەها وشەی (**poeta**) کە بە واتای داهێنراوی شاعیر، یان دروستکراوی شاعیر دەهات، لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە وشەی (**poetes**) بە واتای شاعیر دەهات و شاعیریش بە دروستکەر، یان داهێنەر دادەندرا. لە ساڵی (٦٥٠)ز دا، وشەی (**poeta**) کە بووەتە (**poetria**) لە زمانی لاتینی ناوەڕاستدا. دواتر لە سەدەی سێزدەهەم وشەکە لە زمانی لاتینی ناوەڕاستەوە، چووەتە ناو زمانی فەرەنسی کۆن بەشێوەی (**poetrie**). پاشان لە کۆتایی سەدەی چواردەهەم وشەکە لە زمانی فەرەنسیەوە، هاتووەتە ناو زمانی ئینگلیزی بەشێوەی (**poetry**)[1].

لەزمانی عەرەبیشدا "شعر" لە "شعور"ەوە وەرگیراوە، کە بەمانای هەست دێت، هەر هەمان زاراوەش بەگشتی لە زمانی کوردیدا بەکاردێت.

لەڕاستیدا شیعر لە هیچ کات و سەردەمێکدا بەبێ مۆسیقا بوونی نەبووە، بەڵام ڕاددەی مۆسیقێتیی شیعرەکان بەپێی گۆڕانی کۆمەڵگە و زمان و توانای هونەری شاعیر لە هۆنینەوەی شیعردا گۆڕاوە. شیعریش بەزمان دەردەبڕدرێت، بەڵام زمانێک جیا لە ئاخاوتنی ڕۆژانە، شیعر هەوڵدەدات شتێک بگەیێنێت، کە دەکەوێتە سەرووی ئەو شتەی کە پەخشان دەیگەیێنێت. ئەو زمانەی لە شیعردا بەکاردێت دڵەکان پێی کاریگەر دەبن، هەست و سۆزەکان تیایدا دەوروژێن و تینوێتی ڕۆحیش دەشکێنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین:

((مۆسیقای شیعر لە هونەرێکی دیکە وەرنەگیراوە، بەڵکو لە ئامرازەکانی دەربڕینی شیعری خۆی هەڵقووڵاوە، کە زمانە))[2].

ئەو زمانەی لە شیعریشدا بەکاردێت بۆ خزمەتکردنی ئەو بیرەیە کە لەلایەن شاعیرەوە گەڵاڵە بووە، لەپاڵ ئەمانەشدا ئامانجی شیعر وەک "**گادامێر**" دەڵێت:

---

[1] http://www.etymonline.com/index.php?term=poetry&allowed_in_frame=0

[2] محمد مندور، الادب و فنونە، دار نهضە ، مصر، ١٩٧٤، ص٢٨.

((ئامانجی زمان گەیشتنە بە فکر، ئامانجی بیریش گەیشتنە بەشیعر و ئامانجی شیعریش لە مۆسیقادا بەدی دێت))[١].

ئەو مۆسیقایەش لە هەژانێکی ڕۆحی شاعیرەوە دروست بووە، هەموو ئەو سیحرەش بەهۆی ئەو توانای داهێنانەیە، کە لە هەموو شاعیرێکی سەرکەوتوودا بەدیدەکرێت.

شاعیر کە شیعرێک دەنووسێت خۆی لەو کات و شوێن و کۆمەڵگەیەی کە تیایدایە جیادەکاتەوە، جیاکردنەوەش واتای ئەوە نییە، کە لەو شوێن و کات و زمان و کۆمەڵگەیە نەمێنێت، بەڵکو بەو واتایەی بەرگێکی نوێ بەو بیرانە دەکات کە خۆی مەبەستیەتی، جۆرە ڕۆحیەتێکیش بە وشە دەبەخشێت، کە دوای چەندجار خوێندنەوەش بێزاربوون ڕوونادات، بەڵکو بەپێچەوانەوە حەز بەدووبارەکردنەوەیان دەکات. هەموو ئەو کاریگەریانەش ئەو مۆسیقایە دروستی دەکات، کە شاعیر بەهۆی دەنگ و وشەکانی زمان کە تێکەڵ بە ئەزموونی خۆی دەکات و دایان دەرێژێت.

((شیعر کە پەنا دەباتە بەر مۆسیقای وشەکان، دەیەوێت پەنا ببات بۆ بەهێزترین ڕێگەکانی ئاماژەکردن، چونکە مۆسیقا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕۆحەکان و دەربڕینی ئەو شتانەی کە ناتوانرێت دەری ببڕین))[٢].هەموو ئەوانە دەتوانین لەم پێناسەیەدا چڕبکەینەوە و بڵێین: ((شیعر بیروباوەڕ و ڕێکخستن و مۆسیقایە))[٣]، یان بەواتایەکی دیکە شیعر ((ئەبێ پڕ بێ لە ئەندێشە و بیرو سۆز، کە کەوتە ڕستەوە دەبێ ئەو ڕستەیە کە هۆنراوەکەی لێ دروست دەبێ ئاوازێکی هەبێ، کە ئەو ئاوازە بە تەواوی پایەی هۆنراوەکە دەردەخا))[٤].

شیعر هەرچەندە ڕەگەزەکانی دیکەی تیادا بێت، بەڵام بەبێ مۆسیقا تەواو نابێت، چونکە ((بەهێزترین لایەنی جوانی و ناسکی شیعر بریتییە لە مۆسیقای وشە و دەربڕینەکان،

[١] ئەکرەمی میهرداد، ئاسمانی بی سنووری سرودادنی شیعر، گۆڤاری هەنار، ژمارە (٦١)، ساڵی شەشەم، ٢٠١١، لا٣١.

[٢] محمد غنیمی هلال، النقد الادبی الحدیث، مطبعە "دار الثقافە"، بیروت- لبنان، ١٩٧٣، ص ٣٨٠.

[٣] مارف خەزنەدار، پێشەکی دیوانی سەلام، چاپخانەی تەمەدون، بەغدا، ١٩٥٨، لا٢٥.

[٤] علاءالدین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٩، لا٣٣.

چونکە دەبێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ڕۆحەکان و مەزنترین ڕێگە بۆ هێماکان و بۆ دەربڕینی ئەو شتانەی، کە ناتوانرێت بە وشەکان دەربڕێت))[١].

مۆسیقا لە بنەڕەتەوە پەیوەندییەکی ڕوحی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، بۆیە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو هەستە لە ڕۆحیدا پەنا بۆ شیعر دەبات، کە مۆسیقای تیادایە، یاخود پەنا بۆ گۆرانی دەبات کە لەوێدا بەتەواوی شیعر و مۆسیقا یەکدەگرنەوە.

سەرەڕای ئەو هاوبەشییەی لە نێوان شیعر و مۆسیقادا هەیە، بەڵام هەندێک خاڵ هەن کە ئەم دوو هونەرە لەیەکتری جیادەکەنەوە. زۆربەی ڕەخنەگرانی ئەدەب لەو باوەڕەن کە شیعر لە مۆسیقا باڵاترە، "**هۆلاندەر**" دەڵێت:

زۆربەمان هاوڕاین لەسەر ئەوەی کە بەشەکانی، یان توخمەکانی ئامێرە مۆسیقییەکان، ئەوەندەی بەشەکانی زمان واتا هەڵناگرن. هەرچەندە دەبێت ئەو ڕاستییە دەربخەین، کە بەشەکانی زمان لەنێو خویاندا زۆر لەیەک دەچن و لەیەکتری نزیکن، هەندێکجاریش ئەو بەشانەی زمان هاوشێوەی یەکە پێکهێنەرەکانی مۆسیقان[٢].

هەروەها "**سالمۆنن ئارپەر**" پێی وایە، کەوا هەرچەندە مۆسیقا بە جۆرێک لە جۆرەکان پێویستی بەشیعر هەیە، لە کاتێکدا شیعر هیچ پێویستییەکی بە مۆسیقای دەرەکی نییە، خۆی مۆسیقای خۆی دێنێتە ئاراوە.

## ٢,١,١ پێناسەی مۆسیقای شیعری

زاراوەی مۆسیقای شیعری بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لەو مۆسیقایەی کە لە دەقێکی شیعرییەوە هەستی پێدەکرێت، ئەو مۆسیقایەش لە جۆری کورت و درێژی و گڕی و کپی دەنگ و چۆنیەتی ڕیزکردنی وشەکانی دێرە شیعر و چۆنیەتی دابەشکردنی

---

[١] محمد غنیمی هلال، النقد الأدبی الحدیث، ص٣٠٦.

[2] Hollander, John. The Journal of Aesthetics and Art Criticism, Vol. 15, No. 2 (Dec., 1956), pp. 232-244 Published by: Wiley on behalf of The American Society for Aesthetics. Stable URL: http://www.jstor.org/stable/427879 .Accessed: 08/02/2015 15:48.P232.

بەسەر برگە و پێیەکاندا و چۆنیەتی دووبارەکردنەوەیان دروست دەبێت. مۆسیقای شیعری زاراوەیەکی کۆنە لەناو ئەدەبدا، بەڵام چۆنیەتی بەکارهێنانی لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی نوێدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. ئەگەر لە ڕەخنەی کۆندا زۆربەی جار مۆسیقای شیعری تەنیا بە لایەنی دەرەوەی تێکستەکە بەسترابێتەوە، کە خۆی لە کێش و سەروادا دەبینییەوە، بەڵام لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی نوێدا بەتایبەت لێکۆڵینەوە و دەرکەوتنی قوتابخانە دەروونییەکان، ئەم زاراوەیە فراوانترکرا و پێیان وابوو کە لایەنی ناوەوەی دەقە شیعرییەکان لەپاڵ لایەنی دەرەوەی شیعرەکە مۆسیقای شیعرەکە دروست دەکەن.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەی "مۆسیقای شیعر"یش بکەین، ئەوا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک پێناسە دەبینەوە، کە لێکۆڵەرەوان هەریەکەیان لە ڕوانگە و ئەزموونی تایبەتی خۆی و چۆنیەتی تێگەیشتنی لە زاراوەی "مۆسیقای شیعری" پێناسەیان کردووە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێناسانەش دەتوانین بەسەر دوو دەستەدا دابەش بکەین: یەکەم: ئەو نووسەرانەی مۆسیقای شیعری بە ڕووی دەرەوە دەبەستنەوە، دووەم: ئەوانەی مۆسیقای شیعری لەوە فراوانتر دەبینن و مەوداو مەغزایەکی دیکەی پێدەبەخشن.

لەلای "**عەبدولرەزاق بیمار**"مۆسیقای شیعری: ((هەستکردنی خوێنەر یا گوێگرە بەو ئاوازانەی کە دەنگەکانی وشەکان و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتنی پێیەکاندا بەکێشی هەڵبەستەکەی دەدەن))[١].

هەر ئەو مۆسیقایەشە گیان دەبەخشێتە وشە و واتا و دەستەواژەکان، دەبێتە زەنگێکی دەروونی بۆ نیشاندانی ئەو دیو مەبەستەکان. هەمان ڕوانگەی بەستنەوەی مۆسیقا بە کێش بەرچاو دەکەوێت کە دەڵێت:

[١]عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دار الحریە، بغداد، ١٩٩٢، لا١١٧.

((مۆسیقای هەڵبەست بریتییە لە کێش و ڕێکخستنی دەنگەکان و مۆسیقای هەڵبەست دەبێتە هۆی فراوانکردنی واتاکەی)) [1]. هەندێکی دیکە دەڵێن: مۆسیقای شیعر ((کۆڵەگەیەکی بناغەیی شیعرە، بەتایبەتی شیعری کۆن، ئەویش بەهۆی پەیوەندیی واژەکان لەگەڵ یەکترەوە دروست دەبێت، چونکە زەنگ و ئاواز و ئاهەنگی شیعرەکە لە لەرانەوەی تەفعیلەکانەوە دروست دەبێ، کە جۆرە کێشێکیان هەیە کە یەکسانن لەگەڵ یەکتر و هەمیشە لە هەر دێڕێکی قەسیدەیەکدا دووبارە دەبێتەوە کە مۆسیقاییێکی دەرەکی پێکدێنی پێش هەموو شتێک ئەوەی لە شیعردا بەرگوێ دەکەون ترپە و ئاوازەکەیەتی))[2]. هەر ئەو مۆسیقایەشە کە گوێگر یەکەمجار گوێی لێدەبێت، بەرلەوەی هەست بە کێشەکەی بکات، واتە مۆسیقا پێش کێش دەکەوێت.

شیعر نێوانێکە بۆ بەستنەوەی بینای هزری و مۆسیقی، بۆیە هەرچەندە مۆسیقای شیعرەکە بەهێز بێت ئەو تواناییەی نییە کە واتاکەی فەرامۆش بکەین. هەروەها هەرچەندە واتای شیعرەکەش بەهێز بێت، ناتوانێت قەناعەت بە خوێنەر بهێنێت بۆ فەرامۆشکردنی لایەنە مۆسیقییەکەی. گرینگی مۆسیقا لە شیعردا وامان لێدەکات، بڵێین:

((شیعر شتێک نییە تەنیا نموونەیەک لە مۆسیقا نەبێت: بەڵام ئەوە ڕیتمەکانی تێکەڵ بە واتای زمانەوانی دەبێت))[3].

زمانیش باشترین کەرەستەیە بۆ ژەنینی هەستە قووڵ و لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ. ئەو زمانەش تەنیا لایەنە سیمانتیکییەکەی ناگرێتەوە، وەک "**هۆلاندەر**" دەڵێت:

کە دەڵێین مۆسیقای شیعری مەبەستمان هەموو سیفەتە ناسیمانتیکییەکانی زمانە، کە لە شیعرێکدا هەیە، ئەو سیفەتانەش تەنیا کێشناسی دەگرێتەوە، بەڵکو دەنگی ڕاستەقینەی ئەو شیعرە دەگرێتەوە، کە لەکاتی خوێندنەوەیدا دروست دەبێت، هەروەها تایبەتمەندییە سینتاکتیکییەکانی شیعرەکەش دەگرێتەوە[4].

ئەگەرچی هەندێک نووسەر مۆسیقای شیعری تەنیا لە گۆشەیەکەوە نابینن، پەیوەستی ناکەن بە تەنیا یەک لایەنەوە."**کامل حەسەن بەسیر**" دەڵێت:

---

[1] مجید محمود مطلب، شیعر و فەلسەفە، وەرگێرانی فوئاد میسری، چاپخانەی علاء ، ١٩٨٧، لا٣٥٧.

[2] خانزاد عەلی قادر زمانی شیعری حاجی قادری و کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، لا٩٨.

[3] محمد غنیمی هلال، النقد الادبی الحدیث، ص٤٦٢.

[4] Hollander, John. The Journal of Aesthetics and Art Criticism.P232.

((ڕەگەزی ئاواز بەلای ئێمەوە سەربەخۆ نییە، بەڵکو ئاکامی ڕەگەزی سۆزە. بەمانای ئەوەی کە سۆزی شاعیر بەوجۆرە بەرپا دەبێت و بوونی ماددی هەستیار دەهێنێتە لەرزە و زمانی هۆنراوەکەی ترپە و ڕیتمێکی تایبەتی وەردەگرێت، کە بەزاراوەی ڕەخنەسازەکان پێی دەوترێ ئاوازی هۆنراوە: کێش و سەروا و مۆسیقای وشە و ئاهەنگی ناوخۆی ڕستەو دەربڕین))[١] دەگرێتەوە.

هەروەها واتا و دەربڕینیش بەشێکن لەو ڕازاندنەوە ئەدەبییە، کە شاعیر خۆی بۆ تەرخانکردووە. لەناو هەموو ئەو ئەرکانەی کە ڕەخنەگران بۆ شیعریان دیاریکردووە، تاکە ئەرکێک کە بە ئەرکی ڕاستەقینەی شیعر دادەنرێت ئەو ئەرکەیە، کە "**والری**" بۆ شیعری دیاریکردووە، دەڵێت: ((ئەرکی شیعرگەڕاندنەوەی شتێکە، کە مۆسیقا لێی داگیرکردووە))[٢]. بەشێکی زۆری شاعیرانیش بەهۆی هۆگرییان بۆ مۆسیقا هەوڵدەدەن ئەم ئەرکە لەڕێگەی شیعرەوە بگەڕێننەوە، چەندێتی هۆگرییان بۆ مۆسیقا کاریگەری دەبێت لەسەر چۆنییەتی دارشتنەوە و گەڕاندنەوەیان. کەواتە مۆسیقای شیعری نە کێش و سەروایە بە تەواوی نە هیچ هونەرێکی تایبەتە، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین:

((ئاوازی هۆنراوە ئەو تام و بۆیە تایبەتییەیە، کە لە جەرگەی تاکە تاک و دەست لە گەردن کردنی وشەکانەوە هەڵدەقوڵێ، لە ئەنجامی ڕێکخستن و دارشتنی وشەکان و گۆڕانی جۆری ئەو پیتە بەهێز و خاوانەی وشەکان دروست دەکەن، پەیدا دەبێ))[٣].

مۆسیقا هاوسەنگی بۆ شیعر دێنێتە کایەوە، ئەو ڕەگەزانەی کە هیچ پەیوەندیی و هاوسەنگییەکیان نییە، بەهۆی ئەو مۆسیقایە هاوسەنگ دەبن. کەواتە مۆسیقای شیعری چەمکێک نییە تەنیا لە چوارچێوەی چێژ و ئیستاتیکا کورتی بکەینەوە، یان لەژێر چەند چەمک و زاراوەیەکەوە بەندی بکەین، مۆسیقای شیعری هەموو چەمکەکان لەخۆی دەگرێت. هەریەکێکیشان بە پلەو شێوازێک مۆسیقا بۆ دەقەکە دروست دەکەن، مۆسیقای

[١] کامل حەسەن بەسیر، وێژەی کوردی و ڕەخنەسازی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا،١٩٥٣، لا١٩٢-١٩٣.

[٢]محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، چاپ چهاردهم ،نشر اگە، تهران (١٣٨٩)، ص٣٩٠.

[٣]عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٧٤، لا٧٠.

شیعری بەشێک نییە لە گشت، بەڵکو کۆیەکە هەموو هونەرەکان لە بۆتەی خۆیدا کۆدەکاتەوە.

### ٣,١,١ ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقای شیعری لەناو ئەدەبیاتدا

شیعر و مۆسیقا ئەو دوو هونەرەن کە لەگەڵ سەرهەڵدانی مرۆڤەوە سەریان هەڵداوە، نزیکی مێژووی سەرهەڵدانی هەریەک لەم هونەرانە وایکردووە، ئەم دوو هونەرە ئەوەندە تێکبچڕژێن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر یەکێکیان بگەڕێینەوە سەر مێژووی سەرهەڵدانی هەریەکەیان و کاریگەری و کارتێکردنی هەریەک لەم هونەرانە لەسەر یەکتر، ئەو پەیوەندییەی بەیەکتریان دەبەستێتەوە. ئێمە ناتوانین مۆسیقا لە شیعر داببڕین، ئەگەرچی بۆچوونی جیاواز دەربارەی کۆنی مێژووی هەریەک لە "**مۆسیقا**" و "**شیعر**" بەرچاو دەکەوێت.

بۆنموونە لەلای یۆنانییە کۆنەکان (( ڕیتمی مۆسیقا بەستراوە بە ڕیتمی شیعر و زمانەوە بەجۆرێ لەلایەنێکی تیۆرییەوە، هیچ جیاوازی نەبووە لەو لە نێوان ئەو ڕیتمانەدا. کێشی شیعر بناغەی ڕیتمی مۆسیقابووە، بەڵام پاش ئەو سەردەمە مۆسیقا لە ڕیتمی شیعری دەرچوو، ڕیتمی هەمەجۆری تایبەتی بۆخۆی پەیداکرد))[١]. بەرانبەر بەم بۆچوونە بۆچوونێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکات، کە مۆسیقا لە گۆرانییەوە وەرگیراوە بەتایبەت کە چەند کەسانێک ((توانیویانە هەندێ دەنگ بە ئاوازی ڕێک و پێک و لەسەر "ڕیتم"ێکی جۆراوجۆر لە قورگیانەوە دەربهێنن و ئینجا بە وشە ئەم ئاوازانە بکەن بە جۆرێک لە گۆرانی. جا کە ئامێری مۆسیقای جیا جیا داهێنرا و دروستکرا، لەبەرئەوە بوو، کەوا یارمەتی دەنگی ئادەمیزاد بدەن و لاسایی دەنگەکانی بکەنەوە))[٢].

لەپاڵ ئەمانەش ئەو بۆچوونانەی باس لە گریمانەکانی دروست بوونی زمان دەکەن، لەنێو ئەو گریمانانە بۆنموونە: "**یۆل**" ئاماژە بە چەند بیرۆدۆزەوانێکی، وەکو "**هێردەر**،

---

[١] ئەنوەر قەرەداغی، ئیقاع و ژیان، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٦٤)، چاپخانەی / دار الحریە، ١٩٨٨، لا٧٥.
[٢]باکووری، پێوەندی نێوان مۆسیقا، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٢)، (٥-٦-١٩٩٧)، لا١٠٤.

**ڕۆسا** و **چارڵس داروین**" دەکات، ئەمان وا دەڕواننە زمان کە شەست تا سەد هەزار ساڵ لەمەوبەر لە مۆسیقاوە گەشەی کردبێت. ئەم بۆچوونەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە

کە مرۆڤ هەر لە زووەوە گوێبیستی دەنگەکان و دەنگدانەوەکانی دەوروبەری بووە، بە جۆرێک لەبەرزو نزمی دەنگیان تێیایدا بووە. ئەم بەرزو نزمی ئەو دەنگانەش بە چەشنێک لە مۆسیقا بە گوێیان داچووە و دواتریش وشەیان بە ناوی ئەم دەنگ و دەنگدانەوانەوە ناو ناوە[1]. "**یۆل**" پاڵپشتی ئەم بۆ چوونەی ئەم لێکۆڵەرەوانە دەکات، بەوەی کە زۆربەی زمانە مۆدێرنەکانی ئەمڕۆ وشەی وایان تیادایە، کە لە دەنگدانەوە وەرگیراون، جا ئەوانە دەنگ و دەنگدانەوەی سروشتی، یان ناسروشتی بن[2]. ئەگەرچی ئاماژە بە زەحمەتی ئەمەش دەکات کە نازاندرێت ئەو وشانەی کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوان دەنگ و وشەکەدا نییە چۆن دروست بوون؟!

کەواتە زۆربەیان پێیان وایە مۆسیقا بناغەی شیعرە، چونکە ئەو ڕیتمەی لە شیعردا هەیە، لە مۆسیقاوە بۆی ماوەتەوە. "**برایانی سەفاش**" (ڕیتمی شیعر و مۆسیقا بۆ یەک بنەما دەگەڕێننەوە)[٣]. هەندێکی دیکەیان لەو باوەڕەن کە مرۆڤ سەرەتا دەنگی دەرکردووە، دەنگیش زمانی لێوە دروست بووە، لە زمانیش شیعر کەوتۆتەوە. ئەو ڕیتمەی لە مۆسیقادا هەیە لە شیعرەوە بۆی ماوەتەوە.

چونکە "**شیعر**" و "**مۆسیقا**" ((سەر بەو چەشنە هونەرەن، کە بە هونەرە دەنگییەکان ناودەبردرێن))[٤]. ئەگەرچی هەندێک لە نووسەران دەیانگەڕێننەوە سەر هەمان سەردەم، پێیان وایە ((مۆسیقا لەگەڵ دەرکەوتنی ئەدەبیات لە شێوەی شیعر و سروودی ئایینی سەریهەڵداوە. ئەمجۆرە ئەدەبیاتە بووەتە مایەی پەرستن و نزیکبوونەوە

---

[1] Humboldt, Wilhelm von. (1988). On Language: The Diversity of Human Language-Structure and its Influence on the Mental Development of Mankind. Trans. Peter Heath. Cambridge: Cambridge University Press. P2-3.

[2] Yule, George. (1996). *The Study of Language*, 2nd eds. Cambridge: Cambridge University Press. P2-3.

[٣] أحمد رجائی، أوزان الألحان بلغه العروض و توائم من القریض، الطبعه الأولی، دار الفکر للطباعه و التوزیع والنشر، ١٩٩٩، دمشق، ص٦٣.

[٤] دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، چاپخانەی رەنج ١٩٩٨، سلێمانی، ل٨٦.



کتێبخانەی هەولێرنامە

له خواوەندەکان))[1]. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات یەکەم دەرکەوتنی شێوەی شیعریش شیعری ئایینی بووە، کە لەپاڵ مۆسیقادا دەخوێندرایەوە.

مۆسیقا و شیعر ئەو دوو هاوەڵەن کە بەدرێژایی مێژوو لە یەکتر دانەبڕاون، یا بەواتایەکی دیکە نەیانتوانیوە دەست بەرداری یەکتری بن. ئەو هاوەڵییەش زۆرجار لەناو ئایین و بیروباوەڕی خەڵکەوە ڕەنگیان داوەتەوە. هەر لە ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان کە مۆسیقا وەک نەریتێک لەپاڵ سروودە ئاینییەکان دەژەندرا، ئەم نەریتە لە زۆربەی ئایینی نەتەوەکانی، وەک: یۆنانییەکان، ئارییەکان، هیندییەکان، بابلییەکان، هوری، میتانی، گوتییەکان، ماددەکان، ئاشور و عیبرانییەکان.....تاد بەدی دەکرێت.

لە ئایینی زەردەشتیدا گاتاکان بە ئاوازەوە خوێندراون لە چەند شوێنێکی ئاڤێستاشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە پێویستە گاتاکان بەئاوازەوە بخوێندرێنەوە. خودی زەردەشت پێغەمبەریش بانگەواز کردنی بۆ باوەڕهێنان بە "**ئاهورامەزدا**" بەو (١٧) سروودە شیعرییە برگەییە بە ئامێری مۆسیقا وتووە[2].

هەروەها لە ئایینی ئەهلی حەق "یارسانەکان" سروودەکانیان کە کۆمەڵە شیعرێکە کێشی تایبەتی هەیە، بە ئامێری تەمبوور دەوتەوە. تەمبووریش لایان پیرۆزی خۆی هەیە.

بۆیە ئەو ژوورەی کە تیایەتی دەبێ هەڵسوکەوتێکی شایان و ڕێزلێگیراوی لەگەڵ بکرێ لە سەرەتای دەستپێکردنی هەر سروود خوێندنێکدا تەمبوورەکە ماچ دەکەن و لە دواییشدا، دووبارە ماچی دەکەنەوە[3]. پیرەوانی ئایینی ئێزیدی بۆنە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانیان بە مۆسیقا و سەماوە ئەنجام دەدەن مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە، کە خوا لە ئاسمانەوە نیازی خۆی بخاتە دڵیانەوە و ڕێگای ڕاستیان نیشان بدات[4].

پێغەمبەرانیش بەدەر نەبوونە لە سیفەتی دەنگخۆشی. هەندێک لەو گریمانانەی باس لە سەرهەڵدانی مۆسیقا دەکەن، دەڵێن:

---

[1] اسعد محمد علی، بين الادب و الموسيقى، مطبعه افاق عربيه، بغداد، ١٩٨٥، ص٧.

[2] محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کورد، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢،ل١٠٠-١٠١.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١.

[4] شاکر فەتاح ، یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٩، ل٧١.

"**موسا**" پێغەمبەر دەفەرمووێت کە پێغەمبەر "**نوح**" یەکەمین کەسێکە، کە مۆسیقای دۆزیوەتەوە. ئەو عوودی دروستکردووە و ئاوازی لێدەرهێناوە، بەڵام لەکاتی تۆفانەکە ونبووە، تا لە سەردەمی پێغەمبەر "**داود**"ەوە، دۆزراوەتەوە و چاککراوەتەوە[١].

ئەو پەیوەندییەی لە نێوان شیعر و مۆسیقادا هەیە، پەیوەندییەکی تایبەتە (ئەو پەیوەندییەش جیاوازە، لەگەڵ هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکە کە مۆسیقا لەگەڵ هونەرەکانی دیکە هەیەتی، چونکە شیعر بە زمان دەهۆندرێتەوە، چێژ لە بیستنی وەردەگیرێت، کێش و ڕیتمیش دەوری سەرەکییان تیایدا هەیە)[٢].

لە دێرەکانی شیعردا یەکسانییەک بەرچاودەکەوێت لە ئاواز و کێش بەگشتی، بەشێوەیەک، کە ئەم دێرە شیعرانە یەکسان دەبن لە پیتە دەنگدار و بێدەنگەکان، کە بەشێوەیەکی ڕێک و تەواو لە هەموو دێرەکانی شیعرەکەدا دووبارە دەبنەوە. دووبارەبوونەوەی ئەم ئاوازانە لە گوێچکەدا هەستێکی دەروونی سەرسوڕهێنەر لەلای خوێنەر و بیسەر دروست دەکەن.

ئەمەش وەک ((ئەو کاتەی چاو شێوەی بلور "ئەڵماس" دەبینێ پێی دڵخۆش دەبێت و دڵخۆشییەکەی زیاد دەبێت ئەگەر ببینی گۆشەکانی ئەم بلورە ڕێکە، بەمشێوەیەش لەکاتی بیستنی مۆسیقاییێکی خۆش و یان دەنگێکی ڕێک و ئاوازێکی خۆش، ئەوا گوێچکە خۆشی لێ وەردەگرێت، ئەگەر مۆسیقا ئەو سیستەمە ڕێکەی ونکرد چێژی نامێنێ))[٣].

ئەوەی مێژووی ئەدەب بۆمان دیاردەکات، کە وەک بەڵگەیەکی مێژوویی ئەو نووسراوانەن، کە لە یۆنانی کۆنەوە بەجێماون ئاماژە بەوە دەکەن کە لەلای گریکییەکانەوە، شیعر و مۆسیقا دووشتی لەیەک جیانەکراوەبوون، لەبەرئەوەی کێشناسی گریکی ڕەگ و ڕیشەی لە بنەما مۆسیقییەکان داکوتاوە. سیستەمی نۆتە نووسینی مۆسیقای یۆنانی جێی بایەخێکی زۆری کێشناسی بوو لەو ساتەدا.

لەو سیستەمەی نۆتە نووسینەی مۆسیقای یۆنانی دا، تەنیا یەک یان دوو توندی دەنگی بۆ هەر بڕگەیەکی لە دەقەکەدا دیاریدەکرد. دواتر ئەو توندییە دەنگیانە لەگەڵ ئەو ڕێسا

---

[١]محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆسیقای کورد، لا٣٥.
[٢]عبدالغفور النعمه، الرباط المقدس بين الموسيقى و الشعر، مجله الأقلام، العدد(٥)، ١٩٨٨، ص٩٢-٩٣.
[٣]محمد غنيمى هلال، النقد الأدبى الحديث، ص ٤٦٢.

ماوەییانە (ڕیسا کاتیانە) دەگونجێندران کە لەلایەن کێشە شیعرییەکانەوە دەستنیشاندەکران، ئینجا دوای ئەوەی کە توندییە دەنگیەکان لەگەڵ ڕیسا ماوەییەکانی کێشە شیعریەکان گونجێندران، بەیەکەوە ماوەی مۆسیقای دروستدەکەن، کە هاوتایە بە هێڵ، یان دێرە شیعرییەکان، ئەمەش قاڵبەکان یان پێوەرەکان نیشاندەدات، کە ژمارەیەک ترپەی مۆسیقای لە خۆگرتووە و هاوتایە بە پێیەکان[1]. هەروەها لەکۆندا "**هۆمیرۆس**" شیعرەکانی بە یارمەتی ئامێرێکی تایبەت دەخوێندەوە[2].

ئەم تێکەڵاوییەی نێوان مۆسیقا و شیعر، کە لای گریکییە کۆنەکانەوە هاتۆتە ئاراوە، گواستراوەتەوە بۆ لای ڕۆمانەکان.

ڕۆمانەکان هەمان پەیڕەوی کێشناسی گریکیان کرد، بەڵام لەلایەن پسپۆڕانی زمانەوانی ڕۆمانییەکان هەوڵی لەیەکتر جیاکردنەوەیان دراوە بۆ دوو قوتابخانەی سەربەخۆ. ئەو تێکەڵاوکردنەی مۆسیقا و شیعر لەلایەن گریکەکان و لەیەکتر جیاکردنەوەیان لەلایەن ڕۆمانییەکانەوە، بابەتی مۆسیقای شیعری ئاڵۆزتر کردووە[3]. ڕەخنەگرانی سەردەمی ئیلیزابێس، هەوڵیانداوە ئەو پەیوەندیی و پەتەویەی کە لە پێش ئادەم و حەواوە لە نێوان مۆسیقا و شیعر هەبووە زیندوو بکەنەوە*. ئەمەش دوای ئەوەی کە بۆماوەیەکی دوور و درێژ مۆسیقا و شیعر لە یەکتری جیاکرابوونەوە، کە خەریک بوو ئەم لەیەک جیاکردنەوەیان لە سەردەمی ڕێنیسانسیش بەردەوام بێت، بەڵام نووسەرێکی، وەکو "**تۆماس کامپیەن**" لە نوسینێکی خۆیدا بە ناوی "**هارمۆنیای مۆسیقای جیهانی**"دا دەڵێت: دەبێت پەیوەندیی نێوان مۆسیقا و شیعر دابمەزرێندرێتەوە[4].

بەلای ئەوەوە دروستکردنەوەی ئەو پەیوەندییە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیهان لە بۆچوونە هەرەمەکییەکانی پەیوەندیی نێوان مۆسیقا و شیعر ڕزگاری دەبێت.

### ٤,١,١ مۆسیقای شیعری لەدیدی جیاوازەوە:

باسکردن لە مۆسیقای شیعری، وەک بابەتێکی ئەدەبی و هونەری هەر لە کۆنەوە لەلایەن فەیلەسوف و لێکۆڵەر و ڕەخنەگرانەوە خراوەتە بەرباس، جا چ بەشێوەیەکی

---

[1]Hollander, John. *The Journal of Aesthetics and Art Criticism*. 234.

[٢]شوقی ضیف ، الفن و مذاهبه في الشعر العربی، الطبعه العاشره، دار المعارف، مصر، ١٩٧٨ ص٤١.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣٥.

* ئەگەرچی ئەمە زێدەڕۆییەکە، تەنیا ڕژدی نووسەر دەردەخات لەسەر پەیوەندیی قووڵی نێوان شیعر و مۆسیقا.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣٦.

ڕاستەوخۆ باسیان لێوە کردبێت، یانیش ئەوەتە لەڕێی بابەتی دیکەوە خرابێتە بەرباس. لەمبارەیەوە "**ئەفلاتوون**" دەڵێت:

ناتوانین خەڵک قەدەغە بکەین لە خۆشویستنی یەکتری، ئەی نابینی هەموو خەڵکی خاوەن پیشە ئەگەر ترسان و لە گیانی خۆیان وەڕەس بوون، ئەوا لەبەر خۆیانەوە ئاوازەکان دەچڕن[١].

بە بۆچوونی "**ئەفلاتوون**" ڕەگەزی مۆسیقا سەرچاوەیەکی ڕەسەنی نییە، بەڵکو لەگەڵ بێهێزترین هەستدا کە ترس و بێزارییە لەدایک دەبێت.

ئەم بۆچوونە لای "**ئەرستۆ**" بەهای بۆ دەگەڕێتەوە، پێی وایە جگە لەوەی لاساییکردنەوە بەشێکی سروشتییە لەناو مرۆڤدا، بەهەمان شێوە ڕیتم و مۆسیقاش بەشێکن لە مرۆڤ. هەر ئەم دوو هۆکارەش بنەمای داهێنانی شیعرن[٢]. هەروەها "**ئیلیەت**" یەکێک بووە لەو شاعیرانەی کە زۆر گرینگی بە مۆسیقای شیعری داوە، یەکەم کاری شیعری بە ناوی (Preludes) "ە، واتە "**پارچە مۆسیقاییەکی کورت بۆ ناساندنی کارێک**"، ئەمەش گرینگی مۆسیقای شعری لای "**ئیلیەت**" دەردەخات یەکەم بەرهەمی شیعری خۆی بەو ناوەوە ناو ناوە. لە هەمان کاتدا دوا بەرهەمی خۆی کە شاکاری ئەدەبی ئەوشاعیرەیە بەناوی (The Four Quartets) بڵاو کردەوە، بە واتای "**ئاوازی شیعری چواری**" دێت.

هەروەها لە وتارێکیشی بە ناوی "**مۆسیقای شیعری**" کە لەساڵی (١٩٤٢) بڵاوی کردووەتەوە، تیایدا وەسفی مۆسیقای شیعر دەکات، بەوەی کە زۆربەی لەو وشانە پێکهاتووە، کە دەنگی شێوە مۆسیقایان هەیە و واتای شێوە مۆسیقاشیان هەیە. ئەم دوو شێوە مۆسیقایەش لە سەرانسەری شیعرەکەدا دەردەکەن و کۆتاییان نایەت[٣].

---

[١] محمد غنیمی هلال، النقد الأدبی الحدیث، ص٤٦١.

[٢] ئەرەستۆ، هونەری شیعر، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی،٢٠١١، لا ٢١-٢٢.

[3] Koh, Joyce Beetuan and Steve Dixon. (2013 .(The Music of T.S. Eliot's Poetry: Integrating Live Performance, Poetry ,Sound, and Video in a Multimedia Theatre Production of the Waste Land.Singapore :LaSalle College of the Arts .

لەلایەکی دیکەشەوە بۆچوونی فەیلەسوفی ڕۆمانی "**بۆسیۆس**" لەسەر مۆسیقا، بە بۆچوونە یەکەمیەکان دادەندرێت و لای ئەو مۆسیقا دوو جۆری لێدەکەوێتەوە:

"**مۆسیقای جیهانی بۆسیۆسی**" بەوە ناسراوە، کە جەخت لەسەر ڕێکخستنی پێکهاتە مۆسیقییەکان دەکاتەوە و بە شێوەیەکی کەمیش باسی ئەوە دەکات، کە مۆسیقا چۆن کار لە گوێگر دەکات(١).

گرینگترین ئەو کارەی کە لەسەر مۆسیقای شیعری کرابێت کارەکانی هەردوو نووسەر "**هۆلاندەر**" لە نووسینێکیدا لە گۆڤاری (**ئیستاتیکا و ڕەخنەی هونەری** -١٩٥٦" و "**پۆل فریدریچ**" لە کتێبی"**مۆسیقا لەشیعری ڕوسیدا-١٩٩٨**"یە. هەریەک لەم نووسەرانە هەوڵیانداوە، سیستەمێک بۆ تێگەیشتنی تەواوی مۆسیقای شیعری بنیات بنێن. "**هۆلاندەر**" لە مێژووی تێکەڵبوونی مۆسیقا و شیعر لەکلتووری ڕۆژئاواوە دەست پێدەکات، بەتایبەتی تێکەڵ بوونی مۆسیقا و شیعر لەئەدەبیاتی ئینگلیزیدا.

هەرچی "**پۆل فریدریچ**"ە پەرە بە سیستەمێکی تێگەیشتن دەدات و سەرنج لەو جۆرە جیاوازانەی مۆسیقا دەدات، کە کاردەکەنە سەر شیعری ڕووسی لەسەدەی هەژدەمەوە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم. ئەوەی جێ سەرنجە، ئەوەیە کە دەکرێت کارەکانی ئەم دوو نووسەرە لەسەر ئەدەبیاتی دیکە و سەردەمانی دیکە جێبەجێبکرێت(٢).

لە ئەدەبییاتی عەرەبیشدا، بەتایبەت لەو لێکۆڵینەوانەی کە بەناونیشانی "**مۆسیقای شیعری**" ئەنجامدراون، دەبینین زۆربەی جار کە باس لە مۆسیقای شیعری کراوە، لێکۆڵینەوەکە تەنیا بۆ کێش و سەروای شیعرەکە تەرخانکراوە، وەک بڵێی مۆسیقا تەنیا کێش و سەروا بێت، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی کە ئەوان گرینگییەکی زۆریان بە کێشی عەرووزی "**خەلیلی فەراهیدی**" داوە، لە هەموو لایەنەکانی ئەم زانستە دواون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و ئاشنابوون بە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی تێگەیشتنی عەرەبەکان بۆ "**مۆسیقای شیعری**" گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەتایبەت لە لێکۆڵینەوە تازەکانیاندا لەپاڵ

هەواڵنامەی کتێب

---

(1)Hollander, John. The Journal of Aesthetics and Art Criticism.P232.

(2) Jones, Amy. (2013). The Translation of Musicality in the Lyric Poetry of Helmina von Chézy and Marceline Desbordes-Valmore. USA. The Ohio State University.P11.

باسکردنی لایەنە دەرەکییەکان زۆر بەوردی بەدوای کاریگەرییە ڕیتمییەکانی شیعر و کارلێککردنی دەنگ و وشەکان لەناو شیعردا گەڕاون و ڕاڤەیان کردوون.

لە ئەدەبییاتی کوردیشدا بە تایبەت لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکاندا هەر کە باسی مۆسیقای شیعری کرابێت، بە کێش و سەروایان بەستووەتەوە، بەڵام لەگەڵ نوێکردنەوەی شیعر و بوارەکانی ڕەخنەش پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، بوارەکانی مۆسیقای شیعری فراوانکرا و مۆسیقای شیعری ناوەوە بایەخی پەیداکرد و جەختیان لەسەر دەکردەوە. لەوێوە مۆسیقای شیعری تەنیا پەیوەست نەکرابوو، بەلایەنێکەوە، بەڵکو لەهەر دیاردەیەک دەدوان کە چێژە مۆسیقییە شیعرییەکەی دروستکردبێت.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

## لەبارەی مۆسیقای شیعرەوە

### تەوەرەی دووەم:

- هێز و ئاوازە
- کێش لە نێوان شیعر و مۆسیقادا
- مۆسیقای شیعری لە ڕێبازە ئەدەبییەکاندا:
    - مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی کلاسیزمدا
    - مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا
    - مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی ڕیالیزمدا
    - مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی سیمبولیستدا

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم:

### ٢،١ تەوەرەی دووەم:

### ١،٢،١ هێز و ئاوازە

شیعر لە منداڵدانی زمانەوە لەدایک دەبێت، هەر زمانێکیش کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دەنگی و وشەیی و سینتاکسی هەیە. ئەو دیاردانەش لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیشدا گرینگی خۆیان لە دەست نادەن. هێزو ئاوازەش لە بواری زمانەوانیدا پەیوەندییەکی پتەوی بەواتاوە هەیە، ئەم ئەرکەی خۆی لەناو دەقە ئەدەبییەکانیشدا لە دەست نادات، بەڵکو زۆرجار یارمەتیدەرن لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەریان ئەنجامدەدرێت.

بۆیە دەوترێت هێز ((بریتیە لە گۆکردنی برگەیەک، یان وشەیەک بەوزە و هەناسەدانێکی زیاتر، یان بە هێزێکی ماسولکەیی زۆرتر، لە برگەکانی یان وشەکانی دەوروبەری لە هەمان ڕستە یان وتەدا. گوێگر زۆربەی کات دەتوانێت هەست بە بوونی برگە هێزدارەکە بکات، بەهۆی ئەوەی کە ئەو برگە، یان ئەو وشەیەی کە هێزەکەی هەڵگرتووە، بەرزتر و بەهێزتر و درێژترە، بە بەراود بە برگە و وشەکانی دەوروبەری))(١).

سیستەمی کێش لەهەر زمانێکدا چەند تایبەتمەندییەکی دیاریکراو و لە هەمان کاتدا هاوبەشی لەگەڵ کێشە جیهانییەکانی دیکەدا هەیە، بەڵام هەر زمانێک دیاردەیەک تیایدا زاڵە کە بەهۆیەوە جۆری کێشەکەی پێ دیاریدەکرێت، زاڵبوونی ئەم دیاردەیەش مانای نەبوونی دیاردەکانی دیکە لە کێشەکەدا نییە.

زۆرجار کە باس لە هێز دەکرێت، کێشی عەرووزی دەخرێتە پەراوێزەوە. زۆربەی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرانی عەرەب و تەنانەت غەیرە عەرەبیش باس لەوە دەکەن، کە لە کێشی

---

(1) Richards, Jack C and Richard Schmidt. (2010). *Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, 4$^{th}$ (eds)*. Britain: Pearson Education Limited. P560.

عەرووزی عەرەبییدا هێز هیچ ڕۆڵێکی نییە لە دروستکردنی پێیەکانی شیعر و دروستکردنی ڕیتم لە شیعرەکەدا، بەهۆی ئەوەی کێشی عەرووزی پشت بە ژمارەی برگە و کورت و درێژی برگەکان دەبەستێت. هەندێکی دیکەیان کە کەوتبوونە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ئەوروپی جەختیان لەوە دەکردەوە، کە کێشی عەرووزی بەدەر نییە لە کاریگەری هێز، تەنانەت ئەو کاریگەرییەیان بۆ بەر لە دانانی عەرووزیش دەبردەوە، بەو هۆیەی کە کێشی عەرووزی ماوەی دە سەدە دەسەڵاتی بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا کێشابوو، بۆیە بۆ تێگەیشتنمان لە ڕۆڵی هێز لە ئەدەبیاتی کلاسیکیمان بە پێویستی دەزانین سەرەتا بەسەر ئەو بۆچوونانەدا بچینەوە، کە عەرەبەکان بۆ کێشی عەرووزی هەیانبووە، بۆ ئەوەی ئێمەش لەوێوە بۆ ئەدەبەکەمان بگەڕێینەوە .

- **ئەو لێکۆڵەرانەی کە هێز بە بنەمای کێشی عەرووزی دادەنێن:**

**محەمەد مەندور:**

لە ڕوانگەی ئەوەوە شیعری عەرەبی لەسەر بنەمای چەندێتی دانەمەزراوە، وەک ئەوەی لە شیعری یۆنانی و لاتینی بەرچاو دەکەوێت، بەڵکو بنەمای پێکهاتنی هێز (ارتكازی)یە، کە نزیکە لە شیعری ئینگلیزی و ئەڵمانی، هەرچەندە ئەو دوو دڵ بوو لە بۆچوونەکانی دەیووت: ناتوانین بڵێین شیعری عەرەبی بە تەواوی هێزدارە..[١].

**عەونی عەبدولرەئووف:**

پێی وایە کە هێز ماوەی چەندان سەدە ڕەگ و ڕیشەی لە شیعری عەرەبی کۆندا داکوتاوە. گەوهەری ڕیتمی لای ئەو "وەتەدی کۆ"یە  کە لە برگەی دووەمی بەرگەی ڕوودانی هێز دەکرێ. شیعری عەرەبی لە بنچینەدا کاریگەری هێزی چەسپاوی شیعری ئارامیی لەسەرە. پاشان پەرەی سەندووە تا بووەتە چەندێتی[٢].

---

[١] محمد مندور، في الميزان الجديد، الطبعه الأولى، مطبعه كوتيب، تونس، ١٩٨٨، ص ٢٦٤.
[٢] مسعود وقاد، جماليات التشكيل الايقاعي في شعر عبدالوهاب البياتي، ص٨١.

**کەمال ئەبو دیب:**

پێی وایە شیعری عەرەبی لەسەر بنەمای ڕیتم دروست دەبێت، کە خاوەن چەند بنەمایەکی ئاڵۆزە. لێکۆڵەر هێزی شیعری و هێزی زمانەوانی لەیەکتر جیادەکاتەوە، دەڵێت:

لە نێوان هێزی شیعری و هێزی زمانەوانی کارلێکێک دروست دەبێت، ئەو هێزەش لەسەر ئاستی ئەو کارلێکەدا دروست دەبێت، بریتییە لە ئاستێکی زیندووی ڕیتم کە هەڵقوڵاوی ئەزموونی شیعری و دەروونییە لە شیعرەکەدا. هێزی زمانەوانی بەپێی تێگەیشتنی نووسەر دیاریدەکرێت بە جێبەجێکردنی یاسای هێز لەسەر وشەکان، بەڵام هێزی شیعری یاسای تەفاعیلی بەسەردا جێبەجێدەکرێت[١].

**ڕۆژهەڵاتناس "جویار":**

لای "**جویار**" شیعری عەرەبی لەسەر بنەمای چەندێتی و هێزە. بەیتی شیعری لای ئەو لە چەند یەکەیەکی یەکسان پێکهاتووە، هەریەک لەم یەکانەش لە چوار بەشی یەکسان پێکهاتوون، لە بڕگەی یەکەمی هەربەشێکیان هێزی سەرەکی هەیە، بڕگەی سێیەمیش هێزی کەمترە لە بڕگەی یەکەم، دوو بڕگەکەی دیکەش هێزدار نین[٢].

**ڕۆژهەڵاتناس "ڤایل":**

هێز بە بنەمای سەرەکی کێشی عەرووزی دادەنێت. پێی وایە هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی درێژ "سەبەب" ەکە دەچێتە ناو پێکهاتەی "وەتەد"ەوە، بۆیە دەتوانین "وەتەد" بە تەوەری ڕیتمی (rhythmatical core)دابنێین[٣].

هەواڵنامەی کتێب

[١] کمال أبو دیب ، في البنيه الايقاعيه للشعر العربی، الطبعه الاولی، دار العلم للملايين، بيروت،١٩٧٤، ص٣٣٧-٣٣٨.
[٢] شكری محمد عياد، موسيقى الشعر العربي، الطبعه الاولی، دار المعرفه، ١٩٦٨، ص٦٨.
[٣] علی يونس، النقد الادبی و القظايا الشكل الموسيقی فی الشعر الحديث، هيئه المصريه العامه، مصر، ١٩٨٤، ص١٦.

**ئەو نووسەرانەی کە هێز بە بنەمای کێشی عەرەبی دانانێن.**

**د. عزەددین ئیسماعیل:**

وای بۆ دەچێت کە شیعری عەرەبی هەر بەپێی یاسای "تەفعیلە" دیار دەکرێت، ناتواندرێت بە "هێز" دیاربکرێت، ئەویش لەبەرئەوەی شوێنی "هێز" لە وشەکانی زماندا چەسپاو نییە، بۆیە ناتواندرێت، وەک سیستەمێک کێشی شیعری پێ دیاریبکرێت[١].

**شوکری عەیاد:**

زۆر سوور نەبوو لەسەر ڕۆڵی هێز لەدروستکردنی ڕیتمی شیعری، دوای ئەوەی باسی تیۆری هەریەکە لە ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی "**ستانلاس جۆیار**" و "**ئیبراهیم ئەنیس**"ی کرد. ووتی کە دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هێز لە زمانی عەرەبیدا سیفەتێکی گەوهەری نییە لە بنیاتی وشەدا و دیاردەیەکی یەک بەدوای یەکداهاتووە، کە دەتواندرێ تێبینی بکرێ و بەرزەفت بکرێ[٢].

**محەمەد نوەیهی:**

وای دەبینێ کە هێز یاسایەکی یەک بەدوای یەکداهاتووە، لەزمانی عەرەبیدا و کاریگەرییەکی ئاشکرای لە شیعری عەرەبیدا هەیە، سەرەڕای ئەوەی کە بنچینەکەی چەندێتییە. لە بابەتێکی دیکەدا، "**د. نوەیهی**" بەراوردی هێز لەلای کەسانی دێرین و لای کەسانی سەردەم دەکات.

وای بۆ دەچێت لە کۆندا شیعرەکان بەشێوەیەکی عەرووزی ڕێکخراو دەخوێندرانەوە کە هیچ سیستەمێکی هێز تیایدا بەدیار نەدەکەوت، بەڵام لە سەردەمی نوێدا خوێنەرانی شیعر سیستەمی هێزیان دەخستە ناو وشەکانەوە و بەسەر ئاخافتنەکانیان جێبەجێیان دەکرد [٣].

---

[١] عزالدين أسماعيل، الشعر العربی المعاصر قظاياه و ظواهره الفنيه و المعنويه، الطبعه الثالثه، دار الفكر العربي، ١٩٦٧، ص٨٥.

[٢] شكری محمد عياد، موسيقى الشعر العربي، ص٤٩-٥٣.

[٣] علی يونس، النقد الادبی و القضايا الشكل الموسيقا فی الشعر الحديث، ص١٩-٢٠.

**د. ئیبراهیم ئەنیس:**

ئەم نووسەرە لە ڕوانگەیەکی نوێوە لەشیعر دەڕوانێت و گرینگی بەلایەنێکی دیکەی دەنگی دەدا و پێی وایە بنەمای سەرەکییە لەشیعری عەرەبیدا، ئەم سیفەتە ناو دەنێت "**ڕیتم**". ئەو زاراوەیەش بەلای نووسەرەوە "بریتییە لە ئاوازەیەکی بەرز لە بڕگەیەکی هێزدار لەو بڕگانەی کە دەکەوێتە ناوەڕاستی دێرەوە، ئەو ئاوازەیەش، وەک کۆڵەگەیەکە بۆ دێرەکە، لە بواری پەخشانەوە دەیگوازێتەوە بۆ بواری شیعری واتە تێکەڵەیەکە لە هێز و ئاوازەوە"، پێی وایە ئەم یاسایە بەسەر زۆربەی ئەو نموونە شیعریانەی* کە بە بەحرە باوەکانی عەرەبی نووسراون جێبەجێدەبێت.

ئەم بۆچوونە جیاوازانەی خستمانە ڕوو، ئەوە دەردەخەن کە عەرەبەکان خۆشیان کۆکنین لەسەر بنەمایەکی جێگیر و قەناعەت پێهێنەر و تەنانەت هەندێکیان خۆشیان بەگومان بوونە لەسەر بۆچوونەکانیان. لە لێکۆڵینەوە کوردییەکانیشدا، کە جێگای سەرنجی ئێمەیە ئەم بابەتە هێندە نەورووژاوە، بەهۆی ئەوەی کێشەکە کێشێکی خۆماڵی نییە، بەڵام ئەمە مانای وانییە، ئەم بابەتە لای لێنەکرابێتەوە، جا بەمەبەست بووبێ، یان تەنیا بۆچوونێکی ڕاگوزارییانە بێت، ئەم بابەتە باسکراوە ،بەڵام ئایا ئەو سیستەمەی کە عەرووز بۆ زمانی عەرەبی دایناوە هەمان سیستەم بەسەر زمانی کوردیشدا جێبەجێ دەبێت؟ "**ئەحمەد هەردی**" دەڵێت:

((لە عەرووزدا بڕگەکانی دەنگ بە پێوەرێکی چەندێتی (کمی) دەپێوین. ئەمە لە کاتێکدایە کە هەندێک پێوەری چۆنێتی (کیفی) هەن، کە کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر چەندێتی پیتەکانی وشەو مۆسیقاکەی هەیە. لەوانە: پلەی بەرزی و نزمی دەنگ، درێژی و کورتیی ماوەی دەنگ، بەهێزی و لاوازی سترێس.. بەم پێیە، پاراستنی کێش سەرباری درێژکردنەوە، یان کورتکردنەوەی هەندێک بڕگە، پێویستی بەوەیە سترێس لەسەر

---

*ئەو کێشانەی کە زۆربەی شیعری عەرەبی پێنووسراوەتەوە بریتین لە (تەویل، بەسیت، کامل و وافیر).

هەندێک دەنگ دابنێین))[١]. "**عەزیز گەردی**" دەڵێت: ((کێشی شیعری عەرەبی چەندییە و بە گوێرەی بەدوای یەک هاتنی تیپی بزواو (متحرک) (ە) و تیپی وەستاو (ساکن) (ا)، پێ (تفعیلە) و کێش (بەحر)ەکان دیاردەکرێن و لێک جیادەکرێنەوە))[٢]. "**محەمەد بەکر**" لە "**کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی**"دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دانانی هێز لە شیعر و زمانی عەرەبی لەگەڵ سروشتی زمانەکە ناگونجێت، بۆ ئەمەش پشتی بەو دەستورە جیاوازانە بەستووە کە نووسەرانی عەرەب بۆ هێزیان داناوە[٣].

هەروەها "**عەبدولسەلام نەجمەددین عەبدوڵلا**"ش، هەمان بۆچوون دووپات دەکاتەوە. بەمەش زۆربەیان لەیەک خاڵدا بەیەک دەگەن ئەویش ڕەتنەکردنەوەی هێزە، وەک کاریگەرییەکی بەهێز لە زماندا، بەڵام لە کێشی عەرووزیدا ئەو گرینگییەی خۆی کەمکردوەتەوە ڕێگەی بۆ کورتی و درێژی بڕگەکان کردوەتەوە بۆ بڕیاردان لەسەر دەستنیشانکردنی پێی هەر کێشەک. کەواتە زۆربەی نووسەرانمان بەرچاوکردنی تایبەتمەندی زمانی عەرەبی و بۆچوونەکانی دەستەی دووەمی ڕەخنەگرانیان دووپات کردووەتەوە.

هێز لە زماندا بێت، یان لە شیعر لەسەر بڕگە دیاریدەکرێت، ((زۆربەی زمانەکانی جیهان سوود لە بڕگە وەردەگرن بۆ دابینکردنی کێشی هۆنراوە، هەروەها سوود لە یەکێ لە سروشتەکانی بڕگە وەردەگرن، بۆ دابینکردنی ڕیتمی زمانەکەیان، چ لە قسەکردنەوە، یا لە هۆنراوەدا بێت لە هەموو بارێکدا، بڕگە بنچینەییە))[٤].

کێشی عەرووزیش کە لە چەند بەحرێکی جیاواز و چەند پێییەکی دیاریکراو پێکهاتووە، کە درێژی و کورتی بڕگەکان، کێشەکە دیاری دەکات، لەم کێشەدا هێز وەک کاریگەری دەردەکەوێت، بەڵام نابێتە پێوەرێک بۆ یەکلاییکردنەوەی سنووری پێیەکانی، هەروەها ئەو هێزە شوێنێکی چەسپاوی نییە، دەکرێت کۆتایی پێ یان بڕگەی سەرەتای

---

[١] ئەحمەد هەردی، عەرووز لە شیعری کوردیدا، و/ئاسۆس هەردی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، لا٤٦٧.

[٢] عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا٨٨.

[٣] محەمەد بەکر ، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، لا ٩٥.

[٤] ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن، بڕگە و ئاسان بوونی بڕگە لە کوردیدا، (نامەی ماستەر)، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩١، لا٢١-٢٢.



هەوالنامەی کتێب

پێ بێت، یانیش ئەوەتە هەر پێیەک هەڵگری دوو هێزبن کە جیاوازبن لە بەرزی و نزمی.....تاد. واتە هێز لە کێشی عەرووزیدا هەیە و ڕۆڵیشی تیادا دەگێریت، بەڵام سیستەمێکی چەسپاوی نییە و ناتواندرێت بۆتەیەکی بۆ دابنرێت.

هەروەک چۆن هێز لەناو شیعردا کاریگەری هەیە، بێگومان ئاوازەش گرینگی لەو کەمتر نییە. "**دانیال جونز**" دەڵێت: ((ئاوازە دەلالەت لەو جیاوازییە دەکات کە لە پلەی دەنگ ڕوودەدات لەکاتی قسەکردنی بەردەوام، ئەم جیاوازییەش لە دەربڕین و لە نەغمەی ڕوودەدات، چونکە وەتەری دەنگ لەکاتی قسەکردن دەگۆڕێت، بۆیە نەغمەش دەگۆڕێت))[(١)].

کەواتە ئاوازە تایبەتە بە زمانی دەربڕین، نەک خوێندنەوە، چونکە لەکاتی قسەکردندا هەستی پێدەکرێت. ((هەموو زمانێک بەشی خۆی لەم تایبەتمەندییە زمانییەی تیادایە))[(٢)]. ئەم کاریگەرییە لەناو شیعریشدا بەهای لەدەست نەدا، بەڵکو ڕۆڵی لە دروستکردنی مۆسیقاییێکی دڵڕفێن و چێژدار هەیە، چونکە شیعر زۆربەی کات بۆئەوە دەنووسرێت، کە بەدەنگ بخوێندرێتەوە، تا کاریگەرییە مۆسیقییەکەی دەربکەوێت، یان ئەوەتە بە مۆسیقاوە دەوترێتەوە. ئەوکات دوو مۆسیقا ئاوێزانی یەکتر دەبن کاریگەرییەکە بەرەو باڵابوون دەچێت.

### ٢,٢,١ کێش لە نێوان شیعر و مۆسیقادا:

شیعر وەک هونەرێکی زمانی لەگەڵ مۆسیقادا کە هونەرێکی دەنگییە هاوبەشە، ئەم هاوبەشیەش لە ڕەگەزی ڕیتمدا بەرچاو دەکەوێت. ئەم دوو هونەرە سەرەتا بەیەکەوە لێیان دەکۆڵدراوە، وەک دوو هونەری لەیەکجیانەکراوە سەیر دەکران، بەڵام وەنەبێت دوای جیاکردنەوەیان بەتەواوی دەست بەرداری یەکتر بووبن و پەیوەندییان بەیەکەوە نەمابێت.

---

(١) مزاحم مطر حسين، المعنى في الدراسات البلاغيه الثراء- التمكين- التوجيه، الطبعه الاولى، طباعه. نشر. توزيع(تموز)، دمشق، ٢٠١٣، ص٧٦.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، لا٧٥.

بەڵکو ((تا ئێستاش زۆرجار کە باسی مۆسیقا دەکرێت، وەک ڕیتمێکی شیعری ڕیتمەکەی لێکدەدرێنەوە، لە هەمانکاتیشدا بە شیعرێک دەڵێن: لەرەی مۆسیقی تیادایە))[1]. زۆرێک لە لێکۆڵەران هەوڵیان داوە لە ڕوانگەیەکی مۆسیقییەوە لە عەرووز بڕوانن و وتوویانە ((لە ڕاستیدا عەرووز شتێک نییە تەنیا نموونەیەک لە مۆسیقا نەبێت کە تایبەتمەندە بە شیعر، وەکو ئەوەی پێگەیەک لە پێگەکانی بێت)[2].

هەر لە کۆنەوە هاوبەشی ئەم دوو هونەرە سەرنجی ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هەوڵیان داوە بەدوای هۆکاری پەیوەندیی نێوانیاندا بگەڕێن. تەنانەت ئەمە وایکردووە بۆ سەرەتای هەریەک لەم هونەرانە بگەڕێنەوە، هەندێکیان کێشی شیعر بۆ کێشی مۆسیقا دەگەڕێننەوە، بۆ نموونە: "**جاحظ**" دەڵێت:

((کێشی شیعر لە ڕەگەزی کێشی گۆرانییە و نووسەرانی عەرووز لە نووسەرانی مۆسیقین))[3].

"**خەلیلی فەراهیدی**" کە دۆزەرەوەی کێشی عەرووزە بە زۆری هەستە مۆسیقییەکەی ڕێنیشاندەری بوو بۆ زانستی عەرووز و کێش و زاراوەکانی. پەیوەندیی نێوان شیعر و مۆسیقا پەیوەندییەکی بنەڕەتییە.

(مۆسیقا ئاواز و ڕیتمی تایبەتە ئامرازەکانی ئامێرەکانی ژەنین و لێدان و وەتەر (ژێ)یەکانە، لە شیعردا ئاواز و کێشی تایبەتی هەیە)[4]. سەردەمانێک شیعرەکان بە ئاوازەوە دەخوێندرانەوە. ((شیعریش بابەتی گۆرانیی گۆیندەکان بوو، کتێبی "**ئەغانی**""**ئەبو فەرەجی ئەسفەهانی (٣٥٦ک)**" مەزنترین سەرچاوەی ئاواز و شیعرەکان بوو، کە گۆیندەکان لەسەردەمی ئەمەوی و عەباسی بەگۆرانی دەیانگووت))[5].

ئەمەش بەڵگەی پەیوەندیی کۆنی نێوان ئاواز و گۆرانی و شیعرمان بۆ دەسەلمێنێت، چونکە هەردووکیان لە بنچینەوە لەدەنگی مۆسیقی و هەبوونی ڕیتم پێکهاتوون. ئەگەر مۆسیقا چەند هێمایەکی تایبەت بێت، کە واتای چەند ئاوازێکی جۆراوجۆر بدات

---

[1] ئەنوەر قەرەداغی، ئیقاع و ژیان، لا٧٥.
[2] عبدالعزیز عتیق، علم العروض و القافیه، مطبعه/ دار النهضه العربیه، بیروت، ١٩٧٤، ص١٣.
[3] مسعود وقاد، جمالیات التشکیل الایقاعی في شعر عبدالوهاب البیاتی، ص١٥.
[4] یاسین عایش خلیل، علم العروض، الطبعه الاولی، دار المسیره، عمان، ٢٠١١، ص١٩.
[5] سەرچاوەی پێشوو، ١٩.



هەوراماتی کتێب

ئەوا عەرووز چەند هێمایەکی تایبەتی هەیە لە نووسیندا جیاوازە لە نووسینی ڕێنووسی کە پێکدێت، بەپێی ڕێسای ئەو ڕێنووسەی کە پێی ئاشنا بووین. ئەو هێما عەرووزیانە کە بە پێ (تەفعیلە) ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەوانە بەرانبەر بە ئاوازی مۆسیقای جۆراوجۆر دادەنرێت[1].

ئەگەر پلەکانی مۆسیقا چەند دەنگێکی سەرەکی بێت، کە بریتین لە (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆ، لا، سی) لە بەرانبەردا پیتە بیستراوەکانی شیعر لە ئەلف و بێی هەموو زمانێکدا هەن. هەروەک چۆن بە شوێنگۆڕکێی پیتەکان وشەی جیاواز لە شێوە و واتادا دروست دەبێت، بە هەمان شێوە بە گۆڕینی شوێنی پلەکانی نۆتە ئاوازی مۆسیقا دەگۆڕێت.

لەڕاستیدا عەرووز تەنیا لە سنووری زمان نەبێت دیاری ناکرێت. زانستی مۆسیقاش، تەنیا بەهۆی تایبەتمەندییە مۆسیقییەکان دیاریناکرێت، کە توانای زیاتر و وردترە[2]. لە لایەکی دیکەوە دەبینین مۆسیقا گۆرانییەکە بەبێ وشە، کە دەتوانێ زەمەن بەسەر نەغمەکاندا دابەش بکات، وەک مەبەستیەتی، هەروەها دەتوانێ بۆ نەغمەیەک چەند زەمەنی پێویست بێت دیاری بکات[3].

ئەم ئەرکەی مۆسیقا لە کێشدا بە تایبەت لەعەرووزدا خۆی دەنوێنێت، چونکە، ((مۆسیقا متمانە دەکاتە سەر لایەنی دەنگی کە قسە دابەشدەکاتە سەر چەند بڕگەیەکی ڕێک و گونجاو و چەند یەکەیەکی دیاریکراو، لەسەر شێوازێکی ڕێک پێکدێنێ بێ گوێدانی سەرەتای وشەکان، یان کۆتاییان))[4].

دووبارەبوونەوەی ماوە زەمەنییەکان لە شیعر و مۆسیقادا ڕیتم دروست دەکات. هەرئەمەشە وای لە زۆرێک لە فەیلەسوف و زانایانی وەک "**کیندی**، **فارابی** و **برایانی سەفا**" کردووە لە ڕوانگەیەکی مۆسیقییەوە، لە کێش بڕوانن و بەراوردیان بکەن. مۆسیقا و شیعر بەدرێژای کات بەشێوەیەکی زۆر نزیک لەیەکتری بەیەکەوە بەستراون، ئەگەرچی ئەو دووانە زۆر جیاوازیشیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە، بەتایبەتی لەلایەنی ئەو هەستەی، کە هەردووکیان بۆ هاتنە بوون، هاندەدات.

---

(1) عبدالعزيز عتيق، علم العروض و القافيه، ص١٣.

(2) أحمد رجائى، أوزان الألحان بلغه العروض و توائم من القريض، ص ٦٣.

(3) شكرى عياد، موسيقى الشعر العربى، ص٥٤.

(4) خضر موسى محمد حمود ، الراقي في حداثه علم العروض و القوافي، الطبعه الاولى، دار الكتب العلميه، لبنان، ٢٠١٣، ص١٤.

(ئەگەر مۆسیقا و شیعر بە دوو هونەرە خوشکەکەش ناو ببەین، ئەوا هەروەک چۆن دوو خوشک جیاوازیان لەنێواندا هەیە، ئەوا مۆسیقا و شیعریش جیاوازیان لەنێواندا بەدیدەکرێت)[١].

بەتایبەت لە پێکهاتە سەرەکییەکاندا، جا (ئەگەر ئاوازمان لەسەر بواری کاتیی بێژراوی بیستراو کورتکردەوە، هەروەک (بەراوردی عەرووزی) پێیوایە، ئەوا سەیرکردنی کێشەکە لەوەمان نابورێ، کە جیاوازییەکان لەبەر چاو نەگرین)[٢].

دەنگ کە یەکێکە لە پێکهاتە هاوبەشەکان لەنێوان شیعر و مۆسیقادا، بەڵام جیاوازن لە جۆر و چۆنێتی و بەکارهێنانیاندا، بۆ نموونە دەنگەکان لە زماندا بەهۆی وشەوە وەردەگیرێن و واتادارن.

لە کاتێکدا ((مۆسیقا بریتییە لە "دەنگی ڕووت"، بریتییە لە چەند لەرینەوەیەکی پێکەوە جۆشاو لەسەر ئاهەنگێکی تایبەتی کە نە بە "نۆتە"ی تاک و نە بە "ئاواز" گوزارشت لە واتایەکی لۆژیکی مەعنەوی ناکات))[٣].

مۆسیقا کارلێک لەگەڵ ئەو بەشەی ڕۆح دەکات، کە تەنیا خودی وشەکان دڵنەواییان ناکات و بەس نین بۆی. بەم شێوەیە مۆسیقاش تاڕادەیەک سەربەخۆیە لە شیعر و تەنانەت سەربەخۆیە لە وشەکانیش.

ئەگەر وشەش بۆ مەبەستی مۆسیقی بەکاربهێنرێت، دەبێت ئەو وشانە بۆ لایەنی هەست و سۆزداری بەکار بهێندرێن و وشەی هەست و سۆز هەڵگربن، نەک ئەو وشانەی کە بیرکردنەوەی قووڵ هەڵدەگرن[٤].

سەرەڕای ئەوەی شیعر و مۆسیقا گرینگی بەو کاتە دەدەن، کە دەنگەکان تیایدا دووبارە دەبنەوە و دەی خایەنن، بەڵام ماوەی خایاندنی دەنگەکان لەم دوو هونەرەدا جیاوان.

---

[1]Salmon, Arthur L. (2015). The Relations of Music and Poetry. The Musical Times, Vol. 60, No. 920 (Oct. 1, 1919), p. 530 Published by: Musical Times Publications Ltd. Accessed: 08/02/2015. P530.

[٢] خميس الورتاني، الايقاع في الشعر العربي الحديث خليل حاوى نموذجا، الطبعه الاولى، (دار الحوار) للنشر و التوزيع، سوريه، ٢٠٠٥، ص١٧٨.

[٣]کارۆخ خۆشناو، شیعر لەنێوان "کێشی مۆسیقی" و "بە مۆسیقابوون"دا، ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە(٨٤)، ١٩٩٨، ل٢.


[4]Salmon, Arthur L. (2015). The Relations of Music and Poetry. The Musical Times,P530.

له مۆسیقادا دەنگەکان ((چەندێتییەکی کاتیی ڕێکیان هەیە، جیاوازیی نێوان کاتی یەکەکانی مۆسیقا نەگۆڕە، بەڵام لە زماندا پێچەوانەی ئەمەیە، سەرەڕای ئەوەی کە لە بنچینەوە چەندێتی کاتیی کۆنسنانتەکان جیاوازە))[1]. لە شیعردا یەکەکان دابەش نابن بۆ یەکەی بچووکتر لە خۆیان، بۆ نموونە لە کێشی عەرووزیدا کە یەکەی کاتییەکەی بریتییە لە برگەی زمانەوانی- ناکرێ هەڵسوکەوت بە درێژیی برگەکانەوە بکرێت[2]

ناکرێت یەکەکانی شیعر، وەک مۆسیقا بەسەر یەکەی بچووکتر بەسەر خۆیدا دابەش بکەین. بەڵام لە کێشی مۆسیقادا پێچەوانەی ئەمەیە.

هەر نەغمەیەکی تەواو لەمۆسیقادا کە بە "**ڕۆند**" ناو دەبرێت دابەش دەبێت، بەسەر دوو یەکەی بچوکتر لەخۆی ئەویش "**بلانش**"ە، هەریەک لە "**بلانش**"ەکانیش دابەش دەبن بەسەر دوو یەکەی دیکەدا کە "**نوار**"ە، هەریەکێکیش لەوان بۆ یەکەی بچوکتر لە خۆیان، کە تا "**کواتریبل کرۆش**" کە دواهەمین نەغمەی دابەشبووە، لەوە زیاتر دابەش نابێت[3].

کەواتە مۆسیقا هاوشێوەی پێکهاتە زمانییەکان توانای خوردبوونەوە و دابەشکردنی هەیە، بۆ بچووکترین ئاستی، لە کاتێکدا کێش بچووکترین ئاستی دابەشکردنی بریتییە لە برگە برگەکردن و دیاریکردنی پێیەکانی شیعر.




**هێلکاری١،١:** چۆنیەتی دابەشبوونی نەغمەکانی مۆسیقا

[1] خمیس الورتانی، الایقاع في الشعر العربي الحدیث خلیل حاوی نموذجا، ص١٧٩.
[2] شکری عیاد، موسیقی الشعر العربی، ص ٥٤.
[3] عثمان عبدالله فرج، ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا ، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەددین ،٢٠٠٥، لا٤٤.

هەریەک لەم نۆتانە نیشاندەری ژمارەی لێدانەکانن، لە ماوە زەمەنییە یەک لە دوای یەکەکان. چەند ژمارەی لێدانەکانیش زیاتر بن، ماوە زەمەنییەکە کورتتر دەبێتەوە، هەروەک لەم خشتەیەدا دیاریدەکرێت:

**خشتەی ١،١: ماوەی خایاندنی کاتەکانی نەغمەکانی مۆسیقا**

| ناوی کاتە مۆسیقییەکان | وێنەی نیشانە | نرخی کاتەکە | ژمارەی لێدان |
|---|---|---|---|
| رۆند |  | کاتێکی تەواو | چوار لێدان |
| بلانش |  | نیوەی کاتی تەواو | دوو لێدان |
| نوار |  | ١/٤ی کاتی تەواو | یەک لێدان |
| کرۆش |  | ١/٨ ی کاتە تەواو | نیو لێدان |
| دەبل کرۆش |  | ١/١٦ی کاتی تەواو | ١/٤ی لێدان |
| ترپل کرۆش |  | ١/٣٢ی کاتی تەواو | ١/٨ی لێدان |

## ٣،٢،١ مۆسیقای شیعری لە رێبازە ئەدەبییەکاندا:

### ١،٣،٢،١ مۆسیقای شیعری لە رێبازی کلاسیزمدا:

کلاسیزم سەرەتا بەو بەرهەمە ئەدەبییانە دەگوترا، کە لە ئەدەبییاتی یۆنان و رۆمانەکان بەجێمابوو، کە بەرهەمی بەرز و نەمر بوون. لەدواییدا لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەمدا لە فەرەنسا بە کلاسیزمی نوێ سەرهەڵدەداتەوە کە تەنیا ئەدەبی کۆنی بە ئەدەبی بەرز دادەنا و داوای لاساییکردنەوەی ئەدەبی یۆنانی و رۆمانی لە ئەدیبان دەکرد، لەو سەردەمەدا کۆمەڵێکی ئەدەبی بەناوی (**پلیاد**) بانگەوازیان بۆ ئەمجۆرە ئەدەبە دەکرد. گرینگترین سەرچاوەکانی کلاسیزمی ئەوروپیش کتێبی (**هونەری شیعر**)ی هەریەک لە (**ئەرستۆ** و **هۆراس** و **بوالۆ**) بوون،

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ نووسەرانی مەزنی گریک و ڕۆمانی –پێش زایین– کە (**ئەسکیلۆس**، **ئۆریپید** و **هۆمیرۆس**) کە ببوونە سەرچاوەیەکی گرنگی لاساییکردنەوە[١].

ئەوەی زانراوە شاعیرانی یۆنانی کۆن و ڕۆمانەکان بایەخێکی زۆریان بە مۆسیقا داوە. تەنانەت ئەو بایەخ پێدانەی مۆسیقا لەلایەن خەڵکیشەوە هەستی پێدەکرا، بەڕادەیەک کە شاعیران لەبەر بەکارهێنانی مۆسیقای شیعری لە خودی مۆسیقاژەنانیش زیاتر ڕێزی لێدەگیرا.

مۆسیقا و شیعر لای یۆنانییە کۆنەکان دوو شتی یەکگرتوو بوون، بەجۆرێک ئاوێتەی یەکتری ببوون و بەیەکەوە فۆرمی یەک هونەریان وەرگرتبوو. ئەم گرینگی پێدانە تا سەردەمی ڕێنیسانسیش بەردەوامبوو[٢]." **ئەرستۆ**" کە باس لە مۆسیقای شیعری دەکات، دەڵێت: ((گریکەکان کەوا شیعری داستان و مەرگەسات و بەزمەسات و دیپورمبی کێش و گوتە (قووڵ) و ڕیتم بەکاردێنێ بە واتا مۆسیقا دەچێتە ناو کرۆک و دڵی ئەم هونەرانە، وەکو بەشێکی پێویست))[٣].

سەدەی شازدەیەمیش کە سەرەتاکانی دروستبوونی کلاسیزمی نوێ بوو لە وڵاتانی ئەوروپی پەیوەندیی نێوان شیعر و مۆسیقا گۆڕانی بەسەردا هات، ئەمەش لەلایەن ئەندامانی "**پلیاد**"ەوە، جیاوازیی تێدەکەوێت.

"**ڕۆنسارد**" کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە، سەرەتا وا دەردەکەوت کە دژی گرینگی پێدانی مۆسیقایە لە شیعردا، بەڵام دواتر حەزی خۆی بۆ مۆسیقا لە شیعردا دەربڕی. ئەویش بەهۆی سەرکەوتنی ئەو شیعرانەی کە مۆسیقادارن، وەکو سروودە ئاینییەکان کە زیاتر باو بوون و زووتریش دەکران بەگۆرانی. هەرچەندە حەزی "**ڕۆسنارد**" بۆ شیعری مۆسیقادار هەمیشەیی و قوڵ نەبووە، بۆیە کاتێک شیعری دەنووسی، دەیدا بەمۆسیقا ژەنەکان تاوەکو مۆسیقای بەبەردابکەن و بیکەن بە گۆرانی.

---

[١] ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا ، قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١–١٩٢١)، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦، لا٢٢–٢٤.

[2] Françon, Marcel. (1939). Music and Poetry in the French Renaissance. American Association of Teachers of French Stable URL: http://www.jstor.org/stable/380763.P366.

[٣] خانزاد عەلی قادر زمانی شیعری حاجی قادری و کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لا٩٨.

سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستیانە نابێت ئەوە پشتگوێ بخرێت، کە "**ڕۆنسارد**" هەمیشە وا شیعرەکانی نووسیووە، کە بتواندرێت لەلایەن مۆسیقاوە یاوەریان بکرێت. واتە لە نووسینی زۆربەی شیعرەکانیدا ئەگەر نەیتوانی بێت بە شێوەیەکی تەواویش مۆسیقای بەبەردا بکات، ڕەچاوی شیان بۆ مۆسیقای کردووە. ئەمەش لەلایەن ئەو ڕاستیەوەش پاڵپشتی دەکرێت کە "**ڕۆسنارد**" ژمارەیەک چامەی گۆرانی بە جۆرێک نووسیووە، کە هەر چوارینەیەک لە ژمارەی دێرەکاندا یەکسان بن و هەمان کێش و دووبارەبوونەوەی ڕیتمیان هەبێت، تایبەتمەندیی چوارینەکانیشی وایکردووە، کە بنیاتی مۆسیقا لە شیعرەکانیدا بەدیبکرێت و شیعرەکانی بۆ گۆرانی بشێن[1].

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم لەیەک نزیک بوونەوە و لەیەک دوور کەوتنەوەی شیعر و مۆسیقا لە دوای سەدەی شازدەم بەیەکێک لە قۆناغە زۆر گرینگەکانی شیعری دادەنرێت.

شیعر و مۆسیقا دوو هونەری لەیەکتر جیا بوون، شاعیران و مۆسیقاژەنانیش بەیەکتری نامۆبوون. تەنانەت ئەم لەیەک دوور کەوتنەوەیان بەڕاددەیان بەرزبووەوە، کە لە سەردەمی مۆدێرندا هەندێک شاعیر وا هەست بکەن بوونی مۆسیقای بەهێز لە شیعرەکانیاندا، دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی گوێگر لە ناوەڕۆکی شیعرەکە[2].
کەواتە لە سەردەمی کلاسیک بەدواوە مۆسیقا و شیعر بەتەواوی لەیەکتری جیابوونەوە و ئەم لەیەکتر جیابوونەوەیەش، هەوڵێکی نووسەرانی ئەوکاتەبوو کە پێیان وابوو دەبێت، وەکو هونەری جیاواز ڕەفتار لەگەڵ مۆسیقا و شیعر بکرێت. بە گشتی کلاسیزمی نوێ چەند بنەمایەکی گرینگیان دەستنیشان کردبوو لێی دەرنەدەچوون، چەندە نووسەریش پابەندی ئەو یاسا و ڕێسایانە بوایە ئەوەندە بەرهەمەکەی بە سەرکەتوو دادەندرا.

کلاسیزمەکان داوای بەرهەمێکیان دەکرد، کە سەرچاوەکەی عەقڵ بێت، چونکە عەقڵ تیشکدانەوەی ڕاستییە و هۆیەکە بۆ بەهێزبوونی بنەما هونەرییەکان[3]. لەسەر نووسەرانی کلاسیزم پێویست بوو لاسایی سروشت بکەنەوە، لە سروشتیش ئەوانە هەڵبژێرن، کە جەوهەر و کرۆکی هەرشتێکە و لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت[4]

[1]Françon, Marcel. (1939). Music and Poetry in the French Renaissance. P367-368.
[2] سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٦٩-٣٧٠.
[3] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٧.
[4]ڕەزا سەید حوسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێرانی/ حەمە کەریم عارف، لا٢٩.

بۆیە دەبێ ئەدیبان خۆیان لە شتە دزێو و ناشرینەکانی سروشت لابدەن. لاساییکردنەوەی کۆنینەکان کە بەرهەمەکانی یۆنانی و ڕۆمانییە کۆنەکان مەرجێکی دیکەبوو لە سەر شاعیرانی کلاسیزم. "**هۆراس**" لەمبارەیەوە، دەڵێت:

(نووسەرانی ڕۆمانی دەبێت شەو و ڕۆژ نموونەی گریکیەکانیان لەبەرچاو بێت)[(١)]. هەروەها دەبووایە بەرهەمەکان بە ڕوونی و کورتبڕی دەرببڕدرێ، واتە کەرەستەکان بە وردی و ناسکییەکی هونەرمەندانە ڕێکبخرێ لە وشەی زیادە بژار بکرێ، چونکە زمانی شیعری کلاسیک فراوان نییە وشەی سنووورداری هەیە. دەبێ زۆرترین بابەت بە کەمترین وشە دەرببڕدرێ[(٢)].

کلاسیزمەکان بایەخیان بە گشت و کۆمەڵ دەدا، باسی خەم و ناخۆشییەکانی کۆمەڵیان دەکرد، شۆڕنەدەبوونەوە ناو بابەتە هەستی و کەسیەکان. ئەم یاسایانە و چەندان یاسای دیکەی هاوشێوە بۆ شاعیرانی کلاسیزمی ئەوروپی دانرابوون، کە دەبووایە، شاعیران لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوە و تەکنیکەوە پەیرەوی بکەن و لێی لانەدەن، هەرچەندە نووسەر بۆی هەیە بە قوڵبوونەوەی زیاتر داهێنانی تازەی خۆی لە چوارچێوەی ئەم یاسایانەدا پێشکەش بکات.

ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیش هەموو ئەو دەقانە دەگرێتەوە کە پەیرەوی کێشی عەرووزیکردووە*، یەکەم شاعیری ئەو ڕێبازەش "**باباتاهیری هەمەدانی**"یە، لە سەدەی یازدەیەمی عیساییدا. هەرچەندە بنەماکانی کلاسیزمی کوردی هەندێ جیاوازن لەو بنەمایانەی کە ئەوروپییەکان بۆ ئەدیبانیان دیاریکردبوو، چونکە ژینگە و سەردەم و بارودۆخی سەرهەڵدان و سەرچاوەی کلاسیزمی کوردی هەمان سەردەم و بارودۆخ و سەرچاوە نییە، بەڵام زاراوەکەیان وەرگرتووە و دابڕاوە بەسەر ئەو قۆناغەی شیعری کوردیمان. هەرچەندە شاعیرانی کلاسیزمی کوردی پەیرەوی هیچ فەلسەفە و میتۆدێکی

---

[(١)]هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێرانی/ حەمید عەزیز، چاپخانەی/ الزمان، بەغداد،١٩٧٩، لا ٨.

[(٢)]ڕەزا سەید حوسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێرانی/ حەمە کەریم عارف، لا٣٤.

* هەرچەندە ئەدەبییاتی زاری هەورامی لە شێوەدا بە کێشی پەنجەیی هۆندراونەتەوە، بەڵام لەڕووی سەردەمەوەقۆناغی کلاسیزمە.

ئەدەبییان نەکردووە، بەڵام لە ئەدەبەکەیان پشتیان بە ڕۆشنبیری ئیسلامی و ئەدەبیاتی دراوسێکانیان بەستووە، لە ڕووی بابەت و شێوازەوە لاساییان کردوونەتەوە.

مۆسیقای شیعری کلاسیزمی کوردی زۆر نزیکە لەو مۆسیقا شیعرییەی کە فارس و عەرەبەکان لە شیعرەکانیاندا دروستیان دەکرد، ئەویش بەهۆی ئەو یاسای تەفعیلەیەی کە سەرەتا شاعیرانی عەرەب لە شیعرەکانیاندا پەیڕەویان دەکرد و دواتر فارسەکان پێی کاریگەربوون و بە گونجاندنیان لەگەڵ یاسای زمانی خۆیان پەیڕەویان کرد. شاعیرانی کوردیش لەسەر هەمان ئەو ئاوازانە بنەمای مۆسیقای شیعری خۆیان داڕشت. واتە کوردیش وەک فارس و عەرەبەکان بۆ دروستکردنی مۆسیقای شیعرەکانی کێشی کردە بناغە و بنچینە. کێشی شیعری کلاسیزمی پێیەکانی کێش دەکات بە بناغەی دروستبوونی بەشێکی زۆر لە مۆسیقای نیوەدێر و دێرەکانی، بەهۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان نیوەدێر و دێرەکانی شیعر، هەروەها سەروا و هەڵبژاردنی یەک بەیەکی وشەکان ڕۆڵێکی گرینگ دەبینن لە مۆسیقادارکردنی زمانی شیعری شاعیرانی کلاسیکی.

زمانی شیعری کلاسیکی زمانێکی تایبەتە لە داڕشتن و مۆسیقادا، ئەو مۆسیقاش هەر لەگەڵ بیستنی یەکەم دێرەوە لەلایەن خوێنەرەوە دەناسرێتەوە، ئەویش بەهۆی دووبارەبوونەوەی ئەو ڕیتمە ڕێکەی کە عەرووز ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە دروستکردنیدا.

عەرووز دەنگە جیاوازەکان لە درێژی و کورتی، بزوێن و نەبزوێن، درشت (غليظ) و ناسک، بەرز و نزم، ڕێکدەخات، کە جیاوازیی ئەمانەش وەکو جیاوازی عوود و تاڵەکانی کەمان و قانون وایە، لە شیعریشدا ڕەچاوی ئەم جیاوازییانە کراوە[1].

ئەو مۆسیقایەی لە شیعری کلاسیکدا دەیبیستین، لە مۆسیقای شیعری هیچ سەردەمێکدا ناچێت، ئەویش بەهۆی ئەو وردەکاریانەی کە شاعیر پەیڕەوی دەکات

[1] خانزاد عەلی قادر زمانی شیعری حاجی قادری و کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ل١٠٠.

له سیستەمی کێش و سەروادا، چونکە شاعیر بەپێی سیستەمی ئەو کێشەی هەڵیبژاردووە وشەکان هەڵدەبژێرێ، کە هاوسەنگە لەگەڵ پێی ئەو بەحرەی کێشەکە داوایدەکات، هەر زمانێکیش کۆمەڵە وشەیەکی هەیە، ئەم وشانەش هەمان وشەن کە لە قسەکردن و زمانی پەخشاندا بەکاردەهێنرێن، بەڵام مۆسیقای شیعری ئەو پرسیارەمان ئاراستە دەکات، کە ئەگەر ئەو وشانەی کە بەشدار دەبن لە دروستکردنی شیعردا هەمان ئەو وشانە بن کە گشتین لای بەکارهێنەراندا، ئەی مۆسیقای شیعری لە کوێوە سەرهەڵدەدا؟! بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەڵێین: ڕاستە وشەکان هەمان وشەکانی زمانن، بەڵام کاتێک شاعیر شیعرێک دەنووسێت هەستە مۆسیقییەکەی بەرپرسیاری دەکات لە هەڵبژاردنی کۆمەڵە وشەیەک و پاشان دارشتنەوەی بەشێوەیەکی تایبەت.

لایەنێکی دیکەی مۆسیقای شیعری کلاسیک ئەو سەروایەیە، کە تەواوکەری سیستەمی کێشە عەرووزییەکەیە.

سەرواش لە شیعری کلاسیکدا (ئەو فاسیلە مۆسیقییەیە کە بەهۆیەوە شەپۆلی ئاواز لە دێری شیعریدا کۆتایی دێت، هەر لەوێش شالاوی ڕیتم کۆتایی پێ دێت، تا لە دێرێکی تازە سەر لە نوێ دەست پێدەکاتەوە، هەروەکو شەپۆل دەگاتە لووتکە و تەواو دەبێ تا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە)[1].

بایەخدانی شاعیرانی کلاسیزم و جەخت کردنەوەیان لەسەر کێش وای لە هەندێک لە نووسەران کرد -بەتایبەت ئەوانەی شیعری کلاسیک ڕەت دەکەنەوە- بڵێن:

ئەو مۆسیقای کە بەهۆی کێشی عەرووزەوە دروست دەبێت (مۆسیقایەکی گەڕاوە و دووبارەکراو، یان مۆسیقاییێکی یەک نزمی سەمفۆنیایی سەرتاسەرییە. لە بونیاتی هەمەچەشنەیی مۆسیقا بەدوورە، بۆیە "مەبەست" زۆرجار تیایدا دەپوکێتەوە)[2]،

هەرچەندە ئەم بۆچوونە ڕەتکردنەوەیەکی نازانستی لێدەچۆرێت، چونکە بارودۆخ و ئارەزووی سەردەمی تیادا ڕەچاو نەکراوە بەوەی، کە هەرسەردەمە و مۆسیقاییێکی

---

[1] خانزاد عەلی قادر زمانی شیعری حاجی قادری و کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لا١٠١.

[2] ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، لا٨٥.

تایبەتی خۆی هەیە، هەروەها ماوەیەکی زۆر مانەوەی ئەو مۆسیقایە لای گوێگر شێوەیەکی دووبارەکراو وەردەگرێت، وەلآمێک نابێت بۆ حەزە تینووەکانی گوێگر، بۆیە سەردەم گوێگری وا دروست دەکات، کە حەزی لە گۆڕانکارییە.

جگە لەمەش ئەم بۆچوونە ((ئەو هەموو ئاوازە هەمەڕەنگ و سازگارانەی تیایدا لەبەرچاو نەگیراوە، کە هەڵبەستی کلاسیکی و گەلی لە هەڵبەستی هاوچەرخمان پێکیان هێناوە))[1].

شیعری کلاسیزم بە پلەی یەکەم پشتی بە بیستن دەبەست نەوەک خوێندنەوە، لەبەر بەربڵاونەبوونی خوێندەواری لەناو چین و توێژەکانی ئەوکات، بۆیە زۆرجار شاعیران شیعرەکانیان لە کۆڕ وبەزمەکاندا بە دەنگ و سازوئاوازێکی خۆش دەخوێندەوە. بۆ ئەمەش پێویستی بە ریتمێکی ڕێکوپێک بووە، تا سەرەنجی گوێگران بۆخۆی ڕابکێشێت، بۆیە زیاتر گرینگیان بە مۆسیقای دەرەوە داوە. ئەمە جگە لە شاعیرانی سۆفیزم، کە کۆڕەکانیان خاڵی نەبووە، لە بەزم و ئاهەنگی مۆسیقا.

کەواتە لە ئەدەبییاتی کلاسیزمی کوردیماندا گرینگییەکی زۆر بە مۆسیقا و لایەنە مۆسیقییە شیعرییەکان دراوە، ئەو گرینگی دانەش، چ بەهۆی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆی مۆسیقا خۆی بووبێت، یان بەهۆی هونەری دیکەوە سەدا و ئاواز بۆ شیعرەکان خولقێندرابێت.

"**وەفایی**" وەک نموونەیەکی شاعیری قۆناغی کلاسیکیمان، مۆسیقییەت لە زۆربەی شیعرەکانی دەچۆڕێت، ئەمە نموونەیەکی شیعری "**وەفایی**"یە ، دەڵێت:

دڵ دەنــاڵێ دەم بەدەم ســووتاوی تــاوی فیــرقەتە

بولــبولە بێ ڕووی گوڵ، دڵ پڕ لە داخ و حەسرەتە

چـاو پڕ ئـاو و دڵ پڕ ئاور دڵ بە دلــبەر چـاوەڕێ

[1] دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، ل١٩٧.

هەی خودا دەردی جــودایی چەند گران و زەحمەتە (٢٥٥)*

لەم نموونەیەدا پەیڕەوی بنەماكانی كلاسیكی كراوە، دەنگ و وشەكان لە قاڵبێكی هونەری بەرزدا هۆندراونەتەوە.

### ٢,٣,٢,١ مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا:

زاراوەی ڕۆمانسیزم (Romanticism) لە ئەدەبیاتی جیهانیدا چەمک و پێناسەی جیاوازی بۆ داندراوە، تەنانەت زۆرجار لەناو ئەدەبی یەک وڵاتدا زاراوەی جیاوازی بۆ بەكارهاتووە.

فەڕەنسیەكان زاراوەی (Romantism)، ئینگلیزەكان (Romanticisim)، ئەڵمانەكان (Romantic) و ئیتاڵی و ئیسپانییەكان زاراوەی (Romanticism)یان بۆ بەكارهێناوە[1]. ئەم ڕێبازە سەرەتا لە چەند وڵاتێكی جیاوازەوە سەریهەڵدا، (ڕۆمانسیزم بەشێوەیەكی گشتی لە كۆتاییەكانی سەدەی هەژدەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە سەریهەڵدا و ئینگلتەرا و ئەڵمانیا پێشەنگی ئەو وڵاتانە بوون كە ڕۆمانسیزمی تیایدا بەدەركەوت، دواتر بەرەو فەڕەنسا و دواتریش لە ئیسپانیا و ئیتاڵیا تەشەنەی كرد)[2].

ئەم ڕێبازە ئەدەبییە بەرهەمی بێ ئومێدبوون و ڕەشبینیی ئەدیبەكان بوو بەرانبەر بەژیان و ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی، كە بەرۆكی كۆمەڵ و كۆمەڵگەی گرتبوو، نەک هەر ئەمە، بەڵكو لای ڕۆمانسیزمەكان هیچ شاعیرێک نەبوو باوەڕی بەوە هەبووبێت، كە ماددە هونەرییەكەی، یان زمانە هونەرییەكەی لە ئاست دەربڕینی بەرهەمەكەیدایە. "**لۆتفیج**" كە یەكێكە لەڕابەرانی ڕۆمانسیزم، دەڵێت:

---

* بۆ ئەم لێكۆڵینەوەیە سوودمان لە (وەفایی (دیوان) (٢٠١٢). ساغكردنەوە و پێشەكی نووسین و ئامادەكردنی/ عوسمان دەشتی. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر) وەرگرتووە و لە هەموو نموونە وەرگیراوەكان تەنیا لاپەڕەی دیوانی بەكارهاتوو تۆماركراوە.

[1] محمد غنيمي هلال ، الرومانتيكيه، الطبعه السادسه، دار العوده، بيروت، ١٩٨١، ص ٣.

[2] كەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩، لا ٢٥٩.

((خۆشەویستان هەرگیز ئەوە لەبیر مەکەن کاتێک ئارەزوو دەکەن هەست و سۆزەکانتان بە وشە دەربڕن، ڕەنگە بپرسن وشە دەتوانێ چی بکات))[١].

بێگومان گۆڕان لە هەر بوارێکی ژیان گۆڕانکاری دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەدەبیش بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە بوو، کە بەسەر ژیانی تاکەکاندا هاتبوو، ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو، کە دەنگی تاکەکان تەنیا لە سنگ و قوڕگدا نەمێنێتەوە، بەڵکو لەکوێ پێویست بوو هاوار بکرێت و ئەوەی لە ناخدایە لەسەر زاربێت. زۆرێک لە مێژووناسانی ئەدەب ئەم ڕێبازەیان بەپێچەوانەی کلاسیک، یان دژە کلاسیک ناساندووە، لە ڕاستیدا ڕۆمانسیزم هەڵگەڕانەوەیەکی پێچەوانە نەبوو، بەڵکو هەنگاوێک بوو بۆ نزیکبوونەوە لە ناخ، بە شێوەیەکی دیکە شێوازێکی دیکە بوو، کە سەردەمەکە داوای دەکرد.

بە گشتی ڕۆمانسیزم ((وەک ڕێبازێکی ئەدەبیی بایەخدەر بە دەروونی مرۆیی و نەست و هەست و سۆز و ئەندێشە و ڕامان و پرس و گومان و هەڵوێست و خواست و ویست و ئارەزوو و ئاوات و ئامانج و ئیرادەگەری و دەربازبوون لە عەقڵ و لۆژیکی پەتی و ڕاستەقینە باوەکانی مرۆڤ، ڕسکا))[٢].

ڕۆمانسیستەکان بایەخێکی تایبەتیان بە ئەندێشە دەدا، بەهۆی ئەندێشەوە بەو جیهانە نموونەییە دەگەیشتن کە ئاواتیان بۆ دەخواست. ئەندێشەی ڕۆمانسی ئەندێشەیەکی داهێنەرانە بوو، بە هۆیەوە جوانترین تابلۆ و وێنەی شیعرییان دەخوڵقاند.

((ڕۆمانسیستەکان دەیانوت ئەندێشە کاتێ کە چالاکی خۆی جێبەجێدەکات ئەو شتانە دەکات کە عەقڵی ئاسایی ناتوانێ بیانگاتێ. بەلای ڕۆمانسیزمەکان ئەندێشە تاکە هێزە کە شاعیر دروستی دەکات، لەبەرئەوەی ئەندێشە شتێکی پیرۆزە))[٣]. ڕۆمانسیستەکان لەپاڵ ئەندێشەدا بایەخێکی زۆریان بە خەون دەدا، (شاعیرانی ڕۆمانسی جیهانی خەون و

---

[١] ألفريد ايتشتين، الموسيقى فى العصر الرومانتيكى، ت/ أحمد حمدى محمود، المكتبه العربيه، القاهره، ١٩٧٣، ص٣٩.

[٢] هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن ، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٠، لا ٣.

[٣] ڕێزان سالح مەولود، ئەندێشەی شیعری لەنێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، لا١٠٢.



هەولێرنامەی کتێب

خەیاڵیان بە جیهانێکی لێوانلیو لە خۆشەویستی و برایەتی و لێبوردن دەبینی کە ئەم جیهانە لە واقیعدا بەدی ناکرێت)[١].

خەون دەبێتە ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی ئەو دژانەی کە لە واقیعدا بەیەکەوە کۆنابنەوە، دنیاییێکە ئەو شتانەی بەلای شاعیرەوە پەسەندن تیایدا دەژین، ئەوانەی پەسەند نەکراون، وەلانراون. ئەندێشە و سۆز و خەونی ڕۆمانسیستەکان و دوورکەوتنەوە لە پێوەری عەقڵ وای لە پێڕەوانی کرد، کە واتایەکی زیاد بۆ واتا دیارەکان و وێنەیەکی دیکە بۆ وێنە هەستییەکان دروست بکەن، بۆ ئەمەش هەستەکان پاڵپشتی ئەدیبیان دەکرد و زمانێکی سادە و ڕیتمداریش بۆ گەیاندنی مەبەست بەس بوو. "**نۆڤالس**"، دەڵێت:

چیرۆکی بێ گرێ بنووسن، چیرۆکێ کە پشت بە (تداعی) ببەستێت، هەروەکو چۆن لە خەوندا ڕوودەدات و پڕ بێت لە وتەی ئاهەنگ و ڕیتمدار[٢]. گرینگیدان بە سۆز و ئەندێشە هۆیەک بوو بۆئەوەی شیعری لیریک جێگای شیعری ستایش و ڕەوشت و فێرکاری لەق بکات و خۆی ببێتە فریادڕەسی سەردەم، هۆی سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونی لەو سەردەمەدا بەهۆی ئەو خرۆش و وێناندنە بوو، کە بەهێزترین ڕیتم پاڵپشتی دەکرد[٣].

ڕۆمانسیستەکان عاشقی سروشت بوون، بە تایبەت ئەو سروشتەی دەستی مرۆڤی پێنەگەیشتووە، جوانییەکەی نەشوێندراوە. ڕۆمانسیستەکان لوتکەی جوانی لە سروشتدا دەبینن، وەک ڕێگەیەکیش بۆ ناسینی خودا و نزیکبوونەوە لێی، لێی دەڕوانن.

بەو واتایەی مرۆڤ لەڕێی سەرنجدان لە سروشتەوە لەچەمکی خوداوەند تێدەگات[٤].

تێکەڵاوبوونی ڕۆمانسیستەکان لەگەڵ سروشتدا وایکردووە زۆرجار وەک ڕۆحلەبەرێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات. خەم و خۆشییەکانی لەگەڵ بەش بکات. کەسێتی

(١)ڕێزان سالح مەولود، ئەندێشەی شیعری لەنێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووداا، لا ١٠٢.
(٢)کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، لا٢٦٤.
(٣)سەرچاوەی پێشوو، لا٢٦٥. کەمال میراودەلی
(٤)هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن ، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، لا١٥٤.

ڕۆمانسیزم کەسی ئاسایی کۆمەڵگەیە، خەمەکانی هەمان خەم و ئومێدەکانی هەمان ئومێدە.

ئەگەر لە ئەدەبی کلاسیکدا بۆ "وەسفی مرۆڤێکی گشتی" قارەمانانی نێو ئەفسانەکانی هەڵدەبژارد، هونەرمەندی ڕۆمانسی خۆی لە جێی ئەم قارەمانە ئەفسانەییانە دادەنێت و دەبێتە نموونەیەکی مرۆڤایەتی[1]، لەوێوە تاک پیرۆزی خۆی وەرگرت.

گۆڕانی شیعر گۆڕانێکی یەک ئاراستە و یەک لایەنی نەبوو، ئەو هۆکارانەی کە ناوەڕۆکی شیعری گۆڕی، گۆڕانی ڕوخساریشی بەدوای خۆیدا هێنا، شاعیرانی ڕۆمانسی هەوڵیانداوە، جۆرێکی نوێ لە مۆسیقا دروست بکەن، لە هەموو دۆخەکانیشدا مەبەستیان لەوە بەهێزکردنی ڕەگەزی مۆسیقابوو لە شیعردا. تەنیا هەوڵی ڕۆمانسیستەکان دوورکەوتنەوە لە چەمکی کلاسیکیەت نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ ئازادکردنی هەستەکان بۆ ئەوەی شاعیر چۆنی بوێت وا وشەکان بژەنێت. بۆ ئەمەش پێویستیی بە مۆسیقاییێکی ڕێک و گونجاو بوو

((تا قەڵەمرەوی زمان و دەلالەت و داهێنانی شاعیر فراوانتر بکات. بەو پێودانگە، تێکرای قەسیدە وەک وێنەیەکی مۆسیقای تەواو لە چەند ئاوازێکی وەکیەک و لێکجیاواز، لەبەرچاو دەگیرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە ئەنجامدا دەبێتە جۆرێک لە ڕیتم و لەگەڵ هەستی شاعیردا دەگونجێت))[2].

لە ڕۆمانسیزمدا مۆسیقای بەیت بەتەواوی تێکشکێنرا و مۆسیقای سەراپایی دەق شوێنی گرتەوە. ئەگەر کلاسیک چەند قاڵبێکی دیاریکراوبوو، دەربڕینەکان لەگەڵ قاڵبە شیعرییەکان دەگونجێندران، زۆرجاریش هەست و وشەکان دەبوون بەقوربانی

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] ڕەزا سەید حوسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی/ حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،٢٠٠٦،ل٦٠.

[2] ئازاد ئەحمەد مەحموود ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ل٨٤.

بەڵام ((لە ڕۆمانسیزمدا جۆش و تۆن و ڕیتم و ئاوازی دەربڕینەکان خۆیان (کێش)ەکان دیاریدەکەن لە بەرمەبنای گونجاندن و زۆر لەخۆنەکردندا و وەک ئاوازی سروشتیی و وەک دەنگی دەربڕینێک دەردەکەون))[1].

مەبەستی ڕۆمانسیستەکان ڕەتکردنەوەی تەواوەتی کێش و سەروا نەبوو، بەڵکو گۆڕینیان بوو. ئەم مۆسیقایەش سەربەستی دەدات بە شاعیر، بەوەی چۆنی بوێت وا مامەڵە لەگەڵ هەست و وشە و زمان و کێش بکات، نەک ئەمان ببن بە ڕێبەری شاعیر و شاعیر ئاراستە بکەن، گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ خودی شاعیریش ئەرکی شاعیر قورستر دەکات، کە بتوانێت هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان هەڵچوونی دەروونی و ڕیتم و مۆسیقای دەقەکەی، واتە مۆسیقای شیعرەکە تیشکێک دەبێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی مەبەستی درکاو و زیادکردنی توانای ڕۆچوون بۆ ناو بوارەکانی هەستەوە، دۆزینەوەی ئەو شتە نوێیانەی تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە، نەک هۆیەک بێت بۆ چێژ وەرگرتن و بەس. هەر لەم سەردەمەدا پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هونەری مۆسیقا و هونەری وشە دروست بوو

((ڕۆمانسیستەکان مۆسیقایان بە مەڵبەندی هەموو هونەرێک و گەوهەر و سەرچاوەکەیان داناوە، هەروەها برِوایان وابووە، کە دانانی مۆسیقای ڕووت، بریتییە لەخودی مۆسیقا، وەکو خۆی بەهەموو شێوەکانییەوە))[2].

مۆسیقا توانی لەگەڵ شیعر و ئەدەبدا یەکبگرێت، وەک دوو هونەری تەواوکەری یەکتر دابنرێن، هەر بۆیە لەسەر هەر شاعیرێکی ڕۆمانسی پێویست بوو، لەپاڵ ئەو شارەزاییەی کە لەشیعر و ئەدەبدا هەیەتی، فێری هونەر و یاسا مۆسیقییەکان بێت. لە کتێبەکانی "**لیست**"دا، هاتووە و دەڵێت:

((لە دێر زەمانەوە وشەکان ئاوازدار بوونە، بەهۆی پەیوەندیی لە نێوان مۆسیقا و بەرهەمی ئەدەبی، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە ئێستا من دەیدەم، مەبەستم تێکەڵکردنی ئەو دوو لایەنەیە، بۆئەوەی پەیوەندییەکە لە نێوانیاندا توندوتۆڵتر بێت، توندوتۆڵتر لە هەر

---

[1] هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن ، پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا، ل١٥٨.
[2] ألفريد اينشتين، الموسيقى فى العصر الرومانتيكى، ت/ أحمد حمدى محمود، ص٤١.

پەیوەندییەک، کە لە ڕابردوودا هەیبووە، بەوشێوەیە تێگەیشتن لە ڕیتمی مۆسیقا بۆ دەقەکانی ئەدەبی زیاتر دەبێت))[١].

شاعیری ڕۆمانسی تەنیا بە شاعیری نەماوە، بەڵکو ئیلهامی لە هونەرێکی دیکە وەرگرت لە شیعردا، بۆیە پێویست بوو، کە هاوسەنگی نێوان هەردوو هونەرەکە ڕابگرێت، هەریەکەیان هۆکاری جوانترکردنی ئەوی دیکەیان بێت، نەک لاوازکردن و ناشرینکردنی یەکتر.

((شاعیرانی ئەم سەردەمە لەو باوەڕەدا بوون ئەگەر مۆسیقا بەتەنیا بتوانێت ناخی مرۆڤەکان بهەژێنێ، ئەوا لەگەڵ وشەکان کاریگەرییەکە دووهێندەی خۆی لێدەکات و تێگەیشتنیش ئاسان دەکات))[٢].

ئەو باڵکێشانە فراوانەی مۆسیقا بەسەر ئەدەب و هونەرەکانی دیکەدا، ئەو پرسیارەمان لا دروست دەکات، کە زاڵبوونی مۆسیقا بەگشتی و بەتایبەت بەسەر شیعردا زیانی بەو بەرهەمە نەداوە؟ بێگومان دەتوانیین بڵێین: نەخێر، چونکە مۆسیقا شیعری نەکوشت، ئامانجی لەناوبردنیشی نەبوو، بەڵکو هاوەڵی شیعری دەکرد و لەپاڵ ئەودا کاریدەکرد بۆ پێشکەوتنی زیاتری، نەک لاوازکردن و جێگرتنەوەی شیعر. مۆسیقا بۆچوونی سەرتاپای هونەرمەندان و ئەدیبانی بۆخۆی ڕاکێشابوو، تا لەبواری وێنەکێشانیشدا هەست بەو پەیوەندییە دەکرا.

هەروەک چۆن "**فلیپ ئۆتۆرانج**" بە وێنە هێماداریيەکانەوە هەوادارانی ڕۆمانتیکی سەرسام کرد، گفتوگۆیەکی زۆری لەبارەی پێکچوونی نێوان ڕەنگ و ئاوازەکان هێنایە کایەوە[٣]. ڕۆمانسییەکان جەختیان لەوە دەکردەوە، کە هیچ سنوورێکی جیاکراوە لە نێوان هونەرەکاندا نییە، مۆسیقا هەموو کات جەمسەرێکی دەربڕین بووە[٤].

---

[١] ألفريد ايتشتين، الموسيقى فى العصر الرومانتيكى، ت/ أحمد حمدى محمود، ص, ٤٣.

[٢] چیایی کەمال سەعدی، مێژووی مۆسیقای جیهانی، موحازەرەی کۆلیژی هونەرە جوانەکان/ بەشی مۆسیقا، قۆناغی دووەم، ٢٠١٥،٢٠١٤.

[٣] ألفريد ايتشتين، الموسيقى فى العصر الرومانتيكى، ت/ أحمد حمدى محمود، ص٤٠.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٤.

کەواتە پەیوەندیی مۆسیقا و شیعر زۆر لەوە قوڵتر و ئاڵۆز و پتەوترە، کە ئێمە هەستمان پێکردووە.

پەیوەندیی نێوان شیعر و مۆسیقا لەوەوە دروستبوو، کە شاعیر و ئەدەیبەکان هەستیان بەوە کرد، کە چۆن مۆسیقا کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر هەستەکانی میللەت هەبوو، چۆن بە زووترین کات دەگەیشتنە بەر هەستی بیسەر.

هەروەک ئەوەی "**بتهۆڤن**" لە سەمفۆنیایە دێهاتییەکەی و سۆناتاکەی (les adieux "**ماڵئاوایی**") یەکەیدا، ئەنجامیدا. ئەو لە سۆناتاکەیدا مەبەستی دواندنی هەموو هەست و سۆزێک بوو، بەڵام لە سەمفۆنیایەکەیدا بەشێوەیەکی گشتی ڕوویکردبووە دواندنی هەست و سۆزەکان، لەپاڵ ئەمەشدا وروژاندنی وێنەی ئاوازەکان کە خاوەن سروشتێکی هەرزەکارانە بوون، کۆکردنەوەی ئەو هەموو ڕەگەزانە بووە چەشنێک بەرنامە بۆ پەیرەوکەرانی ئەم ڕێبازە، ئەمە و جگە لەو ڕەگەزە نوێیەی کە لە دەرئەنجامی کاریگەربوون بە ئەدەبەوە هاتە کایەوە[1].

ئەدیبانیش ویستیان بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆیان ڕەنگرێژی ئەم هونەرە بکەن، بۆئەوەی ئەو پەیامەی مەبەستیانە کە بەتەواوی خۆی لە هەستی نەتەوەییدا دەبینیەوە، بگەینن. هەوڵیان دەدا بەرهەمەکانیان بۆ پێویستی سەردەم بگونجێنن، باشترین ڕێگەش بۆ گەیاندنی پەیام بۆ پەیام وەرگر تێکەڵکردنی ئەم دوو هونەرە بوو، بۆیە لەم سەردەمەدا، ئەدەب و هونەر وەک دوو هونەری تەواوکەری یەکتر سەیر دەکران. هەموو ئەو وتە و دەستەواژانەش تەنیا بۆ پێکانی تاکە ئامانجێک بوو، کە لابردنی ئەو سنوورانە بوو، کە شیعر و مۆسیقایان لە یەکتری جیا دەکردەوە.

ئەم قۆناغە ئەدەبییە، وەکو ڕێباز لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە، بەڵام وەک بیر و ناوەڕۆک لای زۆربەی شاعیرانی قۆناغی کلاسیک هەستی پێدەکرێت و تا گۆڕانکاری تەواو بەسەر ڕێبازی کلاسیکدا دێت. بۆنموونە قەسیدەکەی "**نالی**" بۆ "**سالم**"، وەڵامەکەی "**سالم**" بۆ

---

[1]ألفريد ايتشتين، الموسيقى في العصر الرومانتيكي، ت/ أحمد حمدي محمود، ص٤٢.

"**نالی**"، کە هەمووی گوزارشتە لە غوربەت و گەڕانەوە و شیوەنکردن بۆ رابردوو، هەروەها ناتوانین سەدای شیعرەکانی "**حاجی قادری کۆیی**" لەبیر بکەین، کە بەرزترین هەستی نیشتیمان پەروەری و ناڕازیبوون بەرانبەر دەسەڵاتەکانی سەردەم نیشان دەدات و ئەمانە و چەندین نموونەی دیکە ڕێگەیان بۆ ڕۆمانسیزم خۆشکرد تا گۆرانکارییە بنەرەتییەکە بێنێتە کایەوە. "**وەفایی**" وەک شاعیرێکی زمان پاراوی قۆناغی کلاسیک لە هەندێک شیعریدا هەست بە بنچینەکانی شیعری ڕۆمانسی دەکرێت. هەروەها زمانی شیعری "**وەفایی**" زمانێکی تەڕ و پاراوی کوردییە، بەکەمی وشەی بێگانەی تیایدا بەدیدەکرێت، کە ئەمەش خاڵێکی گرینگی ڕۆمانسییەکانە کە زمانی شیعریان ئاسان و تەڕوپاراو دەکرد، تا هەموو چینەکان لێی تێبگەن و بۆ زمانی نەتەوەیی خۆیان دەگەڕانەوە. وەفایی، دەڵێت:

چێـــژتم ئەورۆ ژەهـــری مـــار و یاری شیرینم نەهات

زامـــی کۆنـــم هـــاتە ژان و مـــەرهەمی بـــرینم نەهات

من غەمم خوارد و غەمیش خوێنی جگەرمی خواردەوە

بـــۆیە گـــریام چەند بـــەچەند فرمێسکی خوێنینم نەهات (١٥٢)

لەم شیعرەی "**وەفایی**"یەوە لەوە تێدەگەین، کەوا چۆن چۆنی وشەو دەستەواژەکانی هەڵگری کۆمەڵێک مانا و دەڵێلەتن لە خەم و ژان و چاوەڕوانی یار و بەمەش مۆسیقاییێکی سۆزداری و خەمبارمان بەگوێدا دەچرپێنێت.

### ٣,٣,٢,١ مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی ڕیالیزمدا:

ڕیالیزم وەک قۆناغ، دوای ڕۆمانسیزم دێت. ڕەخنەگر و نووسەرانی ئەم ڕێبازەش لە نووسەرانی ڕۆمانسیزم بوون، بەڵام دواتر لێیان یاخیبوون و بۆچوونی جیاوازی خۆیان ڕاگەیاند.

زۆربەی لێکۆڵینەوەکان "**شانفیلۆری**" بەرابەری ئەو ڕێبازە دادەنێن، کە ساڵی (١٨٤٣)ز، یەکەمین نووسینەکانی خۆی هێناوەتە ئاراوە، بەڵام وەک ڕێباز لەسەر دەستی چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی فەرەنسیەوە بووە ڕێبازێکی دەوڵەمەندی ئەدەبی ئەوروپی، وەک: "**ستاندال**، **بلزاک**، **فلۆبێر** و **مۆپاسان**" و ڕەخنەگرانی وەک "**سانت بۆڤ** و **تین**" بەتایبەت ئەو پێشەکییەی "**بلزاک**" لەگەڵ (**کۆمیدیای مرۆڤایەتی**)دا بڵاوی کردەوە، بووە بەیاننامەی ئەو ڕێبازە[1].

نووسەرانی ڕیالیزم دژی چەمکی (هونەر بۆ هونەر) وەستانەوە، کە ساڵانێک بوو، وەک دروشمێک بەسەر زاری نووسەرانەوە بوو، چونکە ئەوان ئەدەبییان تەنیا لەپێناو نواندنی هونەری نەدەبینی، بەڵکو ئەوان ئەدەب و هونەریان لەپێناو چاکترکردن و نواندنی واقیعدا دەبینی. ڕیالیزمەکان پشتیان لە خەون و خەیاڵی ڕۆمانسییەکان کرد و لە بەکارهێنانی ڕەمز دوورکەوتنەوە. ئەمەش بەو واتایە نییە، کە خەیاڵیان بە تەواوەتی ڕەتکردبێتەوە، بەڵکو ئەوان خەیاڵەکانیان تا ئەوەندە بڕی دەکرد کە گوزارشتی لە واقیع دەکرد. ئەوان بەدوای ئەو حەقیقەتەوە وێڵ بوون، کە گوزارشتی لەواقیعی حاڵی کۆمەڵ دەکرد، بێگومان ئەو واقیعەشیان بەوێنەی کۆپیکراوی خۆی وەرنەدەگرت، بەڵکو کەرستەکانی واقیعیان وەردەگرت، دووبارە واقیعێکی دیکەیان خەڵق دەکردەوە. ئەو جیهانەی کە باسیان دەکرد بوونی بابەتی هەبوو، نەک جیهانێکی ڕازاوەی بێ بنەما بێت. ڕیالیزمەکان ئەدەبێکیان نەدەویست دەربڕی هەست و سۆز و حاڵەتی تاکێک بێت، بەڵکو

---

[1] هیمداد حوسێن ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧، ل١١٥-١١٦.

ئەوان دەیان ویست ئەدەب و هونەر لە خزمەتی هەموو چینەکانی کۆمەڵ بێت، بەو پێیەی تاکیش بەشێکە لەو کۆمەڵە. "**چیخۆف**" یەکێکە لە ڕابەرانی ڕیالیزم لەمبارەیەوە، دەڵێت:

((تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤ دەتوانرێ ناوی هونەری لێ بنرێت، بەبێ مرۆڤ و دوور لە بەرژەوەندییەکانی ئەو هیچ هونەرێک بوونی نییە. هونەر ئاوازێکە بۆ مرۆڤایەتی وتراوە. هەرەمێکە مرۆڤایەتی بەرەو پێشەوە، دەبات. ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکە، کە هونەرمەند تیایدا دەژیت))[١]. هەر بۆیە چەمکی (هونەر بۆژیان) سەریهەڵدا.

دەتوانین بڵێین: سەردەمی ڕیالیزم بەسەردەمی بێئومێدبوونی شیعر دابنێین، چونکە لەو سەردەمەدا هونەری پەخشان بەتایبەت ڕۆمان جێی بە شیعر لەق کرد، ڕۆمان تاکە پاڵەوانی سەردەم بوو.

بەلایانەوە ڕۆمان لە هەموو ژانرەکانی دیکەی ئەدەب، باشتر دەتوانێت کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ لەخۆی بگرێت، بەڵام بەو مەرجەی بابەتەکانی لە ڕاستی سەردەم وەرگیرابێت، نەک بەرهەمی مێژوو و خەیاڵی نووسەربێت[٢].

چەندان ڕۆماننوسی گەورە دەرکەوتن کە بە ڕۆمانەکانیان سەرنجی خوێنەرانیان کێش کردبوو. بۆیە لەو سەردەمەدا هیچ پێشکەوتن، یان گۆڕانێکی ئەوتۆ هەست پێناکرێت، کەمتر لایان لە شیعر و پەیوەندیی بە هونەرەکانی دیکە دەکردەوە.

ڕیالیزمییەکان ئەوەندەی جەختیان لە ناوەڕۆک دەکردەوە، ئەوەندە گرینگیان بە ڕوخسار، یان هونەرکاری لە شیعردا نەداوە. ئەوان دژی ئیستاتیکییەت نین، جەخت لەسەر چۆنێتی نووسین ناکەنەوە، بەڵکو ئەوە گرینگە کە نووسەر چۆن ئایدۆلۆژیاکانی خۆی دەخاتەڕوو، کە لە خزمەت کۆمەڵ و واقیعی ژیانیاندا بێت، بەو واتایەی ئەدەب بەر لەوەی هۆیەک بێت بۆ چێژبەخشین، دەبێت سوودبەخش بێت.

---

[١] هیمداد حوسێن ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧، ل١١٩.

[٢] عەباس محەمەد قادر، ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦-١٩٧٠)، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٢.

((کەواتە ناتوانین بڵێین: ڕیالیزم یەک ڕوخساری هونەری دەربڕینی هەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، جێی هەموو ڕوخسارێکی تیادا دەبێتەوە. هەمیشە لە ڕێبازی تازەکردنەوەی ڕوخساری هونەری دەگەڕێت و ماوەیەکی فراوان بۆ نووسەران دەکاتەوە جێی هەموو بەهرەیەکی ئەدەبی دەکاتەوە))[1]. لەگەڵ ئەمەش هەرگیز نووسەرێک کە بەشێوازێکی و قووڵ بنووسێت هاوئاست ناکات لەگەڵ نووسەرێک کە بەشێوەیەکی ئاشکرای پووچ بنووسێت[2].

ئامانجی هونەری ڕیالیزمی دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی هەرشتێکە کە زۆربەی کات لەژێر پەردەکانی ژیاندا شاردراونەتەوە، ئەمەش ئاگاداری و هۆشیاری هونەرمەندی پێویستە، هەروەها دەبێ درک بەوە بکات، کە (واقیع چەقیو و نەگۆڕ نییە، هیوای بە گۆڕانکارییەکانی هەبێت)[3]. هەر پێشکەوتن و گۆڕانکارییەک لەژێرخانی کۆمەڵدا ڕوودبدات، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لەسەرخانی کۆمەڵگە کە ئەدەب و هونەر بەشێکن لەو سەرخانە، کەواتە گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵ هۆکارن بۆ گۆڕان و پێشکەوتنی شیعر.

دەربارەی برەودان بە زمانی شیعری و لایەنە مۆسیقییەکەی هەموو ڕێچکەکانی ڕیالیزم، وەکو یەکتر نین، بۆنموونە زمانی شیعری کە لایەنە مۆسیقییەکەی بەشێکیەتی، لەڕێچکە تازەکانی ڕیالیزمدا بەتایبەت ڕیالیزمی سیحریدا پەرەی پێدراوە.

ڕیالیزمی سیحری هەرچەندە سەرچاوەکانی لە واقیع وەردەگرێت، بەڵام نووسەر ئەفسانە و خەون و خەیاڵی داهێنەرێنەی خۆی ئاوێزانی دەکات، ئەم بەشدارییە زمانی دەقەکە بەرزدەکاتەوە و وادەکات، کە زمانەکە هێما و مەبەستی زیاتر لەخۆی بگرێت[4].

گرینگیدان بە مۆسیقای دەق لە ڕیالیزمی سیحریدا تەنیا پەیوەست نەبووە، بە ژانری شیعر، بەڵکو دەقی چیرۆک و ڕۆمانەکانیشی گرتۆتەوە، ئەم گرینگی پێدانەش

---

[1] عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، ڕیالیزمی نوێ ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی ڤاریَ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٨.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.
[3] (سیروس پرهام) د. میترا، رالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبییاتدا، و/ حەمە کەریم عارف، چاپخانە وەزارەتا پەروەردێ، هەولێر، ل٤٢-٤٣.
[4] حسێن سابیر عەلی، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانی-دا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٥٣.

گەیشتۆتە ڕاددەیەک، کە ((هیچ سنووریک لەنێوان شیعر و پەخشاندا نەمێنێت))[1]. واتە ئاستی زمانی پەخشانەکانیان تاڕاددەی ئاستی زمانی شیعری بەرز بۆوە. نووسەرانی ڕیالیزمی سیحری لە نووسینەکانیاندا زمانێکی سەرنجڕاکێش و لێوانلێو لەمۆسیقایان بەکارهێناوە، ئەمەش هەر لە هەڵبژاردنی دەنگ و وشەی ناسک و هەروەها گرینگیدان بە مۆسیقای ناوەوەی دەقەکانیان، کە زیاتر خۆی لە سەرواداری و ڕستەی کورت و بەرزبوون و نزمبوونەوەی ئاستی دەنگ دەبینییەوە، لەمبارەیەوە "**مارکیز**" دەڵێت:

((لە ڕوانگەی منەوە کاری ئەدەبی ئامرازی دەربڕینە هەروەک مۆسیقا، لەبەرئەوە هەر هەڵەیەک لە ڕیتم، لەوانەیە سیحری کارتێکردن لەدەست بدات، لەبەرئەوە زۆر گرینگی بەو لایەنە دەدەم، بەرادەیەک ناتوانم کارێک بدەمە چاپخانە، بەرلەوەی بەدەنگێکی بەرز نەیخوێنمەوە))[2].

ئەو زمانە مۆسیقییەی کە نووسەران بەکاریانهێناوە تەواوکەری ئەو ناوەڕۆکە بوو، کە خاڵی مەبەست بوو، چونکە ناوەڕۆکی بەهێز پێویستی بە ڕوخسارێکی بەرزە بۆئەوەی پاڵپشتی بکات و خوێنەران بۆخۆی کێش بکات، پێشەنگانی ڕیالیزمی سیحری هەرگیز بەرزی ئاستی ڕوخساریان نەکرد بەسەر بابەتدا، چونکە لە ڕوانگەی ئەوانەوە، هەرچەندە زمانی دەقەکە بەرزبێتەوە، ئەوا خزمەت بە ناوەڕۆکە بەهێزەکەیان دەکات. بەرهەمەکانی، وەک (**خۆلیۆ کۆتارسەر** و **گابریێل گارسیا مارکیز** و **بۆرخێس**.....تاد) نموونەی بەرزی ڕێچکەی ئەم ڕێبازەن.

لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر نموونەی ئەدەبی ڕیالیزمی هەیە، کە دەتوانین لەو بۆتەیەدا دایبنێین، چ لە شاعیرانی کلاسیک، یان شاعیرانی هاوچەرخدا، واتە ڕەگ و ڕیشەی ڕیالیزم لە ئەدەبییاتی کوریدا هەر زوو ڕەگی خۆی داکوتاوە، بەهۆی ئەوەی کە

---

[1] حسێن سابیر عەلی، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانی-دا، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، لا(٢٥٤).

[2] جابرییل جارثیا مارکیز، غریق علی أرض صلبه-مقالات، ت/ مها السید عبداالرووف، الطبعه الاولی، میریت للنشر و المعلومات، القاهره، ٢٠٠٢، ص١٣٨.



هەواڵنامەی کتێب

کورد لەوەتەی هەیە ئازار و ناخۆشی بەرۆکی بەرنەداوە، بۆیە شتێکی ئاساییە، کە نموونەی شیعری ئەوجۆرە ڕێبازە لای شاعیرانی کلاسیکیماندا بەرچاو بکەوێت، بەو پێیەی ڕیالیزم ڕەنگدانەوەی واقیعە، شاعیرانی کوردیش خۆویستانە بێت، یان خۆنەویستانە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی نیشاندانی واقیعییان داوە، بەڵام وەکو ڕێباز نەبووە.

((ئەدەبیاتی ڕیالیستی کوردی لە پاش جەنگی دووەمی جیهان وەکو قوتابخانەیەکی خاوەن نیشان و تایبەتێتی خۆیی ئەتۆ جێگیربوو کە شادەمارەکانی بەسترابن بە ژیانی گەلی کورد و سامانی نەتەوەیی کورد و ڕەگەزە ڕیالیستییەکانیەوە و پشت بە تەجروبەی ئەدەبیاتی ڕیالیستی نەتەوەکانی دیکەوە ببەستێت))[1].

دەتوانین هەندێک لە شیعرەکانی (**قانع**، **گۆران**، **کامەران موکری** و **کاکەی فەلاح** ،.....تاد). کە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵگەن و هەوڵی گۆڕانی کۆمەڵ دەدەن، بکەین بە نموونەی بەرزی ئەم ڕێبازە ئەدەبییە. بە تایبەت "**گۆران**" کە بە وشیارییەوە ئەم ڕێبازەی وەرگرتووە، و پەیڕەوی بنەماکانی کردووە خۆشی لەمبارەیەوە، دەڵێت:

((پاش ئەو ماوەیە تەییاری سیاسی و کۆمەلایەتی کەوتە ناومانەوە و من بە تەئسیری ئەم دوو ئەدەبەوە "ئینگلیزی و عەرەبی"، کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە))[2].

ڕێبازی ڕیالیزم مۆسیقای شیعری ڕەت ناکاتەوە، بەڵام بەمەرجی سەرکەوتنی شاعیری لە قەڵەم نادات، دوورنەکەوتنەوە لە واقیعی کۆمەڵگە لەسەروو هەموو شتێکەوە دێت، جا گرینگ نییە چۆن دەردەبڕدرێت، ئەگەر هاتوو زمانی شیعرەکەش هاوتای ناوەڕۆکەکەی بەهێز بوو، ئەوا ڕەتی ناکاتەوە، بەڵکو لە ئاستێکی سەرووتری دادەنێت، کەواتە ڕیالیزم دژی خەون و خەیاڵ نییە، بەڵام خەیاڵ پەرست نییە، هەروەها ئیستاتیک کوژ نییە، خۆشی بە خولقێنەریشی نازانێت، بەڵکو تەنیا بەدوای ڕاستییەکانی کۆمەڵگەوەیە.

---

[1] عیزەدین مستەفا رەسووڵ ، ریالیزمی نوێ ئەدەبیاتی کوردی، لا٧٤.

[2] فەرهاد پیرباڵ ، ریبازە ئەدەبییەکان،چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، لا١١٠.

### ٤,٣,٢,١ مۆسیقای شیعری لە ڕێبازی سمبولیزمدا:

یەکێکە لە ڕێبازە بڵاو و ئاشناکانی ناو ئەدەبییات، بەجۆرێک زۆربەی ئەدەبیاتی نەتەوەکان، پەیڕەوی بنەما، یان بەشێک لە بنەماکانی ئەم ڕێبازەیان کردووە. (سمبولیزم، وەکو بزووتنەوەیەکی شیعری بۆ یەکەمجار لە فەڕەنسا لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠-١٩٩٠) دەرکەوت، وەک بەرهەڵستیەکی ئەدەبی بەرانبەر بۆچوونەکانی ڕۆمانسیزم پەرناسیزم و ئەدەبییاتی ڕیالیستی سەریهەڵدا)[1].

بینینی ژیان لە دیدی سمبولیزمەکان جیاواز بوو لە هەر ڕێبازێکی پێش خۆی، تەنانەت شاعیرانی سمبولی بۆخۆشیان بۆچوونی یەکانگیریان نەبوو، دەربارەی بنەما سەرەکییەکانی ڕێبازەکەیان.

سمبولیزمەکان، وەک بیروبۆچوون بە فەلسەفەی میسالی ئەفلاتوونی و فەلسەفەی "**کانت**"ەوە، کاریگەربوون[2]. بەلای سمبولیزمەکانەوە ئەو جیهانەی کە مرۆڤ بەهۆی هەستەکانەوە درکی پێدەکات، تەنها وێنەیەکی ناچەسپاوە، وێنەیەکی تەڵخی حەقیقەتێکی نەمر و نەگۆڕە ...، وێنەیەکی شیاوی جیهانێکی ئایدیالی دیکەیە، کە بەهەستەکان ناتوانین بیگەینێ تەنیا لەڕێی خەیاڵەوە پەی پێدەبردرێت[3].

بۆیە ئەوەی لە جیهانی دەرەوەماندایە، دەبێ وەلاوە بنرێت، چونکە تەنیا سمبولێکن و پێویستمان بە خەیاڵێکی فراوان هەیە، بۆ گەیشتن بە حەقیقەتە شاراوە و نادیارەکانی، ئەم کارەش بە هەموو مرۆڤێک ناکرێت، بەڵکو شاعیران بەهۆی بەهێزی خەیاڵ و توانای شیکردنەوەی سمبولەکانیان هەیە. واتە لەڕێگەی خودەوە جیهانی دەرەکی دەبینێت و بۆی دەگەڕێتەوە، هەریەک لە "**پۆل ڤارلین، ئارتور رامبۆ** و **ستیڤان مالارمیە** ... لە پێشەنگانی ئەم ڕێبازە بوون.

لە ئەدەبییاتی ئەڵمانیشدا "**سکۆفنهۆر**" بەباشترین شێوە برەوی بە تیۆری مۆسیقای سمبولیزمیدا و بیروبۆچۆنەکانی بە بڕبڕەی پشتی فەلسەفەی سمبولیزم

---

[1] امیە حمدان، الرمزیە و الرومانتیکیە في الشعر اللبناني، دار الرشید، بغداد، ١٩٨١، ص٢٣.

[2] سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٤.

[3] کەمال مەمەند میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، لا٢٨٧-٢٨٨.

دادەنرێت. "**سکۆفنهۆر**" مۆسیقا تەنیا وەک هونەرێک نابینێت، بەڵکو وەکو شتێک دادەنێت

کە دەکەوێتە سەروی هونەرەوە، هەروەها دەڵێت:

مۆسیقا شتێکە کە بەتەواوی سەربەخۆیە لەم جیهانە و هەموو شتەکانی دیکە پەراوێزدەخات[١]. هۆگری نووسەر بۆ مۆسیقا گەیشتووەتە ڕاددەیەک، کە بڵێت: تاڕادەیەکی زۆریش مۆسیقا هەر دەردەکەوت ئەگەر هیچ جیهانێکیش نەبووایە. لەکاتێکدا ئەم دەرکەوتنە بەبێ جیهان بۆ شتی دیکە و هونەری دیکە نابێت. مۆسیقا هاوتای جیهانە کەرستەو کۆپی هەموو خواستەکانە[٢].

هەرچەندە کاریگەری "**سکۆفنهۆر**" تاڕادەیەک بەرەو کاڵبوونەوە چوو لەگەڵ

تێپەڕبوونی کات، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ کام لە هاوڵاتی و هاودەمانی خۆی شوێن پێگەی

وەک ئەو بەهێز نەبوو لە تیۆری سمبولیزمی مۆسیقایدا. دواتر "**ریچارد واگنەر**"

دەرکەوت و چەمکی "**هونەری سەرجەم**"ی داهێنا. ئەم تێکەڵکردنەی هونەرەکان لەلایەن

"**واگنەر**"ەوە زیاتر شتێکی ئیستاتیکی بوو, نەک فەلسەفی. تیۆری "**واگنەر**" سەبارەت بە

تۆنی قسەکردن هەوڵێک بوو بۆ لەیەک جیاکردنەوەی واتای وشەکان لە لایەنی ئیستاتیکی

دەنگی وشەکان.

لە ڕوانگەی "**واگنەر**"ەوە. ئەگەر بە تەواوی جەخت بخرێتە سەر لایەنی کوالێتی دەنگی وشەکان، ئەوا هەم لایەنی مۆسیقی و هەم لایەنی واتا ڕاستەقینەکەی وشەکان باشتر دەردەکەوێت. سەرەڕای ئەمەش"**واگنەر**" ڕۆڵی سیمانتکی زمانی کەمکردەوە، زیاتر جەختی لەسەر جۆری هەستداری و هەست دەربڕی دەنگە دیاریکراوەکان دەکردەوە لە وشەکاندا. بەواتایەکی دیکە، "**واگنەر**" جەختی لەوە دەکردەوە، کە بۆ یەکخستنی زمان و گرنگیدان بە لایەنە مۆسیقییەکەی، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت، کە وشەیەک چۆن دەردەبڕدرێت، زیاتر لەوەی کە چی دەردەبڕدرێت[٣].

سمبولیستەکان دووبارە بۆ جیهانی "خەون" و "خەیاڵ"ەکان، گەڕانەوە. ئەوەی کە ڕیالیزم

و ڕیالیستەکان لە ئەدەبیان دوورخستبووەوە.

---

[1]Damaré, Brad M. (2008). Music and Literature in Silver Age Russia:Mikhail Kuzmin and Alexander Scriabin, ph.d.The USA: The University of Michigan. P4.

[2] Damaré, Brad M. (2008). Music and Literature in Silver Age Russia:Mikhail Kuzmin and Alexander Scriabin,P5.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، لا٧-٨

سمبولیستەکان دوورکەوتبوونەوە لە تۆمارکردنی ژیانی خۆیان و فۆرمی شتە مادییەکان، بەڵکو هەوڵی ڕاڤەکردنی ڕیتم و ئاهەنگەکانی تێپەڕبوونی کات و وەرزەکان شرۆڤە دەکەن[1].

هەروەها دژی ئەو یاسا کێشناسیانە بوون کە کلاسیکییەکان شانازیان پێوە دەکرد، چونکە ئەوان کێش و ڕیتم لە دەرەوەی دەروونی خۆیان وەرناگرن، بەڵکو باوەڕیان بە کێشێکە، کە لە دەروونی خۆیانەوە دروست دەبێت. "**بۆدلێر**" لەمبارەیەوە، دەڵێت:

((کارلێکی نێوان شیعر و مۆسیقا لەڕێگەی عەرووزێکەوە هەستپێدەکرێ کە ڕەگی قووڵی لە دەروونی مرۆڤدا هەیە، قووڵتر لە هەر عەرووزێک کە تیۆرە کلاسیکییەکان ئاماژەی پێدەدەن))[2].

سروشت لای سمبولیستەکان شێوەیەکی جێگیری نەبوو، چونکە لایان وابوو، دیدی کەسێک بۆ بینینی دیاردەکان جیاوازە لە دیدی کەسێکی دیکە، ئەویش بەهۆی گۆڕانی هەستەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، لای ئەوان هەستەکانی تاک لە شتەکان ڕەنگدەداتەوە، هەر نهێنی و سمبولێکیش کە لە دەرەوە هەستی پێدەکات، ئەوا نهێنییەکی ڕۆحی خۆی ئاشکرا کردووە، نەک حەقیقەتێکی گشتی.

زمان لای سمبولیستەکان بە واتا ڕووت (مجرد)ەکەی بەکارناهێنرێت، بەڵکو زمانێکە وەستاوەتە سەر چۆنییتی بەکارهێنانی و وەرگرتنی لای شاعیر، ڕاستە شاعیر دروستکەری زمان نییە، بە واتا گشتییەکەی، بەڵام دەتوانێت زمانێک دابهێنێت کە تایبەت بێت بەخۆی، کە هاوئاست بێت لەگەڵ شێوە هەستکردنە تایبەتەکەی. ئەگەریش هاتوو زمان نەیتوانی ئەو ئەرکە بەجێبگەیەنێت، ئەوا شاعیر ناچاردەبێت زمانێکی تایبەت لەناو زمانە گشتییەکە دروست بکات، بۆئەوەی ئەو زمانە بە هانایەوە بێت بۆ هەڵرشتنی تەواوی ئەو هەستانەی کە لەناخیاندایە. لەبەرئەمەشە ئەو زمانەی کە سمبولیستەکان

---

[1] ڕەزا سەید حوسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێرانی/ حەمە کەریم عارف، لا١٦٣.
[2] شاهۆ سەعید، ڕیتم لە نێوان شیعر و مۆسیقادا، لا٦٤.



هەولێرنامەی کتێب

بەکاریان هێناوە، زۆرجار لێڵی و تێگەیشتنی جیاوازی بۆکراوە، کە بەری ئەو زمانە هێمادارەیە، کە شاعیر خۆی داهێنەریەتی.

لەبەرئەوە ((پەنا وەبەر شیعرێک دەبرا کە لە نەرمە گۆرانییەکی ئالۆز بچێت. دەیانگوت شیعریش دەبێ وەک مۆسیقا ئالۆز بێت، مەبەستێکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ دەرنەبڕێت، بەڵکو بە یارمەتی ئاهەنگ و ڕیتم و بە زەبری خەیاڵات کار لە مرۆڤ بکات))[١]. دیارە مۆسیقا گرینگترین هونەر بوو، کە سمبولیستەکان پشتیان پێبەستووە، هەروەک، دەڵێن: ((مۆسیقا شتێک نییە جگە لە شیعرێکی دەنگدار نەبێت))[٢]. شیعریش بەوە پێناسە دەکەن کە ((لێدانێکی مۆسیقییە))[٣].

کاتێک باس لە سمبولیستەکان دەکەین، نابێت باس لەو بایەخە گرینگەیان نەکەین، کە بۆ مۆسیقا هەیانبووە، ئەوان لە بنچینەوە هەوڵی بەسەرداچوونەوەی پرسی مۆسیقا و شیعریان دەدا، بەشێوەیەکی نوێ دایان ڕشتەوە. ئەو مۆسیقایەش زیاتر وێنەیەکی دەروونی بوو بەر لەوەی سیستەمێکی دیاریکراو بێت.

مەبەستی شیعریش ((گواستنەوەی حاڵەتێکی ویژدانیی شاعیرە و بەهۆی سروشتی وێنە و ئاواز و مۆسیقاوە، ئەو حاڵەتە دەگەیەنێ))[٤].

مۆسیقا و خەیاڵ یارمەتی شاعیر دەدەن بۆ گەیاندنی ئەو واتایەی کە ناتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەریببڕن، چونکە ئەوان نەیاندەویست ڕاستەوخۆ واتاکان بەخوێنەر بگەینن، بەڵکو ئەوان سێبەری واتاکانیان دیاریدەکرد. "**فرلین**" وای دەبینێت،

((مۆسیقا واتایەکی نموونەیی هەیە، نەک- تەنیا هەر ڕیتمێک بێت- بەڵکو وەکو ئەوەی گیان و پەروباڵەکانی شیعربێت))[٥].

---

[١]ڕەزا سەید حوسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، وەرگێڕانی/ حەمە کەریم عارف، لا١٦٤.
[٢]محمد فتوح أحمد ، الرمز و الرمزيه فی الشعر المعاصر، الطبعه الثانيه، دار المعارف، القاهره، ١٩٧٨، ص١٠٣.
[٣]اميه حمدان، الرمزيه و الرومانتيكيه في الشعر اللبناني، ص٣١.
[٤]مجيد محمود مطلب، شيعر و فەلسەفە، وەرگێڕانی فوئاد مەجید مسری، لا٦٢.
[٥]محمد فتوح أحمد ، الرمز و الرمزيه فی الشعر المعاصر،ص١٠٣.

له هەر شوێنێکی شیعردا کە وشەکانی زمان نەیانتوانی ئەوەی لە هزری نووسەر دایە بگەیەنن، ئەوا مۆسیقا ئەو کەلێنە ئیستاتیکییە پڕدەکاتەوە، واتە مۆسیقا ئاشکراکردن و دەرخستنی ئەودیو واتاکانی شیعرە و واتا دەلالییەکان بە وەرگر دەگەیەنێت.

کەواتە مۆسیقا تەواوکەری شیعرە، نەک بارێک بێت بۆسەر شاعیر و سیستەمێکی بەزۆر سەپێنراو بێت. بەکارهێنانی مۆسیقای شیعری بۆئەوەیە کەش و هەوایەکی دەروونی بۆ وەرگر دروست بکات، کە زمان بەهەموو واتا بەرتەسک و دیاریکراوەکەی بەرانبەری دەستەوەستانە.

لە ئەدەبییاتی کوردیشدا گرینگی بە ڕەمز و سمبولەکان دراوە، ئەم گرینگی پێدانەش، جگە لە دەرخستنی واتا و مەبەستی شاعیر جۆرە ئیستاتیکییەتێکی هونەری جوانیشیان بە دەقە ئەدەبییەکان بەخشیوە، جگە لەو بەرفراوانی واتایانەی کە بەرجەستەیان کردووە. هەروەها زۆرجار شاعیران هونەرەکانی ڕەوانبێژیان وەک هۆیەکی سمبولی وەرگرتووە، ئەمە جگە لەوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی جوانی و چێژ و خۆشیەکی مۆسیقی زیاتر بە دەقەکان دەبەخشێت.

هەولێرنامەی کتێب

## بەشی یەکەم

## لەبارەی مۆسیقای شیعرەوە

### تەوەرەی سێیەم:

- ○ جۆرەکانی مۆسیقای شیعری
- ✓یەکەم: مۆسیقای دەرەوە
- • کێش
  - ▪ جۆرەکانی کێش
  - ▪ سیستەمی کێش لە ئەدەبیاتی کوردیدا
- • سەروا
  - ▪ جۆرەکانی سەروا
- ✓دووەم: مۆسیقای ناوەوە"ریتم"
- • دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و پێکهاتەکان
- • ڕەگەزدۆزی
- • دژیەك
- • بەرامبەری
- • کەرتکردن
- • رد العجز علی صدر (دوابەسەر)
- • هاوتەریبی پێکهاتەیی

کەوالەتامەی کتێب

## بەشی یەکەم:

### ٣،١ تەوەرەی سێیەم:

#### ١،٣،١ جۆرەکانی مۆسیقای شیعری

دابەشکردنی جۆرەکانی مۆسیقای شیعری، وەک هەر زاراوە و چەمکێکی ئەدەبی دابەشکردنێکی بەستوو نییە، بەڵکو جیاوازی لە دابەشکردنی ئەم چەمکە ئەدەبییە هەیە. ئەگەر بەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەدا بچینەوە، کە هەر لەکۆنەوە تا لێکۆڵینەوەکانی ئەمرۆش بۆ مۆسیقای شیعر، یان ڕیتمی شیعری کرابێت، بەشێوەیەکی گشتی بەسەردوو جۆردا دابەشکراون، ئەوانیش (مۆسیقای دەرەوە و مۆسیقای ناوەوە)ی شیعرن. ئەگەرچی هەندێک لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران بەجۆرێکی دیکە دابەشی دەکەن. وەک: "**پۆڵ فریدریچ**" بەسەر چوار جۆردا، دابەشی دەکات:

یەکەم: مۆسیقای دەرەوەی شیعری ومۆسیقای ناوەوەی شیعری.

دووەم: مۆسیقای زمانەوانی ومۆسیقای نازمانەوانی"مۆسیقای تەواو".

سێیەم: مۆسیقای شیعری تایبەت بە زمانێک و مۆسیقای شیعری جیهانی.

چوارەم: مۆسیقای شیعری پاک"وەکخۆی" و مۆسیقای شیعری خوازراو" میتافۆر"[١].

مەبەستی "**فریدریچ**" لە مۆسیقای دەرەوە، مۆسیقای ئامێرە مۆسیقییەکانە، وەکو سەمفۆنیا، کۆرس، پیانۆ. مۆسیقای ناوەوەی شیعریش پەیوەستە بە سیفات و تایبەتمەندییە مۆسیقییەکانی شیعر[٢].

نووسەر دەربارەی مۆسیقای زمانەوانی، دەڵێت:

---

[1]Jones, Amy. (2013). The Translation of Musicality in the Lyric Poetry of Helmina von Chézy and Marceline Desbordes-Valmor.. P18.

[٢]سەرچاوەی پێشوو،لا٨١.

((ئەو مۆسیقایەیە بەهۆی زمانەوە دروست دەبێت، ئەمەش لە دەنگەکانی شیعردا دەردەکەوێت))[١]. نموونەی ئەمجۆرە مۆسیقایەش لە هەریەک لە"ڕیتم، سەروا، لێکچوونی دەنگی سەرەتای چەند وشەیەک و هاودەنگی نێو سەروا" دەبینێت. مەبەستی نووسەریش لە مۆسیقای نازمانەوانی یان مۆسیقای تەواو ئەوەیە کە هەریەک لە بنەماکانی مۆسیقا، وەک "ئاوازی دەنگ، هێزی دەنگ، بەرزی و نزمی دەنگ و تینی دەنگ"ی تیادایە[٢]. ئەگەرچی "**پۆل فریدریچ**" ئەم دووجۆرە بە بەشێک لە مۆسیقای ناوەوەی شیعری دادەنێ.

جۆری سێیەمی ئەمجۆرە مۆسیقایە لای "**پۆل فریدریچ**" ئەوەیە، کە هەر زمانێک دەتواندرێت مۆسیقایەکی تایبەت بەخۆی دروست بکات.

مۆسیقای شیعری جیهانیش بریتیین لەو مۆسیقایانەی، کە لە سیستەمی هەر زمانێکدا دەردەکەون، ئەوانیش بریتیین لە تایبەتمەندییە مۆسیقییەکانی، وەک: "ئاوازی دەنگ، هێزی دەنگ، بەرزی و نزمی دەنگ و تینی دەنگ"[٣]. مۆسیقای شیعری "پاک" لای "**فریدریچ**" جۆرێکە لە مۆسیقای دەرەوە، کە مۆسیقای ئامێرە مۆسیقییەکانە. هەرچی مۆسیقای خوازەیە ئەو مۆسیقایەیە، کە بەهۆی تەکنیکی خوازەوە دروست بووە[٤]

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە نووسەر خۆی جۆرە تێکەڵییەک لە نێوان جۆرەکاندا دەکات. بەو پێیەی کە "**پۆل**" مۆسیقای دەرەوە بە مۆسیقای ئامێرە مۆسیقییەکان ومۆسیقای زمانی کە کێش و سەروا دەگرێتەوە، لەگەڵ مۆسیقای نازمانی بە مۆسیقای ناوەوە دادەنێ، بۆیە پێمان وایە ئەو دابەشکردنە بۆ شیعری هاوچەرخی کوردی گونجاوە، چونکە لە شیعری هاوچەرخدا شاعیر بۆی هەیە، لە تاکە شیعرێکدا ڕیتمی جیاواز بەکاربهێنێت.

هەروەها ئەو سەروایەی لە شیعری هاوچەرخدا هەیە، ((ناکەوێتە ناو چوارچێوەی تەوژمی مۆسیقای دەرەوە کە هەندێک ڕا بەبوونی پێویستی سەروای دادەنێن، بەڵکو

---

[1] Jones, Amy. (2013). <u>The Translation of Musicality in the Lyric Poetry of Helmina von Chézy and Marceline Desbordes-Valmor.</u>. P18.

[٢] سەرچاوەی پێشوو،ل١٩.

[٣] سەرچاوەی پێشوو،ل١٩.

[٤] سەرچاوەی پێشوو،ل٢٠.

سەروا لەناو ئامێزی مۆسیقای ناوەوەدا خۆی دەنوێنێت))[1]. واتە پێویستییە مۆسیقییەکان داوادەکات، سەروا لە کوێی شیعرەکەدا دووبارەبێتەوە.

"**د.محەمەد رەزا شەفیعی**" لە لێکۆڵینەوەیەکیدا، مۆسیقای شیعری دابەشی ئەمجۆرانە دەکات:

١_ مۆسیقای دەرەوە

٢_ مۆسیقای لاتەنیشت

٣_ مۆسیقای دەروونی

٤_ مۆسیقای واتایی

**مۆسیقای دەرەوە:** هەموو ڕەهەندەکانی ئاهەنگی شیعرە، کە هەموو ئەو شیعرانە لەخۆ دەگرێت، کە بە مۆسیقاییێکی دیاریکراودا نووسراون.

**مۆسیقای لاتەنیشت:** ئەم مۆسیقا لە تەواوی بەیتەکانی شیعر هەست پێناکرێت، لە هەندێک شوێن کەم و لە هەندێک شوێن زۆرە، بەپێچەوانەی مۆسیقای دەرەوە، کە لە هەموو شوێنەکانی شیعر بەیەک ئەندازە هەستی پێدەکرێت. نوسەر لای وایە دیمەنەکانی مۆسیقای لاتەنیشت زۆرە، نموونەی بەرچاو و هەستپێکراو لە سەروا وڕەدیفدا دەبینێت.

**مۆسیقای دەروونی:** ئەو هەماهەنگییانە دەگرێتەوە، کە لە وێکچوون و جیاوازی شیعرێکدا هەیە. نموونەی ئەو مۆسیقا لە هەموو جۆرەکانی "**ڕەگەزدۆیی**"دا، دیاریدەکات و لای "**شەفیعی**" "**ڕەگەزدۆزیی**" لە گرینگترین بیاڤەکانی شیعرە و جوانی و بەهێزبوونی زۆربەی شاکارە ئەدەبییەکان لەناو ئەمجۆرە مۆسیقای شیعرە، خۆی حەشارداوە.

---

[1] ئازاد ئەحمەد مەحموود، بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، لا١٠٢.



هەوالنامەی کتێب

**مۆسیقای مەعنەوی:** هەموو پەیوەندییەکانی پێکهاتەی شیعرێک و هەموو ڕەگەزە مەعنەوییەکانی یەکەیەکی هونەری، (بۆنموونە: غەزەل، یان هۆنراوەیەکی کلاسیک، یان نویٚ) پێکهاتەی مۆسیقای مەعنەویی شیعرێک پێکدێنن. ئەگەر لە دیمەنە ناسراوەکانی ئەمجۆرە شیعرە بمانەوێت نموونەیەک بهێنینەوە، ئەوا هەریەک لە تایبەتمەندییەکانی "بدیع"، تەزاد"، "تباق" و "ایهام" دەگرێتەوە[1].

ئەم دابەشکردنەی نووسەر  جۆرێک لە ئالۆزی و تێکەڵبوونی هونەرەکان لەخۆی دەگرێت، بۆ نموونە سەروای بە مۆسیقای لاتەنیشتەکان داناوە و جیای کردۆتەوە لە مۆسیقای دەرەوە، بۆیە جۆرێک لە تێکەڵکردنی هونەرەکان و تێکچڕانیان هەستی پێدەکرێت، بۆیە  ئێمە لە سنووری کارەکەماندا ئەو دابەشکردنە گشتییە وەردەگرین، کە بۆ مۆسیقای شیعری کراوە، بەهۆی ئەوەی هەموو چەمک و زاراوەکان لەخۆ دەگرن و تێکەڵییەک و سەرلێشوان بۆ خوێنەر دروست ناکەن. لەلایەکی دیکەوەش بۆ شیعرەکانی شاعیری هەڵبژێردراومان لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم دابەشکردنە بە ڕاستتر و دروستر دەزانین:

یەکەم// مۆسیقای دەرەوە.

دووەم// مۆسیقای ناوەوە.

### ١,١,٣,١  مۆسیقای دەرەوە:

ئەو مۆسیقایەیە کە کێش و سەروای شیعرەکە دروستی دەکەن، جا چ شیعری کلاسیک، یان شیعری نویٚ بێت، لە هەر قۆناغێکدا سیستەم و تایبەتمەندیی خۆیان هەیە بۆ دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە. مۆسیقای دەرەوەی شیعریش لە:(کێش و سەروا) پێکدێت.

[1]محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، ص٣٩١-٣٩٣.

هەوادارانی کتێب

کێش و سەروا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بەیەکەوە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە دروست دەکەن.  شیعری عەرووزیش لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی کێشەوە، کە یەکسانییەک لە دابەشبوونی پێ "تەفعیلە"کانی شیعردا هەیە، لەڕووی ژمارەی بڕگە و کورت و درێژی بڕگەوە، کە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر تەواوی شیعرەکەدا دابەش دەبێت و دووبارە دەبێتەوە. دووبارەبوونەوەی سەرواش لەکۆتایی هەر دێڕێکی شیعری کلاسیکدا بەهای مۆسیقای خۆی هەیە.

بەکارهێنانی کێش و سەروا، دەبێتە هۆی ((بەرپابوونی دوو ڕەگەزی جوانکاری لە شیعردا کە بریتین لە هاوتایی و هاوتەریبی. ئەم دوو ڕەگەزە جوانییەکی ئاوازەیی دڵگیر بەشیعر دەبەخشن و لە ئاکامی هەستکردن بەو گونجان و هاوئاهەنگییەوە دێت کە لە دەروونی مرۆڤەوە پەیدا دەبێت))[١].

سەرەڕای ئەوەی کێش و سەروا هۆی دروستبوونی مۆسیقای دەرەوەی شیعرین، بەڵام دەبێت لە خزمەتی بابەتی شیعریدا بەکاربێن. نابێت بابەت بکرێتە قوربانی کێش و سەروا، هەروەها نابێت بابەت تەنیا ئامانجی شیعری بێت، بەڵکو ئەو کاتە شیعر دەگاتە ئەوپەڕی باڵایی کە ئەم دوو ڕەگەزە ئاوێزانی یەکتربن، هەریەکەیان پێویستیەک بێت بۆ تەواوکردنی ئەوی دیکەیان.

ئەو سیستەمەی  کێش و سەروا بە شیعری کلاسیکی دەبەخشێت، سیستەمێکە لێ لادانی بۆ نییە، بەڵکو پێویستە لەسەر شاعیر ئەو بڕیارەی دابووی لەسەر هەڵبژاردنی کێش و سەروای شیعرەکەی، پابەندی بێت و تا کۆتایی شیعرەکەش لێی لانەدات. بەمەش شاعیر چوارچێوەی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکەی دادەڕێژێت، هەر لەو چوارچێوەیەدا شاعیر هەستە شاراوەکانی خۆی بەدەردەخات. بەواتایەکی دیکە ئەگەر کێش و سەروا مۆسیقاییێکی دیاریکراو بێت، لە دەرەوە بۆ ناوەوەی شاعیر ئاراستە بکرێن، ئەوا شاعیر هەستە پەنگخواردووەکانی بارگاوی دەکات بەو مۆسیقا دەروونییەی، کە سەرچاوەی

[١] عوسمان دەشتی ، لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧٠.

هەستە قووڵ و لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤە، بەمەش مۆسیقای دەروونی لەسەر ئەو مۆسیقای دەرەوە بنیات دەنێت، بەم ڕەنگەش دووجۆری مۆسیقا ئاوێزانی یەکتر دەبن، مۆسیقا لەسەر مۆسیقا بنیات دەندرێت. بەمەش مۆسیقادارترین شیعر لەدایک دەبێت.

بێگومان بەرچاو کەوتن و چەندێتی بەرهەمی تەڕی لەمجۆرە مۆسیقا ڕێژەییە، مەرج نییە هەموو شاعیرێک بتوانێت لەمبوارەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت.

### ١,١,١,٣,١ کێش:

شیعر وەک ژانرێک لە ژانرەکانی ئەدەب لە ئەدەب و کلتووری هەموو زمانێکدا هەیە. ((هەر زمانەش بەپێی تایبەتیەکانی "خصائص"ی خۆی جۆرە مۆسیقاییێکی جیاواز لە مۆسیقاکانی پەخشانی هەیە ئەو مۆسیقایەی هەڵبەست بە عەرەبی "وزن"ی پێدەڵێن، ئێمە لە کوردی تازەدا وشەی "کێش"مان بۆ داناوە))[١]. کێشیش بریتیە لە ((سەرجەمی ئەو پێ یانەی دێرە هەڵبەستێک دروست دەکەن، کە لە عەرووزی عەرەبی دا تەفعیلەی پێ دەڵێن))[٢]. پێی هەڵبەستیش ((لەسەر بنەڕەتی برگەکانی دەنگ ڕێکخراون، بەڵام هەر زمانە بەپێی تایبەتییەکانی (خصائص) و جیاوازییەکی خۆی لە ژماردن و پێوانە ڕیزکردنی برگەی دەنگ و ڕێگەیەکی تایبەتی بۆخۆی گرتووە))[٣]. بەگشتی کێش ((ئەو چوارچێوە توند و تۆڵەیە کە دەوری شیعر دەدات و لە پچڕان دەیپارێزێ))[٤].

بۆیە زۆرێک لە نووسەران کێش بە هۆکارێک دادەنێن بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان، هەروەها زۆرجار "بەتایبەت لە لێکۆڵینەوە کۆنەکان" کە باس لە مۆسیقای شیعری کراوە، جیایان نەکردووەتەوە لە کێش وتوویانە:

((کێش زانستی مۆسیقای شیعرە، هەر بەم پێیە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندییەک بە مۆسیقای کۆدەکاتەوە، ئەم پەیوەندییەش خۆی لەلایەنی دەنگدا دەنوێنێت))[٥].

---

[١] گۆران، لە هەڵبەستا_کیش_ ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (١٨)، چاپخانەی "ژین"سالی یەکەم، ١٩٧١/٤/١٥، لا١٧.

[٢] عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، لا١٠.

[٣] گۆران، لەهەڵبەستا _کێش_، لا١٧.

[٤] سەردار ئەحمەد گەردی (د)، کاریگەری مۆسیقای غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤)، ٢٠١٣، لا١١٧.

[٥] عبدالعزیز عتیق، علم العروض و القافیە ،ص ١٢.

ئەگەر چاوێک بەو لێکۆڵینەوانەدا بخشێنین، کە هەر لە سەردەمانی زووەوە دەربارەی شیعر کراون، دەبینین باس لە شیعر نەکراوە بەبێئەوەی ناوی کێشیان نەهێنابێ. "**ئەفلاتوون**" کێش بەمەرجێکی سەرەکی شیعر دەزانێت، لە گفتوگۆی "**ئەیۆن**"دا، دەڵێت:

کاتێک شاعیر شیعرێک دەنووسێت، دەکەوێتە حاڵەتی بێئاگاییەوە، هەروەها کێش و مۆسیقا بەسەریدا زاڵ دەبێت[1].

ئەم بۆچوونە لای "**ئەرستۆ**" بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت کاتێک باس لەوە دەکات، کە شاعیر بەسروشت کەسێکی لاساییکەرەوەیە و هەر ئەو هۆکارەش لەپاڵ غەریزەی مۆسیقا هۆی دروست بوونی شیعرە.

((بەلای ئەوەوە رەگەزی جیاکەرەوەی شیعر لاساییکردنەوەیە. کێش باری دەرەوەیە و بەپلە دوو دێت))[2]. "**هۆراس**"یش، لە "**هونەری شیعر**"دا، دەڵێت: ((پێشینانتان وەک یەک ستایشی مۆسیقای شیعر و قسەی خۆشی پلاوتۆسیان کردووە. ئەگەر ئێمە، من و ئێوە، بزانین چۆن قسە خۆشی و نوکتەی سووکەڵە لە یەکتری جیابکەینەوە و مۆسیقای رەوا بە پەنجە و گوێ هەڵبسەنگێنین، ئەوا بریار دەدەین کە ئەوان لەوپەری چاوپۆشی کردنەوە ئەو دوو شتەیان پەسەند کردووە، ئەگەر نەڵێین لەرووی نەزانییەوە بووە))[3].

مەبەستی "**هۆراس**" لەوەیە کە چۆن رەخنەگران بتوانن بەهۆی کێشەوە شیعری چاک لە شیعری خراپ جیاکەنەوە، یان هەروەک خۆی دەڵێت: شیعری بێ مۆسیقا لە شیعری مۆسیقادار جیابکەنەوە، چونکە کێش هاوسەنگییەک لەنێوان دێرەکانی شیعر دروست دەکات، ئەم هاوسەنگییەش مۆسیقای شیعری رەوانی لێدەکەوێتەوە.

لە ئەدەبیاتی کوردیشدا زۆرێک لەرەخنەگر و لێکۆڵەران باسیان لەم بابەتە کردووە، هەیانە پاڵپشت و هەندێکیان رەتی دەکەنەوە، بەتایبەت هەر لەو کاتەی شیعری

---

[1] پرویز ناتل خانلری، وزن شعر فارسی، چاپ/هفتم، انتشارات توس، تهران، ١٣٦٧، ص١٣.

[2] عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، ١٩٩٩، لا ٧٠.

[3] هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێرانی/ حەمید عەزیز، لا٢٧-٢٨.

کوردی لە قۆناغی کلاسیک خەریکی پەرینەوە بوو، بۆ قۆناغی ڕۆمانسیزم، بۆنموونە:
"**کامل ژیر**" لەبارەی فەرامۆشکردنی کێشەوە، دەڵێت:

((یەکێک لەو هۆیانەی هەڵبەست بەرەو نوشستی ئەبەن، وازهێنانە لە کێش. کێش لە شیعردا تەرازووە... ئەشتوانین ناوبنێین دەستورێک لە هەڵبەست دا، کە ئەگەر لەو دەستوورە لادرا ئەوا ئاوازی هەڵبەست ناساز دێتە گوێ و لە جیاتی خۆشی و هەژاندن، گرژبوون و بێزاریمان تیادا دروست ئەکات))[١].

کێش دەبێت وەک ئامرازێک بێت وا لە شاعیر بکات، هەستە هونەریەکەی بەدیار بخات و پاڵی پێوە بنێت، یارمەتیدەرێک بێت بۆ گەشەکردنی بیرۆکەکانی شاعیر و چاوساغێک بێت بۆ دورخستنەوەی حاڵەتی نەشازی مۆسیقی. لە قۆناغێکدا کێش پێوەرێک بووە بۆ جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان، چونکە پێیان وابوو پەخشانی سەروادار ڕاستە ڕیتمی تیادایە، بەڵام کێشی تیادا نییە، هەر کێشیش جیاوازی لەنێوان شیعر و پەخشاندا دروست دەکات. لەڕاستیدا هیچ شیعرێک دروست نابێت بەبێ هیچ سیستەمێکی مۆسیقی، چونکە مۆسیقا بنەمای شیعرە، هەر مۆسیقاشە جیاوازی لەنێوان شیعر و پەخشانی هونەریدا دروست دەکات. "**د.مارف خەزنەدار**"، دەڵێت:

((وشە پاش ئەوەی دەخرێتە ڕستەییەکەوە، یاخود ڕستەیەکی لێ دروست دەکرێ، و ئەو ڕستەیەش وتەیە ئەو کاتە مانایەکی تایبەتی دەگەیەنێ، جا ئەگەر ڕێکخستنی ئەم وشانە چەشنە وەستایی و تام و مۆسیقاییێکی تایبەتی تیابوو لەگەڵ بیرێکی ڕێک و خەیاڵێکی جوان من بە شیعری دادەنێم با وەزن و قافیەشی نەبێ))[٢].

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە شیعر دەتوانێت دەست بەرداری کێش و سەروا بێت، کە ڕووە دەرەکییەکەی شیعرە، بەڵام ناتوانێت دەست بەرداری مۆسیقا بێت، چونکە مۆسیقا جەوهەر و بنەمای دروستبوونی شیعرە.

[١] کامیل ژیر، بەرگری لە هەڵبەست، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە(١٢٦)، ١٩٩٠، لا ١١١-١١٢.
[٢] مارف خەزنەدار ، پێشەکی دیوانی سەلام، لا ٢٤.

### ١,١,١,١,٣,١ جۆرەکانی کێش

ئەگەر بمانەوێت جۆرەکانی کێش، بەشێوەیەکی گشتی دیاریبکەین، دەبێ بۆ ئەو دابەشکردنانە بگەڕێینەوە، کە لێکۆڵەران بۆ کێشی زمانانی جیهان بەسەر چوار جۆردا دابەشیان کردووە، کە ئەمانەن:

**یەکەم: کێشی چەندێتی:**

لەم کێشەدا هەر قاڵبێک سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە و کە کورتی درێژی بڕگە و ژمارەی بڕگەکانی دیاریدەکات، کێش بەگوێرەی کورتی و درێژی بڕگە دیاریدەکرێت.

((یۆنانی کۆن و سانسکریتی و عەرەبی کێشی شیعرییان چەندییە))[١].

**دووەم: کێشی نەبری (هێزدار)**

ئەمجۆرە کێشە بریتییە لە ژمارەیەکی دیاریکراو لە بڕگەی هێزدار و بێهێز بەشێوەیەکی یەکسان لە دێرەکان دابەشبوونە، بەڵام مەرج نییە ژمارەی بڕگەکان لە هەموو دێرەکان یەکسان بن[٢]، شیعری ئینگلیزی و ئەڵمانی نموونەی ئەمجۆرە کێشەن.

**سێیەم: کێشی پەیژەیی**

ئەمجۆرە کێشە لە سیستەمی دووبارەبوونەوەی پلە و تەبەقەی دەنگ دروست دەبێت، نموونەی ئەمجۆرە زمانەش زمانی چینییە، لەمجۆرە زمانەدا بە گۆڕانی تەبەقەی دەنگ مانای وشە دەگۆڕێت[٣].

**چوارەم: کێشی ژمارەیی**

ئەمجۆرە کێشە لەسەر بنەمای یەکسانی ژمارەی بڕگەی هەر نیوە دێرێک وەستاوە، مەرج نییە ئەو بڕگانەش لەڕووی کورتی و درێژی و بەهێزی و بێهێزی

---

[١]عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا ٨٥

[٢]عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، لا١٤.

[٣]سیروس شمسیا، عروض و قافیه، چاپ/پنجم، دانشتگاه پیام نور، تهران، ١٣٩٢، ص٢٤.

بڕگەدا وەک یەک بن، نموونەی ئەمجۆرە کێشەش لە شیعری کوردی، فەڕەنسی و ئیتاڵی بەرچاودەکەوێت[1].

### ٢,١,١,١,١,٣,١ سیستەمی کێش لە ئەدەبیاتی کوردیدا:

هەر نەتەوەیەک لە جیهاندا سیستەمێکی تایبەت بە کێشی شیعری هەیە، کە لەگەڵ سیستەمی دەنگسازی زمانەکە دەگونجێت، سیستەمی پەیڕەوکردنی کێشیش لای نەتەوەیەک سیستەمێکی بەستو نییە، بەڵکو لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی ئەدەبی جیاوازی تێدەکەوێت. ئەو گۆڕانکاریەش، چ بەهۆی گۆڕانکاری بێت لە تەواوی کێشەکە، یان کێشەکە نوێکاری تێدا بکرێت، یان ڕەنگە بەتەواوی دەست بەرداری کێش بن، وەک لە هەندێک شیعری سەردەمدا بەرچاو دەکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی لە شیعری کوردیدا دوو جۆرە کێش پەیڕەوکراوە*، ئەوانیش کێشی عەرووزی و کێشی خۆماڵی، یا بڕگەیی.

### یەکەم: کێشی عەرووزی:

ئەم کێشە، لە کێشە چەندێتییەکانە، بەسەر چەند بەحرێک دابەشکراوە، هەر بەحرێکیشی لە ژمارەیەک پێ "تەفعیلە" پێکدێت، کە لە ژمارەی بڕگە و کورتی و درێژی بڕگە لەیەکتر جیاوازن. بەگشتی زانستی عەرووز:

((بریتییە لە پێوەرێکی هونەری کە دێرە شیعریەکانی پێ دەخەینەڕوو بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی کێشی شیعرەکە))[2]، یان عەرووز ((زانستێکە گرینگی بە لایەنی مۆسیقای شیعر دەدا و ئەو کێش و بەحرانە دەستنیشان دەکات، کە بەپێی چەند

---

[1] سیروس شمسیا، عروض و قافیە، ص٢٤.

(*) هەندێک نووسەر کێشی شیعری ئازاد بە جۆری سێیەمی جۆرەکانی کێش دادەنێن. بڕوانە ((وریا عومەر ئەمین، شەپۆڵەکانی شیعری کوردی، ڕۆشنبیری نوێ ژمارە(١٢٦)، ١٩٩٠، لا٤٧-٥٦).

[2] صفاء خلوصی، فن التقطیع الشعري و القافیە، الطبعە/السادسە، دار الشؤون الثقافیە العامە، بغداد، ١٩٨٧، ص٢٦.

یەکەیەکی پێوەریی مۆسیقای شیعری لەسەر دادەمەزرێ، بەو یەکە پێوەریانە دەوترێ پێ (تەفعیلە)، کە بەگوێرەی ئەژمارێکی دیاریکراو دووبارەدەبنەوە))[١].

ئەو تەفعیلانەش جگە لە نواندنی یەکەی دووبارەبووەوە، کە بەیتی شیعری لەسەر دادەمەزرێ، هیچی دیکە نین. جا یان ئەوەتە بەیتەکە لەسەر دووبارەبوونەوەی یەک جۆر تەفعیلە دروست دەبێت، وەکو لە بەحرەکانی (**وافیر**، **کامیل**، **ڕەجەز**، **هەزەج**، **ڕەمەل**، **موتەقاریب**، **موتەداریک**)، یان ئەوەتە دوو تەفعیلەی جیاواز لە بەحرێکدا بەیەکەوە دێن.

وەک بەحرەکانی (**تەویل**، **بەسیت**، **مەدید**، **خەفیف**، **مونسەریح**، **سەریع**، **موقتەزەب**، **موجتەس**، **موزاریع**)[٢]. هەر تەفعیلەکیش شێوەیەکی دیاریکراوی هەیە لە نیشاندانی کورتی ودرێژی بڕگەکانی.

ئێمە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە عەرەب بەر لە سەردەمی "**خەلیلی فەراهیدی**" پێشتر شتێکیان لەبارەی کێشی شیعری نەزانیوە.

لە ڕاستیدا ئەوان پێش دانانی زانستی عەرووز هەندی زانیارییان هەبوو لەبارەی زانستی کێشی شیعری عەرەبی و بەحرەکان بە جیاوازیانەوە، بەڵام بەو ناوانە نەناسراوە، بەڵکو دواتر لەلایەن "**خەلیلی فەراهیدی**"یەوە بۆ هەریەکەیان ناوێک داندراوە[٣]. ئەگەرچی لەنێو لێکۆڵینەوەکاندا هەندێ بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێکیان پێیان وایە کەوا "**خەلیلی فەراهیدی**" ئەم زانستەی لە پێوانەکانی شیعری فارسی و سەنسکریکی و یۆنانییەوە وەرگرتووە[٤].

چیرۆکی جۆراوجۆریش هەیە دەربارەی هۆکاری دانانی ئەم بەحرانە لەلایەن "**خەلیلی فەراهیدی**"یەوە، هەندێکیان بۆئەوەی دەگێڕنەوە، کەوا ئەو ژینگەیەی تیایدابووە، کە گۆرانی تیایدا بەربڵاوبوو.

((هەر ئەوە پاڵی پێوەناوە کە بیر لە کێشی شیعری بکاتەوە و ئەوەی بۆی دەکرێت بیخاتە ژێر بۆتەی ڕێساو شێوازەوە. پاش ئەوەی چەندان شەو و ڕۆژ لە ژوورەوە خەریکی

---

[١] شاهۆ سەعید، ریتم لەنێوان شیعر و مۆسیقادا، گۆڤاری ئایینده، ژمارە(٥٠-٥١)، ٢٠٠٠، لا٦١.

[٢] محمد الصادق شفیعی، النقد التطبیقی و الموازنات، مؤسسه الخانجی، مصر، ١٩٨٧، ص٢٣٤.

[٣] عبدالعزیز عتیق، علم العروض و القافیه،ص٨-٩.

[٤] إبراهیم محمود خلیل، عروضالشعر العربي، الطعه الثالثه، دار المیسره للنشر و التوزیع و الطباعه، الأردن،٢٠١٢، ص٨.

کەنارگیری دەبێت و چەند شیعرێک بە مۆسیقا و گۆرانی جۆراو جۆر ئامادە دەکات، دواتر لە خەڵکی بە ڕێسای تەواو و شێوازی تۆکمە دێتە دەرەوە و ناوی دەنێت (زانستی عەرووز)[1])، هەموو بەحرەکانیشی لە پێنج بازنەدا نیشانداوە.

کێشی عەرووزیش هەرچەندە لەناو ژینگەیەکی عەرەبیدا دۆزرایەوە و لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانەکە ڕێکخراوە، بەڵام ئەم کێشە لەسەردەمێکدا تاکە پێوەری شیعری فارسی و کوردیش بووە. سەبارەت بەو پرسیارەی کە ئایا کورد ئەم کێشەی ڕاستەوخۆ لە عەرەبییەوە وەرگرتووە، یان لەڕێی ئەدەبی فارسیەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام زۆربەی لێکۆڵەران هاوڕان لەسەر ئەوەی

کە ((کورد لەڕێی شیعری فارسییەوە کێشی عەرووزییان وەرگرتووە نەک ڕاستەوخۆ لەڕێی شیعری عەرەبییەوە))[2].

بۆ ئەم بۆچوونەشیان بەڵگەی زانستی و قەناعەت پێهێنەریان هێناوەتەوە. کێشی عەرووزی ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتی بەسەر ئەدەبی کوردیدا کێشا، بووە سەرچاوەی داهێنانی چەندین بەرهەمی ئەدەبی، کە تا ئێستاش کاریگەری ئەدەبی خۆیان لە دەست نەداوە.

## دووەم: کێشی خۆماڵی:

ئەمجۆرە کێشە بە کێشی(**بڕگەیی**، **هیجایی**، **سیلابی**، **پەنجەیی**)ش ناسراوە. ئەم کێشە بە ژمارەی بڕگەکان و شوێنی وەستانی بڕگەکان دیاردەکرێت. بەجۆرێک کە

[1] عبدالعزیز عتیق، علم العروض و القافیه، ص٩-١٠.

[2] عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا٢٩٤.

هەردوو نیوەدێری شیعرەکە لەڕووی ژمارەی بڕگەوە یەکسان بن*، بەڵام مەرج نییە ئەم بڕگانە لە کورت و درێژی بڕگەدا، وەکو یەک بن

بەڵکو ئەم بڕگانە لەناو خۆیاندا لە (پیتێکی بزوێن و یەک یان دوو یان سێ تا چوار پیتی نەبزوێن)[(١)] پێکدێت، ئەمانە هەموو بەسەر یەکەوە شەپۆلێکی مۆسیقا دروست دەکەن.

لە هەڵبەستی کوردیدا کێش و هەوا و ساز و ئاواز لەناو سەرجەمی هەنگاوەکان خۆیاندایە واتا ترپە "**ڕیتم**" دەور دەبینێ ڕەچاونەکردنی بڕگەی کورت و درێژ نابێتە هۆی شێوانی کێش لە شیعری کوردیدا[(٢)]. "**ئەحمەد هەردی**"، دەڵێت: ((لە کێشی پەنجەدا پێویستە بڕگەکان بەژمارە ئەوەندەی یەک بن، واتە ئەگەر هەنگاوێکی "تەفعیلە" یەکی بەیتەکە پێنج بڕگە بێ، پێویستە هەنگاوەکانی دیکەش هەرئەوەندە بن))[(٣)]. شیعری کوردیش((هەر لە کۆنەوە سروود و گۆرانی و بەیت و سەراپای شیعری فۆلکۆری بەو کێشە داڕژاوە هەموو شیعری زاری گۆرانی، چەند نموونەیەکی کەم نەبی، بەژمارەی بڕگەیە))[(٤)].

لەناو کێشی بڕگەیشدا ئەوەی زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەبێت، کێشی دەیی (٥+٥)ە. هەروەک "**گۆران**"، دەڵێت:

((ئەم کێشە لە هەڵبەستی کوردیدا ئەوەندە باوە پیاو زۆر بەئاسانی دەتوانێ ناوی لی بنێ کێشی نەتەوەیی گەلی کورد))[(٥)]. ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی دیکەی کێش بەمجۆرە دیاردەکات و دەڵێت: ((لەپاش کێشی دەیی لە فۆلکلۆردا کێشی هەشتی (٤+٤)دێت، دوای ئەویش کێشی حەوتی (٤+٣) لە تاکەتاکەی دێرەکانی هەڵبەستی لاوک و حەیرانیشا ئەتوانین کێشی یانزە بڕگەیی (٦+٥) و (٤+٤+٣) بدۆزینەوە))[(٦)]

* لەشیعری نوێی کوردیدا شاعیر بۆی هەیە لە هۆنینەوەی تاکە شیعرێکدا دوو کێشی جیاواز بەکاربهێنێت، ئەمجۆرە کێشە بە "کێشی ڕەنگاوڕەنگ" ناسراوە. (شاعیرانی کورد جگە لە کێشی عەرووزی لە کێشی خۆماڵیشدا کێشەکانیان تێکەڵ دەکرد، (ئەم دیاردەیەش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. بڕوانە سەرچاوە پشوو، لا٢٣٥.

(١) سیروس شمسیا، عروض و قافیە، ص٦.

(٢) کامل ژیر، هەڵبەستی کوردی لەنێوان عەرووز و پەنجەدا،لا(٢٨).

(٣) ئەحمەد هەردی، کێش لەشیعری کوردیدا، گۆڤاری برایەتی، ژمارە (١٠)، ساڵی ١٩٧١، لا١٠.

(٤)عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا٩٤-٩٥.

(٥) ئومێد ئاشنا، نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران، چاپخانەی/ وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، لا١٦٣.

(٦) سەرچاوەی پێشوو، لا١٦٣.

دوای قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیش شاعیران گەڕانەوە سەر بەکارهێنانی ئەمجۆرە کێشە. کۆنترین بەرهەمی شیعریش لە زاری گۆرانی، کە وەک بەرهەم لەبەر دەستدا بێت

((دیوانی "**مەلای پەرێشان**"ە، کە لە ساڵی (١٣٣٥ه.ش،١٩١٧م) لەلایەن (**فەتح عەلی زیبا جویی**)یەوە چاپ کراوە))[١].

دیاریکردنی پێی نیوەدێر لە کێشی بڕگەییدا بەپێی ئەو هێزەیە کە دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی. وشەکە وەستانێکی کورت دروست دەکات ئەم وەستانە کورتەش پێی کێشەکەمان بۆ دیاریدەکات.

### ٢,١,١,٣,١ سەروا

ڕۆڵی سەروا لە شیعری کۆندا هیچی کەمتر نییە لە کێش بۆ دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعر. زۆرجار لە لێکۆڵینەوەکاندا لەبری وشەی سەروا وشەی (قافیە) بەکار هاتووە، کە هەر لە عەرەبییەکەوە وەرگیراوە. "**ئەخفەش**" دەڵێ:

((بۆیە وای پێ دەگوترێ-چونکە دوای یەکتر دەکەون))[٢]. کۆنترین شیعریش[*] کە تا ئێستا لەبەر دەست دابێت جگە لە کێش سەروای هەیە[٣]. "**خواجە نصیری توسی**" پێیوایە کە ((سەروا لە کۆندا نەبووە، شتێکە تایبەتە بە عەرەب، و نەتەوەکانی دیکە لە عەرەبییان وەرگرتووە))[٤].

ئەم بۆچوونە ڕەهاییەکی تەواوی پێوە دیارە، چونکە بەکارهێنانی سەروا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و لە قۆناغێکی ئەدەبی بۆ قۆناغێکی دیکە لە گۆڕاندایە. هەرچی

---

[١] محەمەد محەمەد نوری عارف(د. )، تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا، ژمارە (١٨)، بەغدا، ١٩٧٤، لا٧٥.

[٢] عەزیز گەردی، سەروا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٩، لا٢١.

[*] کۆنترین شاعیر کە تا ئێستا لەئەدەبی کوردیدا ئاماژەی پێبکرێت، (باباتاهیری هەمەدانییە (٩٩٩-١٠٨٩)بکەین. (ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٢، لا٣٧.

[٣] دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، لا٩٥.

[٤] پرویز ناتل خانلری، وزن شعر فارسی، ص١٨.



هەواڵنامەی کتێب

له ئەدەبییاتی عەرەبییە سەروا هونەرکارییەکی زۆری تیادا کراوە، داهێنانیان تیادا کردووە و لە بەرهەمەکان بە ئاشکرا هەست بەبوونی کراوە، هەروەها تایبەتمەندیی زمانەکە هۆکارێکی دیکە بووە، بۆ گەشەسەندن و سەرهەڵدانی. "**بوستانی**" دەڵێت:

((له زمانی عەرەبی شیعر بەبێ سەروا هیچ هاوسەنگییەکی نییە، چونکە عەرەبی زمانێکە چوارچێوەدارو ئاواز ئامێزە و بۆیە پێویست دەکات، پێوانەو ئاوازی تیایدا ڕەچاو بکرێت. ئەو سەروایانەی کە لە شیعری عەرەبیدا هەیە هاوشێوەکەی لە زمانەکانی دیکەدا نادۆزرێتەوە))[1]. دکتۆر "**محمد رەزا شەفیعی**" پێیوایە کە سەروا لە زمانی پەهلەوی و پاشماوەکانی ساسانی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێک نەبووە، وەک ئەو پەیڕەوە ڕێکەی کە شاعیرانی عەرەب پەیڕەویان دەکرد، لە سەرەتای شیعرەوە پابەندی دەبوون، تا کۆتایی لێیان لانەدەدا[2].

هەرئەمەش وایکرد نەتەوەکانی دیکە چاو لە عەرەبەکان بکەن. لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی بەر لە سەدەکانی یازدەیەم و دوازدەیەم سەروا بەرچاو ناکەوێت.

هەندێک پێیان وایە کە دانیشتوانی ئەندەلوس کە پێشتر موسوڵمان ببوون هەردوو زمانیان دەزانی هۆکاری پەڕینەوەی ئەدەبی ئەندەلوسی، بوون بۆ ناو ئەدەبی ئیسپانی و لەوێشەوە بۆ باشووری فەرەنسا [3]،

دواتر وردە وردە بەهەموو وڵاتانی ئەوروپا بڵاوبوویەوە. ئەدەبییاتی کوردیش بەتایبەتی ئەدەبییاتی کلاسیکمان، کە کورد وەک نەتەوەکانی دیکە لە ئەدەبی عەرەبی وەریگرتووە، بۆیە سەرواش لە پاڵ کێشی عەروزی وەرگیراوە،

((وەکو ئەوەی هەموو لایەک هەست بکەن بەوەی کە یەکەی ئاوازەکان دوو هێندەی خۆی لێدەکات و لەرەلەر و ڕیتمەکانی ڕێکدەخات))[4].

---

[0,1]محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، ص١١٢.

[1] سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦-١١٧.

[4] شوقی ضیف، فصول فی الشعر و نقده، الطبعه الثانیه، مطبعه دار المعارف، ١٩٧٧، ل٣٠.

دەربارەی ئەوەی شیعری کوردی بەر لەو سەردەمە سەروادار بووە، یان نا ئەمە بابەتێکە لە سەروای خۆماڵیدا دەگەڕێینەوە سەری.

سەروا دارشتنی دێرەکان بەجۆرێک ڕێکدەخا، کە لەڕووی ئاوازەوە سەرواداربن[١]. بەشێک لە لێکۆڵەران سەروا بە دەنگ دەبەستنەوە و دەڵێن: سەروا بریتییە ((لەو پیتانە_ بەدەنگ، یان بێ دەنگ_ کە ئاوازەکانیان وەکوو یەکە، کەوتوونەتە دوایی هەردوو نیوە هۆنراوەکەوە. ئەمە لە کاتێکدا وایە، کە سەرتاپای دەستە هۆنراوەکە دووتاکی بێ... خۆ ئەگەر دوو تاکی نەبوو ئەوە دیارە هۆنراوەی یەکەم و دوایی نیوەی دووەمی هۆنراوەکانی دیکە هەموو لەم سەروایەدا وەکوو یەک دەبن))[٢].

ئەم پێناسەیە سەروا لە دەنگێک پتر دەبینێت کە لە کۆتایی دێرە شیعرەکاندا دووبارە دەبنەوە. هەندێکجار لە پێناسەکردنی سەروا تێکەڵییەک کراوە لەنێوان ڕەوی و سەروا وتراوە:

سەروا ((حەرفێکی ڕەوییە، یان حەرفێکە کە لەکۆتایی هەموو دێرێکی قەسیدەدا دووبارە دەبێتەوە))[٣]. ئەم بەستنەوەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕەوی ((دوا دەنگی ڕەسەنی وشەی سەروایە))[٤].

ئەو دەنگەی کە دەبێتە ڕەوی دەنگی ڕەسەنی وشەی سەروایەکەیە، نەک مۆرفیمی ڕێزمانی دیکە بێت. سەروا بریتییە لە دووبارە بوونەوەی دەنگە لێکچووەکان، یان هەمان دەنگ لە کۆتایی دوو وشە، یان زیاتر ئەمەش زۆربەی جار دەکەوێتە دوا برگەکانی کۆتا دێرەکانی شیعر.

سەروا کاتێک دەردەکەوێت، کە دوو وشە یان زیاتر هەمان دەنگیان هەبێت. لەباری ئاساییدا ئەمە لە کۆتایی وشەکاندا دەردەکەوێت، بەڵام لە هەموو بارێکدا وانییە[٥].

هەواڵنامەی کتێب

---

(1) http://www.merriam-webster.com/dictionary

(٢) علاء الدين سجادی، نرخ شناسی، لا١٠٣-١٠٤.

(٣) شکری محمد عياد ، موسيقى الشعر العربى، الطبعه الاولى، مطبعه/ دار المعريفه، ١٩٦٨، ص٨٩.

(٤) عەزیز گەردی، سەروا،لا١١١.

(5) http://en.wikipedia.org/wiki/Rhyme

لەم پێناسەیەدا سەروا تەنیا لە وشە هاودەنگەکان نابینێ، بەڵکو دەکرێ دەنگەکان لەیەکچووبن، مۆسیقاییێکی دڵڕفێن لە کۆتایی دێڕەکاندا دروست بکات. لە ڕەخنەی نوێدا چەمکی سەروا گۆڕانکاری بەسەردا هات بەوەی کە مەرج نییە سەروا لە کۆتایی هەموو دێڕێکدا بهێندرێتەوە، بەڵکو بەپێی پێویستی مۆسیقا و هەستی شاعیر سەروا دەهێندرێتەوە. "**عەزیزگەردی**" پێیوایە لە شیعری سەربەستدا جاروبار سەروا هەیە، جا با ئەو سەروایە تیپێکی ڕاستەوخۆش نەبێ، چونکە زۆرجار وا دەبێ کە ئاوازی وشەی کۆتایی وا دادەکوتێتەوە هەزار سەروای بەزۆرهاتووی بەقوربان بێ[١].

سەروا لە شیعردا جگە لەوەی کۆتایی لەت، یان نیوە دێری شیعر دیاریدەکات، ڕێگە بۆ دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگ، یان وشە لەنیوەدێر، یان دێری داهاتوو خۆشدەکات و بەهایەکی ئیستاتیکیش بەشیعرەکە دەبەخشێت.

سەروا ((ترپە و ئاوازی شیعر زیاد دەکات و لەنگەری شەپۆلی دەنگەکانی دێرە شیعر ڕادەگرێ و دەبێ بە زایەڵە و دەنگدانەوەی دەنگە هاوجنسەکانی دیکەی ناو هەمان دێر و دەنگە هاوبەشەکانی دێرەکانی دیکە))[٢].

شاعیرانی کلاسیکی کوردیش پەیڕەوی یەکێتی سەروایان کردووە، وەک هونەرێک بەهرەی خۆیان تیایدا دەرخستوە، زۆرجاریش وەک جوانکارییەک و دروستکردنی مۆسیقاییێکی خۆش ئەو دەنگەی کە بووەتە سەروا لە کۆتاییی پێیەکاندا دووبارە بووەتەوە، ئەمەش هەرچەندە هەناسەی شیعر گوتن لەبەردەم شاعیردا کورت دەکاتەوە، بەڵام بەرهەمێکی نایابی تەژی لە مۆسیقا بەرهەم دەهێنێت.

سەروا جیاوازی لەنێوان دوو شیعر دروست دەکات، ئەگەر دوو شیعر بەیەک کێش هۆندرابنەوە، بەڵام سەروایان جیاواز بێت، ئەوا کاریگەری جیاواز لەسەر خوێنەر

---

[١] عزیز گەردی، هۆنراوەی کوردی و عەروزی عەرەبی، ڕۆژنامەی هاوکاری ، ساڵی دووەم، ژمارە (٢٥)، ٢٤ی تەموز، دار الجماهیر (١٩٧١)، ل٣.

[٢] عەزیز گەردی، سەروا، ل٣٩٧.

دروست دەکات، چونکە ئەو دەنگەی کە دەبێتە سەروای شیعرەکە و بەدووبارەبوونەوەی کاریگەری جیاواز بۆ وەرگر جێدەهێڵێت، ئەمە و جگە لەو لایەنە مۆسیقییەی، کە سەروا بەشیعرەکەی دەبەخشێت.

زۆرجار لە شیعری سەرکەوتوودا وشەی سەروا و واتایەکەی پەیوەندیی بەبابەتی شیعرەوە هەیە، بەشێوەیەک مرۆڤ هەست بەوە ناکات کە دێرە شیعرەکە لەبەر سەرواکەی هاتووەتەوە[١].

### ١,٢,١,١,٣,١ جۆرەکانی سەروا

**یەکەم: سەروای یەکگرتوو:**

ئەمجۆرە سەروایە بە سەروای ستوونیش ناودەبردرێ، بەو پێیەی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە کۆتایی هەموو دێرە شیعرێکدا دووبارەدەبێتەوە، بەمەش شێوەیەکی ستوونی لە دووبارەبوونەوەی دەنگ لە کۆتایی دێرە شیعردا وەردەگرێت. مۆسیقاییەکی هاوشێوە لە کۆتایی دێرەکاندا دووبارەدەبێتەوە. هەرچەندە ئەمجۆرە سەروایە تایبەت نییە بەئەدەبیاتی کوردی، لەپاڵ کێشی عەرووزی هاتووەتە ناو ئەدەبەکەمانەوە، بەڵام شاعیرانی کورد لێهاتوویی خۆیان تیایدا نیشانداوە. هەروەک "**د.مارف خەزنەدار**" دەڵێت:

((یەکێتی سەروا شێوەیەکە لە عەرەبی وەرگیراوە، لەم لایەنەوە دەبینین گیانی شیعری عەرەبی زیاتر ئاشکراو دیارە، نەک لە کێشدا))[٢]، کە باسی سەرواش دەکرێت، نابێت هەوڵ و داهێنانی عەرەبەکان لەبەرچاو نەگیرێت. سەروا لە شیعری کلاسیکدا کۆڵەگەی شیعرە و جگە لەو ئەرکەی کە کۆتایی بە دێر و نیوەدێرەکانی شیعر دێنێت، هەروەها وشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندیی لەنێوانیاندا دروست دەکات[٣].

---

[١]حەمدیە حەسەن محەمەد، لایەنی هونەری و ناڤەرۆکا هۆزانا سەبری بۆتانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،٢٠١٢، لا١٣٢-١٣٣.

[٢]مەعروف خەزنەدار ، کێش و قافییە لەشیعری کوردیدا، لا٥٨.

[٣]رینییە ویلیک أوستن وارین، نظریە الأدب، ترجمە/ محی الدین صبحي، المؤسسە العربیە للدراسات والنشر، بیروت، ١٩٨٧، ص١٦٧.

سەروای یەکگرتوو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی مۆسیقای شیعری کلاسیکدا گێڕاوە، شاعیرانیش زۆرجار لەپێناوی مۆسیقای شیعرەکەدا وشەی هاوئاوازیان بەکاردەهێنا.

((خەڵکیش حەزیان لەوە دەکرد کە لە سەرواکاندا ڕەگەزی دەنگی لەیەکچوو زۆر بەکاربێنن، لەباتی ئەوەی شاعیر دەنگێک بەکاربێنێ و دووپاتی بکاتەوە))[1].

ئەمجۆرە سەروایە زۆرجار شاعیرانی ناچارکردووە بەدوای وشەی دیکەدا بگەڕێن بیکەن بە هاوسەروای دێڕەکانی پێشووتر، بەمەش فەرهەنگی بەکارهێنانی وشەی لای شاعیران فراوانتر کردووە. هەرچەندە ئەو هاوسەرواییەی کە سەپێنراوە بەسەر شاعیر زۆرجار ئاستەنگێک بووە، بەرانبەر دەروونی نووسەر بەوەی نەیتوانیوە ئەوەی لە دەروونیدایە بەتەواوی هەڵیبرێژێت. سەروا لە شیعری کلاسیکدا لەپاڵ دەرخستنی مەبەستی شاعیر، پشوویەکی مۆسیقی بە گوێگر دەبەخشێت.

((ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە سەروایەکە هەر لەخۆیەوە دانەنراوە، بەڵکو وەکو چەند نیشانەیەک لە نیشانەیەکی خاڵبەندی مۆسیقی دانراوە لە شیعردا))[2].

سەروا ڕێگەیەکە بۆ دەستەبەر کردنی ڕیتم و مۆسیقای شیعر، ئەویش لەڕێگەی ئەو دەنگە دووبارەکراوانەی کە بەپێی سیستەمێکی ڕێک دووبارە دەبنەوە، ئەو دەنگە هاوبەشانە بیر بۆ مانای وشەکان دەبەن. (سەروا تەنیا دیاردەیەکی دووبارەکردنەوەی ڕووت نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە ئاستی دەلالیەوە هەیە)[3].

زۆرجاریش شاعیر سەروا پەلکێشی ناوەوەی شیعر دەکات و جا ئەو سەروایانە هاودەنگی سەروای کۆتایی دێڕ بێت، کە خۆشئاوازترە، یان ئەوەتە سەروایەکی سەربەخۆی لە سەروای کۆتایی هەبێت، هەرچەندە ئەم سەروایە یاسایەکی سەپاو نییە بەسەر شاعیردا، بەڵام هێنانەوەی شیعرەکە ئاوازدارتر دەکات و میلۆدییەکی پڕ لە

---

[1] کەمال غەمبار، قافییە لەپرچی ئەو کچەدا، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە(٦٣)، دار الثقافە، بەغدا، ١٩٨٠، ل٣٦.
[2] صفاء خلوصی، فن التقطیع الشعري و القافیە، ص٢٢١.
[3] عەزیز گەردی، سەروا، ل٤١.

هەیەجان بە دەقە شیعرییەکان دەبەخشێت. کەواتە سەرواو پێکهاتەکانی دیکەی سەروا، کە (**ڕەوی، دەنگەکانی دیکەی سەروا، وشەی سەروا، پێش سەروا** و **پاش سەروا**)ن، هەریەکەیان ڕۆلێکی تایبەت دەگێرن لە ڕێژەی مۆسیقادارکردنی سەروا.

((ڕەوی: دوا دەنگی بنچینەیی وشەی ڕەسەنی سەروایە هۆنراوەی لەسەر بنیات دەندرێ هۆنراوەکە هەر بەناوی ئەوەوە دەکرێ ئەگەر قیتعە و غەزەل و قەسیدە بێت))[1]. واتە لەناو پێکهاتەکانی سەروادا ڕەوی سەرەکیترین پێکهاتەیەتی.

**پێنجین:**

ئەم هونەرە شیعرییە بریتییە لەچەند کۆپلەیەکی پێنج بەندی ((هەموو نیوە دێرەکان لە بەندی یەکەمدا لەسەر یەک سەروا دەبن، هەرچی بەندەکانی دیکەشە چوار نیوەدێری یەکەم لەسەر یەک سەروا دەبن، کە ئەمە سەروای نیوەدێری یەکەمی دێرە شیعرەکەیە، نیوەدێری پێنجەمیش لە هەموو بەندەکاندا لەسەر سەروای بەندی یەکەم دەبێ[2]، بەمشێوەیە: (AAAAA, BBBBA، CCCCA، شێوەی دیکەشی هەیە). دووبارەبوونەوەی سەروای یەکەمی شیعرەکە لە کۆتایی هەموو بەندەکاندا، دەبێتە ئەڵقەیەک بۆ بەستنەوەی هەموو کۆپلەکان بەیەکترییەوە، واتە هەمان ڕیتم و مۆسیقا لە کۆتایی بەندەکاندا دووبارە دەبێتەوە، ئەویش لەڕێی کوتانەوەی هەمان دەنگ کە گوێگر هەر لە سەرەتاوە گوێی بۆ ڕاهێندرا بوو.

ئەگەرچی ئەم هونەرە لە شێوەدا لە پێنج خشتەکی دەچێت بەوەی، کە (پێنجین و پێنج خشتەکی) لە ژمارەی نیوەدێرەکان یەکسانن، بەڵام جیاوازیان لەوەدایە، کە پێنجین هەموو نیوەدێرەکان هی خودی شاعیرەکانە، بەڵام لە پێنج خشتەکیدا سێ نیوەدێری یەکەم هی خودی شاعیرە، دوو نیوەدێری کۆتایی بەندەکان هی شاعیرێکی دیکەیە.

**پێنج خشتەکی:**

---

[1] عەزیز گەردی، سەروا، لا ١١٢.

[2] مارف خەزنەدار ، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسه العراقیه للدعایه و الطباعه)، بەغدا،١٩٨٤، لا١٨٤.



هەولێرنامەی کتێب

لەم هونەرە شیعرییەدا شاعیر سێ نیوەدێری شیعری خۆی دێنێ لەگەڵ دوو نیوەدێری شاعیرێکی دیکە تێکهەڵکێشی دەکات، جا چ شیعری وەرگیراو بە زمانی شاعیر هۆندرابێتەوە، یان بە زمانێکی جیاواز هۆندرابێتەوە گرینگ وەرگرتن و تێکهەڵکێشکردنیانە. ئەم دوو شیعرەش دەبێت لەڕووی کێش و سەروا و هزرەوە، وەک یەک بن، ئینجا سەرکەوتنی بەدوادا دێت. هەندێکجار شاعیر شیعرێکی ئاست بەرز هەڵدەبژێرێت، ئەو نیوەدێرانەی کە خۆشی دایدەرێژێت ئەگەرچی هاوشانی شیعری خوازراو نەبێت، بەڵام نابێت پلەی هونەری لەو کەمتر بێت، چونکە مەبەست لە پێنج خشتەکی هۆنینەوەی هەمان پێکهاتە و بیری شیعرییە، کە شاعیر پێی کاریگەربووە، ویستوویەتی لەڕووی هزری و ناوەڕۆکەوە پەرە بە شیعرەکە بدات و ئامانج و مەبەستی خۆشی تێکەڵ بە شیعری پێشوو بکات، بۆیە هەر نەتوانینێکی هزری و ئەدەبی شیعرەکە بەرەو هەڵدێر دەبات، لە ئەنجامدا خوێنەر تووشی بێ هیوایی دەبێت.

**چوارین:**

بەو پارچە شیعرە دەوترێت، کە لە چوار نیوەدێری هاوکێش پێکهاتوون، ئەم نیوە دێرانەش لەڕووی سەرواوە سیستەمی سەروای جیاوازی هەیە، وەک:

(ABCB،AABA،ABAB،AAAA) شێوەی دیکەشی هەیە)، بەڵام لە هەموویان باوتر ئەمەیانە (AABA)[1].

واتە هەرسێ نیوە دێری یەکەم و دووەم و چوارەم یەک سەروایان هەیە، هەرچی نیوەی سێیەمە سەروایەکی سەربەخۆی هەیە. زۆرجار کە باس لەم هونەرە کراوە، تێکەڵییەک کراوە لەگەڵ هونەری چوار خشتەکی، لەراستیدا ئەم دوو هونەرە سەربەخۆیی خۆیان هەیە.

---

[1] عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، ل٢٦٣.

چوارین یەکەیەکی سەربەخۆی هەیە، کەچی چوار خشتەکی سەربەخۆ نییە، شیعرێکی دوورو درێژە دابەشکراوەتە سەر چەند بەندێک، ئەگەر هەر بەندێکیش مانای تاڕاددەیەک سەربەخۆشیان هەبێت، لە چوارچێوەی گشتی عەرووزی و واتایی دان و پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەیە[1].

کەواتە چوارین هونەرێکی هۆنینەوەی شیعری سەربەخۆیە ڕیتم و مۆسیقاییێکی تایبەت بەخۆی هەیە.

**دووەم: سەروای هەمەڕەنگ:**

ئەمجۆرە سەروایە بریتییە لە دووبارکردنەوەی دەنگێک، یان زیاتر لە کۆتایی دێرێکدا، بەڵام مەرج نییە ئەم دەنگە لە دێرەکانی دواتردا دووبارەبێتەوە، بەڵکو دەنگی دیکەی زمانەکە، مۆسیقای شیعرەکە تەواو دەکەن، بەمەش مۆسیقاییێکی هەمەڕەنگ بۆ سەراپای شیعرەکە دروست دەبێت و هەر دێرە شیعرێک بە هەناسەیەکی جیاواز لە دێرەکانی دیکە دەخوێندرێتەوە. دەربارەی بوونی سەروا لە ئەدەبیاتی کوردیدا و بەکارهێنانی بەر لە سەروای ستوونی بۆچوونی جیاواز هەیە. "**د.مارف خەزنەدار**" پێیوایە:

((ئەگەر لە زمانە کۆنەکانی هیندو –ئەورووپایی و هیندو-ئیرانیدا سەروا نەبووبێ، ئێستا کە ئەوەی ئەم زمانانە سەرواییێکی تایبەتیان هەیە، کە لە سەروا خۆماڵییەکەی کوردی دەکا، لەوانەیە لە کوردیشدا نەبووبێ! وەکو شیعری ئەو زمانانە گوڕابێ و پێشکەوتبێ))[2]، چونکە هەروەک خۆی ئاماژەی پێدەکات ((ئەو شیعرە کوردیانەی لەژێر دەستمان دایە هەمووی سەروای هەیە، هیچ شیعری کۆنی کوردی ئەوتۆشمان لەژێر دەستدا نییە کە سەروای نەبێ)).

بەڵام نووسەر تەنیا پشتی بە بەرهەمی نووسراوەوە بەستووە، چونکە ئەگەر سەیری شیعرە فۆلکلۆری و هەندێکجار پەند و ئیدیۆمەکانیش بکەین زۆربەیان

[1] عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، لا٢٦٧.
[2] مارف خەزنەدار ، کێش و قافییە لەشیعری کوردیدا، لا٥٧.

سەرواداربووینە، ئەگەرچی سەروای هەمەڕەنگیشیان هەبووە، چونکە سەرواداری هۆیەکە بۆئەوەی زوو بێنە سەر زاران و لە فەوتان رزگاریان بێت.

سەروای هەمەڕەنگ، وەک بەرپەرچدانەوەیەک بوو بەرانبەر سەروای ستوونی، کە زۆرجار شاعیری ناچارکردبوو، وشەی وا هەڵبژێرێ، کە تەنیا پێویستی سەروای پێ پڕکردووەتەوە، دووربووە لە ئامانج و مەبەستی شاعیر. ئەگەر ئەمە هۆیەک بێت لە هۆیەکانی هاتنەکایەوەی سەروای هەمەڕەنگ، بەڵام نابێ ئەوە تاکە ئامانج بێت، چونکە ئەو بەرهەمە کلاسیکییانەی لەبەر دەستماندان، خۆیان بەڵگەی هەبوونی چەند شیعری پڕ چێژ و مۆسیقان و ئەگەرچی هەندێکجار بەربەستی دروستکردبێ لە بەرانبەر شاعیراندا، بەڵام لە هەمانکاتدا هۆی داهێنان و دۆزینەوەی وشەی ئاوازداری دیکە بووە، لەپاڵ ئەمانەش هۆیەک بووە، بۆ گیان بەبەرداکردنی هەندێک وشەی بەکارنەهاتوو. "**د.دڵشاد عەلی**" لەمبارەیەوە، دەڵێت:

((سەروای هەمەڕەنگ کە بنەمایەکی دیکەی ئاوازەیی بووەو شاعیری هونەرمەند توانیویەتی داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بنیاتی ئاوازەیی جۆراوجۆری لێ پێکبهێنێ))[١].

سەروای هەمەڕەنگ مەودایی داهێنانی شیعری لەبەردەم شاعیراندا فراوانتر دەکات و بواری ئەوەیان دەدات تەنیا لە گۆشەیەکی سنوردار و دیاریکراوی سەرواییدا نەمێننەوە.

---

[١] دڵشاد عەلی، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٢١-٢٢٢.

### ٢,١,٣,١ مۆسیقای ناوەوە "ڕیتم"

مۆسیقای ناوەوەی شیعر لایەنێکی گرینگی پێکهاتەی شیعرییە، گرینگ نییە، جا شیعرەکە شیعرێک بێت بەپێی سیستەمی کێش و سەرواوە هۆندرابێتەوە، یان شیعرێک بێت پەیڕەوی کێش و سەروای نەکردبێت.

بەڵام لەم (دەقانە ڕیتم و مۆسیقای دەقەکە خاوترە لەچاو ئەو دەقانەی، کە پەیڕەوی کێش و سەروای کردووە)[١].

ئەمجۆرە مۆسیقایە لە ڕەخنەی نوێدا گرینگی پێدراوە، بەهۆی ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر کێشدا هات، بۆیە دەبوایە لەلایەنێکی دیکەی دەقەکە بکۆڵنەوە، کە بەهای دەقەکەی پێ دیارییکەن، بۆیە لەپاڵ مۆسیقای دەرەوە، باس لە مۆسیقای ناوەوە کراوە و گرینگی پێدراوە.

سەرەڕای ئەوەی (مۆسیقای ناوەوە) زاراوەیەکی نوێیە، بەڵام لە ڕەخنەی عەرەبییدا بەتایبەت لە لێکۆڵینەوە جیاوازەکانی بواری ڕەوانبێژیدا لە دەوری ڕیتمی ناوەوە دەخولێنەوە، بۆیە ڕەخنەگرە هاوچەرخەکانیش ئەگەر ئاوڕیان لە بابەتی "**مۆسیقای ناوەوە**" دابێتەوە، لەڕوانگەی ئەو زاراوانەوە لە مۆسیقای ناوەوە دواون[٢].

مۆسیقای ناوەوەش لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی دەنگە "**بزوێن، نەبزوێن**"، یاخود لە چۆنییەتی هەڵبژاردنی وشەی ئاوازدار، یاریکردن بەشوێنی وشە، گونجان و ڕێکخستنیان دروست دەبێت. ئەوەی کە دەنگ و وشەکانی هەموو زمانێک بۆیان هەیە لە شیعردا بەکاربێن، بەڵام بۆئەوەی شیعرێکی مۆسیقادار لەدایک بێت. دەبێت شاعیر بزانێت چۆن وشە هەڵبژێرێت و چۆن لەپاڵ یەک ڕیزیان بکات.

مۆسیقای ناوەوە لەپاڵ مۆسیقای دەرەوە مۆسیقای گشتی دەق دروست دەکەن، بەڵام ئەو کاریگەرییەی کە مۆسیقای ناوەوە لەسەر خوێنەری جێدێڵێ زیاترە، لەچاو

---

[١] عثمان عبدالله فرج، ڕەهەندی مۆسیقی لە شیعرە کوردییەکانی (صافی)دا ، ٢٠٠٥، لا٧٦.
[٢] دڵشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردی دا، لا٨٧-٨٨.



هەولێرنامەی کتێب

مۆسیقای دەرەوە، چونکە مۆسیقای دەرەوە کە کێش و سەروایە شتێکی گشتییە بەسەر شاعیر چەسپاوە، بەڵام مۆسیقای ناوەوە سەرچاوەکەی دەروونی تایبەتە، لەبەرئەوە سەرەڕای هاوشێوەبوونی کێش، شاعیر ڕیتمی تایبەت بەخۆی دروست دەکات، یان بەواتایەکی دیکە هیچ شاعیرێک کێشی تایبەت بەخۆی نییە، بەڵکو مۆسیقای تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەک "**د. رجاء عید**"، دەڵێت:

مۆسیقای ناوەوە دروست دەبێت لە نەغمەی پیتەکان کە یەکیان گرتووە و پێشکەوتنی هەندێ وشە بەپێش هەندێکی دیکەیانەوە، بەکارهێنانی ئامرازەکانی زمانی دووەم بەشێوەیەکی هونەری تایبەت و چەندانی دیکە، کە وادەکات ببێتە زەنگێکی دەروونی تایبەت و بەرزبێتەوە بەسەر کێش و سەروا و بەسەریدا زاڵبێت[١].

مۆسیقای ناوەوە پەیوەندیی بە دەروونی تاکەوە هەیە، شاعیر لەوێوە هەستە پەنگخواردووەکانی هەڵدەڕێژێ لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و پێکهاتەکان کە ڕیتمی شیعرەکە دروست دەکەن. ڕیتمیش بەشێکی جیانەکراوەیە لە شیعر، وەک چۆن ڕیتم بنەمای دروستبوونی مۆسیقایە. شیعر دەکرێ کێشی نەبێت، بەڵام شیعر بێ ڕیتم نابێت. ڕیتم لە پەخشانیشدا بوونی هەیە، بەڵام شێوەیەکی ڕێکوپێکی نییە، وەک ئەو ڕێکوپێکیەی کە لە شیعردا هەستی پێدەکرێت. ئەگەرچی هەندێک لە لێکۆڵەران، دەڵێن:

ناتواندرێت بە ئاسانی ڕیتمی شیعر و ڕیتمی پەخشان لەیەکتر جیابکەینەوە، لەبەرئەوەی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە، ڕیتمی پەخشان، وەک ڕیتمی شیعر بە هەمان ماددە و پلان و بەهەمان هۆکاری سایکۆلۆجی دروست دەبن، هەروەها ناتواندرێت بووترێت شیعر ڕیتمدارترە لە پەخشان[٢]. ڕیتم بریتییە لە دووبارەبوونەوەی جووڵەیەک لە جووڵەکانی سروشت لە ماوەیەکی زەمەنی یەکسان یان ڕێکدا[٣].

لەبواری ئەدەبیشدا ڕیتم پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوەکە هەندێکیان بە بەشێک و هەندێکی دیکەیان بەهەموو بوارەکانی ژیان دەیبەستێتەوە.

---

[١] رجاء عيد، الشعر و النغم، مطبعه/دار الثقافه، القاهره، ١٩٧٥، ص٢١.

[٢] أحمد حساني، الأيقاع و علاقته بالدلاله في الشعر الجاهلي، رساله دكتوراه كليه الاداب و اللغات، جامعه الجزائر، ٢٠٠٥-٢٠٠٦، ص٥٥.

[٣] صالح مهدى، الموسيقى العربيه تاريخها و أدبها، مطبعه/الدار التونسيه للنشر ، ١٩٨٦، ص٧.

لە ئەدەبدا ڕیتم ((بریتییە لە وەستانێکی مۆسیقی، کە پێویستە هەبێت بۆئەوەی خوێنەر تیایدا هەست بەئارامی بکات، چێژ لەو خوێندنەوە وەربگرێت، ئەوەی کە شاعیر بەشێوەی یەک بەدوای یەک و زنجیرەدار خستوویەتیە ڕوو))[١]. هەر ئەو ڕیتمەش هەمەجۆری و ڕەنگێکی تایبەت بە دەقەکە دەبەخشێت.

لە ڕەخنەی کۆندا ڕیتم بە کێشەوە پەیوەست کرابوو پێیان وابوو، کە ((کێش وێنەیەکی تایبەتی ڕیتمە))[٢]، بەڵام لە ڕەخنەی نوێدا چەمکی ڕیتم فراوانترکرا، تەنیا لە چوارچێوەی کێشەوە سەیر نەدەکرا. بۆنموونە:

((فۆرمالیستەکان لەو ئاستەوە لە شیعر دەڕوانن کە کێش ئەدگاری هەموو شیعری جیهانی نییە، بەڵکو ڕیتم، وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی، لەڕێگەی کارلێکردنی ئاستە جۆراوجۆرەکانی زمانی شیعرەوە بنیاتی شیعر پێکدەهێنێت))[٣].

ئەوەی دەگاتە خوێنەر پێش هەستکردن بە کێش ڕیتمی شیعرەکەیە، واتە ڕیتم نوێنەر و ڕابەرایەتی کێش دەکات لە شیعردا. دەتوانین بڵێین: کێش بەشێکە لە ڕیتم نەک هەمووی کە نوێنەرایەتی کۆمەڵێک تەفعیلە دەکات، کە دێری شیعری لێپێکدێت.

دێریش ((لە چەند بەشێکی دیاریکراوی تەوژمی مۆسیقی پێکهاتووە و بە سەروا کۆتایی دێت))[٤]

لەبەرئەوە نووسەر و ڕەخنەگرەکان کێش بەلایەنێکی سەرەکی پێکهاتەی شیعری دادەنێن. هەر دەقێکیش ڕیتمێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە ناوەوەی دەقەوە هەڵدەقوڵێت، نەک پێوەرێکی دەرەکی هەبێت بۆ دروستکردن و پێوانی.

لە شیعردا لایەنێک هەیە، ((هەستی پێدەکەین، بەڵام نایبینین، درکی پێدەکەین، بەڵام ناتوانین بیگرین، بەڵام هەندێکجار لە هاوسەنگی ئاوازەکە و لەڕێگەی دەنگی پیتەکان و

[١] صفاء خلوصی، فن التقطيع الشعري و القافيه، ص٢٢٠.

[٢] محەمەد بەکر ، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، لا٥٩.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، لا(٥٦).

[٤] حسن حسني ، موسيقا الشعر و العروض، الطبعه الاولى، دار الهجره، بيروت، ١٩٩٤، ص١١٩.



هەواڵنامەی کتێب

هەندێکجاریش لەڕێگەی دووبارەبوونەوە و هەروەها لەڕێگەی بەکارهێنانی پیتی بێدەنگ، یان دەنگدار کە یەکسان دەبێتەوە لەگەڵ چوارچێوە مۆسیقییە گشتییەکەی چامەکەدا))[١].

دیاردەی ڕیتم سیمایەکی هاوبەشە لەناو هونەرەکاندا، جا چ بیستەکی یان بینراوی بێت، ئەمەش تەنیا لە مۆسیقا کورت ناکرێتەوە.

دواتر ڕیتم دەبێتە تایبەتمەندییەکی گەوهەری کە پەیوەست دەبێت بەژیان و سەرجەم دیاردەکانییەوە[٢]. ناکرێت ڕیتم پەیوەست بکرێت بەتەنیا بابەتێکەوە، بەڵکو ژیان بە ڕیتم بەڕێوە دەچێت.

### ١,٢,١,٣,١ دووبارەبوونەوەی دەنگ و وشە و پێکهاتەکان:

یەکێک لە هۆیەکانی دروستبوونی ڕیتم، دووبارەکردنەوەیە، ((هەرچی ڕیتمی دەنگدار و بێدەنگە لە دووبارەکردنەوە دروست دەبێت))[٣].

هەروەها لە ئاستی گشتی دەقیشدا دەبێتە، هۆی پتەوکردنی مۆسیقای شیعری دەقەکە. دووبارەکردنەوەش تایبەت نییە بە تەنیا ئاستێک لە ئاستەکانی زماندا، بەڵکو هەموو پێکهاتەکانی زمان بۆیان هەیە لەناو دێرە شیعردا دووبارەببنەوە، دووبارەکردنەوەش واتە هاتنی زیاتر لە جارێکی "**دەنگ، وشە، دەستەواژە** یان **ڕستەیەک**" لە تاکە ژینگەیەکدا. دووبارەکردنەوە زیادکردنی واتا نییە، بەڵکو هاتنەوەی هەمان پێکهاتەیە، بۆ هەمان مەبەست.

(دووبارەکردنەوە لە هەندێ شوێن چاکە و لە هەندێکی دیکە ناشرینە، بەزۆری دووبارەکردنەوە لە گوتە دەبێ نەک لە واتادا، لە گوتە زۆرترە، وەک لە واتادا، ئەگەر دووبارەکردنەوە لە هەردووکیان بوو بێ کەڵک و شەرمەزارییە)[٤].

---

[١] رجاء عيد ، الشعر و النغم، ص١٩.

[٢] بو عيسي مسعود، التشكيل الموسيقى في شعر سليمان العيسى ديوان الجزائر نموونجا، (رساله الماجستر) كليه الاداب و اللغات/ جامعه الحاج لخضر-باتنه- (٢٠١١-٢٠١٢)، ص٤٠.

[٣] هیوا نورالدین عزیز، بنیادی ڕیتم لە شیعرە کوردییەکانی عبدالله بەگی میصباح الدیوان (ئەدەب)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٩، ل١٩.

[٤] محمد التونجي، المعجم المفصل فى الادب، المجلد الاول، دار اللكتب العلميه، بيروت،١٩٩٩،گ/٢، ص٢٧٧.

بە گشتی دووبارە کردنەوە پێداگرتن و جەختکردنەوەی شاعیر لە پێکهاتە دووبارەبووەکە نیشان دەدات. دووبارەکردنەوەش جگە لە ئەرکێکی ئیستاتیکی پەیوەندیی بەواتاشەوە هەیە، چونکە ئەمە کارێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو زۆرجار مەبەستی شاعیر دەردەخات، لەپاڵ ئەو مۆسیقایەی، کە بەهۆی دەنگ و وشە و پێکهاتەکانی زمانەوە دروست دەبێت. جا چ بەمەبەستەوە دووبارەکردنەوەی ئەنجامدابێت، یاخود نا، هەندێکجاریش دووبارەکردنەوە تەنیا بە مەبەستی بەخشینی ڕیتم و مۆسیقا دەهێندرێتەوە، لەمبارەدا مەبەستە مۆسیقییەکە بەسەر واتاکەدا زاڵدەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دیاردەی دووبارەکردنەوە

((تەنیا ڕەگەزێکی ئیستاتیکی نییە، بەڵکو شێوازێکە، وەکو باقی شێوازەکانی دیکە کە پێویست دەکات لەناو شیعردا لە شوێن و جێگای خۆیدا بەکاربێت، دەستە جادوویەکانی شاعیریش وای لێدەکات لەناو شیعردا بەدوای ژیاندا بگەڕێت)[1]. خوێنەریش بەردەوامی بە ژیانەکەی دەدات و هەرجارەو بەشێوەیەک خەڵقی دەکاتەوە.

دووبارەکردنەوە بە چەند شێوەیەک دەهێندرێنەوە. یان ئەوەتە بەشێوەیەکی ڕێک دەبێت، یان ئەوەتە شاعیر لەکوێی شیعرەکە پێویستی کرد بەکاریدەهێنێت. لەم حاڵەتەدا زیاتر مۆسیقای شیعرەکە داوای کرداری دووبارەکردنەوەکە دەکات.

لە دووبارەکردنەوەدا ((قورسایی بەکارهێنانەکە دەوەستێتە سەر چۆنییەتی ئاخنینی لەناو دەقدا نەک چەندێتی، لەو ڕووەوەش دەست ڕەنگینی و لێزانی نووسەر دەردەکەوێ کە تاچەند ڕەونەقی بە دەقەکە بەخشیوە و لەگەڵ واتاکەیدا یەکانگیر بووە و پڕ کاریگەرترین دیاردەی بۆ خوێنەر گواستووەتەوە))[2].

ئەگەر دووبارەکردنەوەکە مەبەستی هونەری لەدواوە بوو، ئەوا بەهێزترین کاریگەری دەبەخشێت، دەبێتە بنەمایەک بۆ دروستبوونی ڕیتم، یان بەواتایەکی دیکە ڕیتم بە دووبارەکردنەوە لەدایک دەبێت.

---

[1] بو عیسي مسعود، التشکیل الموسیقی في شعر سلیمان العیسی دیوان الجزائر نموژجا، ص١١١.

[2] هێمن عومەر ئەحمەد، چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٨، ل٤٢.

هەر پێکهاتەیەکی زمانی کە لە دەقدا دووبارە دەکرێتەوە، گرینگیەکی خۆی لە دەقەکەدا نیشان دەدات، چەند دووبارەکردنەوەکەش زیاتر و زۆرتر بێت، مەبەستیش تیایدا فراوانتر دەبێت، ئەگەر هەریەک لە پێکهاتەکان دووبارەبوونەوە، وا دەکات خوێنەر واتا و دەنگەکەی دیکەشی بێتەوە زەین و لە زەینی خۆیدا جۆرە بەراوردکردنێکیش بۆ واتا دووبارەکراوەکان بکات، جگە لەو خرۆشانە دەروونییەی لە دووبارەکردنەوەکە وەریدەگرێ. هەروەها دووبارەکردنەوە هۆیەکە بۆ سستی، یان خێرایی ڕیتمی شیعر بەجۆرێک چەند ڕێژەی دووبارەکردنەوە زۆرتربێت ڕیتمی شیعر خێراتر دەبێت و بەپێچەوانەوەش، چونکە ئەو ڕیتمەی لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی پێکهاتەکان دروستبووە، یارمەتیدەرێکە بۆ دروستکردنی ئەو مۆسیقایە لای خوێنەر.

لەڕاستیدا دووبارەکردنەوە لە شیعردا بەشێوەیەکی زۆر بەهێز بەلایەنە مۆسیقییەکەی بەستراوەتەوە، بەتایبەتی هەبوونی هونەری دووبارەکردنەوە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشە نامۆسیقییەکانی شیعرکە دەگۆڕێت، یان بەشە نامۆسیقییەکان بەهۆی هەبوونی دووبارەبوونەوەوە مۆسیقادار دەبن[(١)].

دووبارەکردنەوە هەڵگری سۆزی شاعیرە هەر ئەو سۆزەشە یارمەتیدەری شاعیربووە، بۆ دروستکردنی مۆسیقا بەدەنگ و وشەکانی زمان، کە خوێنەریش دەقەکە دەخوێنێتەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەمان سۆز کە شاعیر زمانەکەی پێ بارگاوی کردووە. دووبارەکردنەوە بە تایبەت لە دەستپێکی شیعردا وەک ڕێگە خۆشکەرێک وایە بۆ شاعیر بۆ چوونە ناو مەبەستی هۆنراوەکەی، هەروەها زۆرجار شاعیر بۆ مەبەستی هاوسەنگی ڕاگرتنی کێشی شیعرەکەی دووبارەکردنەوە ئەنجامدەدات. دووبارەکردنەوە چەند ئەرکێکی هەیە، لەوانە:

- جەختکردنەوەی واتا و قوڵکردنەوەی لە زەیندا.
- بەشداریکردن لە بنیاتنانی ڕیتمی ناوەوە، کە مۆسیقاییێکی تایبەت بەدی دەهێنێت.

---

(1)Manjavidze, Tamar. (2013). Stylistic Repetition, Its peculiarities and Types in Modern English. Georgia: Grigol Robakidze University.P4.

- زیادکردنی هەمەڕەنگی لە ئیستاتیکای دەنگ و وشەدا لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی چەند وشەیەکی جیاواز لە واتادا کە ڕەنگکردنێکی ئیستاتیکی بە گوتەکە دەبەخشێت[١].

دووبارەکردنەوە بەهەر مەبەستێک بهێندرێتەوە، بەهاو لێکدانەوەی بەپێی خوێنەران جیاوازە، ئەمەش بەپێی ئاسۆی تێڕوانینیان بۆ دەقی شیعری و چەندێتی وردی و قوڵیان و چێژی ئیستاتیکیان، جا هەندێکیان تەنیا چێژ لە مۆسیقایەکەی وەردەگرن، هەندێکی دیکەیان لەپاڵ ئەو مۆسیقایەی، کە شیعرەکە دەیژەنێت ئاسۆی بیرکردنەوەیان قوڵتر دەڕوات بۆ ئەودیوی واتایەک کە ڕەنگە شاعیر خودی خۆی درکی بەو واتایە نەکردبێت.

**١،١،٢،١،٣،١ دووبارەکردنەوەی دەنگ:**

بریتییە لە دووبارەبوونەوەی چەندین جارەی دەنگێک (بزوێن، نەبزوێن) لە نیوەدێر، یان دێرێکی شیعریدا، کە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان دێرەکانی شیعر، مۆسیقای شیعرەکە دروست دەکەن. چەند دیاردەی دووبارەکردنەوەکەش زیاتربێت مۆسیقای شیعرەکە پتەوتر دەبێت، شاعیریش وەک ئەندازیارێکی دەنگی وایە، لە ڕێکخستنی دەنگەکان لەناو شیعرەکەیدا، هەندێک لە دەنگەکانی زمان بەشێوەیەکی هونەریانە دووبارە دەکاتەوە

(ئەم دووبارەکردنەوەیەش ڕۆڵێکی گرینگی لەناو دەقی شیعردا هەیە، دەتواندرێ ڕۆڵی واتایی و مۆسیقایی بگێڕن)[٢].

دەنگەکانیش کاریگەری مۆسیقایی جیاوازی خۆیان هەیە، چونکە هەر دەنگێک کۆمەڵێک خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە، لە کورتی و درێژی، ناسکی و گڕی، توندی و

---

[١]داحو أسيه، الأيقاع المعنوي في الصوره الشعريه "محمود درويش نموژجا"، رساله الماجستير، كليه الاداب و اللغات، جامعه حسبيه بن بو علي، الشلف، ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ص٩٣.

[٢] عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا، شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،٢٠٠٧، لا٨١.

کپی و گۆکردنیاندا. ئەو دەنگانەش کاریگەری ئیستاتیکی خۆیان زیاتر دەکەن، ئەگەر بەشێوەیەکی هونەریانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت لەچۆنییەتی بەیەکەوە هێنانیان لەگەڵ دەستە دەنگێکی دیکەو ڕێژەی دووبارەکردنەوەیان. ئەگەرچی هەندێک لەدەنگەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دووبارە دەبێتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بەلایەنی نەستی مرۆڤەوە هەیە. ئەمانە لە کۆتاییدا مۆسیقای جیاوازی دێری شیعرەکە دروست دەکەن.

لەناو لێکۆڵینەوە کێشناسی و ڕەخنەیی و شێوازگەرییەکاندا هەریەکەیان بەشێوەیەک لەم دیاردەی دووبارەکردنەوانە کاریان کردووە. ئێمە لێرەدا بۆ دووبارەکردنەوەی دوو دەنگیدا سوود لە لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگری فەڕەنسی "**جان بیار شوسری لابری**" وەردەگرین.

"**شوسری لابری**" لێکۆڵینەوەکەی لەسەر هەردوو تەوەری ئاسۆیی و ستوونی ئەنجامداوە، چوار جۆر هاوبەندی دەستنیشان کردووە، کە دەتوانین لەدوو خاڵدا نیشانی بدەین:

یەکەم: دوو دەنگ لە برگەیەکدا بێن (أ+ب/أ+ب، یان ب+أ).

دووەم: دوو دەنگ بەشێوەییێکی جودا لە دوو برگەدا و لەدوای یەکتردا بێن (أ_ب/أ_ب، یان ب_أ).

سێیەم: دوو دەنگی یەکگرتووبەشێوەیەکی دابڕاو (أ+ب/أ_ب، یان ب_أ).

چوارەم: دوو دەنگی لێک جودا بەشێوەی یەکگرتوو(أ_ب/أ+ب، یان ب+أ)[١].

بەشێوەیەکی گشتی ئێمە دەتوانین دیاردەی دووبارەکردنەوەی دەنگی بەمشێوەیە دابەش بکەین:

[١] جوزیف میشال شریم ، دلیل الدراسات الآسلوبیە، المؤسسە الجامعە للدراسا و النشر و التوزیع، الطبعە الثانیە ،بیروت، ١٩٨٧، ص٩١-٩٢.

**یەکەم: دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگێک:**

ئەم دیاردەیە لە دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگێکدا دروست دەبێت، جا چ دووبارەکردنەوەی بزوێنێک، یان نەبزوێنێک بێت، جا ئەم تاکە دەنگە بەشێوەیەکی ڕێک دووبارەبێتەوە، یان بەشێوەیەکی ناڕێک، ڕۆڵێکی دیاری لە دروستکردنی ڕیتم و مۆسیقای دێردا هەیە، تەنانەت هەندێکجار دووبارەکردنەوەی ئەم دەنگە لە تەواوی شیعرەکەدا دەبێتە زایەڵە و وەتەری ژەنینی سەراپای شیعرەکە. بەگشتی دەتوانین دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگێک، لەچەند شێوەیەکدا دیاری بکەین:

**١_ دووبارەکردنەوەی یەکەمین بزوێنی کورت:**

ئەو بزوێنەی لە سەرەتای وشەی یەکەم هاتووە و لە وشەکانی دیکەی دێرە شیعرەکە دووبارە دەبێتەوە.

**٢_ دووبارەکردنەوەی یەکەمین بزوێنی درێژ:**

بزوێنی درێژی سەرەتای وشەی یەکەم لە وشەکانی هەمان دێردا دووبارە دەبێتەوە.

**٣_ دووبارەکردنەوەی یەکەمین نەبزوێن:**

نەبزوێنی سەرەتای وشەی یەکەم لە ناوەوەی دێرە شیعرەکەدا دووبارە دەبێتەوە.

**٤_ دووبارەکردنەوەی دوایین نەبزوێن:**

دووبارەکردنەوەی نەبزوێنێکە، کە لە کۆتایی وشەی سەرەتای دێرە شیعرەکەدا هاتووەتەوە.

**٥_ دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی سەرەتای وشەی کۆتایی کۆتا دێر:**

هەواڵنامەی کتێب

نەبزوێنی سەرەتای وشەی کۆتایی دێرە شیعرەکە، لە وشەکانی بەر لەخۆی لە دێرە شیعرەکەدا، دووبارە دەبێتەوە.

**٦ـ دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی وشەی کۆتایی، کۆتایی دێر:**

نەبزوێنی کۆتایی وشەی کۆتایی دێرە شیعرەکە، لە ناوەوەی دێرەکەدا دووبارە دەبێتەوە.

**٧ـ دووبارەکردنەوەی بزوێنی درێژی کۆتایی دێر:**

دووبارەکردنەوەی بزوێنی درێژی وشەی کۆتایی دێرە شیعرەکەیە، لەناوەی شیعرەکەدا، دووبارەدەبێتەوە.

**٨ـ دووبارەکردنەوەی دەنگێک لەسەرەتای دوو وشە یان زیاتری پاڵ یەکتری:**

دووبارەکردنەوەی دەنگێکە لە سەرەتای دوو وشە، یان زیاتری بەدوای یەکداهاتووی وشەکانی ناو دێرە شیعرێک.

**دووەم: دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ:**

ئەم دیاردەیەش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ، جا ئەم دووبارەکردنەوەیە وەک یەک، یان پێچەوانە بێت. دووبارەبوونەوەی ئەم دوو دەنگە بەشێوەی ستوونی و ئاسۆیی لەدێرە شیعردا، مۆسیقای شیعرەکە بەهێز دەکەن. ئەمجۆرە دووبارەکردنەوانەش دەتوانین لە شێوەی چەند هاوبەندیەکدا نیشان بدەین:

**یەکەم: هاوبەندی یەکگرتوو:**

لە دووبارەبوونەوەی دوو دەنگ لەسنووری بڕگەیەک، یان دوو بڕگەدا دروست دەبێت.

١ـ ئەگەر دوو دەنگە وەک یەکەکە لە دوو بڕگەی وەک یەکدا بێن، لە دوو وشەی بەدواییەکدا هاتوو.

أ_ وەک یەک: (أ+ب)/(أ+ب)

ب_ پێچەوانە: (أ+ب)/(ب+أ)

٢_ ئەگەر دوو دەنگە وەک یەکەکە لە دوو بڕگەی وەک یەکدا بێن، بەڵام لە دوو وشەی لێکدابڕاو.

أ_ وەک یەک: (أ+ب)//(أ+ب)

ب_ پێچەوانە: (أ+ب)//(ب+أ)

**دووەم: هاوبەندی لێکجودا:**

ئەم دوو دەنگەی دووبارە کراوەتەوە، لە سنووری دووبڕگەدایە:

١_ ئەگەر دوو دەنگەکە لە دوو بڕگەی لەیەک جیادا بێن، لە دوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو.

أ_ وەک یەک: (أ_ب)/(أ_ب)

ب_ پێچەوانە: (أ_ب)/(ب_أ)

٢_ ئەگەر دوو دەنگ لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا بێن، لەدوو وشەی لێکدابڕاو.

أ_ وەک یەک: (أ_ب)//(أ_ب)

ب_ پێچەوانە: (أ_ب)//(ب_أ)

**سێیەم: هاوبەندی جوداکراو:**

لە دووبارەبوونەوەی دوو دەنگ لەئاستی یەک بڕگەدا دووبارە دەبێتەوە:



هەوالنامەی کتێب

١ـ ئەگەر دوو دەنگەکە لە وشەی یەکەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن و لەوشەی دووەمدا لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا هاتن، لەدوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو.

أ ـ وەک یەک: (أ+ب)/(أ_ب)

ب ـ پێچەوانە: (أ_ب)/(ب_أ)

٢ـ ئەگەر دوو دەنگەکە لەوشەی یەکەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن و لەوشەی دووەمدا لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا هاتن، لە دوو وشەی لێکدابڕاو.

أ ـ وەک یەک: (أ+ب)//(أ_ب)

ب ـ پێچەوانە: (أ+ب)//(ب_أ)

**چوارەم: هاوبەندی کۆکراوە:**

لەم هاوبەندییەدا فۆنیمە دووبارەکراوەکان دەکەونە سنوری دوو بڕگەوە:

١ـ ئەگەر دوو دەنگەکە لە وشەی یەکەمدا لە دوو بڕگەی لەیەک جیادا هاتن و لە وشەی دووەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن، لە دوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو.

أ ـ وەک یەک: (أ_ب)/(أ+ب)

ب ـ پێچەوانە: (أ_ب)/(ب+أ)

٢ـ ئەگەر دوو دەنگەکە لەوشەی یەکەمدا لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا و لەوشەی دووەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن، لەدوو وشەی لەیەک دابڕاو.

أ ـ وەک یەک: (أ_ب)//(أ+ب)

ب ـ پێچەوانە: (أ_ب)//(ب+أ)

لەپاڵ ئەمانە "**شوسێر**" چەند ئەندازەیەک نیشان دەکات، کە لەدووبارەبوونەوەی دوو دەنگدا دروست دەبن، ئەوانیش بریتیین لە:

١_ئەندازەی ڕیتمی: دووبارەبوونەوەی دەنگە لەبڕگەی هێزدار.

٢_ ئەندازەی کۆتایی: دووبارەبوونەوەی دوو دەنگە لەکۆتایی هەموو دێڕ، یان نیوە دێرێکدا.

٣_ ئەندازەی دەستپێکردن: دووبارەبوونەوەی دوو دەنگ لە سەرەتای دێڕ، یان نیوەدێرێکدا.

٤_ ئەندازەی دەورووبەر: دووبارەبوونەوەی دوو دەنگ لەسەرەتای دێڕ، یان نیوەدێرێکدا و لە کۆتایی هەمان دێڕ، یان نیوە دێرێکدا.

٥_ ئەندازەی پەیوەست: دووبارەبوونەوەی دوو دەنگ لەکۆتایی نیوەدێڕ، یان دێردا و دووبارەبوونەوەی هەمان دوو دەنگ لەسەرەتای نیوەدێڕ، یان دێرەکەی پاش ئەو.

٦_ ئەندازەی پێکهاتن: بڵاوبوونەوەی ڕێکی لەسەر بەشێکی عەرووزی بە گشتی[1].

**سێیەم: بەریەککەوتنی دەنگەکان**

ئەم دیاردەیەش بریتییە لە بەریەککەوتنی دوو دەنگی وەک یەک، یان نزیک لەیەک، لە تاکە وشەیەکدا، یان لە دوو وشەی هاوسێدا، هەر کاتێکیش ئەم دوو دەنگە بەریەک دەکەون ڕیتم و ئاوازێکی تایبەتی لە دەقەکەدا دروست دەکەن. ئەو دوو دەنگەی کە دەکەونە پاڵ یەکترییەوە بەشێوەیەک تێک دەئاڵێن، کە وەک یەک دەنگ دەردەکەون، بەڵام ئەو هێز و قورساییەی بەهۆی خڕبوونەوەی دەنگەکان دروست دەبێت، ماوەی دەربڕینەکەی درێژتر دەکاتەوە، بەڵام ماندووبوون و بێزاری لای خوێنەر دروست ناکات، بەڵکو لەپاڵ ئەوە ڕیتم و مۆسیقاییێک بە دەقەکە دەبەخشێت. ڕێگەیەکە بۆ چوونە ناو دڵ و دەروونی خوێنەر، جا خوێنەریش سەرچاوەی ئەو ڕیتم و مۆسیقایە هەست پێبکات،

---

[1] جوزيف ميشال شريم، دليل الدراسات الأسلوبيه، ص٩٢-٩٤.

یان نا هەر دەگات بەو چێژە هونەرییەی، کە لە دەقەکەی چاوەڕواندەکرد. ئەم دیاردەیە چەند شێوەیەکی هەیە:

**١_ بەریەککەوتنی دوو دەنگی وەک یەک لە یەک وشەدا:**

بریتییە لە هاتنی دوو دەنگی وەک یەک لە تاکە وشەیەکدا، هەرچەندە ئەم دیاردەیە زۆرجار لەخودی وشەکانی زمانەوە هاتوون، شاعیر دەستی نییە لە دروستکردنیاندا، بەڵام شوێن پەنجەی شاعیر لە هەڵبژاردن و چۆنییەتی دانان و گونجاندنی لەپاڵ وشە و دێرەکانی دیکەی دەقەکەدا دەردەکەوێت.

**٢_ بەریەککەوتنی دوو دەنگی وەک یەک لە دوو وشەی هاوسێدا:**

کاتێک دوو دەنگی وەک یەک دەکەونە پاڵ یەکترییەوە، ئاواز و هەناسەی دەربڕین درێژتر دەبێتەوە و دوو دەنگی گۆکراو لەیەک شێوەی درێژکراو دەردەکەوێت، پەیوەندیی لە نێوان دوو وشەکەدا دروست دەبێت، خوێنەر ناچار دەبێت دوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو، بەیەک هەناسەوە بەسەریەکەوە بخوێنێتەوە، لەم بارەدا هیچ ئاستەنگێک بۆ خوێنەر دروست نابێت، بەڵکو مۆسیقا و لەرینەوەیەک لە شوێنی دووبارەکردنەوەی دەنگەکە دروست دەبێت، خوێنەر پاش تێپەڕینی بەسەر دیاردەکەدا هەست بەچێژ و مۆسیقاکەی دەکات.

**٣_ بەریەککەوتنی دوو دەنگی نزیک لەیەک لە دوو وشەی هاوسێدا:**

ئەو دوو دەنگەی دەکەونە پاڵ یەکترییەوە لە هەندێک سیفەتدا هاوبەشن، وەکو شوێنی گۆکردن و شێوەی گۆکردنیان، بەڵام لەهەندێک سیفەتدا، وەکو یەک نین وەکو

گڕی و کپی. ئەم دەنگانەش کاتێک دەکەونە پاڵ یەکترەوە لەکاتی گۆکردندا دەنگێکیان سووکتر دەردەبڕێت و قورسایی دەخرێتە سەر دەنگەکەی دیکەیان.

### ٢,١,٢,١,٣,١ دووبارەکردنەوەی وشە

دووبارەبوونەوەی وشە لە دێرەشیعردا، جگە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان دێرە شیعرەکان، هۆکارێکیشە بۆ دروستکردنی مۆسیقاییێکی سەرنجڕاکێش بۆ دەقی شیعرەکە، لەهەمان کاتدا واتای شیعرەکەش فراوانتر دەکات، چەند دووبارەکردنەوەکەش زیاتر بێت، مۆسیقای شیعرەکە پتەوتر دەبێت. دووبارەکردنەوەی وشەش، چ بەواتای خۆی، یان بەواتای جیاواز، چێژو خۆشییەک بە خوێنەر دەبەخشێت، وادەکات بەجارێک دەستبەرداری شیعرەکە نەبێت.

بەهێزترین ڕەگەزەکانی جوانناسی لە شیعردا، بریتییە لە مۆسیقای وشە، لەبەر ئەوەی ڕێگەیەکە بۆ پیداهەڵدان بە بالایی گیان و ڕۆح، گەورەترین پێناوە بۆ ئیحا و دەربڕین لەو شتانەی، کە ناتواندرێت بە ئاسانی بە وشەکان دەربڕێت[1].

ناتواندرێت مۆسیقای گشتی شیعرێک دیاریبکەین بەو کێش و بەحرەی، کە پێی نووسراوە، بەڵکو لە پاڵ ئەمانەش دەبێت لە مۆسیقای هەر وشەیەک بکۆڵینەوە، هەروەها ئەو مۆسیقایەی کە شاعیر بە وشە هەڵبژاردراوەکانی دەبەخشێت، لەڕێگەی کۆکردنەوەی دەنگەکانی زمان و دانانیان، وەک یەکەیەکی مۆسیقی لە نیوەدێر و دێرەکانی شیعردا.

شاعیریش وشە تەنیا وەک یەکەیەکی واتایی ناهێنێتەوە بە بێئەوەی دەنگدانەوەیەکی نەبێت، بۆیە ئاواز بەدوای واتا، یان واتا بەدوای ئاوازەکەدا دێت، ئەگەر وشە ڕێنیشاندەرێک بێت بۆ واتایەک کە تێیبگەین، ئەوا ئاواز بارودۆخێکمان پێدەبەخشێت، کە هیچ سنوورێکی بۆ واتا نییە، سەرسامییەکمان بۆ چێدەکات کە قەڵەمبازێک دەبێت لەدەروونەوە، بۆ نائاگایی[2].

---

[1] محمد غنیمی هلال، النقد الأدبی الحدیث، ص٣٠٦.

[2] رجاء عید، الشعر و النغم، ص١٧.


کەواتە ئەو مۆسیقایە وا دەکات هەمان وشەکانی زمان کە ڕۆژانە بەکاردێن واتایان فراوانتر بێت لەوەی کە ڕۆژانە وەریدەگرین. بەواتایەکی دیکە مۆسیقا واتای شیعرەکە دوو ئەوەندەی خۆی لێدەکات. وشەش لە چەند شوێنێکدا و بەچەند جۆرێک دووبارە دەبێتەوە.

**١ـ دووبارەکردنەوەی دەستپێکی**


لێرەدا فۆرمە دووبارەکراوەکە لەسەرەتای نیوە دێری یەکەم، یان نیوەدێری دووەم، یاخود سەرەتای هەردوو نیوەدێردا دووبارە دەبێتەوە، ئەم دوو شێوەی لێدەبێتەوە.

أ ـ فۆرمە دووبارەبووەکە لەسەرەتای چەند نیوەدێرێک، یان دێرێکدا بەشێوەی ستوونی دووبارە دەبێتەوە.


١ـ سەرەتای نیوەدێری یەکەم:



٢ـ سەرەتای نیوەدێری دووەم:




٣ـ سەرەتای هەردوو نیوە دێر:



٤ـ سەرەتای نیوەدێری یەکەم لەگەڵ سەرەتای نیوەدێری دووەم:

هەوالنامەی کتێب




ب-_ فۆرمە دووبارەبووەکە لەسەرەتای نیوەی یەکەم، یان دووەم بەدوای یەکتردا بەشێوەی ئاسۆیی دووبارە ببنەوە، بەمشێوەیە:

١_ لەسەرەتای نیوە دێری یەکەم:

أ_ بێ ئامراز:



ب_ بەئامراز :





هەوالنامەی کتێب

٢_ لەسەرەتای نیوەدێری دووەم:

أ_ بێ ئامراز:




ب_ بەئامراز:





**٢_ دووبارەکردنەوەی ناوەڕاست:**


١_ سەرەتا و ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم:




٢_ سەرەتا و ناوەڕاستی نیوەدێری دووەم:



٣_ ناوەڕاست و کۆتایی نیوەدێری یەکەم:



٤_ دووبارەکردنەوەی ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم لەگەڵ ناوەڕاستی نیوەدێری دووەم:




٥_ دووبارەکردنەوەی ناوەڕاستی نیوەدێر بەدوای یەکتردا:

أ_ بێ ئامراز


١_ لە نیوەدێری یەکەمدا:



٢_ لە نیوەدێری دووەمدا:



ب_ بە ئامراز و بێ ئامراز:




**١_ دووبارەکردنەوەی نۆرەیی:**




**٢_ دووبارەکردنەوەی بڵاو:**

أ_ لە ئاستی یەک نیوەدێردا



ب- لەئاستی یەک دێردا:



هەواڵنامەی کتێب

### ٣,١,٢,١,٣,١- دووبارەکردنەوەی ئامراز:

ئامرازەکان هەرچەندە لە شێوەدا لە یەکەی وشە بچووکتر دەردەکەون، بەڵام ئەو ڕیتم و مۆسیقایەی کە بەهۆیانەوە دروست دەبێت هیچی کەمتر نییە لەو ڕیتم و ئاوازەی بەهۆی یەکەکانی دیکەوە دروست دەبێت، تەنانەت هەندێکجارمۆسیقای هەندێ لە ئامرازەکان سەدای بەسەر تەواوی دێرە شیعرەکەدا دەبێت. هەروەک ئامرازەکانی (پرس و سەرسورمان و بانگکردن و.....تاد). دووبارەکردنەوەی ئامرازەکانیش ئەمانەن:

١_ ئامرازی لێکدەر

٢_ ئامرازی پرس

٣_ ئامرازی نەرێ

٤_ ئامرازی بانگکردن

٥_ ئامرازی مەرج

### ٤,١,٢,١,٣,١ دووبارەکردنەوەی دەستەواژە

دووبارەکردنەوەی دەستەواژە درێژکراوە و بەردەوامی پێدەری ڕیتمی شیعرە، ئەگەر دووبارەکردنەوەی دەنگی شێوەیەکی شاراوەی هەبێت، پێویستی بە وردبوونەوە و هەڵوەستەکردن هەبێت، ئەوا دووبارەکردنەوەی دەستەواژە شێوەیەکی ئاشکراتر و فراوانتری هەیە.

**١_ دووبارەکردنەوەی دەستپێکی:**

أ_ سەرەتای نیوەدێری یەکەم و دووەم:


هەواڵنامەی کتێب



بـ_ سەرەتای نیوەدێری دووەم:




تـ_ سەرەتاو ناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم:




**٢_ دووبارەکردنەوە لە ناوەڕاستدا:**


أ_ لە ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەمدا:



بـ_ ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم و دووەمدا:



**٣_ دووبارەکردنەوە لە کۆتایی دێردا:**



**٥,١,٢,١,٣,١ دووبارەکردنەوەی ڕستە**

لەمجۆرە دووبارەکردنەوەدا، شاعیر چەند جارێک ڕستەیەک دووبارە دەکاتەوە، گەورەترین یەکەی دووبارە بووەوەیە لەناو شیعردا ڕستەیە، چونکە یەکەکانی دەنگ و وشەش هەر دەکەونەوە ناو ئەمجۆرە دووبارەکردنەوەیە.

ئەو دووبارەبوونەوەیە دەبێتە کلیلێک بۆ تێگەیشتنی ناوەڕۆکی گشتی، سەرەڕای ئەوەی کە هاوسەنگییەکی ئەندازەیی و سۆزداری لە نێوان وشە و واتایەکەی بەدیدەهێنێت[١].


هەندێکجار شاعیر هەمان ڕستە دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو هەمان پێکهاتەی ڕستەی نیوەدێر، یان دێرەکانی پێشوو دووبارە دەکاتەوە، مەبەستمان چۆنییەتی ڕێکخستنە ڕێزمانییەکانی ڕستەیە، کە شاعیر بۆی هەیە چۆنی بوێت بێ گوێدانە سروشتی زمان و ڕێزمان دروستیان بکات و لێپێچینەوەشی لەگەڵدا نەکرێت.

ئەگەر لە شیعرێکدا دێرێک، یان ڕستەیەک چەند جارێک دووبارە بێتەوە، ئەوا زۆربەی کات دێرەکانی دیکەی شیعرەکە ڕوونکردنەوەو لێدوانە دەربارەی دێرە دووبارەبووەکە[٢].


ئەو وشە و دێرانەی دواتر دێن بەمەبەستی خزمەتکردنی ڕستەی مەبەستە کە شاعیر مەبەستەکانی تیایدا چڕکردووەتەوە، هەموو واتاکانیش هەر بۆ دێر، یان ڕستەی مەبەستدار هاتوون.

### ١- دووبارەکردنەوەی دەستپێکی:

أ_ سەرەتای نیوەدێری یەکەم:



بـ_ سەرەتای نیوەدێری دووەم:



هەواڵنامەی کتێب

[١] داحو أسیه، الأیقاع المعنوي في الصوره الشعریه "محمود درویش نموذجا"، ص٩٣.

[2] Whitman, Walt, Wallace Stevens and John Asbbery. (2005). *Poetry and Repetition*. Great Britain: Routledge Taylor and Francis Group. P١١.

تـ_ سەرەتای نیوەدێری یەکەم و دووەم:



پـ_ لە سەرەتای کۆپلە:



**٢_ دووبارەکردنەوە لە ناوەڕاستی دێردا:**

أ_ ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم لەگەڵ سەرەتای نیوەدێری دووەم:




بـ_ ناوەڕاست و کۆتایی نیوەدێری دووەم:




**٢_ دووبارەکردنەوەی کۆتایی:**

أ_ کۆتایی نیوەدێری دووەم:




بـ_ کۆتایی نیوەدێری یەکەم و سەرەتای نیوەدێری دووەم:



هەوالنامەی کتێب

ت_ لە کۆتایی کۆپلەدا:



### ٢,٢,١,٣,١ ڕەگەزدۆزیی

ڕەگەزدۆزیی بەگشتی بریتییە لە هێنانەوەی دوو وشە، کە هەمان ڕێنووس و ڕێزبوونی پیتیان هەیە و هاودەنگن، بەڵام واتاکانیان جیاوازە. "**ئیبن ئەسیر**"، دەڵێت:

ڕەگەزدۆزیی دروست دەبێت ئەگەر دوو وشە لە گۆکردندا وەک یەک و لە واتادا جیاوازبن[١].

لێکچوونی ئەم دوو وشەیە لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزبوونی پیت و دەنگەوە دەبێتە هۆی لێڵی لای خوێنەر، ئەم لێڵیەش بۆ چەند مەبەستێکی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت. لەوانە:

نیشاندانی ڕاددەی زیرەکی کەسێک، دووپاتکردنەوە و جەختکردنەوە لەسەر شتێک، یان بۆ دەرخستنی تواناو بلیمەتی خودی نووسەر/بەکارهێنەر لە یاریکردن بە وشە[٢]. واتە بەکارهێنانی وشەیەکە کە لەڕووی واتاوە تەواو لێک جیاوازن، (بەڵام ئەوە دەقەکە و ژینگەی دەقەکەیە، کە وادەکات هەردوو واتای وشەکە پەیوەندیداربن بەیەکەوە، یان تەواو جیاوازبن لە یەکترییەوە)[٣].

وشەی هاودەنگیش لە شیعردا، چەند زیاتر بهێندرێنەوە ئەوەندە مۆسیقای بەبەردا دەکرێت و دەڕازێتەوە. ڕەگەزدۆزیی هونەرێکی بەربڵاوە لە ئەدەبییاتی جیهاندا، لە ڕووی جۆرەوە دابەشی دوو جۆر دەکرێت:

---

[١] حسنی عبدالجلیل یوسف ، موسیقي الشعر العربی، الجزء الاول، الهيئه المصريه العامه للكتاب، ١٩٨٩، ص١٦١.

[2] Baldick, Chris. (2001). The Concise oxford Dictionary of Literary Terms. Oxford: Oxford University Press P209.

[3] Abrams, M.H. (1999). A Glossary of Literary Terms, 7th (edn).United Kingdom and The United States of America: Cornell University Publication.P253.

**یەکەم:-ڕەگەزدۆزیی تەواو:** بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەک، یان زیاتر لە دێڕێک، یان شیعرێکدا ئەو وشانەش وەکو خۆیان، بەڵام بە واتای جیاواز دووبارەببنەوە.

وشەکانیش لە (ژمارەی پیتەکان، جۆری پیتەکان، شێوەی پیتەکان، چۆنییەتی ڕیزبوونی پیتەکان) وەکو یەک بن[1].

**دووەم:-ڕەگەزدۆزیی ناتەواو:** مەبەست لەمجۆرەی ڕەگەزدۆزییە ئەوەیە، کە ئەو وشانەی دووبارە دەبنەوە بەواتای جیاواز، چوار مەرجەکەی ڕەگەزدۆزیی تەواوی تیایدا بەدی ناکرێت، بۆیە وشەکان لە سێ سیفەت هاوبەش و لە سیفەتێکدا جیاواز دەبن.

ڕەگەزدۆزیی، وەک هونەرێکی جوانکاری وشەیی لە دەق و شیعردا بۆ چەند مەبەستێک بەکاردێن، وەکو:

١_ هەندێکجار ڕەگەزدۆزییەکە واتای تەواوی شیعرەکە هەڵدەگرێت، یان هەڵگری بیرۆکەی سەرەکی شیعر، یان دەقەکە دەبێت.

٢_ هەندێکجاریش شاعیر هونەری ڕەگەزدۆزیی بەکاریدێنێت لە پێناوی دروستکردنی هاودەنگی لە شیعرەکەدا، کە بە هۆیەوە کەسی گوێگر پێشتر گوێیەکانی بەو وشەیە یان بەو دەنگانە ئاشنایە و پێشر بەرگوێی کەوتووە لە شیعرەکەدا.

٣_ ڕەگەزدۆزیی بۆ مەبەستی ڕەخنەگریش بەکاردێت. ڕەگەزدۆزیی هەنگاوی یەکەمە بۆ دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ڕوونی وشە، یەکەم هەنگاویشە بۆ ئەوەی وشە بە مێتافۆری سمبولی بەکار بێت.

٤_ بەکارهێنانی هونەری ڕەگەزدۆزیی، دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێنەر حەز و خولیای زیاتری بۆ خوێندنەوەی دەقەکە هەبێت، هەروەها وا لەخوێنەر دەکات لە خوێندنەوەکەی هێواش بێت و زیاتر هەڵوەستە لەسەر دەقەکە بکات، هانی خوێنەر دەدات، کە خوێندنەوەکەی بەکرداری بکات[2].

٥_ ئەگەر دژێتی یان جیاوازی نێوان دوو واتای ڕەگەزدۆزییەکە زۆر بەرچاو بێت و زاڵ بێت بەسەر لێکچوونی دوو واتایەکە، ئەوا ئەو ڕەگەزدۆزییە بەشێوەیەکی ئایرۆنی

---

[1] عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا-جوانکاری- بەرگی دووەم، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥، ل٨

[2] Synder, J.M. (1980). Puns and Poetry in Lucretius' De Rerum Nature. The Netherlands: B.R. Gruner Publishing. P74.

بەکارهاتووە. ئەگەر لێکچوونی نێوان دوو واتای ڕەگەزدۆزییەکە زیاتر بوو لە جیاوازیەکەیان، ڕەگەزدۆزییەکە بە شێوەیەکی میتافۆری بەکارهاتووە[١].

### ٣,٢,١,٣,١ دژیەک

دژیەک هەرچەندە هونەرێکی ڕەوانبێژییە، بەڵام ئەم هونەرە هۆیەکە بۆ دروستبوونی مۆسیقای شیعری ئەو مۆسیقایە (لەو وشانەوە دروست دەبێت، کە لە واتادا دژ و ناکۆکن، هەریەکەیان ئەویتر ڕەت دەکاتەوە)[٢].

دژیەکیش، یان ئەوەتە فەرهەنگییە کە دوو وشەکە هەر لە بنجدا لە واتادا دژی یەکترن، یان ئەوەتە دژیەکەکە نافەرهەنگیین، واتە دوو وشەکە لە بنجدا واتای پێچەوانەی یەکتریان نییە، بەڵکو بەهۆی ئامرازی نەرێوە واتای دژ هەڵدەگرن. ئەمجۆرە دژیەکە کاریگەری دەنگی تیایدا زاڵە، چونکە هەمان دەنگەکانی پێشوو دووبارە دەبێتەوە.

دژیەک کاریگەریەکی بەرچاو دروستدەکات لە شیعر و پەخشاندا. دژیەک بیرمان هاندەدات و وامان لێدەکات بیر لە واتا پێچەوانەو دژیەکەکانی بیرۆکەکان بکەینەوە.

لەبەرئەوەی ژیان پڕە لە شتی پێچەوانە و دژیەک، بەڵام ئەگەر کەمێک زیاتر سەرنجی پێچەوانە و دژیەکیەکانی ژیان بدەین، ئەوکات بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەو دژیەکیە واتادارە و بوونیان بێ هۆنییە[٣].

ئەوەی لەڕێگەی هونەری دژیەکەوە لەشیعردا دەردەبڕدرێت، ناتوانرێت لەڕێگەی هیچ هونەر و دەربڕینێکی دیکەوە دروست بکرێت، ئەمەش بە زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چەندان مەبەست لە سروشتی بەکارهێنانی ئەم هونەرەدا هەیە، وەک:

١_ جەختکردنەوە لەسەر شتەکان نیشاندەدات لە ڕێگەی بەیەکەوە بەستنەوەی دوو زاراوە، یان دوو وشەی پێچەوانەی یەکتری، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیێنێت ئەو شتەی،

---

[1] Kjerkegaard,Stefan. (2011). Seven Days Without a Pun Makes One Weak. Two Functions of Wordplay in Literature and Literary Theory. Aarhus University: Journal of Literature, Language and Linguistics. Volume 3, Issue 1, ISSN 1948-5778. P١.

[٢] عەزیز گەردی ، ڕەوانبیژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان، پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٢٩.

[3] Lederer, Richard. *Oxymoronology. In Word Ways*: The Journal of Recreational Linguistics. (US: Spring Valley, (1990), P52.

یان بیرەی کە بەدژیەک دەربڕدراوە، جەختکردنەوەی شاعیر، یان نووسەر بۆ ئەو بیرۆکەیە، یان ئەو شتە دەردەخات.

٢_ هەروەها دەتواندرێت دژیەک بۆمەبەستی وەسفکردن بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەم وەسفکردنەکە بە شێوەیەکی ئاڵۆز خراوەتەڕوو.

٣_ دژیەک دەتوانێت نووسینەکە، یان شیعرەکە بەهێزتر بکات و ببێتەهۆی باشترکردنی شێوازی نووسین و دەربڕین. ئەگەر دژیەک بەکەمی بەکارهات لە دەقێکدا، یان لە نووسینێکدا، یان لە شیعرێکدا، ئەوا بۆ مەبەستی دروستکردنی وێنەی شیعریە و یارمەتیدەر دەبێت، بۆ دروستکردنی کاریگەری لایەنی سۆزداری[١].

٤_ زۆربەی جار دژیەک بۆ ئەوە بەکاردێت تا وێنەیەک، یان دەستەواژەیەکی شیعری ڕۆشن و لەبیرنەکرا و دروستبکات، بۆ ئەوەی وا لە خوێنەر بکات، کە بۆ چرکەساتێک هەڵوەستە لەسەر واتای تەواوی ئەو دوو وشەیە، یان زاراوەیە بکات، کە وەکو دژیەک بەکارهاتووە.

٥_ بەکارهێنانی لە نووسین و وتە، دەبێتە هۆی ئەوەی وێنەیەک یان فرێزێک بە بەردەوامی لە مێشکی خوێنەردا بزرینگێتەوە و یادگاریەک لەهەستەکانیدا جێبهێڵێت. دەکرێت بەهۆی بەکارهێنانی هونەری دژیەکەوە شاعیر بیەوێت هەستێکی ناسک دەرببڕێت، یان هەستێکی ناسک بیری خوێنەر بێنێتەوە و بەردەوامی بە مانەوەی ئەو هەستە بدات لە هزری خوێنەردا. هەندێکجاریش مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم هونەرە ئەوەیە، کە خوێنەر دڵشاد بکات لە ڕێگەی ئەو زیرەکی و بلیمەتیەی کە لە دژیەکەکەدا هەیە.

٦_ هەروەها دەکرێت هونەری دژیەک وەکو فرێزێکی بەهێز بۆ دروستکردنی وەستانێکی شیعری بەکار بهێنرێت، یان بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ڕیتمی شیعرێک، یان بۆ مەبەستی خاڵبەندی کردن لە شیعرێک بەکاربهێنرێت، بۆئەوەی بڕینێک، یان وەستانێک لەو شوێنەدا دروستبکات.

٧_ مەبەستێکی دیکە لە بەکارهێنانی دژیەک ئەوەیە، کەوا لە کاتێک نووسەرێک دژیەک بەکاردەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکێک، یان وەسفکردنی شتێک، دەکرێت ئەو نووسەرە مەبەستی ئەوەبێت کە شتێکی ئاڵوز یان ئاڵۆزیەک لێرەدا هەیە پێویستی بە گەڕان و بەدواداچوونی زیاترە[٢].

---

[1] Hughes, Patrick (1984). *More on Oxymoron*. Jonathan Cape Ltd..P 48-69.

[2] Vlček, Viktor. (2008). *Major Writers of the Sixteenth Century English Sonnet*. Czech Republic: Masaryk University.P 12-31-50.

### ٤,٢,١,٣,١ بەرانبەری

هونەرێکی جوانکاری وشەییە،" **ئەبو هلال عەسکەری**" بەمشێوەیە پێناسەی کردووە، ((بریتییە لە هێنانی ئاخافتنێک دواتر بەراوردکردنیەتی بە هاوشێوەکانی لەواتاو گۆکردنەوە لەسەر بنەمای گونجان بێت، یان پێچەوانەکەی))[١].

هەرچەندە ئەم هونەرە لەسەر بنەمای وشەی پێچەوانە دامەزراوە، بەڵام لە "**دژیەک**" کاریگەرتر و مۆسیقیترە. لە دژیەکدا تەنیا یەک وشە دێت و دژەکەی بەشوێنەوە دەهێندرێتەوە، بەڵام لە بەرانبەریدا شاعیر سەرەتا چەند وشەیەک دێنێ، ئینجا بەڕێکی یەکە یەکە دژەکانیان بەرانبەر دێنێتەوە. هێنانەوە و ڕیزکردنی ئەم وشانەش بەدوای یەکتردا بیر وردی و سەلیقەی شاعیری پێویستە، کە چۆن بتوانێت زۆرترین مانا لە ڕیزکردنی وشە دژەکاندا دروست بکات و ئەو کاریگەرییە مۆسیقییەی بەو وشە دژیەکانەی دروستی کردووە، دەنگدانەوەی هەبێت بەسەر دێر و پێکهاتەکانی دیکەی شیعرەکەدا.

### ٥,٢,١,٣,١ کەرتکـردن

کەرتکردن هونەرێکی جوانکاری وشەییە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە مۆسیقادارکردنی شیعردا هەیە، بەشێکە لە سەرەوای ناوەوە. لەم هونەرکارییەدا شاعیر هەر نیوەدێرێک، یان دێرێک دابەشی چەند کەرتێک دەکات هەریەک لەم کەرتانەش هەمان سەروایان هەیە. کەرتکردن لەعەرەبییدا "التشطیر"ی پێدەگووترێت.

کە بریتییە لەوەی ((شاعیر جگە لە سەرچاوەی گشتی هۆنراوەکەی بۆ تەفعیلە و دەستەواژەکانی نێودێر و نیوە دێرەکانی هۆنراوەکەی دادەنێت))[٢].

---

[١] عبدالعزیز العتیق، علم البدیع، دار النهضه العربیه للطباعه و النشر، بیروت، ١٩٨٥، ص٨٥.
[٢] ئیدریس عبدوڵلا ، جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٣٧.

کەرتکردنیش چەند شێوەیەکی هەیە لەوانە: شاعیر نیوەدێر و دێڕەکانی واڕێکدەخات کە وشە هاوسەرواکان هاوتابن لەگەڵ هەر پێیەکی کێشەکەی لەسەر دامەزراوە، بەمەش وەستانی پێی شیعرەکە و واتاکەی هاوتا دەبن، ئەمەش بەهێزترین جۆری کەرتکردنە، کە کاریگەرترین مۆسیقا دروست بکات.

جۆرێکی دیکەی کەرتکردن ئەوەیە، کە شیعرەکە دابەشی چەند کەرتێک دەکرێت وشە کەرتکراوەکان هاوسەروادەبن دوا سەروای شیعرەکەش لەگەڵ دوا کەرتی دێڕەکانی دیکە سەروای گشتی پێکدێنێ. یان ئەوەتە شاعیر کەرتکردنەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ناهێنێتەوە[١].

بەکارهێنانی کەرتکردن لەشیعردا بۆ چەند مەبەستێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١ــ هاوسەنگی لە شیعرەکەدا دەپارێزێت.

٢ــ یارمەتی خوێنەر و گوێگر دەدات، کە زیاتر لە شیعرەکە تێبگات، هەروەها ئارەزووی بۆ خوێندنەوەی شیعرەکە زیاتر بێت و زیاتر پەیوەست بێت پێیەوە.

٣ــ یارمەتی خوێنەر دەدات، کە لە ناو یەک دێڕدا پێشبینی سەروای وشەکانی دیکە بکات.

٤ــ پەیامی شاعیر زووتر دەگەیەنێت، مانا و مەبەستی شاعیر لەبەکارهێنانی وشە سەروادارەکان نیشان دەدات.

٥ــ کاریگەرییە مۆسیقییەکانی شیعرەکە زیاتر دەکات.

٦ــ بۆ مەبەستی دووپاتکردنەوە بەکاردێت.

٧ــ یارمەتی ڕیتمی شیعرەکە دەدات و هەنگاوەکانی ڕیتم خێراتر دەکات.

٨ــ ئەو دێڕە شیعرانەی کە زۆر درێژن، لە ڕێگەی ئەو سەروایەی ناوەوە دەکرێتە چەند کەرتێک کە هەر کەرتێکیان وەستانێکە بەرزی و نزمی ئاوازی مۆسیقی نیشاندەدات[٢].

هەواڵنامەی کتێب

---

[١] عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا،-جوانکاری- ل٤١-٤٢.

[2] Maulsby, Stephen C. (2008). *The Harley Lyrics Revisited: A Multilingual Textual Community*, PhD disseration. United States of America: The Catholic University of America.P 98-105.

کەرتکردن هەناسەیەک بە خوێنەر دەدات و لە کاتی خوێندنەوەدا، بەهۆی ئەم کەرتکردنەوە ئاوازە مۆسیقییەکە جوانتر و باشتر دێتە بەر گوێ.


### ٦,٢,١,٣,١ رد العجر على الصدر (دوا بەسەر)

هونەرێکی جوانکاری وشەییە، لە زمانی کوردیدا هەندێکجار بە "**هێنانەوە**"ش،هاتووە، "**عەلائەددین سەجادی**"یش زاراوەی "**دوا بەسەر**"ی بۆ بەکارهێناوە[١].

ئەم دیاردەیەش بریتییە لە دووبارەکردنەوەی وشەیەک، یان چەند وشەیەک لە نیوەدێری شیعرێکدا و دووبارەکردنەوەی لە نیوەدێری دوای خۆیدا، جا دووبارەکردنەوەی وشەکە، وەکو خۆی بێت، یان کەمێک دەستکاری کرابێت. هاتنەوەی هەمان پێکهاتەی دەنگی لە ماوەیەکی زەمەنی کورتدا، مۆسیقاییێکی دلڕفێن بۆ دەقەکە دروست دەکات. ئەم هونەرە لە شیعردا، دەبێتە هۆی بەدیهێنانی چەند لایەنێکی جوانی لە دەقدا لەوانە:

١- ڕوودانی ڕیتمێکی مۆسیقی، کە کاریگەرییەکی زۆر لە دەروونندا بەجێدێڵێت.
٢- توندوتۆڵکردنی ڕیساکانی پەیوەندیی و داڕشتنی نێوان بەشەکانی دێر، یان کۆپلە[٢].

ئەم هونەرە چەند شێوەیەکی بۆ دیاریکراوە، ئێمە لێرەدا ئاماژە بە چەند شێوەیەکی دەکەین. لەوانە: وشەیەک لە کۆتایی نیوەدێری یەکەم و سەرەتای نیوەدێری دووەمدا. یان لە ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم و کۆتایی نیوەدێری دووەم. یان کۆتایی نیوەدێری یەکەم لەگەڵ کۆتایی نیوەدێری دووەم. یانیش ئەوەتە لە سەرەتای نیوەدێری یەکەم لەگەڵ سەرەتای نیوەدێری دووەم، وەک لەم هێلکاریەدا دیارە:-



[١] علاءالدین سجادی، خۆشخوانی گوزارەکاری. ڕەوانکاری. جوانکاری، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٦، لا١٣٧.
[٢] عمر بن طریه، التفكیر البلاغی عند الزركشی من خلال كتابه البرهان فی العلوم القران، رساله دكتوراه، جامعه الحاج لخضر- باتنه، كلیه الاداب و العلوم الانسانیه، (٢٠٠٩-٢٠١٠)، ص٢٥٩.

## ٧,٢,١,٣,١ هاوتەریبی پێکهاتەیی

ئەم هونەرە ئەدەبییە، سەرچاوەیەکی دیکەی دروستبوونی مۆسیقای شیعرییە، ئەویش بەهۆی ئەو هاوسەنگی و دووبارەبوونەوەیەی، کە لە نێوان دوو نیوەدێری شیعریدا دروست دەبێت.

ئەو دێرە شیعرییەی بەم هونەرە هۆندراوەتەوە ((جۆرێک لە دارشتنی زمانی یاخود رۆنانی سینتاکسی هاوشێوە، کە بە "**موازەنە**" دەناسرێت و لە پانتایی تێکستدا خۆی دەنوێنێت لە چوارچێوەی هونەری شێوازگەری، جۆرێک لە تەفاعول لە نێوان زمان و واتا و ئەندێشە و ئاواز لە بنیاتی دەقدا بەرپا دەکات))[١]

بەمەش دەق بەرەو بالایی دەبات. هاوتەریبی بەهۆی دووبارەکردنەوە دروست دەبێت، بەلام دووبارەکردنەوەیەکی تەواوی پێکهاتەکان نییە، بەلکو بەشێک لە هاوتەریب بوونەکە، بەهۆی دووبارەکردنەوە دروست دەبێت، لەگەل هاوشێوە و هاوتەریب بوونیان لەگەل یەکتری، ئەم هاوشێوەبوونەش مەرج نییە لە ژمارەی دەنگ و جۆری دەنگ و واتای وشەکان کت ومت وەک یەکبن، بەلکو دووبارەبوونەوەی هەندێک پێکهاتە و بنیاتی سینتاکسی و ژمارەی برگەیی نیوەدێرەکان دەگرێتەوە.

هاوتەریبی جگە لە دروستکردنی بەهای ریتمی ئەرکی ئیستاتیکیش لە شیعردا دەگێرێت. ئەو چێژ و مۆسیقایەی هاوتەریبی لەسەر خوێنەری جێدەهێلێت زیاتر و زۆرترە لە هەندێک هونەری دیکەی ریتمی، چونکە هاوتەریبی هونەرەکانی دیکەش دەگرێتە خۆی، واتە تەنیا هونەرێک لە دروستکردنی هاوتەریبی بەشداری ناکات، چونکە دووبارەکردنەوە زۆرجار وشەی هاوکێش و هاوسەروا، هەروەها هێنانەوەی وشەی هاوئاست و ریزکردن

---

[١]عوسمان دەشتی ، لە بارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر، ل٢٠٤.

و بەرانبەر یەک دانان و گونجاندنیان بەشێوەیەکی هونەری و هاوسەنگ ڕاگرتنیان ئەم هونەرە دەخوڵقێنن.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

## پراکتیزەکردنی جۆر و شێوە مۆسیقایەکانی شیعرەکانی (وەفایی)دا

### تەوەرەی یەکەم:مۆسیقای دەرەوە

○ کێش

✓کێشی هەزەج

✓کێشی ڕەمەل

✓کێشی ڕەجەز

✓کێشی موزاریع

✓کێشی بەسیت

✓کێشی موجتەس

✓کێشی سەریع

- ئەو شیعرانەی وەفایی کە بە کێشی خۆماڵی دانراون یان ساغنەکراونەتەوە

○ سەروا

✓یەکێتی سەروا

✓سەروای کۆپلەبەند

کتێبی هەوالنامەی

## بەشی دووەم: پراکتیزەکردنی جۆر و شێوە مۆسیقییەکانی شیعرەکانی "وەفایی"دا

### ١,٢ تەوەرەی یەکەم: مۆسیقای دەرەکی

#### ١,١,٢ کێش:

پەیوەندیی ئاوازی مۆسیقا لەگەڵ ئاوازی شیعری لە گرینگیدانی زانستی عەرووزەوە هاتووە. (ئەو ئاوازەی کە لە ئەنجامی نەرمی بڕگەکان و چنینی ڕستەکان و پێوەندی دەستەواژەکانەوە هاتووە)[١]. هەروەها دەوترێت، (زانستی عەرووز زانستی مۆسیقای شیعرە و زەبتکەری ئاواز و مۆسیقاکەیەتی)[٢].

هەریەک لە کێشەکانی عەرووز مۆسیقای تایبەت بەخۆیان هەیە، شاعیرانیش هەست بەچێژە ئیستاتیکییەکانی هەر کێشێک دەکەن و لەگەڵ مۆسیقایەکەیدا دەژین ئەو کێشە هەڵدەبژێرن، کە نۆتەیەکە بۆ نووسینەوەی ئاوازێک لە ئاوازەکانی دەروون، هەروەها دەڵێن:

((شاعیران لەگەڵ ئەو ساتانە دەژین کە هەر کێشێک دەیسازێنێ ئەو قورساییەی کە دەیگرێتە خۆی ئەو پەیامەی کە دەتوانێ بیگەیەنێ))[٣].

کەواتە ئەگەر عەرووز یەکێک بێت لە بەشداربووانی مۆسیقای شیعری، بە ئەرکێکی پێویستی لێکۆڵینەوەکەمانی دەزانین ئاماژە بەو کێشانە بکەین، کە "**وەفایی**" بەکاریهێناون، ئەو کێشانەش خۆیان لە کێشی عەرووزیدا دەبیننەوە. ژمارەی ئەو کێشانەی کە لای شاعیر بەکارهاتوون (٧)کێشە. بە پلەی یەکەم "**کێشی هەزەج**" هاتووە، کە ئەرکی بەشێکی مۆسیقای شیعرەکانی لە ئەستۆ گرتووە. دووەم قاڵبەکێش "**کێشی ڕەمەل**"ە پاشان کێشەکانی "**ڕەجەز، موزاریع، بەسیت، موجتەس** و **سەریع**" بەڕێژەیەکی کەمتر لەچاو ئەم

---

[١] موفق قاسم الخاتوني، دلاله الایقاع و ایقاع الدلاله في الخطاب الشعري الحدیث قراءة في شعر محمد صابر عبید، (دار نینوی) للدراسات و النشر و التوزیع، سوریه، ٢٠١٣، ص١٤.

[٢] خضر موسی محمد حمود ، الراقي في حداثه علم العروض و القوافي، ص١٤.

[٣] حسن حسني ، موسیقا الشعر و العروض، ص١٠١.

دوو قاڵبە کێشە بەکارهاتوون. کێشەکانیش چەند شێوەو قاڵبێکی جیاوازیان هەیە، بەڕێژەی جیاوازیش بەکارهاتوون، قاڵبە ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکانیش بەمشێوەیە، دەخەینەڕوو:

### ١,١,١,٢ کێشی هەزەج

کێشی هەزەج لە کێشە باوەکانی شیعری کلاسیزمی کوردییە، ((هۆی بڵاویشی لە کوردیدا ئەوەیە کە لەگەڵ خاسیەتی زمانی کوردیدا دەگونجێ))[١]. سەرەڕای ئەمەش ((هەزەج بەحری سووکی و دەنگە دڵرفێنەکانە))[٢]. ئەم کێشە لە عەرەبیدا بریتییە لە شەش جار (مفاعیلن ◡_ _ _ ) لە کوردیدا چوارین و شەشین و هەشتینی هەیە[٣]. کێشی هەزەج نەرم و نیان و مۆسیقاییێکی خۆشی هەیە، گوێ ئارەزووی بیستنی دەکات، پێی دەبزوێت. (دەروون پێی ئاسوودە و ئارام دەبێت، بۆ گۆرانی و مۆسیقا دەگونجێت، بەهۆی سووکی لەسەر زمان)[٤]

لەرینەوەی دەنگ تیایدا هەست و جووڵە دەبزوێنن، سرکە بۆ هۆنینەوە و شاعیر شەرمەزار ناکات. هەر بەهۆی ئەو ناسکی و مۆسیقییەی تەنانەت دوای قۆناغی نوێکردنەوەی شیعری کوردیش جارجار لای شاعیران بەکارهاتووە.

(بەهۆی گونجانی لەگەڵ زەوق و گۆرانیی ویستی کوردیدا)[٥].

کێشی هەزەج لای "**وەفایی**" بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە، لە(٥٥,١٣%)ی بەکارهێنانی هەیە. ئەم کێشە چەند شێوەیەکی هەیە، ئێمە لێرەدا ئەو قاڵبانە نیشان دەدەین کە شاعیر شیعرەکانی لەسەر دارشتووە، بۆ هەر یەکێکیان تەنیا یەک نموونەمان هێناوەتەوە.

---

[١]عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا١٣٨.

[٢] حسن حسني ، موسيقا الشعر و العروض، ص١٠١.

[٣]نووری فارس حەمەخان، عەرووزی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی/ دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، لا٣٥٠.

[٤]حسن حسني ، موسيقا الشعر و العروض، ص٢١٣.

[٥]عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، لا٦٨.

**١_ هەزەجی هەشتی تەواو:**

ئەم قاڵبە کێشە لە هەشت پێی (مفاعیلن) پێکهاتووە. یەکە ڕیتمییەکانی ئەم قاڵبە بەمشێوەیەیە (٤-٤-٤-٤).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دڵــی پڕ ئێ | شـــی من بۆیـە | وەهـا خـوێنـا | وی گریانە | |
| مــفاعیـــلن | مــفاعیـــلن | مــفاعیـــلن | مــفاعیـــلن | |
| ◡ _ _ _ | ◡ _ _ _ | ◡ _ _ _ | ◡ _ _ _ | |
| هەموو سینەم | وەکـوو نیشـا | نە جێـگای نێـــ | شی موژگانە | (٢٨٠) |
| مــفاعیـــلن | مــفاعیـــلن | مــفاعیـــلن | مــفاعیـــلن | |
| ◡ _ _ _ | ◡ _ _ _ | ◡ _ _ _ | ◡ _ _ _ | |

ئەم قاڵبە کێشە بەهێزترین قاڵبە مۆسیقییەکانی هەزەجە، چونکە یەکە ڕیتمییەکان لە ماوەیەکی زەمەنی ڕێکدا دووبارەدەبنەوە، ئەم دووبارەبوونەوە ڕێکەش بەشێوەیەکی بەردەوام سەدایەکی خۆش بۆ نەغمە مۆسیقییەکە دروست دەکات و ئاهەنگ و ڕیتمی شیعرەکەش زوو وەردەگیرێت و کاردانەوەی خۆی لەسەر شاعیر و گوێگر دەردەخات.

**٢_ هەزەجی هەشتی ئەخرەبی* مەکفوفی** مەحزووف*****

یەکە ڕیتمییەکانی ئەم قاڵبە لە (١٤) برگە پێکهاتووە، کە بەمشێوەیە، ڕیزبوونە (٣-٤-٤-٣).

*کورتکردنەوەی برگەی درێژی یەکەمی پێیە لە سەبەبدا، یان لابردنی حەفتەم پیتی وەستاوی پێیە لە سەبەبدا.

** فرێدانی حەفتەم پیتی وەستاوی پێیە لە سەبەبدا.

*** لادانی برگەی درێژی کۆتایی پێیە لەسەبەبدا..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تـا نێرگــ | سی تۆ نازی | هەبێ و غەمـزە | نـومـا بێ | |
| مــفعول | مــفاعیــل | مــفاعیــل | فـعولــن | |
| ∪ _ _ | ∪ _ _ ∪ | ∪ _ _ ∪ | _ _ ∪ | |
| شەرمەندە | نـەبێ چـی هە | یە ئـاهوو بــە | خـەتا بـێ | (٣٢٨) |
| مــفعول | مــفاعیــل | مــفاعیــل | فـعولــن | |
| ∪ _ _ | ∪ _ _ ∪ | ∪ _ _ ∪ | _ _ ∪ | |

**٣_ هەزەجی شەشی مەحزوف:**

ڕیتمی ئەم کێشە بەمشێوەیەیە (٤-٤-٣).

| | | | |
|---|---|---|---|
| هــەتــا ڕۆژی | قـیـامــەت دێــ | ت و نــایێ | |
| مــفاعیــلن | مــفاعیــلن | فـعولــن | |
| _ _ _ ∪ | _ _ _ ∪ | _ _ ∪ | |
| لـە دەوری نـا | مــە شــەرحـی ما | جــەرایێ | (٣٢٦) |
| مــفاعیــلن | مــفاعیــلن | فـعولــن | |
| _ _ _ ∪ | _ _ _ ∪ | _ _ ∪ | |

هەواڵنامەی کتێب

هەرچەندە لەم قاڵبە کێشەدا (عەرووز و زەرب) تووشی حەزف هاتوون، هەناسەی گوتنی کورت کردووەتەوە، بەڵام کاری لە مۆسیقای شیعرەکە نەکردووە، لەرینەوە و لەرزینەوەی دەنگەکان ئەرکە مۆسیقییەکە بەجێدەگەینن.

### ٤_ هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەقسوور*:

ڕیتمی ئەم قاڵبە کێشە بەمجۆرەیە (٣-٤-٤-٣).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەی پەرتە | وی‌حوسنت هە | مـو ڕەنگی گـو | ڵە باغان | |
| مــفعول | مــفاعیــل | مــفاعیــل | فــعولان | |
| ∪ — — | ∪ — — ∪ | ∪ — — ∪ | . — — ∪ | |
| هەموو سینەم | وەکـوو نیشـا | نە جێـگای نێـ | شی موژگانە | (٢٢٥) |
| مــفعول | مــفاعیــل | مــفاعیــل | فــعولان | |
| ∪ — — | ∪ — — ∪ | ∪ — — ∪ | . — — ∪ | |

### ٥_ هەزەجی هەشتی موسەببەغ**:

ڕیتمی ئەم شیعرە لە (٤-٤-٤-٤) پێکهاتووە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| لە ژێر زولفی | سیاڕووی خسـ | تە دەر چـــاوی | لە دنیا کرد | |
| مــفاعیــلن | مــفاعیــلن | مــفاعیــلن | مــفاعیـــلان | |
| — — — ∪ | — — — ∪ | — — — ∪ | . — — — ∪ | |
| شەوێ دیم سوبـ | حـدەم گــۆیـا | دەری مـــەیـخا | نەیان وا کرد | (٣٥٧) |
| مــفاعیــلن | مــفاعیــلن | مــفاعیــلن | مــفاعیـــلان | |
| — — — ∪ | — — — ∪ | — — — ∪ | . — — — ∪ | |

هەواڵنامەی کتێب

*لابردنی پیتی وەستاوی سەبەبی سووک و وەستاندنی پیتی پێشەوەی لە کۆتایی پێدا.
**زیادکردنی پیتێکی وەستاوە بۆ سەبەبی سووکی کۆتایی پێ

٦_ هەزەجی هەشتی ئەخرەب:

ڕیتمی ئەم قاڵبە کێشە (٣-٤-٣-٤) "**وەفایی**" تەنیا یەک نموونەی بەمجۆرە کێشە هۆنیوەتەوە، ئەمەش پەیوەست نییە بە بێهێزی، یان کەمی مۆسیقا و ڕیتم لەم قاڵبەدا، بەڵکو دەروون وەڵامی خواستەکانی شاعیری داوەتەوە بۆ هەڵبژێردنی ڕیتم و مۆسیقای ئەم کێش و قاڵبە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| یـــارم کە | قەدی بەرزی | سەت نەخلی | شەجەر دێنێ | |
| مـــفعول | مـــفاعیـــلن | مـــفعول | مـــفاعیـــلن | |
| ∪ _ _ | ∪ _ _ _ | ∪ _ _ | ∪ _ _ _ | |
| پـــەروینی | شـــەکەربەندی | ســـەت ڕشتە | گوهەر دێنێ | (٣٥٧) |
| مـــفعول | مـــفاعیـــلن | مـــفعول | مـــفاعیـــلن | |
| ∪ _ _ | ∪ _ _ _ | ∪ _ _ | ∪ _ _ _ | |

**خشتەی ٢,١:** جۆر و قاڵبەکانی کێشی هەزەج

| ژمارە | جۆر و قاڵبەکانی کێشی هەزەج | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | هەزەجی هەشتی تەواو | ٤١ | %٢٨,٢٧ |
| ٢ | هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف | ٢٥ | %١٧,٢٤ |
| ٣ | هەزەجی شەشی مەحزووف | ٧ | %٤,٨٢ |
| ٤ | هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور | ٤ | %٢,٧٥ |
| ٥ | هەزەجی هەشتی موسەببەغ | ٢ | %١,٣٧ |
| ٦ | هەزەجی هەشتی ئەخرەب | ١ | %٠,٦٨ |

## ٢,١,١,٢ کێشی ڕەمەل

(ڕەمەل) وشەیەکی عەرەبییە، بەمانای گریچنی حەسیر هاتووە، بەهۆی چوونە ناو یەکتری وەتەدەکان لە سەبەبەکان (فا-علا-تن)[١].

وەکو زاراوەش ئەو کێشە لای "**خەلیلی فەراهیدی**" بە دووبارەبوونەوەی سێجاری پێی (فاعلاتن) هاتووە. لە کوردی و فارسیدا بەشێوەی هەشت هەنگاوی و شەش هەنگاوییە. ڕەمەل بەحری نەرم و ناسکی گۆرانییە.

(دەربڕینی سووکە بەهۆی خێرایی گۆکردنی و بەدواییەکداهاتنی لەتەکانی)[٢]. یەکێکە لە کێشە زۆر بەکارهاتووەکان لای شاعیرانی کلاسیزمی کوردی، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەوەبێت، کە ڕەمەل ((کێشێکی سووک و خۆشە، لەگەڵ ئاواز و ئاهەنگ و ڕیتمی گۆرانی و چەپڵەڕێزاندا زۆر ڕێک و کۆکە))[٣].

گوێگر ئارەزووی بیستنی دەکات، چێژ لە ڕیتمەکانی وەردەگرێت. نموونەی ئەمجۆرە کێشە لای "**وەفایی**" زۆر دەبینرێت و لە پلەی دووەمی بەکارهێنانی دێت (٢٩,٦١%). لێرەدا قاڵبە بەکارهاتووەکانی لای شاعیر دەخەینەڕوو:

### ١_ ڕەمەلی هەشتی مەحزوف:

ئەم قاڵبە کێشەی ڕەمەل بەشێوەی (٤-٤-٤-٣) هاتوون، (عەرووز و زەرب) بەهۆی حەزفەوە، مۆسیقاییێکی خێراتریان لە پێیەکانی پێش خۆی هەیە، کورتکردنەوەی مۆسیقای کۆتایی جووڵە و خێراییەکی زیاتر دەبەخشێت و کاتی دەستپێکردنەوە بۆ دێرێکی دیکە، خێراتر دەبێت.

[١] حسن حسني ، موسيقا اشعر و العروض، ص٢٢٤.
[٢] سەرچاوەی ص(٢٢٤).
[٣] عەبدوڵڵا خدر مەولوود ، عەرووز یا کێشناسی، چاپخانەی پاک، هەولێر، ٢٠١٠، لا٥٢.



هەواڵنامەی کتێب

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گەردشی چا | وت قـەراری | عاشقی مس | کین دەبا | |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن | |
| _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | _ ∪ _ | |
| ساحری چاو | بەستە ئاری | دڵ دەکێشێ | دین دەبا | (١٣٥) |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلن | |
| _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | _ ∪ _ | |

## ٢_ ڕەمەلی هەشتی مەقسوور:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| یا ڕسووڵوڵ | لا دەخیلەک | ڕووم نییە بێ | مە حزوور | |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فعلان | |
| _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | ∪∪ _ . | |
| وەک دزان گەر | دن کەچ و شەر | مەندە وێستا | وم لە دوور | (١٧٤) |
| فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلاتن | فاعلان | |
| _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | _ ∪ _ _ | _ ∪ _ . | |

## ٣_ ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف:

مۆسیقا و ڕیتمی ئەم کێشە سووکە و خێرا لە دەم دێتە دەرەوە، هەردوو هۆکاری کێشەکە -کە ڕەمەلە-کە خۆی (کێشێکی خێرایە، بەهۆی بەدواییەکداهاتنی پێی "فاعلاتن")[١] و هەروەها کورتکردنەوەی برگەی کۆتایی پێیەکان، مۆسیقاکەی لە خاوبوونەوە پاراستووە، لەکۆتاییدا مۆسیقاییێکی خێرای بە شیعرەکە بەخشیووە.

[١]عەزیز گەردی ، کێشناسی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانە/ کتێبخانەی ڕانیە، ڕانیە، ٢٠١٤، لا٦٣.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەی سەبا تێکــ | مەدە تــۆ پەر | چــەم و کــاکــۆ | ڵی گوڵە | |
| فــاعلاتــن | فــعلاتــن | فــاعلاتــن | فــعلــن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪∪ | _ _ ∪∪ | _ ∪∪ | |
| زولف و کاکۆ | ڵی گوڵە مەســ | کــەنی سەت پا | رە دڵــە | (٢٧١) |
| فــاعلاتــن | فــعلاتــن | فــعلاتــن | فــعلــن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪∪ | _ _ ∪ ∪ | _ ∪ ∪ | |

**٤_ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسڵەم*:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نێــر گسە غا | رەتی دین پەر | چـــەمـە شــێوا | ویی دڵ | |
| فــاعلاتــن | فــعلاتــن | فــعلاتــن | فــع لــن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪∪ | _ _ ∪∪ | _ _ | |
| هەریـــەکەی ئا | فەت و فیتنەی | ســەری مەولا | یـــێــکە | (٢٦٩) |
| فــاعلاتــن | فــعلاتــن | فــعلاتــن | فــع لــن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪∪ | _ _ ∪ ∪ | _ _ | |

**٥_ ڕەمەلی هەشتی تەواو**

مۆسیقای ئەم قاڵبە کێشە هیچ گۆڕانکارییەکیان وەرنەگرتووە، بەڵکو(عەرووز و زەرب) لەسەر ڕیتم و مۆسیقای پێیەکانی دیکە دەڕۆن، بۆیە مۆسیقاییێکی نەرم و دریژی

* سەلم لای کورد و فارس بریتییە لە: (حەزف+قەتع) بەسەر پێی (فاعلاتن)دا دێت. دیارە کە حەزف بەسەر (فاعلاتن)دا دێت دەیکات بە (فاعلا) و، قەتعیش بریتییە لە لابردنی پیتی وەستاوی وەتەدی کۆی کۆتایی پێ و وەستاندنی پیتی پێشەوەی. بڕوانە (یادگار ڕەسول باڵەکی، عەرووز وەک پێوەرێک بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، لا ٣٣.

بەخۆوە گرتووە، کە جۆرێک لە خاوبوونەوە لە چاو قاڵبەکانی دیکەی ڕەمەل لەخۆی دەگرێت.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شەرحی دەردی | ئارەزوومەنـــ | دی لەکەس تەئـ | ســیری نابێ | |
| فـاعلاتـن | فـاعلاتـن | فـاعلاتـن | فـاعلاتـن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪∪ | _ _ ∪ _ | |
| ئەو کەسە دەر | دم دەزانـێ | گەر لە یـــاری | خۆی جودا بێ | (٣٢٩) |
| فـاعلاتـن | فـاعلاتـن | فـاعلاتـن | فـاعلاتـن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | |

**٦_ ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزوف:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| قەد گوڵ و ڕوو | ڕوو گوڵ و داما | نی گوڵــە | |
| فاعـــلاتن | فعـــلاتن | فعـــلن | |
| _ _∪ _ | _ _ ∪∪ | _ ∪∪ | |
| ڕاستە ئەمـــڕۆ گو | ڵـــە خـــەرما | نی گوڵە | (٢٧٠) |
| فاعـــلاتن | فعـــلاتن | فعـــلن | |
| _ _∪ _ | _ _ ∪∪ | _ ∪∪ | |

هەواڵنامەی کتێب

**خشتەی ٢،٢:** جۆر و قاڵبەکانی کێشی ڕەمەل

| ژمارە | جۆر و قاڵبەکانی کێشی ڕەمەل | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەمەلی هەشتی مەحزووف | ٢٥ | %١٧,٢٤ |
| ٢ | ڕەمەلی هەشتی مەقسوور | ٩ | %٦,٢٠ |
| ٣ | ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف | ٦ | %٤,١٣ |
| ٤ | ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی ئەسڵەم | ١ | %٠,٦٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥ | ڕەمەلی هەشتی تەواو | ١ | %٠,٦٨ |
| ٦ | ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف | ١ | %٠,٦٨ |

### ٣,١,١,٢ کێشی ڕەجەز

ئەم کێشە لە کێشە خۆشئاوازەکانی عەرووزە، دەکەوێتە بازنەی سێیەم. (بەپێی بۆچوونی هەندێک لە لێکۆڵەران یەکەم بەحری شیعرییە، کە پەیدابووە)[1]. لەبەر سووکی و ئاسانی هۆنینەوەی لای عەرووزەوانان بە (کەری شاعیران) ناوی دەرکردووە[2].

ئەوەی کێشی ڕەجەزی تایبەتمەند کردووە، ئەوەیە کە شاعیر دەتوانێت لە ئەزموونی جیاوازی شیعری خۆیدا بەکاریبهێنێت.

چونکە ئەم کێشە هەردوو دژی (خێرایی و سستیی تیایدا بەدیدەکرێ...توانای هاندانی هەیە و بۆ دەربڕینی هەڵچوونەکانی دەروون دەشێت)[3].

ئەم سیفەتانەش جوانییەکی هەمەجۆری بەم کێشە بەخشیوە. ئەم کێشە دووجار و بە دوو شێوەی جیاواز لای "**وەفایی**" بەکارهاتوون، بەشێوەی (هەشتی ئەویتریان (چواری)یە ، کە دوو مۆسیقای جیاوازیان هەیە. ئەم کێشە بەڕێژەی (%٣,٤٣)بەکارهاتووە.

---

[1] حسن حسني ، موسيقا اشعر و العروض، ص٢٢٠.
[2] إبراهيم محمود خليل، عروض الشعر العربي، ص١٦١.
[3] موفق قاسم الخاتوني، دلاله الايقاع و ايقاع الدلاله في الخطاب الشعري الحديث قراءه في شعر محمد صابر عبيد، ص٦.

### أ ــ ڕەجەزی هەشتی تەواو:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەی دڵ وەرە | هوشیار ببــە | هـــذا الطريــــ | ق العاشـــقين | |
| مســـتفعلـن | مســـتفعلـن | مســـتفعلـن | مســـتفعلـن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | |
| زولف و کاکۆ | ڵی گوڵە مەســ | هـــذا الطريــــ | ق العاشـــقين | (٢٣٨) |
| مســـتفعلـن | مســـتفعلـن | مســـتفعلـن | مســـتفعلـن | |
| _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | |

ڕەجەز خۆی قاڵبە کێشێکە مۆسیقاییێکی توند و (نیمچە شلەژاوی هەیە)[1]. قاڵبە کێشەکەش زۆرجوان لەگەڵ بارە دەروونییەکە یەکدەگرێتەوە، کە جۆش و تۆنێک لە ئاوازەکەدا هەیە، کە خودی "وشیارکردنەوەی دڵ" بەو نەغمەیە دڵ و گیان جۆشش دەسەنن بۆ ڕابوون و بەئاگاهاتنەوە.

### ٢ ــ ڕەجەزی چواری موڕڕەفەل*:

| | | |
|---|---|---|
| نەخۆش و مەستی | دوو چاوی کاڵم | |
| مســـتفعلاتــن | مســـتفعلاتــن | |
| _ _ ∪ _ _ | _ _ ∪ _ _ | |
| حەقم بەدەستە | ئەگــەر بناڵــم | (١٩٦) |
| مســـتفعلاتــن | مســـتفعلاتــن | |
| _ _ ∪ _ _ | _ _ ∪ _ _ | |

هەواڵنامەی کتێب

[1] عەزیز گەردی ، کێشناسی کوردی، لا٦٣.
*زیادکردنی سەبەبێکی سووکە بۆ وەتەدی کۆی کۆتایی پێ.

هەرچەندە پێیەکانی ئەم قاڵبە کێشە کورتن و ماوەی خایاندنیان کەمە، بەڵام بەدەر نییە لە چێژی ئیستاتیکییەت و مۆسیقای شیعری.

**خشتەی ٣,٢:** جۆر و قاڵبەکانی کێشی ڕەجەز

| ژمارە | جۆر و قاڵبەکانی کێشی ڕەجەز | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕەجەزی هەشتی تەواو | ٤ | ٢,٧٥ |
| ٢ | ڕەجەزی چواری مورڕەفەل | ١ | ٠,٦٨ |

### ٤,١,١,٢ کێشی موزاریع:

ئەم کێشە کێشێکی لێکدراوە، چونکە لە دوو هەنگاوی (مفاعیلن، فاع لاتن) پێکهاتووە. هەرچەندە ئەم کێشە لە زمانی عەرەبییدا لە کێشە ناباوەکانە، بەڵام لای شاعیرانی کورد بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهاتووە.

بەهۆی (کێشە سووکەکەیەوەیە، کە دەتواندرێ بۆ بابەتە سووکەکانی وەکو غەزەل و گۆرانی بەگشتی بەکاربهێندرێت)[١]. یان بەهۆی نزیکی ڕیتم و مۆسیقای ئەم کێشە لەگەڵ هەردوو کێشی (هەزەج و ڕەمەل)ەوە بێت[٢].

"**وەفایی**" تەنیا دوو قاڵبی لەم کێشە بەکارهێناوە، واتە (٢,٧٤%)ی شیعرەکانی بەم کێشە هۆنیوەتەوە.

---
[١]حسن حسني ، موسيقا الشعر و العروض، ص٢٥٢.
[٢]عەبدوڵڵا خدر مەولوود ، عەرووز یا کێشناسی، ل٥٩.

**١ـ موزاریعی هەشتی ئەخرەب:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تاییـــکی | ریـــشەیی دڵ | بـە نــووکـــی | غەمزە دادا | |
| مفعـــول | فـــاع لاتن | مفعـــول | فـــاع لاتن | |
| ∪ _ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | |
| دەستێکی | بـۆ ســـەما برد | ڕووبەنـــدی | ماهی لادا | (٣٤٧) |
| مفعـــول | فـــاع لاتن | مفعـــول | فـــاع لاتن | |
| ∪ _ _ | _ _ ∪ _ | ∪ _ _ | _ _ ∪ _ | |

مۆسیقای ئەم قاڵبە لە دوو پێی جیاواز هاتووون، بەڵام هێنانەوەی پێیە جیاوازەکان بەدواییەکتریدا و دووبارەبوونەوەی یەکە ڕیتمییەکان بەشێوەیەکی ڕێک، مۆسیقای شیعرەکەی بەهێزکردووە.

**٢ـ موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزوف:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| هەی خۆش خە | بــەر نـەسـیمی | سەحەر پەیکی | عاشقان | |
| مفعـــول | فـــاعلات | مفـــاعیل | فـــاعلن | |
| ∪ _ _ | ∪ _ ∪ _ | ∪ _ ∪ _ | _ ∪ _ | |
| هەی قـــاسیـ | دی نـــیـــازی | هەر ئاوارە | وا وەرە | (٣٤٧) |
| مفعـــول | فـــاعلات | مفـــاعیل | فـــاعلن | |
| ∪ _ _ | ∪ _ ∪ _ | ∪ _ _ ∪ | _ ∪ _ | |

بەکارهێنانی نموونەی ئەمجۆرە قاڵب و کێشە لەیەک شیعری شاعیردا دەبینرێت.

هەوالنامەی کتێب

**خشتەی ٤,٢:** جۆر و قاڵبەکانی کێشی موزاریع

| ژمارە | جۆر و قاڵبەکانی کێشی موزاریع | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | موزاریعی هەشتی ئەخرەب | ٣ | %٢,٠٦ |
| ٢ | موزاریعی هەشتی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف | ١ | %٠,٦٨ |

**٥,١,١,٢ کێشی بەسیت:**

ئەم کێشە لەبازنەی یەکەمدایە لەکێشە تێکەڵەکانە، کە لە پێیەکانی (مستفعلن و فاعلن) پێکهاتووە.

کێشی بەسیت ((لە کێشە درێژەکانە بۆ زۆر بابەتی جیا جیا بەکاردێ. لەم رووەوە لە تەویل نزیک دەبێتەوە))[١].

ئەم کێشە بەدەر نییە لە نەغمەی مۆسیقی. "**بەسیت**" لە زمانی عەرەبییدا، بەڕێژەیەکی زۆر بەکارهاتووە، بەزۆری بۆ شیعری گۆرانی بەکارهاتووە، بەهۆی ئەو نەغمەیەی کە پێیەکانەوە دەردەچێت، چێژێکی خۆش دەبەخشێت. هەروەها بۆ بابەتی پێداهەڵدان و شیعرە سۆفیگەرییەکانیش بەکارهاتووە.

بە تایبەت (بۆ پیاهەڵدانی پێغەمبەریان بەکارهێناوە، هەرلەبەرئەوە هەندێکیان بە کێشی دەروێشەکان ناویان بردووە)[٢]. "**وەفایی**" تەنیا یەک شیعری بەم کێشە هۆنیوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

[١] عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا٢٠٦.

[٢] یاسین عایش خلیل، علم العروض، ص١٤٤.

### ١ــ بەسیتی هەشتی موززال*:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دێن و دەچــن | سرک و سـڵ | دەست** بەندییا | نە لە دڵ | |
| مســتفعلن | فـــاعلن | مســـتفعلن | فـــاعلن | |
| _ ∪ _ _ | _ ∪ _ | _ _ ∪ _ | _ ∪ _ | |
| نـــارەوەن و | سەر و گوڵ | لە شـــایی بـــوو | کـــی بەهـــار | (١٦٥) |
| مســتفعلن | فـــاعلن | مـــفاعلن | فـــاعلان | |
| _ ∪ _ _ | _ ∪ _ | _ ∪ _ ∪ | . _ ∪ _ | |

چێژی ئەم مۆسیقا لە ڕیتمە خاوەکەیەتی، بەهاریش پێویستی بەوەسف و وردەکاری هەیە، تا وێنە جوانەکەی بکێشرێت، زمانی وەسفیش پێویستی بە مۆسیقاییێکی نەرمە بۆ باشتر گەیاندنی پەیامی مەبەستدار، مۆسیقای کێشی "بەسیت"، لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی بە جوانی ئاوێزانی یەکتر کراون، بەمەش شاعیر مۆسیقاییێکی سەرتاسەری بۆ شیعرەکە دروستکردووە.

**خشتەی ٥,٢:** جۆر و قاڵبەکانی کێشی بەسیت

| ژمارە | جۆر و قاڵبەکانی کێشی بەسیت | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | بەسیتی هەشتی موززال | ١ | %٠,٦٨ |

*زیادکردنی پیتێکی وەستاوە بۆ وەتەدی کۆی کۆتایی پێ.

** لەکاتی خوێندنەوەدا دەنگی (ت)ی وشەی دەست، ناخوێندرێتەوە، هەرچەندە هاتنەوە و لادانی کار لە کێشی شیعرەکە ناکات.

### ٦,١,١,٢ کێشی موجتەس

وشەی موجتەس "مجتث" لە زمانی عەرەبییدا بە واتای لێپچڕاو، یان داپچڕاو هاتووە. لەبازنەی عەرووزیدا ئەم کێشە لە دووبارەکردنەوەی هەنگاوەکانی (مستفع لن فاعلاتن فاعلاتن) دروست دەبێت.

بەڵام ((ئەم کێشە لە کوردیدا لەجیاتی چوار، هەشت تەفعیلەی هەیە و هەمیشە "مستفعلن" لە شێوەی "مفاعلن" دادەبینین))[١]. ڕیتم و مۆسیقای ئەم کێشە شەپۆڵدانێکی نەرمونیان و بەجۆشی هەیە و مۆسیقاکەی لە کێشی (تەویل)ی عەرەبی نزیک دەبێتەوە[٢].

زۆر شاعیری کورد شیعریان لەسەر ئەم قاڵبە کێشە هۆنیوەتەوە، نموونەی ئەم کێشە لای "**وەفایی**" لە یەک نموونە تێناپەڕێت.

**١ــ موجتەسی هەشتی مەخبون:**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەرێ حـەبیـ | ـبـی ڕەوانـــم | تەبیـــبی دەر | دی جودایی | |
| مفـــاعلن | فـــعلاتن | مفـــاعلن | فـــعلاتن | |
| ـ ∪ ـ ∪ | ـ ـ ∪∪ | ـ ∪ ـ ∪ | ـ ـ ∪∪ | |
| چنین تـو عهـ | د شـــکـن یـا | شـوخ دیـــ | دە چـرایی | (٣٢٢) |
| مفـــاعلن | فـــعلاتن | مـــفاعلن | فـــعلاتن | |
| ـ ∪ ـ ∪ | ـ ـ ∪∪ | ـ ∪ ـ ∪ | ـ ـ ∪∪ | |

**خشتەی ٦,٢:** جۆر و قاڵبەکانی کێشی موجتەس

| ژمارە | جۆر و قاڵبەکانی کێشی موجتەس | ژمارەی تێکست | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | موجتەسی هەشتی مەخبون | ١ | %٠,٦٨ |

[١] عبدالرزاق بیمار، کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی، لا١١٩.
[٢] سەرچاوەی پێشوو، لا١١٩.



هەوالنامەی کتێب

### ٧,١,١,٢ کێشی سەریع

ئەم کێشە هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە، لە گۆکردندا خێرایە (بەهۆی زۆری سەبەبی سووک تیایدا، چونکە سەبەبەکان خێراتر لە وەتەدەکان گۆ دەکرێن)[١]. پێییەکانی ئەم کێشە لەدوو هەنگاوی (مستفعلن و مفعولات) پێکدێت، هەرچەندە ئەم کێشە (نە لە عەرەبی و نە لە فارسی و نە لە کوریدا بەتەواوی بەکارنەهاتووە)[٢]. مۆسیقای ئەم کێشە نزیکە لە ڕیتم و مۆسیقای کێشی ڕەجەز، بەڵام کێشی سەریع (ئاوازێکی گۆرانیی زۆر جوانتری تیادایە لە ڕەجەز و زۆر لەو سوکترە، بەحری سەریع بۆ شاعیر نەرم نابێ وەکو ڕەجەز)[٣].

لەلایەکی دیکە لە بەحری کامل نزیک دەبێتەوە، کە شاردنەوە و خێرایی تیادایە[٤]. لەبەر شیرینی مۆسیقاکەی بەزۆری بۆ بابەتەکانی ((وەسف و نیشتیمانی بابەتە پەرۆشییەکان)) بەکارهاتووە[٥]. "**وەفایی**"یش تەنیا یەک نموونەی لەسەر ئەم قاڵبە کێشەدا هۆنیوەتەوە.

**١ــ سەریعی شەشی مەتویی* مەکشوف**:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەم ڕوخ و لەب | مەیــــلی گــوڵســـــ | تان مەکە | |
| مفتعـــلن | مفتعـــلن | فاعلـــن | |
| ـ ∪∪ ـ | ـ ∪∪ ـ | ـ ∪ ـ | |
| هەتکی گــوڵ و | خونچەیی خەنــــ | دان مەکە | (٢٦٧) |
| مفتعـــلن | مفتعـــلن | فاعلـــن | |
| ـ ∪∪ ـ | ـ ∪∪ ـ | ـ ∪ ـ | |

---

[١] یاسین عایش خلیل، علم العروض، ص١٣٨.

[٢] عەزیز گەردی ، کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا١٧٢.

[٣] إبراهیم محمود خلیل، عروض الشعر العربي، ص٢٠٠.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٠٠.

[٥] حسن حسني ، موسیقا الشعر و العروض، ص٢٣٥.

* لابردنی پیتی وەستاوی چوارەمی پێیە لە سەبەبدا.


** لابردنی دوا پیتی بزواوی وەتەدی بڵاوە لە (مفعولات)

خۆش هاتنە سەر دەم و ئاوازە شیرینەکەی ئەم شیعرە لە کێشی سەریعەوە دەردەچێت. کە خۆی لە مۆسیقاییێکی خێرا و بەجۆشدا دەبینێتەوە.

**خشتەی ٧,٢:** جۆر و قاڵبەکانی کێشی سەریع

| ژمارە | جۆر و قاڵبەکانی کێشی سەریع | ژمارەی تێکست | رێژە |
|---|---|---|---|
| ١ | سەریعی شەشی مەتوی مەکشوف | ١ | %٠,٦٨ |

لێرەدا ئامارێک بۆ کێشی شیعرە کوردییەکانی شاعیر دەخەینەڕوو، کە تیایدا جۆر و ژمارە و رێژەی کێشە بەکارهاتووەکان بەدیار دەخات:




هەواڵنامەی کتێب

**هێلکاری ١,٢:** رێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی کێش لە شیعرەکانی "وەفایی"دا

### ٨,١,١,٢ ئەو شیعرانەی وەفایی کە بە کێشی خۆماڵی دانراون یا ساغنەکراونەتەوە:

"وەفایی" نزیکەی (٩) شیعری هەن، کە تا ئێستا لەناو عەرووزناسان و ئەوانەی لە شیعری "**وەفایی**"یان کۆڵیوەتەوە نەیانتوانیوە کێشەکەی بە تەواوی ساغبکەنەوە، یان ئەوەتە خۆیان لێ لاداوە، یانیش ئەوەتە بە داهێنانی کێش لای "**وەفایی**" ناویان بردووە. "**د. عەزیز گەردی**"، کە بە یەکێک لە پێشەنگەکانی عەرووز و عەرووز ناسی دادەندرێت، لە کتێبێکدا بەناوی (**ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی**)دا شیعری (٨٢) شاعیری کلاسیکی لێکداوەتەوە. لە وەفاییدا (١٢٥) شیعری لێکداوەتەوە، بەڵام خۆی لەم شیعرانە بواردووە، کە بۆی ساغنەکراوەتەوە. هەروەک خۆی، دەڵێت:

((من کاتی خۆی لەکێشی ئەم شیعرانە دوو دڵ بووم، ئێستاش هەروایە، بە قەناعەتی تەواو بۆم یەکلانەبوونەتەوە، هەرچەندە هەندێکیان-نەک هەموویان- بە دەستکاری و لێکدانەوەی کەم بەبەر هەندێ قاڵبە کێش دەکەون، بەڵام وەکو گوتم، من هێشتا قەناعەتم بە بۆچوونەکان نەهاتووە...))[١].

"**هێمن**"ی شاعیریش دەربارەی کێشی شیعری "ئارەق ڕووی داگرتی لەبەر پێکەنینت..."دا، دەڵێت:

((کێشی ئەم غەزەلە وا وێدەچێ ئیبداعی خۆی بێ لە دیوانی هیچ شاعیرێکی کوردیدا کێشی وام نەدیوە و بیرم نایە لە شیعری فارسیشدا وێنەم دیبێ)). هەروەها "**مستەفا سەید مینە**" لە نامەی ماستەرەکەیدا هەمان بۆچوونی "**هێمن**" دووپات دەکاتەوە و بە یەکێک لە داهێنانەکانی "**وەفایی**" لە بواری کێشدا دایدەنێت و بە کێشی بڕگەیی لێکی داونەتەوە[٢]. "**د.سەردار گەردی**"یش پێی وایە "**وەفایی**" هەندێک شیعری بە کێشی بڕگەیی نووسیوە[٣]. "**د.عوسمان دەشتی**"یش، لە پەراوێزی ئەم شیعرانەدا هەر بە بڕگەیی هەژمار کردوون[٤]. "**عەلائەددین سەجادی**"یش دەربارەی شیعری (لەبەر نازی چاوبازان..)هوە، دەڵێت: هەندێک کێش و ئاوازە هەن لە کوردیدا، کە لە وەزنی عەرووزی وێنەی نییە. بۆ

---

[١] مستەفا سەید مینە مستەفا، پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خواروودا، لا٢٨٣.

[٢] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٨٢.

[٣] سەردار ئەحمەد گەردی ، کاریگەری مۆسیقای غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی، لا١٤.

[٤] بڕوانە دیوانی وەفایی لا (١٥٨،١٨٢،١٨٤،٢٠٧،٢٢٧،٢٨٩،٢٩٢،٢٩٩،٣٣٢،٣٣٦).

ئەمەش پێشنیازی وەزنێک دەکات بۆ ئەم شیعرانە، کە تایبەت بێ بە کێشی کوردی، ئەمەش جیا دەبێت لە کێشی خۆماڵی[1].

بێگومان ئێمەش لەکاتی لێکۆڵینەوە تووشی هەمان ئاستەنگی لێکۆڵەران بووینەوە، بەڵام بە پشت بەستن بەو پەراوێزانەی کە کاتی خۆی "**د.محەمەد بەکر**" لە دیوانی "**وەفایی**"یدا تۆماری کردوون و باوەڕی پتەوی خۆمان بە بەکارهێنانی کێشی عەرووزی لای "**وەفایی**" بە ڕەچاوکردنی سەردەمەکەی هەوڵی لێکدانەوەی بەشێکی ئەو شیعرانە دەدەین، هەرچەندە ئەم کێشانە لەسەر هەموو دێرەکاندا جێبەجێ نابێت، بەڵام ئێمە هەوڵماندا‌وە ئەو دێرانە وەربگرین، کە پێیەکانی کێشەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، بەئومێدی ئەوەی ئەگەر چارەسەرێکی بنەڕەتیش نەبێت، بەردێک بخەینە ئەو ئاوە وەستاوەوە.

هەواڵنامەی کتێب

١_ **ڕەمەلی هەشتی مەشکول*** (فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن) ڕیتمەکەی (٤ ٤ ٤ ٤)ە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سەرەکەم فیـــ | دات عەزیزم | وەرە زیـــز مە | بە لەسەر دڵ | |
| فـــعلات | فـــاعلاتن | فـــعلات | فـــعلاتن | |
| ∪ _ ∪ ∪ | _ _ ∪ _ | ∪ _ ∪ ∪ | _ _ ∪∪ | |
| سەرەپایە | بەنـــدی تـۆیە | دڵـە مـــاڵـــی | خۆت هەتا بم | (١٨٢) |
| فـــعلات | فـــاعلاتن | فـــعلات | فـــاعلاتن | |
| ∪∪ _∪ | _ _ ∪ _ | ∪ ∪ _ ∪ | _ _ ∪ _ | |

ئەم شیعرەش لەسەر هەمان کێش و ڕیتمە:

[1] علاء الدین سجادی، نرخ شناسی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٦٩،ل١٢٥-١٢٧.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| سەرەپـــایی | بـــەرزی تـــۆیە | دڵـــە مــــاڵـــی | خۆت هەتابم | |
| فـــعلات | فـــاعلاتن | فـــعلات | فـــاعلاتن | |
| ∪∪ _ ∪ | _ _ ∪ _ | ∪ _ ∪ ∪ | _ _ ∪ _ | |
| سەرەکەت فیـــ | دات عـــەزیـزم | وەرە زیـــز مــە | بە لەسەر دڵ | (١٨٥) |
| فـــعلات | فـــاعلاتن | فـــعلات | فـــاعلاتن | |
| ∪∪ _ ∪ | _ _ ∪ _ | ∪ ∪ _ ∪ | _ _ ∪ _ | |

ئەم شیعرەش لەسەر هەمان کێش و ڕیتمە:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گـوڵەکـەم*دە | لێـــن ئەوا دێ | هەمــو وەخـــتی | چاوە چاوم | |
| فـــعلات | فـــاعلاتن | فـــعلات | فـــاعلاتن | |
| ∪∪ _ ∪ | _ _ ∪ _ | ∪ _ ∪ ∪ | _ _ ∪ _ | |
| ئەی خودا تۆ**بـ | ـڵێی وەها بێـ | بێـــتەوە ڕوو | نـاکی چاوم | (٢٠٧) |
| فـــعلات | فـــاعلاتن | فـــعلات | فـــاعلاتن | |
| ∪∪ _ ∪ | _ _ ∪ _ | ∪ ∪ _ ∪ | _ _ ∪ _ | |

هەواڵنامەی کتێب

* لە دیوانی بەردەست دا –عوسمان دەشتی– ئەم شیعرە ئاوا نووسراوە:
گوڵەکەم دەڵێن ئەوا دێ
هەموو وەختێ چاوە چاوم
بەڵام بۆ گونجاندنی لەگەڵ کێشی شیعرەکە دەبێت وەک شێوەی سەرەوە بینووسینەوە، لە چاپی محەمەد قەرەداخیش هەر بەو شێوەیە نووسراوە.
** ئەم برگەیەمان لاداوە، چونکە کێشەکەمان بۆ لەنگ دەکات، بۆیە دەکرێ هەڵەی دەستنووس یا چاپ یا هەڵە بەکارهێنانی لای شاعیر –کە تاڕادەیەک لە ڕاستیەوە دوورە– بێت.

## ٢ـ موزاریعی هەشتی ئەخرەب (مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەس عومری | مـــن بە بادە | ڕووت بـێـــنە | زولـفت لادە | |
| مفعـول | فاع لاتن | مفعـــول | فاع لاتن | |
| ∪_ _ | _ ∪ _ _ | ∪_ _ | _∪ _ _ | |
| دڵ بـــۆیـــە | نــامـــورادە | بـــەو شــــەوە | ڕۆژ گیراوە* | (٢٩٢) |
| مفعـــول | فـــاع لاتن | مفعـــول | فـــاع لاتن | |
| ∪_ _ | _ ∪ _ _ | ∪_ _ | _ ∪ _ _ | |

هەوڵنامەی کتێب

## ٣ـ بەسیتی هەشتی مەتوی:

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گەر وەکو زوڵ | فــی سیـاى | حەڵقە ببەســـ | تن صەفاى | |
| مفتعلن | فـــاعلن | مفتعلن | فـــاعلاتن | |
| _ ∪ ∪_- | _ ∪ _ | _ ∪ ∪ _ | _∪_ _ | |
| بمـــرە لـــەبەر | خــــاکی پاى | هەر بە ئەسیـــ | رى بکەوە | (٢٩٩) |
| مفتعلن | فـــاعلن | مفتعلن | فـــاعلن | |
| _ ∪ ∪_- | _ ∪ _ | _ ∪ ∪_- | _ ∪ _ | |

* محەمەد بەکر لە پاشکۆی کێبی (کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی)دا، هەمان کێشی بۆ دیاریکردووە، پێی وایە ئەم شیعرە لەسەر هەمان ئاوازی شیعری (شیرین تەشی دەڕێسێی هەیە) بڕوانە محەمەد بەکر، کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی، لا ١٨٢-١٨٣.

## ٤_ هەزەجی هەشتی ئەخرەم*:

| ئارەق ڕووی | داگـــــرتـــی | لەبـــــەر پێـــــ | کەنینت** | |
|---|---|---|---|---|
| مفعولـن | مفعول | مفعولـن | مفعولـن | |
| — — — | ∪ — — | — — هەر بـە | — — — | |
| بمرە لـــەبەر | خـــاکی پای | ئەسیـ مفعول | ری بکەوە | (٢٩٩) |
| مفعولـن | مفعولـن | مفعول | مفعولـن | |
| — — — | — — — | ∪ — — | — — — | |

_ _ _ _ _ _ _

هەرچەندە لە شیعرەکەدا هەندێک برگە هەن کورتن، بەڵام مۆسیقای شیعرەکە وا دەخوازێ لە کاتی خوێندنەوەدا بەدرێژی بخوێنرێنەوە و ئیشباع بکرێن. وەکو دیارە پێیەکانی (٢) و (٧) جگە لە (خەرم) (کەف)یشیان هاتۆتە سەر، کۆبوونەوەی (خەرم+کەف) پێی دەگوترێت خەرب. واتە پێیەکان لەنێوان (ئەخرەب) و (ئەخرەم)دان[١].

ئەگەرچی "**د.محەمەد بەکر**" کێشی شیعری (لەسەر چی لێم زیزی چ بووە چ قەوماوە.)ی بە (کێشی موتەقاریبی هەشتی تەواو) تۆمارکردووە، بەڵام کێشەکە لەگەڵ هیچ دێڕێکی شیعرەکە ناگونجێت، بۆیە تۆمارمان نەکرد. هەروەها لێکۆڵەر شیعرەکانی (ئەو چاوانەی خوماری نازن ..) و (ئەمان موتریب بێ ساقی وابێ..)ی بە خۆماڵی تۆمارکردووە، هەرچەندە لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم شیعرانە و ئەوانەی ماون ماون کە تەنیا (٣) شیعرن، دەکرێت بە کێشی عەرووزی هۆندرابنەوە، چونکە ئەوانەی بە برگەییش

هەوالنامەی کتێب

(*)لابردنی پیتی یەکەمی وەتەدی کۆی سەرەتای پێیە.

(**) کێشی ئەم شیعرە (عەزیز گەردی) لێکیداوەتەوە لە کتێبی کێشی شیعری کلاسیکی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا، لا٤٧.

(١)سەرچاوەی پێشوو، لا٤٧.

دانراون لە ڕووی ژمارەی بڕگەی دێرەکان هاوسەنگ نین و ژمارەیان کەم و زیاد دەکات، پێویستیان بە دووبارە ڕێکخستنەوە هەیە، بۆیە دەکرێت ئەم شیعرانە لەبەر چەند هۆیەک کێشەکانیان تێک چووبێت، لەوانە:

١_ زۆربەی شیعرەکانی وەفایی کێشی عەرووزین و هەروەها ئەو کێشانەی بەکارهێناوە، کە کێشی سووکن و لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی کوردی دەگونجێن، نەک کێشەکە خۆماڵی بێت.

٢_ کاریگەربوونی شاعیر بە مۆسیقا و گۆرانی وایکردووە، زۆرجار لەبەر ڕیتم و مۆسیقا و هەڵبژاردنی وشەی چێژدار کێش بکات بە قوربانی مۆسیقا ئەو مۆسیقای، کە لەناخیەوە هەڵدەقووڵێت، نەک مۆسیقاییک لە دەرەوە بەسەریدا بسەپێندرێت –کە کێشی عەرووزە–، واتە شاعیر ویستوویەتی هەستەکانی مۆسیقا بۆخۆیان هەڵبژێرن، نەوەک مۆسیقاکان فەرمان بەسەر هەستەکانیدا بکەن. جگە لەوەی کاتێک ڕیتمەکانی مۆسیقا بەبەر شیعردا دەکرێن، ئەم شیعرە، کە خۆی ڕیتمێکی دیاریکراوی هەیە و کارلێک لەگەڵ ڕیتمی ئاوازەکەی بۆدانراوە دەکات و گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەبەرئەوەی شیعرەکانی "**وەفایی**"ش زۆربەیان کراون بە گۆرانی ڕەنگە بەهۆی ئەو کارلێکی مۆسیقا بەسەر شیعرەکانییەوە بڕگەی زیاد و کەم، یان درێژ و کورت کردبێتەوە.

٣_ هۆیەکی دیکە ئەم شیعرانە دەکرێت بووبێتە قوربانی مێژوو، بەهۆی درەنگ تۆمارکردن و تێکچوون، یان فەوتانی بەشێکیان، کە لێکۆڵەر ناچار دەکات وشەی نزیک لە شوێن ئەو وشانە دابنێت، کە بە زەحمەت دەخوێندرێنەوە، یان تێیناگەن.

٤_ یانیش ئەوەتە دەستنووسەکان و ئەو کەسانەی شیعرەکانیان ساغکردووەتەوە شارەزای عەرووز نەبوونە، هەروەک ئەیبیبیان دەربارەی شیعری (ئەمان موتریب بێ ساقی وابێ..)ینووسیووە و دەڵێت:

((ئەم تێکستە لەباری کێش و ئاهەنگەوە وێران و لەسەر دەستی ڕوونووسکەرانی دیوانی وەفاییدا بە دەردی تێکستەکانی دیکە چووە، لە زۆر شوێندا لەگەڵی یەکانگیر و تێکەڵاوبووە))[1].

٥_ ئەو سەردەمەی، کە "**وەفایی**" شیعری تیادا نووسیووە، قۆناغی شیعری کلاسیک بووە، نەک لە شێوە لە ناوەڕۆکیشدا شیعری ئەوکات پەلی بۆ نوێکاری و گۆڕان نەداوە، بەڵکو درێژە پێدەری قۆناغی کلاسیزم بوو، کە "**وەفایی**" بە زۆربەیان کاریگەربوو بەتایبەت "**نالی**"، کە لە هەندێک شیعری "**وەفایی**"دا، بە ئاشکرا کاریگەری "**نالی**" بەسەرەوە دیارە.

٦_ یان ئەوەتە وەکو "د.سەردار گەردی" ئاماژەی پێدەکات، ((وەفایی شارەزاییەکی تەواوی لەسەر کێشی عەرووز نەبووە تەنیا پشتی بە گوێی مۆسیقی بەستووە))[2]، کە ئەمەش بۆچوونێکی لاوازە بەرانبەر شاعیرێکی بەتوانای، وەک "**وەفایی**".

### ٢,١,٢ سەروا

### ١,٢,١,٢ یەکێتی سەروا

هێنانەوەی دەنگێک، یان چەند دەنگێکە لە کۆتایی غەزەل و قەسیدەدا، بەشێوەیەکی یەکگرتوو تا کۆتایی غەزەل، یان قەسیدەکە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە. پێکهاتەکانی سەروا، ڕۆلێکی گرینگ دەبینن لە دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکە. "**وەفایی**"، وەک شاعیرێکی کلاسیکی کوردی پەیڕەوی ئەم سیستەمە سەرواییەی کردووە، سەروای جۆراو جۆری وەک: "سەروای ئاسایی و پێنجین و پێنج خشتەکی و چوارین"ی بەکارهێناوە. شاعیر (٧٦) شیعری بە سەروای ئاسایی هۆنیوەتەوە، بۆ نموونە:

کە هەستا زولفی رووی داپۆشی، من لەو داغە سووتاوم
ئیـــلاهی ئـــەی رەقیـب، ڕۆژی قیامـــەت بییـــە پێنـــاوم (٢٠٦)

---

[1] وەفایی (دیوان)، ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی/ عوسمان دەشتی ، چ/حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، لا٣٣٧.
[2] سەردار ئەحمەد گەردی (د)، کاریگەری مۆسیقای غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی،لا١٤.



هەولێرنامەی کتێب

لەم نموونەیەدا دەنگی فەرهەنگی سەروا /و/ یە و لە کۆتایی وشەکانی (سووتاوم، پێناوم) هاتووە، ئەم دەنگە بە دەنگی ڕەوی ناو دەبدرێ. دەنگی /ا/ بووەتە پێش رەوی و دەنگی /م/ کە مۆرفیمێکی ڕێزمانییە، بۆ ڕەوییەکە بووەتە پاش ڕەوی، ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکەی بەهێزتر کردووە.

"**وەفایی**" غەزەلێکی بێ (مطلع)ی نووسیووە، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسای غەزەلی کلاسیزمە*.

هەی خۆش خەبەر نەسیمی سەحەر پەیکی عاشقان

هەی قــاسیــــدی نیـــازی هـــەر ئـاوارە وا وەرە (٢٦٣)

زۆرجاریش شاعیر بۆ پتەوکردنی بنیاتی مۆسیقای شیعرەکەی وشەیەک، یان دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک لەدوای سەروا دووپات دەکاتەوە، کە ئەمەش لە زانستی عەرووزدا بە "پاش سەروا" ناونراوە. کە ئەویش بریتییە لە:

((ئەو وشە یان دەستەواژە یان ڕستەیە کە دوای وشەی سەروا لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعر بەهەمان مانا دووبارە دەبێتەوە))[1].

ئەو پاش سەروایەش دەکرێت (ناو یا فرمان، دەستەواژە یان ڕستەیەک یان ئەوەتە زیاتر لە ڕستەیەک) بێت و دووبارە بکرێتەوە، ئەو ڕیتم و مۆسیقای کە لە هەمان شوێن و بەهەمان واتا و لەماوە زەمەنییە یەکسانەکاندا دووبارە دەبێتەوە، دەبێتە جێ تێڕامانی بیسەر و هەستەکانی پەلکێشی خۆی دەکات، زووتر شیعرەکە وەردەگرێ و مۆسیقایەکە بە گوێی ئاشنا دەبێت. "**وەفایش**" لەنزیکەی (٥٥)شیعری خۆیدا پاش سەروای بەکارهێناوە، درکی بە هەستی بەهێزی مۆسیقاکەی کردووە. ئەمەش توانا و دەسەڵات

---

*لە شیعری کلاسیکدا هەردەم مەتلەعی یەکەمی شیعر دەبێت هاوسەروابێت، لەگەڵ سەروای گشتی شیعرەکە یەکبگرێتەوە.

[1]عەزیز گەردی، سەروا، ل١٦٣.

فراوانی شاعیر لە داڕشتن و لە دروستکردنی مۆسیقای شاعیر نیشاندەدا. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە لە شیعرەکانی:

بە چاوان غەمزەوو ئیما مەفەرموو

بە قەتڵی عاشقی شەیدا مەفەرموو (٢٥٠)

لەم شیعرەدا جگە لەسەروای گشتی قەسیدە، ڕستەی (مەفەرموو)، وەک دوا سەروا لەهەموو غەزەلەکە دووپات بووەتەوە، خوێنەریش پێشبینی دووبارەکردنەوەی دەکات، ئەویش بەهۆی ئەو مۆسیقایەی، کە شاعیر هەر لە دەستپێکەوە گوێی خوێنەری پێ ئاشنا کردووە.

**٢,٢,١,٢ سەروای کۆپلە بەند**

"**وەفایی**" جگە لە سەروای یەکگرتوو چەند شیعرێکی لەسەر شێوەی پارچە "کۆپلە" نووسیوە، ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لەم جۆرە سەروایە لای شاعیر.

**پێنجین:**

بەکارهێنانی ئەم هونەرە لای "**وەفایی**" گرینگی خۆی هەیە، بەوەی کە (١٠)* شیعری بەشێوەی پێنجین هۆنیوەتەوە. لێرەدا تەنیا نموونەیەک دەخەینە ڕوو:

فەرمــوویە کە مـن پادشـەهــی، حوســنی دلارام

خورشـــید و مەهــن، ئاییـنــەداری ڕوخی زیبـام

فیــردەوســی جەماڵــم، بە نیهالی قەدی تووبـام

یەعنی بە دولەب، ساحیبی ئیعجازی مەسیحام

*لە لاپەرەکانی (٢٠٣،١٨٤،١٨٠،١٥٩،٢٢١،٣٥٥،٣٤٧،٣٠٨،٢٧٧،٢٥١)

هەواڵنامەی کتێب

ماچێـکی دەمـم کافییــە بــۆ کـوژتەیی بــاڵام

فینجــانی دەمــت ساغیـری یــاقووتــی ڕەوانە

وەک نەشئــی حەیــاتی دڵـــە، یاقووتــی ڕەوانە

ئـەو چــاوە تــەبیـبـە و بەڵــەدی دەردی دڵانە

عیللـــەت چییــە بۆ مــن کــە حەکیـمێکی نەزانە

جێی نەشتەری وی ئاگری بەردا دڵ و سووتـام (١٨٠)

ئەم پێنجینە (٧) بەندە، بەندی یەکەم سەرواکەی (AAAAA)یە و بەندەکانی دیکە سەروا کانیان (ABBBB)یە.

**پێنج خشتەکی:**

ئەگەرچی ئەم هونەرە ئەدەبییە هونەرێکی ئاسان نییە، بلیمەتی شاعیری پێویستە، بەڵام "**وەفایی**" لێهاتووانە لەمبوارەدا توانیویەتی بەشێوەیەکی هونەری بەرز شیعرێکی* "**نالی**" بێنێ و تێکهەڵکێشی شیعری خۆی بکات و بەرهەمێکی تەڕی هونەری لێ دروست بکات تینوویەتی شیعریمان پێ بشکێنێ. دیارە هەڵبژاردنی شیعری شاعیرێکی، وەکو "**نالی**" بوێری ئەدەبی خۆی دەوێت، لە لایەکی دیکە کاریگەربوونی "**وەفایی**" بە "**نالی**" دەگەیەنێ.

باغەوانی خولد پەروەردەی مەنیجەی کردووە

فێری سەد ناز و نیاز و شەرم و عیشوەی کردووە

هەر بە شیرەی جان، شیرین پەروەریدەی کردووە

(گوڵبوونی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە

* لەلاپەرە (٢٢٠)ی دیوانی بەردەستدا شاعیر پێنج خشتەکیەکی تۆمارکردووە، بەڵام خۆشی گومانی هەیە کە ئەمە هی "وەفایی"بێت، بۆیە ئێمەش لەمبوارەدا خۆمان بواردووە.

غونچە بەم شیرینییە، قەت نەیشەکەر نەی کردووە)                (٣٠٥)

ئەم پێنج خشتەکییە لە (٧) بەند پێکهاتووە و سەروای بەندی یەکەم بەشێوەی (AAAAA) و بەندەکانی دیکە بەشێوەی (ABAAA)هاتوونەتەوە.

**چوارین:**

دڵە پڕ خوێن و خوێنبارە بە غەمزەی نازی چاو مەستان


هەتا نەمـــرم ڕەها نابــم لە مەکر و سیحری چاو بەستان

ئەتۆ ســـەروێـــکی نـازداری، ئەتۆ شۆخـــێکی گوڵـــزاری

بە دڵ وا چـــاکە بتگێرم، لەسەر چـــاوان، لەسەر دەســتان                (٢٢٤)

سەروای چوارینەکەش بە شێوەی (AABA) هاتوونەتەوە.

لەم شێوەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی جۆرەکانی سەروا لای "وەفایی"، بەمشێوەیە نیشان دەدەین.




**هێلکاری ٢,٢:** ڕێژەی بەکارهێنانی سەروا لە شیعرەکانی "**وەفایی**"دا

## بەشی دووەم

## پراكتیزەكردنی جۆر و شێوە مۆسیقایەكانی شیعرەكانی (وەفایی)

### تەوەرەی دووەم:مۆسیقای ناوەوە(ڕیتم ):

- دووبارەكردنەوەی دەنگ و وشەو پێكهاتەكان
- دووبارەكردنەوەی دەنگ و وشە و پێكهاتەكان
- ڕەگەزدۆزی
- دژیەك
- بەرامبەری
- كەرتكردن
- رد العجز علی صدر (دوابەسەر)
- هاوتەریبی پێكهاتەیی

کتێبخانەی هەولێر

## بەشی دووەم:

### ٢,٢ تەوەرەی دووەم:

### مۆسیقای ناوەوە "ڕیتم"

#### ١,٢,٢ دووبارەکردنەوەی دەنگ و وشە و پێکهاتەکان:

دووبارەکردنەوە لە شیعردا پەیوەندیی بە ئاستی دەلالی و ئیستاتیکی دەقەوە هەیە، بریتییە لە ((لە ڕەنگاوڕەنگکردنی هۆنینەوەی دەق بە شێوەیەک کە لە لوتکەی جوانی و بەسەلیقەیی دابێت، بە جۆرێک کە لە ناخماندا ئەو ئاواز و جۆش و خرۆشییە بەجێ بهێڵێت))[١].

بەهۆی دووبارەکردنەوەوە شاعیر گوتەکانی ڕێکدەخات، بۆ ئەوەی بنەمایەکی سۆزداری بۆ شیعرەکەی دابڕێژێت، بەهۆیەوە ناوەڕۆکی شیعرەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت.

((شاعیر لە داڕشتنەوەی وشەکان چنینێکی شیعری پێکدێنێت، مامەڵەیەکی هەڕەمەکی لەگەڵ ناکات، بەڵکو دەست بەسەر تایبەتمەندییە هەستەکییە دەنگی و دەنگدانەوە و توانا کاریگەرییەکەی لە بەرهەمهێنانەوەی واتایەکی ڕیتمی بۆ دەقە شیعرە دەگرێت))[٢].

دووبارەکردنەوە تەنیا سیستەمێکی ڕووتی پێشکەشکراو نییە، کە تەنیا لەڕیتمی دەنگ و وشەیەکی ڕووت کورتی بکەینەوە، بەڵکو لەسەر بنەمای مەزراندنی ئەمانەوە دێت، واتە پەیوەندیی بە تەواوی هەیکەلی داڕشتنەوە هەیە.

---

[١]موفق قاسم الخاتوني، دلاله الايقاع و ايقاع الدلاله في الخطاب الشعري الحديث قراءه في شعر محمد صابر عبيد، ص١٤٧.

[٢]سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٥.



هەواڵنامەی کتێب

### ١,١,٢,٢ دووبارەکردنەوەی دەنگ

**١- دووبارەکردنەوەی تاکە دەنگێک:**

توانا شاراوەکانی شاعیر لە چۆنێتی ڕیزکردن و بەکارهێنانی دەنگەکان دەردەکەوێت، کە دووبارەیان دەکاتەوە، چونکە دەنگەکان ((لە مەڵبەندی هەست و شوێنی کاریگەربوون بڵاو دەبێتەوە، کاریش دەکاتە سەر بیرورا و لایەنەکانییەوە، هەریەک لەم وەسفانەش لە نەرمی و هێز و خاوبوونەوە و بەیەکەوەلکان و کارە شاراوە و قووڵەکەی خۆیان کار لە دەروون دەکەن، جا ئەگەر پیتێک دووبارەبێتەوە، وەکو بۆشاییەکە لەسەر یەک وەتەر دەردەچێت و ئاوازەکە جیادەکاتەوە و دەرکەوتەی بەئاگاهاتنەوە و کاریگەری بەهێز لەسەر وەرگر دەکات))[1].

"**وەفایی**"، وەک مۆسیقاژەنێک کە چۆن ئاوازێک بەسەر نۆتەکان دابەش دەکات، ئاوا مامەڵەی لەگەڵ دەنگەکان کردووە.

**أ_ دووبارەکردنەوەی یەکەمین بزوێنی کورت:**

مەنعی ناڵینی وەفایی مەکە، مەجنون سیفەتە
ئاخـــر ئەو غەمـــزەدە پابەستـــەیی لەیلاییـــکە (٢٦٩)

لەم دێرەدا شاعیر (١٥) جار بزوێنی کورتی (ە)ی دووبارەکردووەتەوە، کە یەکەم پیتی بزوێنی سەرەتای دێرە.

**بـ_ دووبارەکردنەوەی یەکەمین بزوێنی درێژ:**

هەرچەندە لە زمانە جیهانییەکاندا بەزۆری دەنگە بزوێنەکان لە دەنگە نەبزوێنەکان ژمارەیان کەمترە، بەڵام بزوێنەکان ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە شیعردا، زۆرجاریش لێکۆلەران ویستوویانە لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە بزوێنەکان هەستە دەروونییە

[1] موفق قاسم الخاتوني، دلاله الايقاع و ايقاع الدلاله في الخطاب الشعري الحديث قراءه في شعر محمد صابر عبيد، ص١٥٦.

شاراوەکانی شاعیر دەربخەن. سمبولیستەکان هەوڵێکی جددیان داوە، لەمبارەوە.

"**واگنەر**"ی سمبولیست دەڵێت:

(دەبێت برەو بە ڕۆڵی بزوێنەکان بدرێت لە دەربڕیندا، لەبەرئەوەی کە ئەو دەنگانە هەستەکانی ناوەوە هەڵدەگرن و دەکرێت لەڕێگەی ئەو بزوێنانەوە هەست بە لایەنی هەست و سۆز بکرێت)[1].

سمبولیستەکان هەوڵدەدەن، کە دەنگە بزوێنەکان بەشێوەیەکی تەواو بە هەست و هەوس ببەستنەوە. بزوێنەکان بایەخی مۆسیقییان هەیە، کاتێک ئاوازێک بەبەر شیعرێکدا دەکرێت، بزوێنەکان دەستەمۆترین هۆکارن بۆ درێژکردنەوە، یان بەرز و نزمکردنەوەی دەنگەکان.

نیـگارا، دڵــبەرا، نا میــهرەبان، یــاری جــەفاکــارم
به زاری کوشتمت، تاکەی دەفەرمووی من وەفادارم (١٩٣)

شاعیر بزوێنی درێژی وشەی یەکەمی سەرەتای شیعرەکەی (١٢)جار دووبارەکردووەتەوە، بەهۆی ئەوەی دەنگی (ا) بزوێنێکی درێژە، لە دێڕێکیشدا ئەگەر بزوێنە درێژەکان زۆر دووبارەبوونەوە ڕیتمی شیعرەکە خاودەکەنەوە، چونکە بزوێنە درێژەکان مەودای زەمەنی گۆکردنیان زیاترە و پێویستیان بە وزەیەکی زیاترە بۆ گۆکردنیان.

ئـاخ لە بۆ تیرێک دراوان، نـوری دڵ بینــایی چــاو
مــەرهەمی دڵ کون کراوان یان پەڕۆی پشتی شکاو (٢٤٠)

(٩)جار بزوێنی درێژی (ا) دووبارەبووەتەوە.

[1]Damaré, Brad M. (2008). *Music and Literature in Silver Age Russia. Mikhail Kuzmin and Alexander Scriabin, ph.d.*The USA**:** The University of Michigan. P8.



هەولامەی ژین

**پ_ دووباره کردنەوەی یەکەمین نەبزوێن:**

بریتییە لە دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی سەرەتای وشەی یەکەمی دێرە شیعرەکە. بۆنموونە.

دڵ جیلوەگەهی جێی قەدەمی تۆ بووە دیدەم
هەرچەندە کە دوورم بـە دڵ و دیـدە لە لاتم (١٩٠)

لەم دێرەدا (٩)جار نەبزوێنی سەرەتای وشەی یەکەم دووبارەکراوەتەوە، جگە لەو وشە دووبارەکراوانەش، کە مۆسیقای شیعرەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە.

نـەورەسیدی نەخـلـی بالا شـەرحی حـەرفی وەحدەتە
نەور و نەکهەت، نور و زولمەت نـار و جەننەت پێکەوە (٢٦٩)

شاعیر نەبزوێنی سەرەتای وشەی یەکەمی دێرە شیعرەکەی (٨) جار دووبارەکردۆتەوە، /ن/ دەنگێکی ((گەورەی ماماوەندییە، لە نێوان توندی و خاوبوونەوەدایە))[١]. بە دووبارەکردنەوەی کاریگەرییەکەی لەسەر ڕیتمی شیعرەکە دەردەکەوێت. هاتنەوەی زۆری نەبزوێنی (ن) لە سەرەتای وشەکانی پاڵ یەکەوە، ڕیتمی شیعرەکەی ئاشکرا و بەرزکردووەتەوە.

**ت_ دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی کۆتایی:**

دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی کۆتایی وشەی کۆتایی دێرە شیعرە.

دڵـم تیفـلی دەبستانی غـــەمە وا مەیدە بەر غەمزە
هەتا کەی تیرە باران ئاخر ئەو مەزلوومە مەعسومە (٢٧٥)

[١]ابراهيم أنيس، اصوات اللغويه، مطبعه نهضه مصر، ١٩٩٩، ص٥٨.

نەبزوێنی (م) (٨) جار دووبارەبووەتەوە، دەنگە دووبارەکراوەکان لەو وشانەدا هەن، کە نزیک یان لەپاڵ یەکن.

زولفت لە پێ کەوت کە خەت هات بۆ قەتلی من
ئاخـــر دەسخـــەتی خـــۆت، گرتت بە کوژتنت دا (١٣٨)

(١١) جار دەنگی نەبزوێنی (ت)ی کۆتایی دووبارە بووەتەوە، لەبەرئەوەی ئەم دەنگە لەکاتی گۆکردنی وەستانێکی کورتی تیادایە، بۆیە لەکاتی گۆکردنیدا بەتایبەت کە لە کۆتاییەوە هاتووە لەنێوان وشەکاندا، وەستانێکی کورتی دروستکردووە.

**جـ_ دووبارەکرنەوەی نەبزوێنی سەرەتای وشەی کۆتایی کۆتادێر:**

شاعیر نەبزوێنی سەرەتای وشەی کۆتایی دێرە شیعرەکەی لەناوەوەی شیعرەکە دووبارە دەکاتەوە. بۆ نموونە:

حەڵـــقەی گێسووی تاتای لاچـــوو، لەسەر ســـینەی بەڕوودا چـــوو
شەو چوو سەحەر، دیم هاتە دەر، شەمس و قەمەر سەروی سەمەن (٢٣٥)

دەنگی /س/ ((دەنگێکی خاو و کپ و بێدەنگە))[1].شاعیر (٧)جار دووبارەی کردووەتەوە. جوانی دووبارەکردنەوەکە لەوەدایە، کە ئەو وشانەی ئەو دەنگەی تیایدایە لە (٤) شوێن لەپاڵ یەکتر دانراون، ئەمەش ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکەی زیاتر دەرخستووە.

**حـ_ دووبارەکردنەوەی نەبزوێنی کۆتایی دێر:**

نەبزوێنی کۆتایی وشەی کۆتایی دێرە شیعرەکە لە دێرەکەدا، بەشێوەیەکی نایەکسان دووبارە دەکرێتەوە.

---

[1] ابراهیم أنیس، اصوات اللغویە، ص٦٨.

وا فیـگار و ڕەنجەڕۆ، کافــر بە حاڵی من نەبێ!

بێ قەرار و ئەشکبار و دوور لە یار و دەربەدەر (١٧٧)

لەم دێرەدا دەنگی /ر/ (٩) جار دووبارەکراوەتەوە، ئەم دەنگەش سیفەتی ((ڕوون و ئاشکرای))[١].هەیە، دەنگێکی دووبارەیە، چونکە لەکاتی گۆکردندا لایەکی زمان بە لێواری مەلاشوو دەکەوێت[٢].

دەنگەکەش زۆرجار لەکۆتایی وشەکان هاتووەتەوە، ئەمە ئیستاتیکای دووبارەکردنەوەکەی هێندەی دیکە خۆشئاواز ومۆسیقادارتر کردووە.

**خ_ دووبارکردنەوەی بزوێنی درێژی کۆتایی دێر:**

بزوێنە درێژەکەی کۆتایی وشەی کۆتایی نیوەدێری دووەم، لە ناوەوەی شیعرەکەدا دووبارە دەبێتەوە، دەنگی خۆی لەناو دەنگەکانی دیکەدا زاڵ دەکات، زۆربەی مۆسیقای دێرەکە لەوەوە دروست دەبێت.

مودەتێک بوو نووری چاوم چوو بوو، ڕۆژم ببووە شەو

ڕووی درەخــشــانی لــەبەر زولفی پەرێشـــان وا نــەبــوو (٢٤٥)

بزوێنی درێژی کۆتایی وشەی کۆتایی، کە (وو)ە، (٧) جار دووبارەبووەتەوە، ئەم بزوێنەش ڕۆڵی لە درێژکردنەوەی ڕیتمی شیعرەکەدا هەیە.

**چ_ دووبارەکردنەوەی دەنگێک لە سەرەتای دوو وشە یان زیاتری پاڵ یەکتر:**

دووبارەکردنەوەی دەنگێک لەسەرەتای دوو وشە یان زیاتری بەیەکداهاتوو، مۆسیقاییێکی تایبەت بە دێرەکە دەبەخشێت.

---

[١]ماهر مهدي هلال، ، جرس الالفاظ و دلالتها في البحث البلاغي و النقدى عند العرب، ص١٣٦.
[٢] ابراهيم أنيس، اصوات اللغويه، ص٥٧.

وەک وەفـــایی تـــا بەکەی بگـــریم بـنـاڵێنم بــڵێم:

ئەلـــئەمان سەر تا قەدەم، سووتام و جانانم نەهات (١٥٠)


دەنگی (ب) لەسەرەتای وشەکانی (بگـــریم، بـنـاڵێنم، بــڵێم) هاتووەتەوە، زایەڵەی لەناو دێرەکەدا دەداتەوە.

برۆت تێک نا، دەمت وێک نا، لە دەریای لوتفی تۆ دوورە

لەقــوربی قـــابە قــــەوسێـن و مەقامی لامەکـــانت بم (١٨٦)

وشەکانی (قورب، قابە، قەوسێن) سەرەتای وشەکانیان بە دەنگی (ق) هاتووەتەوە و بەدوای یەکترداهاتنی وشەکان مۆسیقاییێکی بەرچاوی دروست کردووە، جگە لەوەی لە وشەی دوای ئەمانەش دەنگی (ق) هاتووەتەوە و مۆسیقای ئەم دەنگە بەسەر دەنگەکانی دیکەدا زاڵ بووە.

لەخوارەوەدا هێلکاری ڕێژەی دووبارەبوونەوەی دەنگەکانی سەرتاپێی شیعرەکانی "وەفایی" دەخەینەڕوو:




**هێلکاری ٣,٢:** ڕێژەی بەکارهێنانی دەنگەکان لە سەرتاپای شیعرەکانی "**وەفایی**"دا

هەروەک دەردەکەوێت دەنگە بزوێنەکان ئەگەرچی لە ژمارەدا کەمترن لەچاو نەبزوێنەکان، نزیکەی تەنیا ١/٥ی دەنگە نەبزوێنەکانە، کەچی ڕێژەی دووبارەبوونەوەیان لە سەرجەم شیعرەکاندا (٤٢%)ە، لە بەرانبەردا دەنگە نەبزوێنەکان لەڕێژەدا پێنج ئەوەندەی دەنگە بزوێنەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێژەی (٥٨%)ی دەنگەکان دووبارەبووتەوە، هەرچەندە هەموو دەنگەکان مۆسیقای تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بزوێنەکان-جگە لەبزوێنی(ە، بزرۆکە)-لەچاو نەبزوێنەکان توانای هەناسە درێژکردنەوە و لەرینەوەی زیاتری تیادایە، لەچاو نەبزوێنەکان، هەرچەند نەبزوێنە لووتییەکانیش تاڕاددەیەکی زۆر ئەم سیفەتانەیان تیادایە، هەروەها ئەو توانایەی کە لەدرێژکردنەوەی دەنگی (ا) یان (ۆ)دا هەیە، لە نەبزوێنەکانی (ت،ب،ف،پ،....تاد) نییە.

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە "**وەفایی**" لێزانانە مامەڵەی لەگەڵ دەنگەکان کردووە، ئەو دەنگانەش بوونەتە ئامێرێک بۆ شاعیر کە هەستەکانی تیایدا بژەنێت.

**٢ــ دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ:**

**١ــ هاوبەندی یەکگرتوو:**

أ‌ــ ئەگەر دوو دەنگە وەک یەکەکە لەدوو بڕگەی وەک یەکدا بێن، لە دوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو:

**وەک یەک:**

خەندەی دەمــی تۆ بۆیە شیــفای دەردی دڵانە　　　(د+ە/د+ە)

پەروەردە لەگەڵ گوڵشەکەری گەوهەر و لوولوو　　　(٢٤٩)



هەوەڵنامەی کتێب

**پێچەوانە:**

دیم هاتە عەیادەت، دەمی پڕ خەندە بوو، یەعنی (ت+ە/ە+ت)

رووح و دڵی بیمارە، دەوای گوڵ شەککەری من (۲۳۱)

بــ ئەگەر دوو دەنگە وەک یەکەکە لەدوو بڕگەی وەک یەکدا بێن، بەڵام لەدوو وشەی لێکدابڕاو:

**وەک یەک:**

دەســـوتێم تـــەرزی پـــەروانە، دەنـــاڵم هـــەروەکـــو بولـــبول (د++ە//ە+د)

سەراسەر بۆتە مەزهەر، بۆتە گول شەم، شەش جیهاتی من (۲۲۹)

هـــاررووتی دڵم هـــات و لە چـــاهی زەنەخـــت کـــەوت (هـ+ا)(هـ+ا) (ت+و)(و+ت)

سەرگەشتە لە دووی غەمزەیی دوو نێرگسی جادووت (د+وو)(د+وو)(د+وو)(۱٦۲)

**پێچەوانە:**

گـــۆیا وەکـــوو من بەو قـــەدە ســـەودایيە زولفت (و+ە//ە+و)

سەرگەشتەیە وا تا بەری پێت چین لە شەکەندا (۱٤۲)

**۲ــ هاوبەندی لێک جیا**

أ ــ ئەگەر دوو دەنگەکە لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا بێن، لەدوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو.

**وەک یەک:**

بە تیـــرێک دوو نیـــشانە، شـــایانی شـــای کوردانـــە (ا ــ ن/ا ــ ن)

قوربانی دەست و بازووی، ئەو چاوی سوورمەساتم (۱۹۱)

هەواڵنامەی کتێب

**پێچەوانە:**

حەزەر چـــاکە لـە هەودای داوی زولف و دانەکەی خاڵی (و_ د/د_ و)

حەزەر چاکە لە سەودای تیغی ئەبرۆی شۆخی خونکاری (٣١١)

ب_ ئەگەر دوو دەنگ لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا بێن، لەدوو وشەی لێکدابڕاو.

**وەک یەک:**

ئەی حوققەیی شەهد و شەکەرت ئابی حەیاتم(ە_ی//ە_ی)

مـــردم، بە بەدەن بێنەوە بەو ئـــاوە حەیاتم (١٩٠)

**پێچەوانە:**

کردمیە مەجنوونی دەر و دەشتان و فەرهادی زەمان (ر_د//د_ر)

شۆخی سەلما ڕەنگ و لەیلا دەنگ و شیرین شەککەرێ (٣٤٥)

**٣_ هاوبەندی جوداکراو:**

أ_ ئەگەر دوو دەنگەکە لەوشەی یەکەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن و لە وشەی دووەمدا لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا هاتن، لەدوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو.

**وەک یەک:**

ئیشارەم کردە زولفی ڕوو، بە ئەبرۆ بۆ چییە؟ فەرمووی: (ر+ە/ر_ە)

بـــە قیبلەم نـــۆ موسوڵمانێکە، زەنگی زادەیی ڕوومـــــە (٢٧٥)

پێچەوانە:

بـــەیادی تاقی میحرابی برۆی تۆ (ی+ا/ا_ی)

وەفایی کەوتە گۆشەی خانەقایێ (٣٢٦)

بـ_ ئەگەر دوو دەنگەکە لە وشەی یەکەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن و لە وشەی دووەمدا لە دوو بڕگەی لەیەک جیادا هاتن، لە دوو وشەی لێکدابڕاو.

وەک یەک:

سەت ڕووح ئەگەر فیداکەم ناگەم بە خەت و خاڵت (ە+ت//ە_ت)

مـــن نائومێد و مەحـــرووم، هیندوو لە گوڵشەنتدا (١٣٨)

پێچەوانە:

تـۆ فـــریشتە و مەلەک و پەری، گوڵدەم و گوڵبەر و دڵبەری (م+ە//ە_م)

لالەڕەنگ و فەرەنگ و چینی، شۆخ و شەنگ خەتا و بەربەری (١٨٤)

٤_ هاوبەندی کۆکراو

أ_ ئەگەر دوو دەنگەکە لە وشەی یەکەمدا لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا هاتن و لە وشەی دووەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن، لەدوو وشەی بەدوای یەکداهاتوو:

وەک یەک:

عـــەزیزم رووحی شیرینم لە مــن بۆچ وا کەنـــاری تۆ

وەرە سەر هەردوو چاوی من کە سەروی جۆیباری تۆ(ە_ر/ە+ر) (٢٤١)

**پێچەوانە:**

بۆ ماچی دەمی کولمە لە نێو پەرچەمی خاوی (ە_م/م+ە)

لەو زولـــمەتە بۆ ئابی بـــەقا نووری چـــرامە (٢٧٢)

بـ_ ئەگەر دوو دەنگەکە لەوشەی یەکەمدا لەدوو بڕگەی لەیەک جیادا و لە وشەی دووەمدا لەیەک بڕگەدا هاتن، لەدوو وشەی لەیەک دابڕاو.

**وەک یەک:**

لەبەرشۆراوی ئەشکی خۆم وسۆز و تاوی عیشقی تۆ

ســەراپا عاقیبەت هـەروەک وەفایی بوومە بریانی (ە_ر//ە+ر)(٣١٥)

**پێچەوانە:**

ئەو چاوانەی خوماری نازن (ا_ن//ن+ا)

بە ئیـما ئیـمانم دەخـــوازن (٢٢٧)

چەند شێوەیەکی ئەندازەی دەنگی[*]:

**١_ ئەندازەی ڕیتمی:**

چ تـــەلـــەســـمێکە چ سیحرێـــکە چ ســـەودایێکە (ە+س،س+ە)

سەری زولفت کە دوو سەت چینی بە هەودایێکە (س+ە،س+ە) (٢٦٩)

لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت کە دوو دەنگی (س،ە) لەو بڕگانەدا دووبارە بوونەتەوە، کە بڕگەی هێزدارن، زۆرجاریش هەردوو دەنگەکەش ڕۆڵیان هەیە، لەهێزدارکردنی بڕگەکە.

[*]مەرج نییە لەدێرێکدا تەنیا یەک ئەندازەی دەنگی هەبێت، بەڵکو دەکرێ لە دێرە شیعرێکدا ئەندازەکانی دیکەی دەنگیش بەدی بکرێت، بەڵام بۆ ڕوونی مەبەست تەنیا ئەو ئەندازییە دەستنیشان کراوە کە مەبەست بووە.

٢_ ئەندازەی کۆتایی:

گا دەسوتێم گا دەگرییێم، غەرقی ئاو و ئاورم

ئاخ لەبەر بەختی سیا، نازانم ئەز بۆچ نامرم (١٩٨)

٣_ ئەندازەی دەستپێکردن:

بە دڵ خەنـدێکی بنـوێنە، بـلورین ساعـیدت بێـنە (ە_د)

یەدی بەیزات هەیە تۆ دەم لە ئیعجازی مەسیحا دەی (ە_د) (٣١٩)

یان

دەمت بێنە بە دڵ بیگرم، لەبـەر چاو و لەبت بـمرم (د+ە)

دەمادەم ڕووحبەخشی تۆ، لەبالەب ساغەری بادەی (د+ە) (٣١٩)

٤_ ئەندازەی دەوروبەر:

لەمحەت بە سەفا نیوەیی ماهێکی تەمامە (ە+م،م+ە)

دڵ عـاشقی ڕووتە توخوا هەستە قیـامە (٢٧٣)

٥_ ئەندازەی پەیوەست:

بـرینداره دڵـم سەودازەدەی زولـفی دلارامـە (م+ە)

مـەکەن مەنعی دڵی زارم کەوا بێ سەبر و ئارامـە (م+ە) (٢٧٤)

٦_ ئەندازەی پێکهاتن:

ناڵەناڵی دڵ لە کونجی سینە دێ یاری دەوێ (ن_ڵ،ن_ڵ)

یا چریکەی بولبولی مەحزوونە گوڵزاری دەوێ (ب+ل،ب+ل) (٣٥٩)

## سێیەم: لە دوو دەنگ زیاتر:

### -دووبارەکردنەوەی سێ دەنگ

١_ سێ دەنگە دووبارەکراوەکە بەهەمان ڕیزکردن لە سەرەتای دوو وشە، یان زیاتردا بەشێوەی جیاواز هاتبێتەوە، ئەمەش دوو شێوەی هەیە:

أ_ ئەو دەنگانەی دووبارە بوونەتەوە لە سەرەتای دوو وشەی پاڵ یەکترەوە هاتبن، وەک:

باکــم لە دڵ و ڕووح نییە لێم زیــز مەبە قوربــان
ئەو ڕووحە بە سەرگەردی سەرت ئەو دڵــە بۆ تۆ (س،ە،ر)(٢٤٤)

دەنگەکانی (س،ە،ر) لە وشەکانی (سەرگەرد و سەرت) دووبارەبوونەتەوە.

ب_ سێ دەنگە دووباربووەکە لە سەرەتای چەند وشەیەکی لێک جیادا هاتبنەوە.

زەحمەتی بێهوودە تا کەی ئەی تەبیبی میهرەبان
دەردی مــن دەردێکی بێ دەرمــانە چارە ناکرێ (د،ە،ر) (٣٤٦)

دەنگەکانی (د،ە،ر) لە سەرەتای وشەکانی (دەرد، دەرمان)دا، دووبارەبوونەتەوە.

٢_ سێ دەنگە دووبارەکراوەکە، لە ناوەڕاستی دوو وشە، یان زیاتردا بەشێوەی جیاواز هاتبێتەوە، بەدووشێوە:

أ_ دەنگە دووبارەکراوەکان لە ناوەڕاستدا بەشێوەی بەدوای یەکدا هاتبێتەوە:

ئەی بەهاری هەردوو جیهان یەک قەترەیی عەتری ڕوخت (ە، ت، ر)
وەی نیــهالــی نەورەسی جەنــنــەت نــەجیبی دین بەخت (٢١٨)

بـ_ سێ دەنگەکە بەهەمانە ڕیزبەندی لەدوو وشە، یان زیاتردا بەشێوەی لەیەک دابڕاو هاتبێتەوە:

هـەستە وەرە لـــەو جـامی ئەلەستی بدە دەستم (ە،س،ت)

بەستەی دەری گوڵزارە ئەوی مەستی سەفات بێ (ە،س،ت) (٣٣٨)

٣_ یان ئەوەتە سێ دەنگ لە سەرەتای وشەیەک و کۆتایی وشەیەکی دیکە دوبارە دەبێتەوە:

تێکەڵ بە شەون و زەرڕەیی خورشیدی درەخشان

یــا زولفـــییە بێ شـــانە لەسەر شـــانی پەرێشـــان (ش،ا،ن) (٣٠٨)

دەنگەکانی (ش،ا،ن) لەسەرەتای وشەکانی (شانە، شانی) هاوبەشن، لە کۆتایی وشەکانی (درەخشان، پەرێشان) دووبارەکراونەتەوە.

٤_ سێ دەنگە دووبارەکراوەکان، لەدوو وشە، یان زیاتردا هاتبێتەوە، بەڵام ڕیزکردنیان گۆڕابێت. ئەمەش دوو شێوەی هەیە.

أ_ سێ دەنگی دووبارەبووەوەکە لەدوو وشە، یان زیاتر بەشێوەی بەدوای یەکداهاتوودا، بهێندرێتەوە.

تۆ لە دنیا و قیامەت گۆت لە مەیدان بردە دەر (د،ە،ر)

ئیعتیباریان پێ نەکردی کافری بێ عەقڵ و کەر (٢٢٢)

دەنگەکانی (د،ە،ر) لە وشەکانی (دەر و بردە) دووبار بووەتەوە، بەڵام بە جیاوازی ڕیزکردنیان.

هەواڵنامەی کتێب

بـ ــ سێ دەنگە دووباربووەکە بەڕیزبەندی جیاواز لەدوو وشە، یان زیاتردا بەشێوەی لەیەک جودا، بهێنرێتەوە.

مالێ کە هەمە، وەقفە لە شەوقی سەری کوڵمت (ە،ق،و)

عــومرێکە هەموو، ســەرفە لە نالیــنی سەحەردا (١٣٩)

سێ دەنگی (ە،ق،و) بە ڕیزبەندی جیاواز، هاتوونەتەوە.

**-دووبارەکردنەوەی چوار دەنگ:**

وادەبێ شاعیر لەو وشانەی کە بۆ داڕشتنی دێڕە شیعرەکەی هەلیبژاردوون، لە دەنگدا هاوبەشی پەیدا دەکەن، تا ژمارەی ئەو وشانەش زیاتر بێت لە هاوبەشی دەنگدا، ئەوەندە شیعرەکە ناسک و بەرهەست دەکەوێت. "**وەفایی**" زۆر هونەریانە وشەکانی هەڵبژاردووە، لەبەر جوانی و مۆسیقاکەی نەمان توانی خۆمانی لێ ببوێرین.

هەی نەوبەهاری خوبی، ڕەحمێ بە حاڵی بولبول!

نەکا سەرمای هەناسەم، لە گوڵ و یاسەمەنت دا (ا،ە،س،م) (١٣٨)

دووبارەکردنەوەی ئەم چوار دەنگە لەهەر سێ وشەکانی (سەرما، هەناسە، یاسەمەن)دا، مۆسیقاییێکی جوانی بەبەر واتاکەیدا کردووە، چونکە دووبارەکردنەوەی دەنگەکان، دەبێتە زایەڵەی هەناسە ساردی شاعیر.

بەو زولف و موژە مەمکوژە هەردەم بە جەفایێ (م،و،ژ،ە)

جـــارێ لە تـــەنافم مـــەدە جارێک لە قـــەنارە (٢٦٠)

دووبارەکردنەوەی ئەم چوار دەنگە بەتایبەت لەتەک یەک دانانیان ڕیتمێکی جوانی بە نیوەدێرەکە بەخشیوە، جگە لەوەی دەنگەکانی وشەی (جارێ) هەرچەندە لە سنووری

دووبارەکردنەوەی وشەییە دووبارە بووەتەوە لە نیوەدێری دووەم، بەرانبەر مۆسیقای نیوەدێری یەکەم.

-دووبارەکردنەوەی پێنج دەنگ:

هەندێکجار وشەی وا دەهێندرێنەوە کە ژمارەی دەنگەکانیان لە چەند دەنگێک تێدەپەڕێنێ، بۆ ڕازاندنەوەی شیعرەکانی و دروستکردنی ڕیتم و سەدایەکی خۆش بۆ دێرە شیعرەکە. نموونەی ئەم هاوبەشیەی دەنگیەمان لای شاعیر "**وەفایی**" لە چەند شوێنێک بەرچاو دەکەوێت، وەکو:

نەفەسێ مۆڵەت دە عومرم، بتبینم زولفەکەت بگرم

بــە کەوەندی تۆوە بمــــرم، خۆشترە نەوەک ڕەهابم

جگە لە دەنگی /د/ نەبێت لە وشەی (کەوەند)دا دەنگەکانی دیکە، پێچەوانە کراونەتەوە وشەی (نەوەک)ی لێدروست بووە، شاعیریش لە یەک نیوەدێردا هێناویەتیەوە.

## چوارەم: هەندێ دیاردەی دیکەی دەنگی

### بەریەککەوتنی دەنگەکان:

هەندێکجار لە شیعردا دوو دەنگی وەک یەک، یان دوو دەنگی نزیک لەیەک، لە یەک وشەدا، یان لەدوو وشەی پاڵ یەکتری بەریەک دەکەون، ئەم دیاردەش لە شیعردا بەشێوەیەک بەشدار دەبێت لە دروستکردنی ڕیتم و مۆسیقای شیعردا، بەریەککەوتنەکانیش ئەمانەن:

هەواڵنامەی کتێب

أ_ بەریەککەوتنی دوو دەنگی وەک یەک لەیەک وشەدا

زولفی لەرزاند کەوتە سەر ڕووی شادمان فەوجی دڵان

قـــەت لە دۆزەخــدا ئەبەد نین، جەننەتین ئەو ئوممەتە (٢٥٥)

دوو دەنگی (ن) لەوشەی (جەننەت) و دوو دەنگی (م) لە وشەی (ئوممەت) بەریەککەوتوون، دەنگەکانیان کەوتوونەتە ناو یەک وشەوە، هەناسەی وتنی درێژتر کردووەتەوە، نزیکی هەردوو وشەکە ئاوازەکەی ئەوەندەی دیکە درێژتر کردووەتەوە، سەرەڕای ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆخۆیان کێش دەکەن.

لەبەر قەومــی مونافـیق بۆ دەبێ هەڵبێ، کە دەیـزانی

مەقامی خۆی وەکو ڕۆژ ڕوونە ڕوحوڵڵایی عیساکەم (٢١٤)

بەریەککەوتنی دوو دەنگی (ڵ) لە وشەی (ڕوحوڵڵا) گرتن و قورساییەکی لەسەر وشەکە دروستکردووە، وشەکەی زەق کردۆتەوە لەناو وشەکانی دیکەی شیعرەدا.

ب_ بەریەککەوتنی دوو دەنگی وەک یەک لە دوو وشەی جیادا:

کەس سیڕڕی دەم و عیشقی میانی نەدەزانی

ئەشــکم بووە غەممــازی هەموو ڕازی نیهانم (٢٠٠)

لەم دێرەدا دوو دەنگی (س) لە کۆتایی وشەی (کەس) و سەرەتای وشەی (سیڕڕ) کەوتوونەتە پاڵ یەکتری و بەریەککەوتوون، بەریەککەوتنی ئەو دوو دەنگە خوێنەر ناچار دەکات وشەکان بەسەریەکەوە بخوێنێتەوە، سەرباری ئەوەی وشەی (سیڕڕ) دیاردەی بەریەککەوتنی دوو دەنگی وەک یەکی لەخۆی گرتووە.

دەستم برد دامەنی بگرم بیانووی هێناوە فەرمووی:

ئەوێســـــتا تاجێــکانم نان نــــەداوە، داوێنــم بەردە (٢٥٧)

لەم دێرەدا لە هەردوو نیوە دێری یەکەم و دووەم ئەم شێوە بەریەککەوتنە دەنگییەی تیایدایە. دەنگی (د) لە وشەکانی (برد) و (دامەن) و دوو دەنگی (ن) لە وشەکانی (نان) و (نەداو) بەریەککەوتوون. هەموو ئەمانەش هونەرکارییەکانی شاعیرمان بۆ دەردەخەن، کە ئاماژە بۆ هەر دیاردەیەک بکەین.

**تـ_ بەریەککەوتنی دوو دەنگی نزیک لەیەک لە دوو وشەی جیادا:**

نیــشانێکی لە ئەنواری جــەماڵی خــۆی بە شــەم بەخــشی

سەراسەر جانی پەروانەی، پورئەز سووتان و سەودا کرد (١٦٤)

دەنگی (م) لە سەرەتای وشەی (شەم) و دەنگی (ب) لە وشەی (بەخشی) بەریەککەوتوون، هەروەها دەنگەکانی (ز) و (س) لە وشەکانی (ئەز) و (سووتان) بەریەککەوتوون، ئەم دەنگانەش شوێنی گۆکردنیان یەکە، بەڵام شێوەی گۆکردنیان یەک نییە، بۆیە لەکاتی خوێندنەوەیان دەنگێکیان کورتتر دەردەکەوێت، لەچاو دەنگەی دیکە.

لەباتی بمکوژی دەمخاتە داوی زولفی شێواوی

لەجێی وەی بێ کە ئازادم بکا دەمکاتە زیندانی (٣١٥)

**٢,١,٢,٢ دووبارەکردنەوەی وشە**

ئەو دووبارەکردنەوەیە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ڕیتمێک کە هاوتای واتای شیعرەکەیە، چونکە واتا شاراوەکان و واتا دەلالییەکان لە وشە شاراوەکانەوە خۆیان بەدەردەخەن.

((شاعیر بە هەموو توانایەوە هەوڵدەدات واتایەکەی ببێتە بارگاوییەکی دەربڕینی گەشەکردوو، بۆئەوەی ئیستاتیکای هاودژ و بەیەکداچووی ململانێکانی نێوان لایەنی بەئاگایی و بێ ئاگایی دووبارەبوونەوەکە بەدیار بخات))[1].

کەواتە دووبارەکردنەوە جگە لە ئەرکە ئیستاتیکی و واتاییەکەی، دەبێتە هۆی هاوسەنگی ڕاگرتن لە نێوان دژەکان لەناو خودی شیعردا، هەرئەمەش وادەکات کە دووبارەکردنەوەکان کلیلێک بن بۆ گەیشتن بە لایەنە دەروونییەکانی شاعیر و ئاشکراکردنی لایەنە نادیار و شاراوەکان. "**وەفایی**" زۆرجار و لە زۆر شوێندا وشەکان دێنێ و پاشان دووبارەیان دەکاتەوە، هەندێکجار بەواتای خۆیان و هەندێکجاریش واتای دیکەیان لێ بار دەکات، بۆ ئەوەی شێوەیەکی ڕێک بەشێوەکانی دووبارەبوونەوە ببەخشین ئەمجۆرانەی خوارەوەی لا دەستنیشان دەکەین:

**١ـ دووبارەکردنەوەی دەستپێکی:**

دووبارەکردنەوەکە دەکەوێتە سەرەتای نیوە دێرەکان، ئەم شێوانەی خوارەوەی هەیە:

أ ـ فۆرمە دووبارەبووەکە لە سەرەتای چەند نیوەدێرێک، یان دێرێکدا بەشێوەی ستوونی دووبارە دەبێتەوە:

**١ـ لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم:**

نەهری غوباری عەترە بوخاری بوخووری ڕووت
خاکی تەڕی وە وشـــکی هەموو میسکی ئەزفەرە
نـــەهری چ نـــەهری! پـــڕ گوڵاو و گوڵ ئـــاورین
عـــەمبەر فرۆشە خاکی لە کـەوسەر موخەممەرە (٢٦٣)

[1] موفق قاسم الخاتوني، دلاله الایقاع و ایقاع الدلاله في الخطاب الشعري الحدیث قراءه في شعر محمد صابر عبید، ص١٥٨-١٥٩.

٢_ لە سەرەتای نیوەدێری دووەمدا:

خودا بۆ خۆی دەزانی مەنبەعی نووری خودایی بووی
دریغا نەخـلـی ئەیمـەن، مەزهەری نووری تەجـەللا کەم
نەسیـمـی فەیـزی تۆ دیـن و دڵـی دووبارە ئەحیاکـرد
دریغا وەک مـەسیـحا، بـاعیسی ئەحیـایی مەوتاکەم
دەلیـلـی تالیبان بـووی بـۆ خودا، وەک ڕۆژ هووەیدایە
(٢١٣) دریغا مورشیـدی دەوران و خـورشیدی هووەیداکەم

٣_ لە سەرەتای هەردوو نیوەدێردا:

نەهری کە خولدە، نەهری ڕەوان سەلسەبیلییە
نەهری کـە پێکـە، دار و دەوەن پێکی عەمبـەرە
نەهری کە خـاکی قیبلەمـە، گوڵـزاری گوڵبەرە
(٢٦٣) نەهری کە شـاری گوڵبەرە، جێی ڕاوی دڵبەرە

٤_ لەسەرەتای نیوەدێری یەکەم لەگەڵ سەرەتای نیوەدێری دووەمدا:

دڵبـەر بە لوتفی حـەزرەتی باری موتەییبە
**گوڵبەر** بە نووری ڕەحمەتی داوەر مونەوەرە
دڵبەر کە سەروی نەورەسی باغی سەیادەتە
(٢٦٤) **گوڵبەر** کە نەوشکۆفەیی ڕەوزەیی پەیەمبەرە

ب_ فۆرمە دووبارەبووەکە لە سەرەتای نیوەی یەکەم، یان دووەمدا بەدوای یەکتردا بەشێوەی ئاسۆیی دووبارە ببێتەوە، بەمشێوەیە:

١ _ لەسەرەتای نیوە دێری یەکەم:

أ _ بێ ئامراز:

حەڵقەحەڵقە تاری زوڵفی خستە سەر ڕووی نازەنین
دانەڵێن: شەککەر فرۆشی ئێمە خۆش سەودا نییە (٣٠٠)

خــوداوەندا خــوداوەندا! پەشیمانم، پەشیمانم!
بەکاری ئاخیرەت نایێم، عەجەب ئالوودە دامانم (٢٥١)

بـ _ بە ئامراز:

ڕەنگ بەڕەنگ زوڵفی درەوشان، دەم بە دەم ڕووی خۆی نواند
چــــلچراغ یا شەو چـــراغ بوو، یـــا بە ســـەت ڕەنگان چـــراغ (١٧٨)

٢ _ لەسەرەتای نیوەدێری دووەمدا:

أ _ بێ ئامراز:

فریوی دین و دڵان، لە پەردە بووکی گوڵان
ئارام ئارام هاتە دەر، بەناز و مەست و خومار (١٦٥)

بـ _ بە ئامراز

فیکری من چونکە دەقیقی عاشقی قەددی ئەوە
موو لە مووگیراوە، چ بکەم لێک جوێ نابێتەوە

٢ _-دووبارەکردنەوەی ناوەڕاست

١ _ سەرەتا و ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم:

دەمێکی مەست و بیمارم، دەمێکی هــۆش و هــوشیارم
چ کــەس نــازانێ دەردی من، مــەگەر ئەو چاوە کــاڵانە (١٤٣)

٢_ سەرەتاو ناوەڕاستی نیوەدێری دووەم:

چ خۆشە وەجدی سەر و گوڵ، بە دینی قومری و بولبول

دەمێک شەیـدای قەد و بـاڵات، دەمێک شێـتی دەهانت بم (١٨٦)

٣_ ناوەڕاست و کۆتایی نیوەدێری یەکەم:

من لە سەیری حیکمەتی چاوت، عەجەب ماوم عەجەب

ئـەو نەخۆشـە، خوێنی قـەلبی من بە موژگان بەردەدا (١٤٣)

موستەحەقی رەحمەتم ئەی مەستی حەق ، ئەی دۆستی حەق

دەستـی من بگـرە لە نـارو بمـخە نێـو دەریـای نـوور (١٧٤)

٤_ ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم و دووەم:

تا وەفـایی لەو دەرە بێت و بچێ مـەنعی مـەکە

سورمەیی خاکی دەرت بۆ چاوی پڕ ئەسرین دەبێ (١٣٥)

٥_ دووبارەکردنەوە لە ناوەڕاستی نیوەدێر بەدوای یەکتردا:

**أ_ بێ ئامراز:**

١_ لە نیوەدێری یەکەمدا:

گوڵ لە باغاندا جۆشاوە، رەنگ رەنگ سەف سەفیان کێشاوە

لالـە دەڵێـی دڵ ئێشاوە، کـەناری جۆیبـاری گـرت (١٥٤)

ئەتۆ دەم دەم بە نەغمەی نەی، دەمێ خۆش خۆش بە جورعەی مەی

کــــزەی بایێـــکی ڕووحـــانی لە نەشـــئەی جـــام و یـــار بـــابێ (٣٣٠)

٢_ لە نیوەدێری دووەمدا:

هــــەوا لەبــەرگی گوڵان پێچە پێچ بینی سووان

ســـەبا لە بۆنی یاسمان چەمەن چەمەن میشکبار (١٦٥)

**ب_ بە ئامراز و بێ ئامراز:**

دڵ دەسووتێ چین **بە** چین دەشکێتە سەریەک وەک فەنەر (بە ئامراز)

ساحێبی ڕووی ئاتـەشـــین و زولفی چین چینم نەهـات (بێ ئامراز)(١٥٢)

**٣_ دووبارەکردنەوەی نۆرەیی:**

دەست و داوێن زولفەکەت کەوتۆتە بەرپێت و دەڵێ:

تـــۆ غەنی، من بێ نـــەوا، تـــۆ پادشاوو من گـەدا (١٤٤)

**٤_ دووبارەکردنەوەی بڵاو:**

١_ لە ئاستی یەک نیوەدێردا:

حاسڵی سەیرو سلووکم چوو بە خەندەی لێوەکەت

گـا بەقـا، گـاهێ فەنـا، گـا غایب و گـا حـازرم (١٩٨)

٢_ لەئاستی یەک دێردا:

گـەهـ فـریشتە، گەهـ پەری، گەهـ حووری عەین، گاهی مەلەک

گەهـ قەمەر، گەهـ موشتەری، گەهـ ڕۆژ و گەهـ ڕەخشان چراغ (١٧٨)



هەواڵنامەی کتێب

### ٤-هەندێ دیاردەی دیکەی دووبارەکردنەوەی وشە:

جارجار لە شیعردا چاومان بەهەندێ دووبارەکردنەوەی وشە دەکەوێت، کە بەر هیچ یاسایێک ناکەوێت، جا چ لە سنووری دێرێک، یان لە سنوری کۆپلەدا بێت، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرەکە و رۆڵی لە بەهێزکردنی ئاست و پێکهاتەی ڕیتم و مۆسیقادا دەبینێت. ئەم دیاردەیە لای "**وەفایی**" دەکرێ بەم شێوازانە دیارییبکرێت:

**١_ لە سنووری یەک دێردا:**

هەندێکجار شاعیر لە نیوەدێرێکدا دوو وشە دێنێتەوە، بەشێوەی دابڕاو، بەڵام لە نیوەدێری دووەمدا دووبارەیان دەکاتەوە بەنزیک خستنەوەیان و لە سنوری یەک وشەی لێکدراودا نیشانی دەدات، هەروەک لەم نموونەیەدا بەرچاو دەکەوێت:

شەو هەتا نەگەرام بە چراوە

شـــەوچـــرا نەهاتە بەرچاوم (٢٠٧)

یان:

لە لایەک تارە داوی دڵ، لە لایەک مارە قەسدی سەر

چ سیحرێکە عـــەجەب ماوم لە زولفی تـــارومارى تـۆ (٢٤١)

**٢_ لە سنووری یەک کۆپلەدا :**

هەندێکجار شاعیر وشەیەک، یان زیاتر لە نیوەدێری یەکەم دێنێتەوە، کە لە نیوەدێری سێیەمدا لەهەمان شوێن دووبارەی دەکاتەوە، لەنیوەدێری چوارەمیشدا لەهەمان شوێن وشەیەک، یان زیاتر دووبارە دەکرێتەوە، بەمەش پەیوەندیی لە نێوان دێرەکاندا دروست دەبێت.

قومـری **وەرە** تاکوو دەمـرین، پێکەوە بگرین

تۆ سەروی رەوانت **چووە**، من رووحی رەوانم

بولـبول **وەرە** تا رووحی مـن و تـۆیە بـناڵین

تۆ باغـی گوڵانـت **چووە**، من داغـی دڵانم (٢٠٠)

هەروەها دیاردەیەکی دیکە، کە لە دیوانی "**وەفایی**"دا تێبینیمان کرد، دووبارەکردنەوەی دوو وشەیە و دووبارەکردنەوەیانە لە چەند شوێنێکی دیوانەکەدا، دیارە شاعیر بەهۆی نزیکی و گونجانی مۆسیقای نێوانیان، دووبارەی کردوونەتەوە، دووبارەکردنەوەی وشەکان و شێوەی دووبارەکردنەوەیان لەم خشتەیەی خوارەوە نیشاندەدەین:

هەواڵنامەی کتێب

**خشتەی ٨,٢:** ڕێژەی دووبارەکردنەوەی وشە بەیەکەوە هاتووەکان

| ژ.م | وشەبەیەکەوە هاتووەکان | ژ.م.دووبارەبوونەوەیان بەشێوەی بەدواییەک داهاتوو | ژ.م.دووبارەبوونەوەیان بەشێوەی دابڕاو |
|---|---|---|---|
| ١ | شەو-ڕۆژ | ٢٧ جار | ٣١ جار |
| ٢ | دڵ-دین | ١٩ جار | ٥ جار |
| ٣ | دین-دنیا | ٥ جار | ٢ جار |
| ٤ | ئاو-ئاور | ٧ جار | ٤ جار |
| ٥ | سووتاو-تاو | ٨ جار | ..... |
| ٦ | هەوری بەهار | ٧ جار | ..... |
| ٧ | شەهد-شەکەر | ٦ جار | ..... |
| ٨ | شیر-شەکەر | ٤ جار | ..... |
| ٩ | کافر-ئیسلام | ٧ جار | ..... |
| ١٠ | کافر-موسڵمان | ٦ جار | ١ جار |
| ١١ | کوفر-ئیمان | ٤ جار | .... |
| ١٢ | تار-مار | ٣ جار | ..... |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | میهر–ماه | ٣ جار | ..... |
| ١٤ | نەسووتاوم نەخنکاوم* | ٣ جار | ..... |
| ١٥ | مەکەن مەنعی (مەنعم مەکەن)** | ٨ جار | ٤ جار |

### ٣,١,٢,٢ دووبارەکردنەوەی ئامراز:

**١ــ دووبارەکردنەوەی ئامرازی لێکدەر:**

سەروە یا عەر عەرە یا تازە نیهالی چەمەنە
یا ئەوە گوڵبوونی باڵا، گوڵی گوڵزاری منە (٢٨٥)

**٢ــ دووبارەکردنەوەی ئامرازی پرس:**

لەسەر چ لێم زیزی چ بووە؟ چ قەوماوە
دەمم بۆ رووت هێنا کەعبە نەڕووخاوە (٢٨٩)

یان:

هەی لە سایەی سەری زولفت بە نیگاهی خەت و روو
بـــەســـتەیی داوە، چ تاووســـە، چ شـــەهبازە، چ قوو (٢٤١)

**٣ــ دووبارەکردنەوەی ئامرازی نەرێ:**

نە زوڵفی جادووتم، نە خاڵی سەر رووتم
عـــەزیزەکەم بۆچی ئەمـــنت وەلا نـــاوە (٢٨٩)

هەواڵنامەی کتێب

---

* هەرچەندە ئەمە دووبارەکردنەوەی رستەیە، بەڵام بۆ دیاریکردنی ڕێژەی دووبارەکردنەوەیان هەر لەگەڵ وشە لێکدراوەکان دانراوە.
** تێبینیەکەی پێشوو.

یان:

نە قەند تامی هەیە قوربان،نە گوڵ ڕێزە،نە عەمبەر بۆ
ئەگەر جارێک بە خەندە بێی سەری زوڵفت بەدەم بادەی (٣١٩)

٤_ دووبارەکردنەوەی ئامرازی بانگکردن:

هەی بە هەر ئاوێنە حــوسن و تەجەللاییکی دی
هەی بە هەر چاوی دڵی عاشقی دڵ ئارایێکی دی (٣٠٦)

٥_ دووبارەکردنەوەی ئامرازی مەرج:

ئەگەر دڵ بوو ئەگەر دین، دامە سورمەی چاوەکان ئیدی
بــەسم سەودازەدە و ڕیسواکە، تــۆ بی و دین و ئیمانت (١٥٦)

٤،١،٢،٢ دووبارەکردنەوەی دەستەواژە:

١_ دووبارەکردنەوەی دەستپێکی:

أ_ دووبارەکردنەوە لە سەرەتای نیوەدێری یەکەم و دووەم:

من ئەگەر شکاوە پشتم
من ئەگەر جگەر براوم (٢٠٧)

ب_ دووبارەکردنەوە لە سەرەتای نیوەدێری دووەم:

هــات و ڕووی وا کرد و دنیای کردە ناڵەی عاشقان
دا نــەڵێن: نایــە قیامــەت، ڕۆژی واوەیــلا نیــیە

حەڵـقە حەڵقە تاری زولفی خستە سەر ڕووی نازەنین

دانـــەڵێن: ڕۆژ حەڵـــقە گۆشی مـــاهی شەوئارا نییە

پێـــکەنی مــەجنـــوونی کـــردم زولفەکەی دامێ بەدڵ

دا نـــەڵێن: شەککەر فرۆشی ئێمە خۆش ســـەودا نییە (٣٠٠)

**تـ_ سەرەتاو ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم:**

لە لایێ ڕووح دەبا عیشوەت، لەلایێ دڵ دەدا خەندەت

عـەزیزم هەر بە دەست خۆتە، حـەیاتی من مەماتی من (٢٢٩)

**٢_ دووبارەکردنەوەی لە ناوەڕاستدا:**

**أ_ دووبارەکردنەوە لە ناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم:**

وەنەوشە و گوڵ لە باغان بوو، لە باغان شەو چراغـــان بوو

مـەگەر دارووی نەساغان بوو، بە ڕوودا زولـفی تاتا کـرد (١٦٣)

**بـ_ ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم و ناوەڕاستی نیوەدێری دووەم:**

غەیری دلبەر دەردی دڵ ناڵێنم بە هیچ کەس تا بمێنم

بەو کەسەی لێم چاکە دەردی دڵ بەدڵ ئەو ئاشنا بێ (٣٢٩)

یان:

ڕۆژی کەسب و تاعەتە، تۆ دەیکەیە جێگەی خەیاڵ

شـــەو لیباسی سەفـــوەتە، تۆ دەیکەیە پێگەی حیمار (١٧٠)

**٣_ دووبارەکردنەوە لە کۆتایی دێردا:**

حەریفـان ئەلئەمـان کوژتوومـی یـارم چاوی بیمـاری

دەسێ بێن دەس بە شینم کەن بە یەکجاری بە یەکجاری (٣١٠)

### ٥,١,٢,٢ دووبارەکردنەوەی ڕستە:

**١ـ دووبارەکردنەوەی دەستپێکی:**

أ ـ سەرەتای نیوەدێری یەکەم:

مـــردم و نەمــزانی ئەو ئاورەی منی سووتاند چ بوو
حاسـڵی سەیر و ســـلووکی عاشقان هەر حـــەیرەتــە
مـــردم و هەرگـــیز نەگەیمە قیبـلەیی تـــاقی بــــرۆت
ئاخر ئەی کەعبەی مرادان، تا بە کەی ئەو حەسرەتە (٢٥٦)

بـ ـ سەرەتای نیوەدێری دووەم:

کە دەڵێی شەیدای گێسوومی
چ دەکەی لە سەری سەوداییم
کـە دەڵێی پەروانەی ڕوومی
چ دەکـــەی لە دڵی سووتاوم (٢٠٨)

تـ ـ سەرەتای نیوەدێری یەکەم و دووەم:

نوێژ دەکەی، ئەستەغفیروڵڵا، غەفڵەتە و سەرمەققولات
نـــوێژ دەکەی، حاشا وەکەلــــلا، چاییە و قەند و قەتار! (١٧٠)

**أ ـ لە سەرەتای کۆپلە :**

گـــوڵێکم بوو لـــە دونیادا شـــکۆفـــەی بـــاغی ڕەعـــنایی
لــــە داغـی پـــەرچـــەمی شـــێواوم لـــە نێو بازاری ڕیسوایی
وەکوو بولبول بە ڕووح و دڵ شەو و ڕۆژ بوومە سەودایی
هـــەموو عـــومری عـــەزیزم چوو لەسەر خەندێکی خۆڕایی

بــــەجارێ ماڵی وێرانـــم، ئەویشم چـــوو، ئەمـــیشم چــوو

گـــوڵێکم بوو لـــە بــاغی دڵـــبەریدا، مـــاهی کـــەنعانی
دلێـــکم بـــوو لە ڕیزەی عاشـقان، مەجنوون بە سووتانی
دڵـــی بـــردم فریوی دام بە مـــاچی لێوی مـــەرجـانی
ئـــەسـیری ئیلـــتیفاتی سەر زبـــانی بووم و نەمـــزانی (٢٥١)

٢_ دووبارەکردنەوە لە ناوەڕاستی دێردا:

أ_ ناوەڕاستی نیوە دێری یەکەم لەگەڵ سەرەتای نیوەدێری دووەم:

عیزار و زولفی تۆ، بێ شک شەو و ڕۆژ پێکەوەن ئەمما
شەو و ڕۆژ پێکەوەن لەو وەجهە من حەیران و داماوم (٢٠٥)

ب_ ناوەڕاست و و کۆتایی نیوەدێری دووەم:

فـــەرمووی چ کـەسی؟ کـەوتمە بەرپێی کـە وەفاییم
قـوربان چ بوو عومرێکی لە لات بووم و لە لات بووم (٢١٠)

**٣_ دووبارەکردنەوەی کۆتایی:**

أ_ کۆتایی نیوەدێری دووەم:

سـوتاوم لە تـاوی فیرقـەتێ، ساقی کەرەم کـە شـەربەتێ
وەکوو قوقنووس ئاورم کەتێ، یا غەوسی سانی هیممەتێ
ڕیـــشەی دڵــم بەس پارەکە، موتـریب دەسێ لـە تـارەکە
بە یـادی زولـفی یـارەکە، یـا غـەوسی سانی هیممەتێ (٣٤٢)

یان:

خۆشە ڕۆژێ لە عالەم دەربەدەربم

لەنێو ئەوزاعی دنیا بێ خەبەر بم

لــەبەر بێ تـــاقەتی دێـــوانە ئاسا

لە غەواسانی دەریا بێ خەبەر بم (١٨٧)

بــ کۆتایی نیوەدێری دووەم و سەرەتای نیوەدێری یەکەم:

ئـــەی ڕەفیـــقان وەرنـــە یاریم زۆر زەلیلم دڵشکاو

جان و دڵ مەحرووقی نارم، ئاخ لە بۆ تێرێک دراو

ئـاخ لە بۆ تێرێـک دراوان، نـــوری دڵ بینـــایی چـــاو

مـــەرهەمی دڵ کون کراوان یان پەرۆی پشتی شکاو (٢٤٠)

جـ لە کۆتایی کۆپلەدا:

گـــوڵێکـــم بــــوو لە دونیـــادا شکـــۆفەی باغی ڕەعـــنایی

لـــە داغـــی پەرچـــەمی شێـــوام لە نێو بـــازاڕی ڕیـــسوایی

وەکوو بولبول بە ڕووح و دڵ شەو و ڕۆژ بوومە سەودایی

هـــەموو عومـــری عـــەزیزم چوو لەسەر خەندێکی خۆرایی

بەجـــاری مـــاڵی وێـــرانم، ئەویشم چـــوو، ئەمیشم چـــوو

ئەمـــن وەک پەرچـــەمی جـــانان، ئەمن وەک نێرگسی یـــارم

لـــەلایێ خـــاو و سەرگـــەردان، لـــەلایێ مەست و بیمارم

بـــــلا بگـــــريم بــــناڵێنم، کەوا تێـــکچـــوو ســـەروکـــــارم

دڵـــــم دانـــا لەڕێی دڵــــبەر نـــە دڵ بۆم بوو نـــــە دڵــدارم

بــەجـــارێ مــاڵی وێـــرانم، ئەویشم چـــوو، ئەمیشم چـــوو (٢٥١)

## -شێوەیەکی دیکەی دووبارەکردنەوەی ڕستەیی

هەندێکجار شاعیر لە سنوری کۆپلەیەکدا ڕستەیەک دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەک کە سەرەتا ڕستەکە بەشێوەی دابڕاو دێنێت و دواتر ڕستەکە بەشێوەی تەواوی خۆی دەردەخاتەوە، ئەمەش یاریکردنێکی جوان و هونەرییە، کە "**وەفایی**" بۆمانی جێهێشتووە. وەک لەم نموونەیەدا:

مەنعی ناڵینم لە شەوقی گەردن و ڕووی خۆت مەکە

بولبـــولی سوبـــحی بـــەهار بێ شین و واوەیلا نییە

مـــەنعی نـــاڵینم مـــەکەن یاران گونـــاهی مـن نییــە

ئیخـــتیارم لـــی بـڕاوە، ڕووحـــەکـەم قـــوربـــانییـــە (٣٠٠)

## ٢,٢,٢ ڕەگەزدۆزیی

ڕەگەزدۆزیی وەک هونەرێکی جوانکاری ((ڕۆلێکی گرنگ لە پێکهاتەی ڕیتمی مۆزیکالی شیعردا دەگێڕێ))[١].

وەفایی زۆر لای بەکارهێنانی ئەم هونەرە کردووەتەوە، بەڕێژەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیدا بەکاریهێناوە، ڕەگەزدۆزیی بەهەموو شێوەکانییەوە لای "**وەفایی**" بەکارهاتووە، ئەمەش وەک لاکردنەوەیەک بۆ بەکارهێنانی ئەم هونەرە و نواندنی دەست ڕەنگینی تیایدا، هەم وەک لایەنێکی مۆسیقی و بەخشینی چەشەیی خۆش هاتووەتەوە.

[١]شەعبان چالی، شێوازی شیعری جزیری، چاپا ئیکێ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١١٦.

بەشێوەیەکی گشتی ڕەگەزدۆزیی چەند جۆرێکی هەیە، گرینگترینیان ئەمانەن:-

١ــ **ڕەگەزدۆزیی تەواو:** ئەمجۆرەی ڕەگەزدۆزیی لای "وەفایی" زۆر بەکارهێنراوە.

زولفی لادا خاڵی ڕووی دەرکەوت و هیچ ڕووی پێ نەدام

شەو چوو ئەستێرەی بەیان هات، ڕۆژی من پەیدا نەبوو (٢٤٥)

هێنانەوەی وشەی (ڕوو) لە دوو شوێن و بەواتای جیاواز ڕەگەزدۆزیی دروستکردووە. (ڕووی) یەکەم بە واتای (ڕوخسار) و (ڕووی)ی دووەم بەواتای "بایەخ پێنەدان" هاتووە.

قوربانی ئەو ڕەنگەم، دونیای ڕەنگاند ڕەنگ ڕەنگ

بەو ڕەنگە بێ ڕەنگەی ڕوخساری ڕەنگینت (١٥٨)

وشەی "ڕەنگ" چەند جارێک بەواتای جیاواز دووبارەکراوەتەوە، "ڕەنگ"ی یەکەم بەواتای "کەس" و دووەم بەواتای "جوان کردن" و "ڕەنگ ڕەنگ" ی سێیەم بە واتای "جۆر جۆر" هاتووە، چوارەمیش بەواتای "بەو چەشنە" بێ هاوتا، کۆتا "ڕەنگ" یش بەواتای "جوان" هاتووە.

فینجانی دەمت ساغیری یاقووتی ڕەوانە

وەک نەشئی حەیاتی دڵە،یا قووتی ڕەوانە (١٨٠)

ڕەگەزدۆزیی تەواو لە نێوان وشەکانی (یاقووت)دایە، کە یەکەمیان وشەیەکی سادەیە بەواتای یاقووت -جۆرە بەردێکی بە نرخە- دووەمیان بە واتای "خۆراک" هاتووە.

**٢_ ڕەگەزدۆزیی ناتەواو:**

ئەم وشانەی ئەمجۆرە ڕەگەزدۆزییە دروست دەکەن، لە یەکێک لەچوار مەرجەکانی (ژمارەی پیت، جۆری پیت و شێوە و ڕیزبوونی پیت)دا جیاوازبن، واتە سێ لە مەرجەکانی ڕەگەزدۆزیی تەواوی تێدا بێت، یەکێک لە مەرجەکانی تێدا بەدینەکرێ، سەرەڕای جیاوازی واتای وشەکان. لای "**وەفایی**" ڕەگەزدۆزیی وەک بەشێک لە ڕیتم و مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانی بەکارهاتووە.

**١_ ڕەگەزدۆزیی جودا:**

تەنیا جیاوازی دەنگێک لە نێوان دوو وشەدا ڕەگەزدۆزیی جودا دروست دەکات. "**وەفایی**" دەڵێت:

بــرۆت تێک نا، دەمت وێک نا، لە دەریــای لوتفی تۆ دوورە!

لە قــوربی قــابەقـــەوسێن و مــەقــامی لامــەکـــانت بم (١٨٦)

ڕەگەز دۆزی جودا لەنێوان وشەکانی (وێک نا) و (تێک نا)دا هەیە، جیاوازییەکەش لەپیتی یەکەمی وشەکانی /و/ و /ک/ دایە کە دوو دەنگی جیاوازن، لە ڕووی جۆر و سازگەی دەنگەوە.

لە جیلوەی قامەتی بەرزی، لە عیشوەی زولفی سەت تەرزی

زەمـین و ئـاسـمان لـــەرزی، سـوجـوودی ڕووی دلارا کـــرد (١٦٣)

لە نێوان وشەکانی (بەرزی) و (تەرزی) و (لەرزی) ڕەگەزدۆی جودا هەیە، بەجیاوازی پیتی یەکەمەکانیان /ب/ و /ت/ و /ل/ی نەبزوێن، جیاوازییەکە جوانیەکەی

ئەوەندەی دیکە دەرخستووە و خوێنەر چێژ لەو هونەرکاری و مۆسیقییەکەی وەردەگرێت.

دەڵێی گوڵی زارم گەردن ئاسکم، وەنەوشە بسکم، زیوین باسکم

بـــڵا بزانێ چەند نـــەرم و ناسکم، ئەگەر رووح دێنێ وەفایی بابێ (۳۳۷)

ڕەگەزدۆزیی جودا لەنێوان وشەکانی (ئاسکم، (باسکم، ناسکم)دا هەیە، بە جیاوازی پیتی یەکەمیان. هەروەها لەنێوان وشەی (بسکم) و (باسکم) ڕەگەزدۆزیی زیاد هەیە، بەزیادەی پیتی (ا)ی ناوەڕاست. سەرباری ئەوەی ڕەگەزدۆزیی لە جۆری لار لە نێوان وشەکانی (باسکم) و (ناسکم)بە جیاوازی خاڵێک (۰) دروستبووە.

**٢ــ ڕەگەزدۆزیی زیاد:**

زیادەی دەنگێک، یان دوو دەنگە لە نێوان دوو وشە، یان زیاتردا کە هەمان ڕیزکردن و جۆر و شێوەیان هەبێت. "**وەفایی**" دەڵێت:

مـــوریدان جەمع بن ئەوجار بەجارێ مات و مەبهووتم

بکـەن شیـوەن لەگەڵ شیـنی مورادم قوتـبی ڕەببـانی (۳۱۳)

وشەی یەکەم (شیوەن) دوو دەنگی لە ناوەڕاستی وشەی (شین)دا زیاترە، بەمەش ڕەگەزدۆزیی زیاد لە نێوان ئەم دوو وشەیە دروست بووە.

ئـاوێـنەیی دڵ وا لــە جــەلادایـــە تـەجــەلــلا

دێوانەیی ڕووت کەی لە هەوای شەوکەتی جەم دا (١٤١)

وشەی کۆتایی دێری یەکەم دوو پیتی لەوشەی (جەلا)ی ناوەڕاستی هەمان نیوەدێر زیاترە، بەمەش ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لەجۆری زیاد لە نێوان ئەو دوو وشەیەدا دروست بووە.

### ٣_ ڕەگەزدۆزیی لار:

شێوەی جیاوازی دەنگێک لە نێوان دوو وشە، یان زیاتردا، کە هەمان ڕیزکردن و جۆر و ژمارەی پیتیان هەبێت. شاعیر، دەڵێت:

ئـــەم ئـــاهووی تاتاری، بۆ نەخلی شەجەرداری

هەر نار و بیمە باری، هەر شەمس و قەمەر دێنێ (٣٥٧)

لەنێوان وشەکانی (نار و بار) ڕەگەزدۆزیی لار هەیە، بەجیاوازی تەنیا خاڵێک، تەنیا ئەم (٠) کاریگەری لەسەر دەنگ و ئاوازی وشەکە کردووە.

کە شانەی دا لە زولفی تار و ماری

لـــەهەر تارێـکی بـــاری نـــافە باری (٣٠٧)

تەنیا جیاوازی (ˇ) لەسەر پیتی /ی/، ڕەگەزدۆزیی لاری لە نێوان وشەکانی (باری و بارێ) دروستکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا (باری) لەگەڵ وشەی (ماری) ڕەگەزدۆزیی جودا دروست دەکەن.

### ٤_ ڕەگەزدۆزیی ئاڵۆز:

ئەو ژمارەی پیتانەی کە لە ژمارە و جۆرەوە وەک یەکن و لەدوو وشە، یان زیاتردا بەڕیزکردنی جیاوازەوە دەهێنرێنەوە، دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕەگەزدۆزیی لە شێوەی ئاڵۆز. هەروەک:

بــۆ کوژتنی، تــۆ دەست مەدە خەنجەر لە وەفایی

بۆو خــونچە گوڵەی وەک دەمە یەک خەندە تەمامە (٢٧٢)

دەنگەکانی (د،ە،م،ە) لەوشەکانی (دەمە و مەدە) لەیەکچوو و هاوبەش، تەنیا ڕیزی پیتەکانیان گۆڕاوە.

حەڵقەیی زولفی بە بازی خستە بەردەم دڵبەرم

یەعنی عەینی عەنبەرم بەو نوکتە ئەوڕۆ غەمبەرە (٢٦٢)

لە نێوان هەردوو وشەکانی (یەعنی) و (عەینی) ڕەگەزدۆزیی ناتەواو هەیە لە جۆری ئالۆز، بەهۆی ئەوەی هەردوو وشە لە ژمارەی پیت و شێوەی پیت یەکسانن، کە لە پێنج پیتی (ە، ی، ع، ی، ن)پێکهاتوون، بەڵام جیاوازی لە ڕیزکرنیاندا هەیە.

**٤_ڕەگەزدۆزیی جووت:**

ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزییان لە نێواندا هەیە، لەتەک یەک بهێندرێنەوە، ڕەگەزدۆزیی جووت دروست دەکەن. هەروەک:

پێشەوایی ڕاستان کەس وەک عوبەیدوڵڵا نەبوو

عــالەمێکی دی دەبێ بێ غەوسی بەغداییێکی دی (٣٠٦)

لەنێوان وشەکانی (دەبێ و بێ) ڕەگەزدۆزیی زیاد هەیە، لەگەڵ ئەمەش بەدوای یەکتردا هاتوون. ڕەگەزدۆزیی جووتیان دروستکردووە.

دڵ دەنــاڵێ دەم بــە دەم، ســووتاوی تاوی فیـرقــەتە

بــولـــبولە بێ ڕوویی گوڵ، دڵ پڕ لە داخ و حەسرەتــە (٢٥٥)

هەولاتامەی کتێب

ڕەگەزدۆزیی زیاد لە نێوان وشەکانی (سووتاوی و تاوی)دا هەیە، بەدوای یەکتردا هاتنیان ڕەگەزدۆزیی جووتیان دروستکردووە.

**٥_ ڕەگەزدۆزیی دووپات**

ئەو وشانەی ڕەگەزدۆزیی دووپاتیان دروستکردووە، لەپاڵ یەکترەوە هاتبن، بەڵام بەو مەرجەی وشەی دووەم دەنگێک، یان دوو دەنگی لە وشەی پێشووی زیاتر بێت. هەروەک:

فەرمووی کە دەگەڵ هاتم ئەتۆ ڕوح بدە، چاوم

سـا ساقی، دەجـا جامێ بدە، هـەر نیـگەرانـم (٢٠١)

ڕەگەزدۆزیی دووپات، بەهۆی هەریەک لە جووت وشەکانی (سا، ساقی) و (جا،-جامێ) دروست بووە، کە لە نێوان هەریەک لەم دوو وشانەی کە کەوتوونەتە پاڵ یەکترییەوە، ڕەگەزدۆزیی ناتەواو لە جۆری زیاد هەن.

لە تاتای زولفانی ڕووی تابانە، دەڵێی شەو شەوقی گوڵەباغانە

وەک دەڵێـن ئەوشـۆ خۆ چراغانە، بەڵکو شادی گوڵان وارابێ (٣٣٦)

(شەو، شەوق) دوو وشەن لە جۆری ڕەگەزدۆزیی زیاد، بەڵام لەبەرئەوەی وشەی دووەم دوو دەنگی لە وشەی پێش خۆی زیاترە، ڕەگەزدۆزیی دووپاتی دروستکردووە.

**٣،٢،٢ دژیەک:**

**١_ دژیەکی فەرهەنگی:**

"**وەفایی**" لە شیعرەکانیدا بەڕێژەیەکی زۆر دژیەکی بەکارهێناوە، هەستی بەو ڕیتم و مۆسیقایە کردووە، کە لە هێنانەوەیاندا دروست دەبێت.

زولفی لەرزاند کەوتە سەر ڕووو شادمان فەوجی دڵان

قـــەت لە دۆزەخدا ئەبەد نین، جەننەتین ئەو ئوممەتە (٢٥٥)

وشەکانی ( دۆزەخ و جەننەت) دو وشەی دژن، لە فەرهەنگیشدا دژ و پێچەوانەی یەکترن.

شەو بە تای زولفت شێواندم، ڕۆژبە تاوی ڕووت سووتاندم

چ خــودا لە تــۆ هەڵــدەگـرێ، بە شـــەو و بە ڕۆژ عـــەزابم (١٨٢)

وشەکانی (شەو و رۆژ) دژیەکن لە جۆری فەرهەنگی، هێنانەوەی وشە دژیەکەکان و دووبارەکردنەوە و خستنە پاڵ یەکترییان لە نیوەدێری دووەمدا لەخۆوە نەبووە، بەڵکو ئەنجامی وردبوونەوە و هەستکردنە بە ئیستاتیکیەیەتی وشە دژەکان.

ئەی عەجەب گریام وەکو هەوری بەهاران کەچی

پێکەنیـنی ئـــەو گوڵەی کاکۆڵ پـــەرێشانم نەهــات (١٥١)

(گریان) و (پێکەنین) دژیەکی فەرهەنگین و مۆسیقاییێکی جوانی بۆ دێرەکە دروست کردووە.

**٢_ دژیەکی نافەرهەنگی:**

أ_ ئەگەر دژیەکەکە بە ئامرازی (نا) نەفیکرابێت.

دەخیل هەی مەحرەمی دەردی وەفایی خزمە تەگبیرێ

کـــەوا ناچــار و چـــارەم نایێ خۆ کـــوژرانم ئاسانە (٢٨٠)

دژیەکە نافەرهەنگییەکە لە نێوان وشەکانی (ناچار، چار) دایە.

بـ_ ئەگەر دژیەکەکە بە ئامرازی (نە) کرابێتە نەرێ.

ئەی دەم و خەنـدەت دەلیلی دەعوەیی بوون و نەبوون
وەی بـەروبـــــالآت بەیـــانی مەعنیی نـوون و قـــەڵەم (٢١٦)

وشەکانی (بوون و نەبوون) بەهۆی (نە) کراونەتە دژواتای یەکتر.

تـ_ ئەگەر دژیەکەکە بە ئامرازی (مە) نەفیکرابێت.

دەرمـــان مەکە! هاتوومە حەکیمی هەموو دەردان
دەرمـان بکە جەرگـم، کـــە هەمـــوو کۆنە بـریـنە (٢٨٨)

دژیەکە نافەرهەنگییەکە لە نێوان وشەکانی (مەکە، بکە)دایە، بەهۆی ئامرازی (مە) کراوەتە نەرێ.

## ٤,٢,٢ بەرانبەری:

بریتییە لە هێنانەوەی چوار وشە، یان زیاتر کە لەواتادا دژ یان پێچەوانەی یەکترن، ئەم وشانەش بەجۆرێک ڕیکدەخرێن، کە سەرەتا وشەکان دەهێندرێنەوە، دواتر بەرێکی دژەکانیان دێنێت. "**وەفایی**" لە چەند شوێنێک ئەم هونەرە بەکاردێنێت و مۆسیقای شیعرەکەی پێ جوانتر کردووە. وەک لەم نموونانەدا:

تابی سەری کوڵمت بوو کەوا زولفی بەبادا
یـــا ڕۆژی ویساڵت شەوی هیجرانی وەلادا (١٣٧)

له نیوه دێری دووەمدا، سەرەتا وشەکانی (ڕۆژ) و (ویساڵ)، لەکۆتا نیوەدێری هەمان نیوه دێر وشەکانی (شەو) و (هیجران) بەرانبەر وشەکانی پێشوو هاتوون. پەیوەندیی (رۆژ) و، (شەو) و هەروەها (ویساڵ) و (هیجران) پەیوەندییەکی (دژیەک)ییە، بەمەش بەرانبەری دروست بووە.

شەو ئەگەر تۆ ماهتابی، ئینتزاری تابەکەی؟

ڕۆژ ئەگەر تۆ ئافتابی بۆچ لە هەوران نایە دەر (١٧٧)

لەنیوەدێری یەکەمدا وشەکانی (شەو) و (ماهتاب) بەڕیزە هاتوون، لە بەرانبەریدا له نیوەدێری دووەمدا بەڕیزە وشەکانی (رۆژ) و (ئافتاب) هاتوون، پەیوەندیی نێوان وشەکانی (شەو) و (رۆژ) و پەیوەندیی (ماهتاب) و (ئافتاب) دژیەکییە، بەمجۆرە بەرانبەرییەکە دروست بووە.

### ٥,٢,٢ جێگۆرکێ:

بریتییە له دووبارەکردنەوەی دوو وشە، یان زیاتری شیعرێک، ئەو وشانەش پێشتر بەکارهاتوون، بەڵام کە جارێکی دیکە دووبارە دەکرێنەوە ئاڵوگۆر بەشوێنەکانیان دەکرێت و جێیان دەگۆڕدرێت. "**وەفایی**" لە شیعرەکانیدا باڵادەستی خۆی نواندووە، وەک هۆکارێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕیتم و واتای وشەکان بەکاریهێناوە، هەروەک لەم نموونانە دەستنیشان دەکرێن:

مەڵێن بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆڵکرد

دڵ ئـــــارامی نەمـا چ بـــکا، کە ئـــارامی دڵان ڕۆیی (٣١٦)

له دێرێکی دیکەدا شاعیر زۆر لێزانانە جێگۆرکێیەکەی ئەنجامداوە، کە مۆسیقاییێکی ناسک دەبەخشێت.



هەوالنامەی کتێب

به چشـــم اشـــكبارم عكـــس و روی و مـــوی جـانان بیـن
شـــەو و ڕۆژ، ڕۆژ و شـــەو، هەردوو لـــە نێو عەقدی سورەییادا (١٤٠)

لێرەدا جگە لەوەی جێی وشەكانی گۆڕیوە، بەڵام خستنە پاڵ یەكتری، زیاتر هونەرەكەی دەرخستووە، سەرباری ئەوەی وشەكان لە بنچینەدا دژن بەجێگۆركێ كردنیان هێندەی دیكە مۆسیقایەكەی ناسكتر كردووە.

لە قوببـــەی ســـینە سووتاوم دڵم بەو نـــارە پڕ نـــارە
بـــرۆی پەیوەستە خستوومی، منی وا خســـتە پەیوەســـتە (٢٥٣)

جێگۆركێ كردنی وشەكانی ڕستەیەك و هێناوەیان لە نیوەدێڕێكدا مۆسیقاییێكی بەچێژی دروستكردووە.

### ٦,٢,٢ كەرتكردن

"**وەفایی**" بەچەند شێوەیەك هونەری كەرتكردنی بەكارهێناوە*، لێرەدا ئاماژە بەچەند شێوەیەكی ئەم هونەرەو بەكارهێنانیان لە شیعرەكانیدا دەكەین.

**١ـ كەرتكردنی چواری:**

لەم جۆرە كەرتكردنەدا شیعرەكە دابەشی چوار كەرت دەكرێت، سەرواكانیان لەگەڵ یەكتر دەگونجێندرێن. "**وەفایی**" شاعیر، وەك زۆربەی شاعیرە كوردەكانی دیكە، ئەم هونەرەی بەشێوەیەكی بەرچاو بەكارهێناوە. لێرەدا چەند شێوەیەكی دەخەینە ڕوو:

أ ـ شاعیر دێرە شیعرەكەی دابەش دەكات بۆ چوار پارچە، سێ پارچەی یەكەم هاوسەروا دەبن، پارچەی چوارەم لەگەڵ پارچەی سەرتاپای شیعرەكە هاوسەروایە، كە

* لە شیعرە كوردییەكانی "وەفایی"دا تەنیا یەك نموونەمان بەرچاو دەكەوێت، كە لەسەرەتاوە تا كۆتایی هونەری كەرتكردنی تێدا بەكارهاتبێت.

سەروای گشتی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە. "**وەفایی**" زۆربەی شیعرەکانی بەمجۆرەی کەرتکردن نووسیووە.

دیسان بە نەغمەی زیر و بەم، بولبول دڵی بە دەرد و غەم
لەتـاوی خونچەی گوڵــبەدەم، ساز و سەمتور و تاری گرت
بـــۆ خاتری گوڵ وەدەرکــەوێ، بە خەندە هەستێ لە خەوێ
هەوری بەهـاری ناسرەوێ، شێوەی عاشق و دڵـداری گرت (١٥٤)

بــ یان ئەوەتە شاعیر دێرە لەتکراوەکانی هاوسەروا دەکات، بەمشێوەیە:

سووتـــام لەتـــاوی فیرقەتێ، ساقی کەرەم کە شـــەربەتێ
وەکـــوو قوقنووس ئـــاورم کەتێ، یـــا غەوسی سانی هیممەتێ (٣٤٢)

پــ-هەندێکجار شاعیر دێرە لەتکراوەکە بەشێوەیەک لەت دەکات، کە کەرتی دووەمی نیوەدێری یەکەم و کەرتی یەکەمی نیوەدێری دووەم هاوسەروا و کەرتی یەکەمی نیوەدێری یەکەم و کەرتی دووەمی نیوەدێری دووەم سەروایەکی سەربەخۆی خۆیان دەبێت. هەروەک:

لەســـەر تاقی برۆی جانان، شەیدای زوڵفی پەرێشـــانە
ســـەوداســـەر ئەو دڵ دێوانە، قیبلەی بەردا زونناری گرت (١٥٤)

تــ هەندێکجار شاعیر پارچە لەتکراوەکانی دێرەکە بەشێوەیەک ڕێکدەخات، کە کەرتی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروا دەبن، کەرتی سێیەم سەروایەکی سەربەخۆی دەبێت. وەک:

بەڵـێ نەســیمی بـــەهار، نەرم نەرم هاتە خوار
دونیای زیندوو کردەوە، بە ئەمری پەروەردگار (١٦٥)

جـ-يان ئەوەتە شاعیر دێرە لەتکراوەکان وا ڕێکدەخات، کە کەرتی یەکەم و سێیەم هەمان سەروایان هەبێت و کەرتی دووەم و چوارەمیش سەروایان یەک بێت، وەک:

لەبەر نازی چاوبـازان، خورد و خەوم خوێنـاوە

بـە تیـری تیـر ئەنـدازان، چ بکەم جەرگم بڕاوە (٢٩٢)

حـ-یانیش ئەوەتە کەرتی یەکەم و سێیەم سەروای سەربەخۆیان هەیە، کەرتی دووەم و چوارەمیش هاوسەروان، بۆ نموونە:

نەسیمی بادی نەورۆزی، شەمیـمی عەبهەری هێنا

بـەریـدی عاشـقان دیسان، نەویـدی دڵبەری هێنا (١٤٨)

خـ-شاعیر کەرتەکانی یەکەم و سێیەم هاوسەروا دەکات و کەرتەکانی دووەم لە سەروادا سەربەخۆ و چوارەمیش دەچێتەوە سەر سەروای گشتی شیعرەکە، وەک:

کەوتە سەحرا و کۆهساران، قەهقەهەی کەبکی دەری

هـات لە تەرفی مەرغزاران، نـاڵــە ناڵی مورغـی زار (١٦٨)

چـ- یانیش ئەوەتە کەرتەکانی یەکەم و دووەم هاوسەروا دەبن، کەرتی سێیەمیش لە سەروا سەربەخۆ و کەرتی چوارەمیش دەچێتەوە سەر سەروای گشتی شیعرەکە، وەک:

ئەی سیـفەت ناڵینـمە، بولبول تەریقەت شینـمە

شای شەکەر لێوان، گوڵ و ئەگریجە لەرزانم نەهات (١٥١)

**٢_ کەرتکردنی شەشی:**

لەم کەرتکردنەدا دێرە شیعرەکە دابەشی سەر شەش بەش دەکرێت هەر نیوە دێرێک دابەشی سێ کەرت دەبێت، "**وەفایی**" بەچەند شێوەیەک ئەم هونەرەی بەکارهێناوە، لێرەدا ئاماژە بەچەند شێوەیەک دەکەین:

أ_ وادەبێ شاعیر دێرە لەتکراوەکان بەشێوەیەک دابەشدەکات، کە پێنج کەرتی دێرە شیعرەکە هاوسەروا دەبن، تەنیا کەرتی شەشەم سەروای سەربەخۆی هەیە کە لەگەڵ سەروای گشتی شیعرەکە یەکدەگرێتەوە، وەک:

بـــەردی سەنا بەرقی نەبوو، غەربی نەبوو، شەوقی نەبوو
هـــەرچی هەبوو، بەرقی نەبوو، یـــا غەوسی سانی هیممەتێ (١٥٦)

ب_-یان شاعیر دێرە شیعرەکە بەجۆرێک رێکدەخرێت، کە کەرتی یەکەم لەگەڵ کەرتی چوارەم، کەرتی دووەم لەگەڵ کەرتی پێنجەم و کەرتی سێیەم لەگەڵ کەرتی شەشەم هاوسەروا دەبێت. بۆ نموونە:

فـــەرەنگی میـللەتێ، کـــافر دڵێ، ئەگریجە تەرسایێ
مـــەلاییک سوورەتێ، ئـاهوو خەرامێ، ماهی سیمایێ (٣٢٣)

پ_-یانیش ئەوەتە هەریەک لە کەرتەکانی نیوەدێری یەکەم هاوسەروا دەبێت لەگەڵ هەمان کەرتی بەرانبەری لە نیوەدێری دووەم. بەشێوەیەک کە کەرتی یەکەم لەگەڵ کەرتی چوارەم، کەرتی دووەم لەگەڵ کەرتی پێنجەم، کەرتی سێیەم لەگەڵ کەرتی شەشەم هاوسەروا دەبن. وەک:

غەریبی تۆم، نەخۆشی تۆ، بە گۆشەی چاوی بیمارت
ئـــەسیری تۆم، شەهیدی تۆ، بەنووکی تیژی موژگانت (١٥٦)

هەواڵنامەی کتێب

ت_–هەندێکجاریش شاعیر سێ کەرتی یەکەم سەروایەکیان بۆ دادەنێت، کەرتی چوارەم و پێنجەم هاوسەروا دەکات، کەرتی شەشەمیش لەگەڵ سەروای گشتی دەقەکە یەکدەگرێتەوە:

زولـــفی وەشـاند و ڕایەکانـد، ڕووی خۆی نوێنـد، عەتری وەرانـد

بـانگی دەهێشت، کـەسی نەهێشت، بـۆ کـوێی دەبەی وەجهی حەسەن (٢٣٤)

**٣_ کەرتکردنی هەشتی**

لەمجۆرە کەرتکردنەدا هەر نیوەدێرێک دابەشی سەر چوار کەرت دەکرێت، بەمەش وەستانێکی زۆر دەکەوێتە نێوان کەرتەکان ئەم وەستانانەش مۆسیقاییێکی تایبەت بە شیعرەکە دەبەخشن، لەبەر سووکی ئاوازەکە و ئەو وەستانانەی لە نێوان پارچەکاندا هەیە پشوویەک بە خوێنەر دەدات و نەفەسێکی درێژ بە شیعرەکە دەبەخشێت، هەرچەندە کە شیعرەکە درێژ بێت خوێنەر هەست بە ماوەکەی ناکات. لە شیعردا چەند سەروای ناوەوە زیاتر بێت، ئەوەندە مۆسیقای شیعرەکە پتەوتر دەبێت و گوێش ئارەزووی بیستنی دەکات.

لێرەدا ئاماژە بە چەند بەکارهێنانێکی ئەم کەرتکردنە لای "**وەفایی**" دەکەین:

أ_ دێرە کەرتکراوەکان لە لەتی یەکەمدا هاوسەروا دەبن، کەرتەکانی لەتی دووەمیش هاوسەروا دەبن، جگە لە لەتی کۆتایی نەبێت، کە هاوسەروا دەبێ لەگەڵ سەروای گشتی شیعرەکە.

بورقـەع لەسەر، ئەتڵەس لەبەر، وەک بـووکی تەڕ، گوڵ هاتە دەر

کاکـۆڵ بە دۆش، عـــەنبەر فرۆش، پێم کـوت ئەتۆش، دیم غافلەن (٢٣٤)

شاعیر ئەم شیعرەی بە شێوەیەکی هونەری زۆر جوان دارشتووە، وەستانی عەرووزی–مەبەست وەستانی پێیەکانی کێشە– و وەستانی وشەیی و واتاییشی لەگەڵدایە، ئەمەش بەرزترین ئاستی ڕیتمیە کە شاعیر پێشکەشی دەکات.

ب_–یان ئەوەتە کەرتەکانی نیوەدێری یەکەم هەمان سەروایان بۆ دەهێندرێتەوە، کەرتەکانی نیوەدێری دووەمیش بەشێوەیەک ڕێکدەخرێت، کە هەردوو کەرتی بەشی یەکەم سەروایەک و کەرتەکانی بەشی دووەم سەروایەکی سەربەخۆیان دەبێت. هەروەک لەم نموونەیەدا بەرچاومان دەکەوێت:

خـەندەی دەمـی، بۆی پەرچەمــی، چـاوی بـازی، نـازی ڕەمی*
شــەهد و شــەکەر، میسک و عەنبەر، یەغما دەکەن تـاراج دەبەن (٢٣٥)

پ_–زۆرجاریش شاعیر یەکێک لە نیوەدێرەکان کەرت دەکات، بۆ سەر چواربەش و نیوەدێرەکەی هەروەک خۆی دێنێتەوە.

١_ کەرتکردن لە نیوەدێری یەکەم:

ئەی بەهار، ئەی نامەبەر، ئەی میسکبار، ئەی غەمگوسار
ئەی هەوات وەک بۆنی زولـفی یـارەکەی مــن سازگـــار (١٦٨)

٢_ کەرتکردن لە نیوەدێری دووەم:

لەسەر چاهی زەنەخدان دێ و دەچێ ڕەحمی نییە زولفت
فــەرەنــگە، ڕۆژ پــەرستە، کافــرە، زینــدانـەوانــی مــــن (٢٣٢)

(*) لەدیوانی بەکارهاتوودا، نازی ڕەمی نووسراوە، بەڵام ئێمە هەروەک (قەرەداغی) (نازی کەمی)مان پێ دروستترە بڕوانە (دیوانی وەفایی) لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی دووەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، ١٣٨٥.



هەواڵنامەی کتێب

### ٧,٢,٢ رد الصدر على العجز (دوابەسەر):

هونەرێکی جوانکاری وشەییە، بریتییە لە ((بوونی دوو وشەی هاوشێوە یەکێکیان لە کۆتایی دێر ئەویتر لە سەرەتای نیوە دێری یەکەم، یا ناوەڕاست یان کۆتایی یان سەرەتای نیوەدێری دووەم))[1].

ئەم هونەرە لە شیعر و پەخشاندا هەیە، لە شیعردا چەند شێوەیەکی هەیە. لای "**وەفایی**"یش، ئەم چەند شێوەمان بەدیکرد، لەوانە:

١_ کۆتایی نیوەدێری یەکەم، لەگەڵ سەرەتای نیوە دێری دووەم:

دڵ بە مەحزی روئیەتی زولفت بە ڕوودا کەوت و مرد

مـــردم و نەمـــزانی نـــەکەی خستی نـــە مـــاری پێوەدا (١٤٤)

٢_ ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم، لەگەڵ کۆتایی نیوەدێری دووەم:

تیـــرت کە قەراری جگەرم بوو، وە دڵم کەوت

تـــا ڕۆژی حەشـــر، داغی خەدەنگت لە جگەردا (١٣٩)

٣_ کۆتایی نیوەدێری یەکەم و کۆتایی نیوەدێری دووەم:

ئەی حوققەیی شەهد و شەکەرت ئابی حەیاتم

مـــــردم، بە بەدەن بێنـــەوە بەو ئـــاوە حـــەیاتم (١٩٠)

٤_ ناوەڕاستی نیوەدێری یەکەم، لەگەڵ سەرەتای نیوە دێری دووەم.

سەگەکەی ڕێبازی لەیلی، وەرە سەر دوو چاوی مەجنوون

چـــاوم ئەو دەمـــەی لی ڕوونە، خـــاکی بەرپێی ئاشـــنابم (١٨٢)


[1] محمد أحمد قاسم و محي الدين ديب ، علوم البلاغه البديع و البيان و المعاني، الموسسه الحديثه للكتاب طرابلس-لبنان، ٢٠٠٨، ص ١٢١.

### ٨,٢,٢ هاوتەریبی پێکهاتەیی:

ئەو هاوسەنگیی و گونجانەی لە نێوان بەشە جیاوازەکانی پێکهاتەی ڕستەکاندا دروست دەکرێن، سەرچاوەیەکی بەهێزە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مۆسیقای دێرە شیعرەکە، سەرەڕای ئەو بەها واتاییەی کە بە دێرەکە دەبەخشێت. "**وەفایی**" لەم هونەرەدا دەستڕەنگینی نوواندووە و بەها مۆسیقییەکەی ئەم هونەرەی پەلکێشی شیعرەکانی کردووە، بۆ دارشتنی چەند دێڕێکی هاوسەنگ و هاوتەریب لە دیوانە شیعرییەکەیدا، هەروەک ئەم نموونەیە:

غەریبی تۆم، نەخۆشی تۆ، بە گۆشەی چاوی بیمارت

ئـــەسیری تۆم، شەهیدی تۆ، بە نـووکی تیری موژگانت (١٥٦)




ئاوەڵناو+ئامراز+جێناویسەربەخۆ+جێناویلکاو+ئاوەڵناو+ئامراز+جێناویسەربەخۆ+جێناویلکاو+ئامراز+ناو+ئامراز+ ناو+ئامراز+ناو+جێناوی لکاو

**هێلکاری ٤,٢:** چۆنیەتی ڕیزبوونی کەرستەی ڕێزمانی هەردوو ڕستەکە

هەندێکجار شاعیر بەشێک لەدێرە شیعرەکەی هاوتەریب دەکات، ئەگەرچی هاوتەریبی تەواو نییە، ئاستی مۆسیقای لەو کەمترە، بەڵام مۆسیقاییێکی چێژ بەخشی هەیە، هەروەک ئەم دێرە:

هەوالنامەی کتێب

لێوەکەی ئاڵت دەڵێن، ئاورلە عاشق بەردەدا

زەرەیی نووره بەڵا، ئاورلە ئینسان بەردەدا (١٤٣)

لێرەدا نیوەی دووەمی نیوەدێرەکان، لە ئاستی سینتاکسی هەروەها لە ئاستی واتاییەوە هاوتەریبن، لە ئاستی سینتاکسییەوە هەردوو لەت لە (ناو+ ئامراز (لە...دا)+ناو+کار) پێکهاتوون. لە ئاستی واتاییەوە هاوتەریبن، هێنانەوەی وشەی (ئینسان) لە بڕی (عاشق)کاری لە واتای شیعرەکە نەکردووە، چونکە (عاشق+ ئینسان=ڕۆحلەبەر=مرۆڤ)، واتە ڕستەی دووەم دووپاتی ڕستەی یەکەمە لەڕووی واتاوە، جگە لە مەبەستی جەختکردنەوەی شاعیر، مۆسیقاییێکی جوانی بەبەر دێرەکەدا کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

## پراکتیزەکردنی جۆر و شێوە مۆسیقایەکانی شیعرەکانی (وەفایی)دا

### تەوەرەی سێیەم:

- ○ ڕەنگدانەوەی مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقاییەکان لە شیعرەکانی "وەفایی"دا
- ○ پەیوەندی مۆسیقای شیعری بە:
  - ● یەکەم: وێنەی شیعرییەوە
    - ✓ رۆڵی ڕەوانبێژی لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا
      - ■ وێنەی لێکچواندن
      - ■ وێنەی خواستن
      - ■ وێنەی درکە
    - ✓ ڕۆڵی هەستەکان لە دروستبوونی وێنەی شیعریدا
    - ✓ رۆڵی پیت لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا
  - ● دووەم: لایەنی دەروونناسیەوە

کتێبی هەولێرنامەی

بەشی دووەم:

## ٣,٢ تەوەرەی سێیەم:

### ١,٣,٢ ڕەنگدانەوەی مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان لە شیعرەکانی "وەفایی"دا:

هەستی هونەری لای شاعیران هەستێکی جیانەکراوەیە لە دەروون، بەگشتی ئەم هەستە لای هەموو شاعیرانی دنیا هەست پێدەکرێت، بەڵام چەندێتی ڕەنگدانەوەی ئەم هەستە لە شاعیرێکەوە، بۆ شاعیرێکی دیکە گۆڕاوە. هەستی هونەری لە دەروونی شاعیردا پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ بە باڵابردنی دەق و بەخشینی چێژ و مۆسیقای زیاتر لە بەرهەمەکانیدا، خوێنەریش سەرەڕای چاوبڕینە لایەنەکانی دیکەی شیعر، هەردەم گوێی خۆی شل دەکات بۆ بیستنی مۆسیقایێکی خۆش لە دەقەکەدا.

هەستی هونەری هەستێکی دانەبڕاوە لە سروشتی مرۆڤایەتی، جا ئەو هەستە یان ئەوەتە تەنیا وەک بوون هەستی پێدەکرێت، زۆرجاریش بەتایبەت لای شاعیر و ئەدیبان ئەم هەستە ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانیانیادا دەبێت.

بەگشتی ((هەموو ئەوانەی بە بوارە جیاجیاکانی هونەرەوە سەرقاڵن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هەستی شەشەم لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵدا لەدایک دەبێت، بە هۆیەوە درک بەجوانی ناو وێنەکان و جادووی ناو مۆسیقاکانی دەکات، هەروەها چێژ لە جوانی خەیاڵ و نایابی وێناندن لە شیعردا دەکات))[١].

لەگەڵ ئەمەشدا ئەزموونی تایبەتی ڕۆڵی هەیە لەگەشەکردنی ئەم هەستە و بەرەو پێشچوونی. بەگشتی هونەرناسان دوو بار دادەنێن بۆ ئەم هەستە:

یەکەمیان خۆرسکییە و بەشێوەیەک کە هەموو تیایدا هاوبەشین و پێشینەیەکی لە بوونمان هەیە و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە بۆماوەیی نەوە دوای نەوە بۆمان

[١]ابراهیم انیس، موسیقی الشعر، موسیقی الشعر،الطبعه/ ارابعه، مطبعه/ دار القلم، بیروت-لبنان، ١٩٧٢، ص١١.



هەواڵنامەی کتێب

ماوەتەوە، باری دووەمیش ئەوەیە لەرێگەی ئەزموونی تایبەتییەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەدەست دەهێندرێت[١].

مۆسیقا یەکێکە لەو هونەرانەی، کە هەموو هەست و کون و کەلەبەرەکانی ژیانی داگیرکردووین، لە خۆشترین باردا هەر بۆمۆسیقا و لە ناخۆشترینیشدا هەر پەنا بۆ ئەو دەبەین.

شاعیرە مەزنەکانی ئەدەبیاتی هەموو جیهان، نەیانتوانیوە خولیا و هۆگری خۆیان بەرانبەر مۆسیقا و هونەر بشارنەوە، بەڵکو ئەو خولیا و هونەرەیان، وەک پاڵپشتیەک بۆ سەرکەوتنی بەرهەمەکانیان بەکارهێناوە. "**نزار قەبانی**" لە کتێبی "**قصتی مع الشعر**"دا باس لە چۆنێتی زاڵبوونی مۆسیقا بەسەر شیعرەکانی دەکات و دەڵێت:

(ئەو حاڵەتەش لە زۆربەی جارەکاندا وای لێدەکردم، کە شیعرەکانم بەدەنگێکی بەرز بە گۆرانی بڵێمەوە، وەکو ئەوەی "**لۆرکا**"ی شاعیری ئیسپانی ئەنجامیدەدا، پیتە ئەبجەدییەکان وەکو وەتەرەکان لە پێشمدا ڕیز دەبوون، وشەکانیش باخچەیەک لە ڕیتمیان دروست دەکرد و شەپۆلیان دەدا. منیش لە پێش لاپەڕەکاندا دادەنیشتم، وەکو ئەوەی چۆن مۆسیقازانێک لەپێش پیانۆکەیدا دادەنیشێت، بیرم لە نەغمە و ئاوازەکان دەکردەوە پێش ئەوەی بیر لە واتاکەی بکەمەوە، بەدوای لەرەلەری وشەکاندا ڕام دەکرد پێش ئەوەی بەدوای وشەکاندا بکەوم)[٢].

لە هەموو زمان و سەردەمێکدا شاعیرە مەزنەکان بەگەورەترین هۆگرانی مۆسیقا هەژماردەکرێن، چونکە مەبەستی سەرەکی شیعر، گۆڕینی زمانە بۆ مۆسیقا.

شاعیریش ((لەزماندا بەدوای ئەو دەنگانە دەگەڕێت کە هاوڕێکە لەگەڵ ئاواز و نەغمە ڕەسەنەکەی، یان نزیک دەبێتەوە لێی، کە دەنگەکانیش دەبەستێتەوە بەوشەکان و وشەکانیش لەچەندین پرس و هەڵچوون (مۆتیڤ) کۆدەبنەوە، لە کۆتاییدا واتایەک، یان ناوەڕۆکێکی لێدەردەچێت))[٣].

---

[١] ابراهیم انیس، موسیقى الشعر، ص ١٢.

[٢] أحمد بسام ساعی، ، حركه الشعر العربي الحديث من خلال أعلامه في سوريه، الطبعه الاولى، دار الفكر، دمشق، ٢٠٠٦، ص٢٧٣.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

هەرپێناسەیەک کە بۆ شیعر بکرێت لە کۆتاییدا دووبارە سەر لەم پێناسە نوێیە دەردەهێنێت، کە دەڵێت: (شیعر ڕازاندنەوەیەکی مۆسیقا ئامێزە بەزمان)[1].

شاعیرانی کورد لە کۆنەوە، وەک شارەزا و مۆسیقازانێک بەرهەمەکانی خۆیان بە جۆر و ناوەکانی پەیوەست بە مۆسیقا و ئامێرەکانی مۆسیقا ڕازاندووەتەوە، جا باسکردن و ناوهێنانیان بە مەبەستەوە، یاخود بێ مەبەست بووبێت. واتە ناوهێنانی مۆسیقا و ناوەکانی پەیوەست بە مۆسیقا بەهۆی شارەزایی و خولیای تایبەتی شاعیر بووبێت، یان ئەوەتە ناوهێنانی ئاواز و ئامێرە مۆسیقییەکان، تەنیا وەک چاولێکەرییەکی شاعیرانی پێشوو بێت، بۆ مەبەستی ڕازاندنەوەی شیعری بەکارهاتبێت. بایەخدانی شاعیرانیش بە مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان جگە لە هەستە هونەرییەکەیان پەیوەندیی بە کلتووری کۆمەڵگەکەیەوە هەیە، چونکە میللەتی کورد، وەک نەتەوەیەکی کۆنی سەرزەمین خاوەن کلتووری تایبەت بەخۆیەتی، مۆسیقاش لە بەشێک لەو کلتوورە بەکارهاتووە، وەک لە بۆنە و یاد و سرووتە ئاینییەکان پەیڕەو کراوە هەر لە ئاینەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش کۆڕە ئاینییەکان، بەدەف و ئاوازەوە دەکرانەوە.

"**وەفایی**" یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لە دەقە شیعرەکانیدا بایەخێکی تایبەتی بە مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان داوە، لە زۆر شوێندا پەنایان بۆ دەبێت، وەک شارەزایەک ناویان دێنێت.

وەک داهێنەرێک ((درک بە سیحری وشە و چێژە ئیستاتیکییەکەی دەکات، کە وای لێدەکات ژێیەکانی نەغمەیەکی مۆسیقای بژەنن، کە ئاوازێکی پڕ لە سۆز و هەڵچوونی دەروونی بێت))[2].

ئەم کارەی شاعیر بێ مەبەست نەبووە، بەڵکو هۆگری شاعیر بۆ مۆسیقا و ساز و گۆرانی و بەهرەی هونەری خۆیمان نیشاندەدات. هەروەها زۆرێک لەوانەی، کە لەسەر

---

[1] محمد رضا شفيعى كدكنى ، موسيقى شعر، ص ٣٨٩.

[2] عبدالحميد جودي، الموسيقى الشعريه في شعر الزهد عند أبى اسحاق الالبيري الاندلسى، مجله علوم اللغه العربيه و آدابها، مطبعه المنصور، عدد (٤)، مارس ٢٠١٢، ص١٢٤.

"**وەفایی**" و ژیانی "**وەفایی**"یان نووسیوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە "**وەفایی**" پەیوەندییەکی قوڵی بە مۆسیقا و گۆرانییەوە هەبووە.

ئاهەنگ و ئاوازدانەرێکی شارەزابووە و زۆرجاریش شیعرەکانی بە ئاوازەوە داناوە[١]. هەر هەڵبەستێکی "**وەفایی**" بێنی تەڕی و ناسکیەتی لێدەچۆڕێ. ئەو ئاوازانەش ڕۆڵیان لە پاراستن و نەفەوتانی بەشێک لە شیعرەکانی هەبووە[٢]،

چونکە ئاواز وەک قەڵغانێکە بۆ شیعر بەرانبەر هێرشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بۆ درێژەپێدان بە مێژووی هونەری خۆی، تا شیعرێکی بێ ئاواز لەناو خەڵک بڵاودەبێتەوە، ئەوا دەیان گۆرانی بەناو خەڵک بڵاودەبێتەوە دەماو دەم دەکرێن، چەند ئاوازیش لەگەڵ شیعرەکە گونجاو و تەبا بێت، ئەوا چێژی شیعرەکە دووهێندەی خۆی لێدەکات.

هەروەها مەڵبەندی شاعیر، کە (سابڵاخ-مەهاباد)ە، سەرچاوە و چاوگی ئاوازی ڕەسەنی کوردەوارییە زۆربەی هەرە زۆری (بەستە)ی پڕ جۆش و خرۆش و خۆش و خەمڕەوێن لەو خاکە لەدایک بووە[٣]

بێگومان ژینگەش پەیوەندیی هەیە بە پێکهاتە و ڕەوشتی هەر تاکێک لە کۆمەڵگاکەی. بە دەگمەن دەبێ کەسێک باس لە "**وەفایی**" بکات و باس لەپێوەندییە بەتینەکەی لەگەڵ مۆسیقادا نەکات. "**گیوی موکریانی**" دەڵێت:

((وەفایی بوێژێکی زۆر دڵتەر و دڵدار و سەوداسەر و گراو (عاشق)ێکی وابووە، کە لە ڕێکخستنی هەڵبەست و داهێنانی هەوایانی (نوتە) دا و لە دۆزینەوەی وشەی لەبار و تامدار و لە بزواندنی هەستی دڵدارێتی دا دەست و دوو و تواناییکی واق ورهێنەری هەبووە))[٤]. لە دیدی "**گیوی**"یەوە ئەگەر "**وەفایی**" ((وەکو ڕۆژاواییەکان کەرستەی بەزمی ساز و خاوەندی چەند ئامراز (الات) ێکی مۆسیقای بایە لە گێتیدا یەکەمین هەواداهێنەر (نۆتیست) دەبوو))[٥].

---

[١] وەفایی (دیوان)، ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی/ عوسمان دەشتی ،لا١١٢.

[٢] مستەفا سەید مینە، پایەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خواردووا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر، ٢٠٠٧، لا ٢٢٤.

[٣] عثمان شارباژێری، وەفایی و گۆرانی و مۆسیقای کوردی، بەشی دووەم، ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٩٠)، ١٩٨٢، لا ٦٨.

[٤] گیوی موکریانی، دیوانی وەفایی، لا٤.

[٥] سەرچاوەی پێشوو، لا٤.



هەولێرنامەی کتێب

"**وەفایی**" بەهۆی ئەو شارەزاییەی لە هەردوو هونەری "شیعر" و "مۆسیقا"دا هەیبووە، زانیویەتی، کە چ ئاوازێک بەبەر کام شیعری خۆیدا بکات، هەروەها زۆربەی شیعرەکانی بەهۆی دەوڵەمەندیی لایەنی مۆسیقییێتی و تەڕی و ناسکی و ڕەوانی کراون بەگۆرانی و چەندین ئاوازی جوانیان بەبەردا کراوە، شیعرەکانی لە ڕابردوو و ئێستاشدا سەرنجی هونەرمەندانی بۆخۆی ڕاکێشاوە.

((ئێستاش لە موکریاندا لە هەموو کۆڕ (مجلس)ێکی بەزم و ئاهەنگ و سەیرانگاهیکی دا هەڵبەستەکانی وی بەو دەنگە خۆش و لەبار و ئاسمانیانیانەیانەوە دەخوێندرێتەوە))[١].

هەستی هونەرمەندانەی شاعیر و توانا مۆسیقییەکەی بەسەر زۆربەی شیعرەکانییەوە، دیارە. شیعرەکانی پڕن لەئامرازە مۆسیقییەکانی، وەک: (ساز، سەمتور، تار، نەی، عوود، دەف، تار، تەنبوور، چەنگ، ڕوباب و زیروبەم). هەروەها وشەکانی (نەوا، شاناز، حیجاز، نەغمە و ئاواز) بەڵگەی شارەزایی شاعیر لە مەقام و گۆرانی دێت. هەندێکجار بەکارهێنانی ئامراز و ناوەکانی تایبەت بە مۆسیقا بۆنی شیعری سۆفییەتی دەدات،

سۆفییەکانیش لەکۆنەوە لەکۆڕی زیکر بەستانیاندا مۆسیقایان وەک هۆیەک بۆ نزیکبوونەوە لە خودا داناوە، بالابردنی گیان و ڕزگاربوون لە کۆت و زنجیری جیهانی هەستی بەکارهاتوون[٢]. واتە مۆسیقا لای سۆفییەکان ((دوور لەهەموو پێویستی و داواکارییەکی هونەری و شکڵی، هەموو ئامانجی ئەوەیە تامی وروژێندن و فرەژووبوون، یان بەرزبوونەوەی عاتیفی یان ڕۆحی بکەین))[٣]. "

"**وەفایی**" لە هەندێک شوێنی شیعرەکانی ئاماژەی سۆفیگەری دەبینین، چونکە "وەفایی" سۆفی بووە و موریدی شیخی بورهان بووە و نەقشبەندی بووە، هەندێکجاریش

---

[١]گیوی موکریانی، دیوانی وەفایی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٥١، لا٤.

[٢]ئیبراهیم ئەحمەد شوان ، گوێگرتن (السماع) لەنێوان زانایانی شەریعەت و سۆفییەکاندا، گ/کاروان، ژمارە (١٥١)، تشرینی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٠، لا٥٨.

[٣] محەمەد موکری ، سۆفیزم و مۆسیقا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٦٤، ٢٠٠١/١٠/٥، لا١٢٧.



هەولاَمەی کتێب

ناو و ئامرازە مۆسیقییەکانی پەیوەست بەحاڵ و زیکری سۆفییەکان، وەکو (دەف، چەنگ، نەوا، موتریب) لەشیعرەکانیدا، بەرچاو دەکەون.

شاعیر زۆرجار ناوی ئامێرە ڕۆژهەڵاتییەکان دێنێت، جگە لەوەی ناوی خودی ئامێرەکان دەبێت، بەشێوەیەکیش ڕێکیان دەخات و دەیانخاتە پاڵ یەک کە هەر بە وشەکانی مۆسیقامان بۆ دروست دەکات، وەک بڵێی وشەکان بکات بە وەتەرێکی ئامێری مۆسیقا و مۆسیقامان بۆ بژەنێت. ئەم تایبەتمەندییەش شێوەیەکی زاڵی بەسەر زۆربەی زۆری شیعرەکانی داگرتووە و هەر ئەمەش وایکردووە زیاتر لەهەر شاعیرێکی کلاسیکی شیعرەکانی بکرێتە گۆرانی. کەواتە پەنابردنە مۆسیقییەکانی شاعیر بێ هۆکار نەبووە، مەبەست و خولیای هونەری لەدواوە بووە. شاعیر دەڵێت:

دیـسان بە نەغمـەی زیروبـەم، بولبول دڵی بە دەرد و غـەم

لـــە تاوی خونچەی گوڵبەدەم، ساز و سەمتور و تاری گرت (١٥٤)

لەم دێرەدا چەند لایەنێکی مۆسیقییتی خۆی نیشاندەدات، وەک ناوهێنانی ئامێرە مۆسیقییەکانی وەک: (ساز، سەنتور، تار)، کە سێ ئامێری مۆسیقای ڕۆهەڵاتین، لە بواری مۆسیقا (نەغمە) وەک (پیتە) و (ئاواز) وەک وشە، ئاوازیش لە چەند نەغمەیەک پێک دێت[1]. (زیر و بەم) دوو ژێی ئامێری (عوود)ن. (زیر) بە ژێیە باریکەکەی ئامێری عوود دەوترێ، دەنگێکی ناسکی هەیە. (بەم)یش یەکێکە لە ژێیە ئەستوورەکانی (عوود)، دەنگێکی گڕ و قەبە دەدات[2].

ناوهێنان و شێوازی دارشتنە هونەرییەکەی ئەوەندەی دیکە ئاوازەکەی کوتیوەتەوە، سەرەڕای کوتینەوەی سەروای ناوەوەی نیوەدێرەکان خۆشئاوازتر بەر گوێ و هەست دەکەوێت.

---

[1] عثمان شارباژێری، وەفایی و گۆرانی و مۆسیقای کوردی، ل٧٠.
[2] سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

تـــاق و جووت گـرتیانە دەم، مورغــانی خۆش دەنگ و سەدا

ساز و دەف، تەنبوور و بەربەت، چەنگ و نەی، سەمتوور و تار (١٦٩)

لێکدانی ناوی ئامێرەکانی مۆسیقا، چۆنییەتی ڕیزکردن و گونجاندیان لەگەڵ یەکتری لەڕووی دەنگەوە، ئیستاتیکیەتێکی جوانی بۆ شیعرەکە دروستکردووە، شاعیر هەرەمەکییانە ناوی ئامرازەکانی لەپاڵ یەکتر ڕیزنەکردوە.

((گوێگر هەر گوێی لە دەنگی ترپەی دەف و تەپڵ و زرنگەی پیتەکان بێت و پێویستی بە زۆر وردبوونەوە ناکات لە مانا و جیاکردنەوەی وشەکان))[1]. چێژی دەنگی ئەو ئامێرانە لەگەڵ یەکتری سەمفۆنیایەکی ناسک دەبەخشێت.

هەروەک ئاماژەمان بۆکرد شاعیر هەندێکجار ناو و ئامێرەکانی مۆسیقا وەک ڕەمزێک بەکاردەهێنێت، کە بۆنی شیعری سۆفیگەری دەدات. هەروەک لەم دێرەدا دەڵێت:

موتریب  تۆو تاری ڕووحانی، ساقی تۆ و جامی سوبحانی

موغـەننی نــــەوای عیـرفانی، یا غـەوسی سانی هیممەتێ (٣٤٣)

شاعیر بۆ نزیکبوونەوە لە پێغەمبەر(د.خ) هانا بۆ موتریب و ساقی دەبات. موتریبێک کە دەنگ و سەداکەی ئاوێتەی سەوتی تار بکات، تا بەرەو جیهانی ڕووحی ببیات ئەو جیهانە ڕەسەنەی کە لە دڵ و دەروونی مرۆڤایەتی دوورکەوتۆتەوە، شاعیر دەیەوێت بەو جیهانە بگات و لە جیهانی ماددیەت دوورکەوێتەوە. هەروەها داوای لە ساقی کردووە، کە جامێک شەرابی خوایی پێببەخشێت، تا بەو جامە مەستی عەشقی خودایی بێت. جۆش و خرۆشی و هەڵپەیی شاعیر لە بەردەوامبووندایە، سۆزی دەنگی موغەنی جۆششێکی زیاتری پێدەبەخشێت، تا بەرەو جیهانی سۆفییانەی ببات، تا پێغەمبەری خوا یارمەتی بۆ بدات و لە کۆتاییدا شەفاعەتی بۆ بکات.

---

[1] عبدالرزاق بیمار، خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٣٠.

سۆفییەکان زۆر گرنگی بە سەماع دەدەن، ((بە زیادەڕەوی نازانین ئەگەر بڵیین سۆفییەکان تاقە گروپێکن لە نێوان ئەهلی ئەدەب و ڕەوشت، کە مۆسیقا و گۆرانیان بە شتێکی ڕێکوپێک داناوە و بە بۆچوونێکی فەلسەفی هەڵیان سەنگاندووە و شیعر خوێندنەوەی ئاشکرایان لە ئەدەبی باڵا حسێب کردووە))[١].

لەشیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

عەندەلیبان، قومرییان، سێروان، تەرزەوان، سەف بە سەف

شــــیوەن و گوڵبــــانگ و، نــاڵە و، نەغـــمەیان کرد ئاشـــکار

زاهیـــدان، سۆفـــییان، موریـــدان، شێخ و شــایان یەک بەیەک

شــەوق و شـــادی و عیشرەت و ڕەقس و سەمایان خستەکار

کــەوتنــە سەر وەجـد و هەوا، بێ هۆش لەبەر جامی تەرەب

هاتنە سەر ڕەقس و سەما، سەرخۆش و سەرمەست و خومار (١٦٩)

هەستی هونەری ئەوەندە بەسەر شاعیردا زاڵە، هەست لەهەموو دەنگەکان ڕادەگرێت. شاعیر گوێ بۆ دەنگە خۆشەکان شل دەکات، جا ئەو نەغمەیە، چ لە باڵندەیەکەوە دەربچێت لە سروشتدا، چ لە قورگ، یان ئامێرێکی مۆسیقییەوە دەربچێت، شاعیر دەوروژێنن. شاعیر کۆڕێکی زیکر بەستن دروست دەکات. هەریەک لە (باڵندە دەنگخۆشەکان و زاهید و سۆفی و مورید.....تاد) کۆدەکاتەوە، هەریەکەیان بە جۆرێک و نەغمە و سەما و زیکرێک کۆڕەکە بەڕێوە دەبەن، ئەوەندە دەخوێنن تا دەگەنە ئاستی مەستی و بێهۆشی سەرخۆش دەبن و دەگەن بە جیهانی مەبەست.

هەموو ئەوانە بەڵگەن، کە "**وەفایی**" شارەزاییەکی باشی لە مۆسیقا و ئامێرە مۆسیقییەکان هەبووە، بەگشتی لە شیعرە کوردییەکانیدا، زیاتر لە (١٢٩) شوێن ئاماژەی

[١]ئیبراهیم ئەحمەد شوان، گوێگرتن (السماع) لەنێوان زانایانی شەریعەت و سۆفییەکاندا، لا١٥١.

راستەوخۆی بەناو و ئامرازەکانی پەیوەست بە مۆسیقا کردووە، کە لەم خشتەی خوارەوەدا دەستنیشانمان کردووە:

**خشتەی ٨،٢:** ڕێژەی ناوهێنانی ناو و ئامرازەکانی تایبەت بە مۆسیقا

| ژ | ناو–وشە (ئاماژە) | ژ.دووبارەبوونەوە | ژ | ناو – وشە (ئاماژە) | ژ.دووبارەبوونەوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | نەغمە | ٢١جار | ١٣ | بەربەت | ٢ جار |
| ٢ | موتریب | ٢١جار | ١٤ | تارزەن | ٢ جار |
| ٣ | تار | ١٧جار | ١٥ | موغغەنی | ٢ جار |
| ٤ | نەی | ١٤جار | ١٦ | ئاهەنگ | ٢ جار |
| ٥ | سەما | ٨ جار | ١٧ | تەمبوور | ٢ جار |
| ٦ | ئاواز | ٨ جار | ١٨ | زیروبەم | ٢ جار |
| ٧ | چەنگ | ٥ جار | ١٩ | روباب | ١ جار |
| ٨ | عوود | ٥ جار | ٢٠ | نەغمە خوان | ١ جار |
| ٩ | ساز | ٥ جار | ٢١ | مۆسیقار | ١ جار |
| ١٠ | رەقس | ٣ جار | ٢٢ | شاناز | ١ جار |
| ١١ | نەوا | ٣ جار | ٢٣ | حیجاز | ١ جار |
| ١٢ | دەف | ٣ جار | ١٣ | سروود | ١ جار |

## ٢،٣،٢ پەیوەندیی مۆسیقای شیعری بە:

### ١،٢،٣،٢ وێنەی شیعرییەوە

وێنە ڕەگەزێکی زیندوو و چالاکی شیعرییە، بەهۆیەوە شاعیر ئەودیو مەبەستەکانی خۆی دەگەیەنێت. شیعریش ((دەربڕینێکی مۆسیقییە بە وێنە))[١]. وێنەی شیعری ڕەگەزێکی دانەبڕاوە لە شیعردا، بەجۆرێک هەروەک چۆن مۆسیقا لە شیعر

[١] کەمال مستەفا مەعروف ، ڕەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا(١٣٦).

دانابڕێت، بەهەمان شێوە وێنەش لە شیعر جیا نابێتەوە، هەندێک نوسەر زیاتر لەوە دەڕۆن،

وێنە بە کرۆک و گیان و جەستەی شیعر دادەنێن[١].

ئەوە شتێکی بەڵگە نەویستە، چ لە کۆن و چ لە سەردەمی ئێستاشدا، کە ئەرکی سەرەکی ئەدەب بریتییە لە ڕەنگکردنی وێنەکان، یان کێشانی وێنەکان. "**ئەفلاتون**" و "**والاس ستیڤنسن**" بەراوردی شیعر و وێنەکێشانیان کردووە

لەبەر ئەوەی شیعر و وێنەکێشان وەکو دوو خوشکی هونەری وان[٢].

وێنە کورتترین ڕێگەیە بۆ زووتر گەیاندنی مەبەست. ئامرازێکی دەستەمۆی شاعیرە، شاعیریش هەرچۆنی بوێت ئاوا بەڕەنگی وشەکانی دەیکێشێت. ئەو وێنانەش تەنیا وێنەی ڕووتی جیهانی دەرەوەی شاعیر نین، بەڵکو زۆرجار وێنەی زەینی شاعیرن و شاعیر بەشێوەیەک دەیڕەنگێنێ، هەروەک چۆن نیگارکێشێک قەناعەت بەچاوی بینەر دێنێت، ئەمیش ئاوا قەناعەت بە گوێگر و خوێنەر دێنێ.

(بێگومان شیعر وێنە دەقۆزێتەوە بۆئەوەی گوزارشت لە حاڵەتە دەروونییە شاراوەکان بکات، کە ناتوانرێت بە ئاشکرا نیشان بدرێن)[٣].

وێنەی شیعری پەیوەستە بە خەیاڵفراوانی شاعیرەوە، کە چۆن دەتوانێت خەیاڵەکانی، وەک شریتێکی ڤیدیۆیی مۆنتاژ بکات و بەچەند شێوەیەک بیگەیەنێ.

---

[١]کەمال مستەفا مەعروف ، ڕەخنەی نوێی کوردی، ل١٣٦.

[2]Dundas, Judith. *Illusion and the Poetic Image*. Wiley on behalf of The American Society for Aesthetics. *The Journal of Aesthetics and Art Criticism*, Vol. 32, No. 2 Winter, 1973.P197.

[٣]هبه غیطي، بنیه الصوره الشعریه عند ابی تمام، (رساله الماجستر) کلیه الاداب و اللغات/ جامعه منتوری، قسنطینه، ٢٠٠٨-٢٠٠٩،ص٢٣.



هەولێرنامەی کتێب

خەیاڵیش ((بنەمایەکی گرنگ و ڕەگەزێکی نەگۆڕی شیعرییە، شتێکە بەهۆی وزەی خەیاڵکردنەوە بەرهەم دێت، ئەم وزەیەش پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە))[1]،

هەروەها سنورێکی دیاریکراوی نییە، بە جۆرێک چەند مەلی خەیاڵی شاعیر بەرزتر بفڕێت، چەند لە زەمینی واقیع دوورتر بکەوێتەوە ئەوەندە ئاسمانی داهێنانی شیعری فراوانتر دەبێت. بێگومان خەیاڵیش پەیوەستە بەسۆزەوە

((تا سۆزەکە بەهێزتر بێت، ئەوا پێویستی بە ئەندێشەیەکی بەهێزیش دەبێت و بێهێزی هەریەکەشیان کار لەویتر دەکات))[2].

لە پەیوەندیی نێوانیشیان وێنەی شیعری دروست دەبێت. ئەو وێنەیەش پەیوەستە بە گۆشەنیگای داهێنەرەوە، کە چۆنی دەبینێ و چۆن جارێکی دیکە وێنەکە دەباتە ناو هەناوی خۆی و جارێکی دیکە دایدەهێنێتەوە. هەروەک چۆن خەیاڵەکانی شاعیر لەبن نایەن وێنەکانیشی لەبن نایەن وەکخۆی دووبارە نابنەوە، بەڵکو هەرجارە و گۆشەیەک و بەجۆرێکی تر نیشاندەدرێتەوە. هەروەک چۆن شاعیر سەرپشکە لە چۆنییەتی دروستکردنی وێنە، خوێنەریش ئازادە لە بینینی هەمان وێنە لە گۆشەیەکی دیکەوە، بێگومان گۆشەنیگای خوێنەرێکی وریا جیاوازە لە گۆشەنیگا و بینینی خوێنەرێکی ئاسایی. وێنەی شیعری تەنیا ڕەگەزێکی ئیستاتیکی نییە،

بەڵکو بە گرینگترین لایەنەکانی پێکهاتەی شیعری دادەنرێت، لە پێکهاتەکانی دیکەی شیعری جیاناکرێتەوە[3].

ئەگەر لەپاڵ ئەرکە بنەچەییەکەی کە خودی دەقەکەیە ڕەگەزێکی ئیستاتیکی بدات، ئەوا دەقەکە کاریگەرتر دەبێت، چونکە جەستەی دەق تەنیا ئیستاتیکیەتی پێویست نییە

---

[1] محمد رضا شفیعی کدکنی ، صورخیال در شعر فارسی تحقیق انتقادی درتطورایماژهای شعر پارسی و سیرنظرییه بلاغت در اسلام و ایران، چاپ پنجم، مؤسسه انتشارات اگاه، **ایران**، ١٣٧٢، ص١٨.

[2] دڵشاد عەلی ، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، لا١٦٩.

[3] محمد صابر عبید، انماط الصوره الفنيه في شعر أحمد عبدالمعطي حجازی، مجله الاقلام، عدد(٩) ايلول ١٩٨٩، ص١٢٩.

بەڵكو ((دەبێت سیحرێكی هەبێت كە هەر كاتێك ویستی گوێگر بۆ لای خۆی ڕابكێشێت. ئەم سیحرەش لە پێكهاتەی وێنەكەدایە، ئایا تا چەند ئەم وێنەیە سۆز و هەست و نەست دەجولێنێت و چەند وشەكان مۆسیقین و دەچنە ناخی گوێگرانەوە))[١].

پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆ لە نێوان وێنە و پێكهاتەكانی دیكەی دەق هەیە، بە جۆرێک گۆڕانكاری لە وێنەدا گۆڕان لە پێكهاتەكانی دیكەی شیعریش دروست دەكات.

((لە مێژووی گەشەكردنی شیعری هەر زمانێكدا سەرەتا هەست بە گۆڕانی ئەم دەكرێت پاشان لە پێناوی دەربڕینی ئەم نوێیانەدا گۆڕان بەسەر مۆسیقای شیعر و زمانی شیعریشدا دێت))[٢].

مۆسیقا توانای قوڵكردنەوەی هەستی تەواوی هەیە لەسروشتی وێنەی شیعریدا، بۆیە دەڵێین:

((هەر حاڵەتێک ئاوازی خۆی هەیە، جوانترین وێنەی شیعری ئەو شیعرەیە، كە ئەو ڕیتمە لەخۆی دەگرێت كە گونجاوە لەگەڵیدا))[٣]. زۆربەی ڕەخنەگران لەو باوەڕەن، كە (شیعر بەر لە هەموو شتێک بۆ چێژی بیستن بە مۆسیقاوە دەنوسرێت بەر لە واتا و مەبەستەكەی)[٤].

لەگەڵ ئەمەشدا، ناتوانرێت بەهای ئەو چێژە كەمبكەینەوە كە بە بیناییمان دەبەخشێت. "**لیۆناردۆ دافینشی**"دەڵێت:

((شاعیر هیچ چێژ و خۆشیەكی زیاتر بە چاو نابەخشێت لەوەی كە یەكێک گوێ لە شتێک بگرێت. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا زەحمەتە بەشێوەیەكی بابەتیانە پێناسەی كاریگەری ئەو شتە بكەین، كە بینایمان لە ئەدەبدا هەڵدەخەڵەتێنێت، یان بڵێن ڕێگە بۆ بڵاوەپێكردنی خەیاڵمان خۆشدەكات))[٥].

---

[١] هاوژین سلیوە عیسی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەس دا، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، لا٢٤.

[٢] جەبار ئەحمەد حسێن ، ئیستاتیكای دەقی شیعری كوردی كوردستانی عیراق(١٩٥٠-١٩٧٠)،چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، لا٣٠٤.

[٣]داحو أسیە، الأیقاع المعنوي في الصورە الشعریە "محمود درویش نموذجا"،ص١٤٣.

[٤] سەرچاوەی پێشوو، لا١٤٣.

[5]Dundas, Judith. Illusion and the Poetic Image.p197).

وێنەی شیعری لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبیدا گرینگی پێدراوە، بەڵام شتێکی ئاساییە ئەگەر لە قۆناغێکی ژیانیدا زیاتر گرنگی پیدرابێت، یان لە قۆناغێکی دیکەدا کەمتر لای لێکرابێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بە بیرو بۆچوون و باوبوونی لایەنێک لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی ژیانی ئەدەبیدا، بۆ نموونە ئەو گرینگییەی، کە لە شیعری نوێدا بە وێنەی شیعری دەدرێت زۆر زیاترە، لە قۆناغی پێش خۆی، کە کلاسیکە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا گرنگی زیاتر بەم بابەتە درا زیاتر و لە بۆتەی تەسکی خۆی کە زیاتر ئەرکی ڕازاندنەوە بوو دەرچوو، چەمکەکە فراوان بوو و پەیوەست کرا بە ئەزموونی شیعری شاعیرەوە. هەر لەو سەردەمەدا ئەو بەراوردەی لە نێوان شیعر و وێنەکێشان دەکرا بەرەو پوکانەوە و نزمبوونەوە چوو. ئەوەتا دەڵێن:

((لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا لەیەکچوواندانی ئەدەب و هونەری وێنەکێشان وەکو لێکچوواندنی نێوان ئاوێنە و چرایەک وابووە. ئینجا ئەم لێکچوواندنەی نێوان ئەدەب و وێنەکێشان لە سەردەمی ڕۆمانتیک بەرەو ونبوون چوو. دواتر ئەم لێکچوواندنە بە لێکچوواندانی نێوان شیعر و مۆسیقا جێگەی گیرایەوە))(١).

بەرەو پێشچوونی وێنەی شیعری لە قۆناغی ڕۆمانسیزمدا، بەهۆی ئەو گرینگییە تایبەتییە بوو، کە شاعیران بە خەیاڵیان دەدا، کە بۆیان هەبوو چەندی بیانەوێت بەخەیاڵ بفڕن وێنەش کۆرپەی خەیاڵە.

لەبەرئەوەی ئەندێشەی شاعیرێکی مۆسیقی، ئەندێشەی گوێگر بۆ خۆی کێش دەکات، ئەندێشەی مرۆڤیش پەیوەندییەکی توند و تۆڵی بەمۆسیقاوە هەیە(٢).

لە شیعری کلاسیکیدا وێنە بەهۆی هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە دروست کراوە، ئەویش لە ڕێگەی هونەرەکانی (لێکچوواندن، خواستن و درکە)وە بووە.

---

(1) Dundas, Judith. Illusion and the Poetic Imag.P198.

(٢) فکری عبدالمنعم السید النجار، العلاقه بین اللغه العربیه و الموسیقی من خلال عروض الشعر العربی، بحث مقدم للمؤتمر الدولي الثانی للغه العربیه، دبي، ٢٠١٣، ص٧.



هەولێر کتێب

((وێنەی ڕەوانبێژییش لە چۆنییەتی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان دیاردەکانی لایەنی جوانی و لایەنی هونەرمەندانە دەردەکەوێ))[١]. ئەم هونەرانەش ئەرکی ڕازاندنەوەی دەق لە ئەستۆ دەگرن.

### ١,١,٢,٣,٢ ڕۆڵی ڕەوانبێژی لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا:

لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعردا هۆکارێکن بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکان، کە شاعیر بە جوانترین شێوە دەیانکێشێت. لەهەمان کاتدا ئەم وشانە خزمەت بەڕێتم و مۆسیقای شیعرەکە دەکەن.

چونکە مۆسیقای شیعری ((تاکە شتێکە هەر کە ڕێکدەخرێ دەنگەکان لە قەسیدەدا ڕێکبوونێکی مۆسیقی وەردەگرن))[٢].

وشە بژاردەکانیش وشەی سواو نین گوێگر بە بیستنەوەیان کاریگەر نەبێت، بەڵکو ئەو وێنەیەی کە سیحراویترین وشە دەردەبڕێت و بە خرۆشترین مۆسیقاوە بەر هەست دەکەوێ کاریگەرترین لایەنی شیعرییە. "**وەفایی**" درکی بە چێژی بیستنی ئەو مۆسیقایە کردووە، کە وەرگر لەکاتی سەیرکردنی تابلۆیەک وەریدەگرێت، بۆیە کە بەرانبەر تابلۆیەکی هونەری خۆی ڕاماندەگرێت، خۆشترین مۆسیقاشمان بە وشەکانی بۆ دەژەنێت.

#### ١,١,١,٢,٣,٢ وێنەی لێکچوواندن

وەک هونەرێکی شیعری بەشداری دەکات، لە دروستکردنی وێنەی شیعری، بەشێوەیەکی بەرچاو شاعیرانی کۆن و نوێ لێکچوواندن بەکاردەهێنن، بۆ ڕوونکردنەوە و

---

[١] ڕێزان سالح مەولود، ئەندێشەی شیعری لە نێوان ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خواروودا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٩، لا٦٣.

[٢]موفق قاسم الخاتوني، دلاله الايقاع و ايقاع الدلاله في الخطابالشعري الحديث قراءه في شعر محمد صابر عبيد، ص٣.

کێشانی وێنەکانیان. لێکچوواندن گواستنەوەی سیفەتی شتێک، یان کەسێکە کە لێچووە بۆ کەسێک، یان شتێکی دیکە کە لەوچووە.

بەکورتی لێکچوون ((بەستن و پەیداکردنی وێکچوونێکە لە نێوانی دوو شتا بەهۆی هاوبەش بوونیان لەیەک سیفەتا یا زیاتر بۆ مەبەستێک یا چەند مەبەستێکی دیار))[1].

دەشێ بابەتی لێکچوێندراو تاراددەیەک نزیکایەتی هەبێت لەڕووی شێوە، یاخود سیفەتەوە، یان ئەوەتە هیچ پەیوەندییەکی نزیکایەتی لە نێوانیاندا نەبێت، لێکچوواندن سەرەڕای بەها ئیستاتیکییەکەی نێوانێکە لە نێوان دەق و وەرگردا و هۆیەکە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوانیان. "**وەفایی**" لە چەندین شوێن ئەم هونەرە بەکاردەهێنێت، جگە لەوەی وشەکان بەشدار دەبن لە دروستکردنی وێنە لێکچواندنەکان، مۆسیقاییێکی خۆشیش بە شیعرەکە دەبەخشن.

شاعیر، دەڵێت:

ئەی عەجەب گریام وەکو هەوری بەهاران و کەچی

پێــکەنینی ئەو گــوڵەی کاکۆڵ پــەرێشانم نەهــات (١٥١)

شاعیر بە سوود وەرگرتن لە دیاردەکانی سروشت وێنەیەکی جوانی "لێکچوواندنی" دروستکردووە، کاتێک گریانە بە کوڵەکەی خۆی بە "هەوری بەهاران" چواندووە، بۆئەوەی خەم و حەسرەتەکانی خۆی هەڵب{ڕژێت وا بە کوڵ دەگری. ئەو وشانەی کە شاعیر هەڵیانی بژاردوون، هەمان وشەکانی ژیانی رۆژانەن، بەڵام بەخشینی واتایەک و وێنەیەکی هونەری جوان و لەپاڵ ئەمانەش ئەو مۆسیقایەی، کە بەهۆی هونەرکاری و داڕشتنی وشەکانەوە بەکاریهێناوە، تا هێندەی دیکە، وێنەکەی ڕەنگینتر کردووە. کەواتە وێنە لێکچوواندنەکە بەمشێوەیە دروستبووە:

---

[1] عەزیز گەردی ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا –ڕوونبێژی–، بەرگی یەکەم، مکتبە الوطنیە، بەغداد،١٩٧٢، ل٢٢٧.



هەواڵنامەی کتێب

گریانی شاعیر: لێچووە

هەوری بەهاران: لەوچووە

وەکو: ئەوزارە

فرمێسک لە چاوهاتن: ڕووی لێکچوواندنە

لە وێنەیەکی دیکەدا شاعیر دەڵێت:

نەی سیـــفەت ناڵیــنمە، بولبول تەریقەت شینــمە

شای شەکەرلێوان، گوڵ و ئەگریجە لەرزانم نەهات (١٥١)

"**وەفایی**" بەرانبەر تابلۆیەکی دیکەی خۆی رایگرتووین، ئەندێشە فراوانەکەی دەست و پەنجەکەی بۆ ئەم وێنە ڕەنگینە ئامادەکردووە. وەکو چۆن ئەو دەنگەی لە نەی دێت، دەنگێکی خەمبارە و ئەو ئاهەی لە شاعیرەوەش دەردەچێت، هەمان سەدای هەیە. بۆئەوەی ڕوونتر مەبەستەکەی خۆی ڕوون بکاتەوە، ناڵینەکەی خۆی بە بولبولیش دەچوێنێت. مۆسیقای شیعرەکە زۆر جوان هاتووەتەوە لەگەڵ تابلۆی شیعرەکەدا، کە هەردووکیان بارە دەروونییە خەمبارەکەی شاعیر نیشان دەدات. ئەم تابلۆیە بەمشێوەیە، بنیاتنراوە.

| | |
|---|---|
| ناڵینی شاعیر: لێچووە | ناڵین و کوروزانەی شاعیر: لێچووە |
| نەی: لەوچووە | بولبول: لەوچووە |
| سیفەت: ئەوزارە | ناڵین و شینکردن: ڕووی لێکچوونە. |

### ٢,١,١,٢,٣,٢ وێنەی خواستن

خواستنی واتایەکی نوێیە بۆ وشەیەک، بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. ئەم وشەیە سەرەڕای واتای دروستی خۆی بۆ واتایەکی خوازەیی بەکارهاتبێت، بە مەرجێک پەیوەندیی نێوان واتای ڕەسەنی وشەکە و واتایە خوازراوەکە لەسەر بنەمای لێکچوواندن بێت، قەرینەیەکیش هەبێت بەرەو مەبەستە ڕەسەنەکەمان ئاراستە بکات. "**ئیبن موعتەز**" دەڵێت:

((خواستن وشەیەکە بۆ شتێک کە نەزاندراوە، بۆ شتێکی دیکە، کە ناسراو و زاندراوە)). خواستن پەیوەندیی لێکچوواندن لە نێوان دوو بیرۆکە، یان دوو شت دروست دەکات، ئەو دوو شتەش لێکچوواندنەکەیان خەیاڵییە زیاتر لەوەی بەراوردکردنێکی ڕاستەوخۆ بێت[(١)]. شاعیر کە خواستن بەکاردێنێت مەبەستی واتای وشە درکاوەکە نییە، بەڵکو ناوێکی دیکەی مەبەستە. ((خواستن و وێنە لەشیعردا تێپەڕاندنی زمانی ئاماژەییە (دلالی) بۆ زمانی سروشتی (ایحانی)، ئەمەش پەڕینەوەیەکە لەڕێی سوڕانەوە لەدوای وشەیەک کە واتاکەی لەسەر ئاستی یەکەم ونکردبێ بۆئەوەی لەئاستێکی دیکەدا بەدەستی بێنێ))[(٢)].

هەرچەندە لێکچوواندن و خواستن لەسەر بنەمای لێکچوواندن دادەمەزرێن، بەڵام لە لێکچوواندندا هەردوو بنەرەتی (لێچوو، لەوچوو) دەردەکەوێت، بەڵام لە خواستندا یەک بنەڕەت دەردەکەوێ، بۆیە زمانی خواستن نائاسایی تر خۆی نیشاندەدا و قوڵبوونەوەی زیاتری پێویستە.

شاعیر، دەڵێت:

تــا نێرگسی تۆ نازی هەبێ و غەمزەنوما بێ

شەرمەندە نەبێ چی هەیە ئاهوو بە خەتا بێ (٣٢٨)

---

(1) Baldick, Chris. 2001. *The Concise Oxford Dictionary of Literary Terms*. Oxford: Oxford University Press. P153.

(٢) هیتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، لا١٧.

شاعیر سیفەتی جوانی و کاڵی "نێرگز"ی وەرگرتووە و خواستوویەتی بۆ چاوی خۆشەویستەکەی و کردوویەتی بە وێنەیەکی هونەری جوان و مەبەستەکەی زیاتر بۆ خوێنەر ڕوون کردووەتەوە، کە مەبەستی جوانی چاوی یارە، کە لە گوڵی نێرگس دەچێت. کەواتە چاوی خۆشەویست "لێچوو"ە لابراوە، ئەوەی ماوەتەوە "نێرگس" "لەوچوو"ە، ئەوەی بۆ مەبەستە ڕەسەنەکەی ئاڕستە کردووین "ناز و غەمزە"یە، کە تایبەتە بە چاو، کە"قەرینە"کەیە.

لەوێنەیەکی دیکەدا "**وەفایی**" دەڵێت:

قیبلەکەم، بەو زاری هەروەک خونچە بۆیە پێکەنی

دابڵێن خەندەی گـوڵە دێ، ئابرووی پەرژین دەبا (١٣٥)

شاعیر لەم وێنە هونەرییەدا ئەمجارەیان خۆشەویست دەکات بە "قیبلە"ی خۆی، ئەم لەکوێ بێت، شاعیر ڕوو لەم دەکات، یار لای شاعیر وەکو "قیبلە" پیرۆز و ئاراستەکەری ئەوە. لەڕووی ڕەوانبێژییەوە، خۆشەویست "یار": "لێچووە" کە لابراوە، "قیبلەکەم": لەوچووە، کە ماوەتەوە و خواستنەکەی دروست کردووە، ئەم واتایەش بەهۆی ئەو قەرینەیەیە کە "زار"ە سیفەتێکە تایبەت بە مرۆڤ بەرەو واتاکەمان دەبات. هەروەها "خونچە" لێچووە.

ئەم وێنانە کە بە خواستن دروستکراون، بنەماکانیان لێکچوواندنە، لە هەردوو نموونەدا "لێچوو" لابدراوە، "لەوچوو" ماوەتەوە، زۆرترین واتا بە کەمترین وشە دەربڕاوە، کە خزمەتی بە لایەنە ئیستاتیکی و ڕیتم و مۆسیقای شیعرەکە کردووە، چونکە جوانی شیعر ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە چێژدارترین دەربڕین و کەمترین وشە دەربڕابێت.



هەولێرنامەی کتێب

### ٣,١,١,٢,٣,٢ وێنەی درکە

درکە هونەرێکی ڕەوانبێژییە، مەبەستیش لێی ئەوەیە، کە گوتەیەک بێنی ئەو گوتەیەش کە دەهێندرێتەوە خودی باس نییە، بەڵکو مەبەست لێی باس و خواسی بابەتێکی دیکەیە، پەیوەندیی بە بابەتە باسکراوەکە هەیە.

کەواتە درکە ((بریتییە لە ڕستەیەک، کە بۆ غەیری واتای دروستی خۆی دێت و واتایێکی درکاو دەگەینێت، هەرچەندە هیچ ڕێگرییەک نییە لەوەی ڕستەکە بۆ واتای دروستیش بەکارهاتبێ، ئەمەش لەبەر ئەو لێکچوونەیە، کە لە نێوان دەربڕینی درکاو و واتای درکاوی ڕستەکەدا هەیە))[١].

واتایەکە شێوەیەکی شاراوەی هەیە، خوێنەریش هەست بە واتا شاراوەکە دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەو سیحرەی لە خودی وشەکەدا هەیە سەرەنجی خوێنەر بۆ لای واتاکەش ڕادەکێشێت.

درکە (بەهۆی بەرجەستەبوونی واتا ڕاستەقینەکە تیایدا لە خوازە جیادەبێتەوە، چونکە لە خوازەدا واتایەک جێگای واتا ڕاستەقینەکە دەگرێتەوە، بەڵام لە درکەدا گەڕاندنەوەی واتای ڕاستەقینە و ڕەسەنە بۆ دەربڕین، ئەگەر بەشێکیش بێ لە پێکهاتەکەدا)[٢].

لە درکەدا ئەو واتایەی شێوەی ئاشکرای هەیە بێ مەبەست هاتووەتەوە مەبەستە ڕەسەنەکەی تیایدا بارکراوە. درکە لە شێوەدا سادە و لە بنیاتدا ئالۆزە، سادەیە لەبەرئەوەی لە گوتەکی ئاسایی پێکهاتووە، ئالۆزە لەبەرئەوەی گوتەکە بە زیاتر لە واتایەک بارکراوە، کە واتا دوورەکە مەبەستە.

وا تێ مەگە عەزیزم، کوژتمت و نائومێد بووم

دەستــم ئەگەر نەتگەیێ، خوێنم لە گەردنتــدا (١٣٨)

هەواڵنامەی کتێب

(١) ئیدریس عەبدوڵڵا، کۆوانەکانی ڕەوانبێژی چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،٢٠١٣، لا١٩٠.
(٢) هێمن عومەر ئەحمەد، چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا، لا١٦٩.

شاعیر بۆئەوەی باری ناهەمواری ژیانی خۆی بۆ ئێمە جوانتر نیشانبدات، پەنای بۆ ئەم هونەرە بردووە، بەمەش جوانترین وێنەی ڕوونبێژی بۆ دروست کردووین. لەدەربڕینی "دەستم ئەگەر نەتگەیێ" مەبەستی خۆی ڕوون دەکاتەوە، کە نەگەیشتنیەتی بە "یار"ە، هەروەها لە دەربرینی "خوێنم لە گەردنتدا" بە هونەری "درکە" دروستکراوە، واتاکەش ڕاستەوخۆ لە زەینی خوێنەر ڕوونە کە ڕوودانی هەر کارەساتێک دوای "یار" لە ئەستۆی ئەوە. کەواتە "دەستم ئەگەر نەتگەیێ" و "خوێنم لە گەردنتدا" دەربڕینی درکاوە، واتای درکاویش بەیەکنەگەیشتن و ئۆباڵی کوژرانی شاعیر، لە ئەستۆی "یار"ە.

لەوێنەیەکی دیکەدا، تابلۆیەکی ڕەنگینی دیکەی "**وەفایی**" دەبینین، کە دەڵێت:

زولـــفت ڕووی داپۆشی، ئەبرۆت عەرەقناکە

ڕۆژیان لی کردمە شەو، ئەو ماهـ و پەروینت (١٥٨)

دەربڕینی "ڕۆژیان لی کردمە شەو" وێنەیەکی جوان و مۆسیقاییێکی ناسکی بە دێرەکە بەخشیوە، کە دەلالەت لە جوانی ڕوخساری "یار" دەکات، کە سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێت. ئەم جوانییەش حاڵەتی نائاگایی لای شاعیر دروست دەکات، دوای بینینی ئەو شاعیر نازانێ دنیا شەوە یان ڕۆژە. کەواتە وێنە ڕەوانبێژییەکە بەمشێوەیە پێکهاتووە: دەربڕینی درکاو: "ڕۆژیان لی کردمە شەو"ە، واتای درکاویش "سەرسورمانی سەغلەت بوون و سەرلێشوان"ی شاعیر نیشان دەدات.

### ٢,١,٢,٣,٢ ڕۆڵی هەستەکان لە دروستبوونی وێنەی شیعریدا

هەستەکان بەشداری دەکەن لە دروستکردنی وێنەدا، (هەستیش بریتییە لەو ڕێگەیەی کە بەهۆی وزە دەرەکیەکەی، وەکو: (ڕووناکی، گەرمی، دەنگ، لەرەلەر)ەوە، وەردەگیرێت و دەگۆڕدرێت بۆ هێما دەماریەکان، مێشکیش توانای ناسینەوەی ئەو هێما دەماریانەی هەیە. هەست بەهۆی پێنج سیستەمە هەستیەکانمانەوە دەردەکەوێت. هەریەکێک لەو

سیستەمە هەستیانەش ڕاڕەوێکی بێ هاوتای هەیە، کە بەمێشک گەیشتووە، ئەو ڕێڕەوە دەماریەش بەخێراترین شێوە ڕێگە بە گواستنەوەی زانیاری وەرگیراو بۆ مێشک دەدات[1].

وێنە پەیوەندیی بەهەستەوە هەیە. بەهەست دروست دەبێت و وەردەگیرێت. وێنە هۆکاری پەیوەندیکردنی مرۆڤە بە دەوروبەرەکەی، شاعیریش گرینگی بە هەستەکانی دەدات و هەستیارە، ئەوانەی لە دەوروبەریدان و کاری تێدەکەن و شیعریش کاردانەوەی هەستکردنە دەرەکییەکانییەتی. (بینین، بیستن، بۆنکردن، بەرکەوتن، تامکردن) بەر هەستە دیارەکان دەکەوێت، بەشێکی زۆری وێنەکانیان لەسەر بنیات دەنێن، سەرەڕای ئەمەش وێنە واتاییەکان فەرامۆش ناکەن.

لەناو ئەو هەستانەی کە بەشدار دەبن لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا، هەستی بیستن کاریگەریترینیانە بۆ مۆسیقادارکردنی شیعر، چونکە ئەم هەستە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر شاعیر دەبێت، بۆ ئەوەی وشەیەکی ئاهەنگدار هەڵبژێرێت کە گوزارشت لە هەستە بیستراوەکەی خۆی بکات و لەوێوەش ئەو هەستە بۆ خوێنەر بگوازێتەوە، بۆیە خۆمان لە لایەنەکانی دیکە دەبوورین لەناویاندا، تەنیا هەستی بیستن دەناسێنین و نموونەی بۆ دەهێنینەوە.

**١_ هەستی بیستن**

ئەو وێنانە دەگرێتەوە، کە بەر هەستی بیستن دەکەون، ئەو دەنگانەش کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر جێدەهێڵن. شاعیریش لەکاتی کێشانی ئەو وێنانەوە بە وشەکان هەوڵدەدات ئەو دەنگانە لای خوێنەریش دروست بکاتەوە، ئەو دەنگ و مۆسیقایەی پێشتر گوێ بیستی بووە، لەڕێگەی وێنەوە بەرگوێمان دەخاتەوە.

---

[1]*Evans, Vyvyan.*2007. *A Glossary of Cognitive Linguistics*. Scotland: Edinburgh University Press Ltd. P160.

هەر وێنەیەکی شیعریش لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزرابێت، ئەوا زووتر وەردەگیرێ و زیاتر هەست بە خۆشی و جوانی وێنەکە دەکرێت[1].

جا ئەو دەنگانە، چ دەنگی سروشتی بێت، وەکو خورەی ئاو و دەنگی با و باڵندە و ئاژەڵی دیکەبێت، یان دەنگی مۆسیقا و دەنگی خۆشەویست،....تاد. بێت. کار لە هەستی شاعیر دەکەن و ئەویش لەڕێگەی وێنەکانەوە بەرهەستی ئێمەی دەکات. "**وەفایی**" لە هەستی بیستن وێنەی جوانی کێشاوە، بەهۆی ئەوەی شاعیر گوێیەکی مۆسیقی هەبووە، بۆیە بەشێکی بەرچاو گرینگی بەو وێنەیە داوە و لە زۆر شوێندا خوێنەر هاوهەست دەبێت لەگەڵ گوێی شاعیر و شاعیریش بە تەلی وشەکانی ئەو دەنگانەی پێشتر بیستوویەتی بۆ ئێمەی دەژەنێتەوە. شاعیر، دەڵێت:

سـەدای سێ تـار لەو خـوارە دێ، ئاهەنگی تـارە دیـارە دێ

یا سەوتی قومری و سارە دێ، بەزمیان بە ڕووی گوڵزاری گرت (١٥٤)

شاعیر وێنەیەکی بیستەکی سەرنجڕاکێشی کێشاوە، ئەمیش بە ناوهێنانی ئامێرە مۆسیقییەکان و باڵندە دەنگخۆشەکان، هەر کە خوێنەر ناوی ئەمانی بەر هەستی دەکەوێت ڕاستەوخۆ سەدای ئەم دەنگانەی لە گوێیدا دەزرینگێتەوە، واتە لەڕێگەی وشەکانەوە وەرگر گوێی لە هەمان ئەو دەنگانە دەبێتەوە، کە بەر هەستی شاعیر کەوتوون و دەکەوێتە هەمان حاڵەتی هەستییەوە.

بانـگی نۆشا نۆشی ساقی، دەنگی موتریب، سەوتـی تار

قـووتی جـان، روحـی رەوان، ئارامی دڵ قـەت وانەبوو (٢٤٦)

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] کەریم شارەزا، وێنەی شیعری لە هۆنراوەی کوردیدا چۆن دروست دەبێت و بە چ هەستێک وەردەگیرێت، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٩)، ٥ی ئاداری ١٩٩٧، ل٧٧.

لەم دێرەدا جگە لەو وێنە شیعرییەی کە دروستبووە، بەهەمان دێری پێشوو، دەنگ و سەدا خۆشەکان بۆ وەرگر گوازراوەتەوە. تەنیا هەستە بە جۆشەکان و دەنگە خۆشەکان بۆ وەرگر ناگوازرێنەوە، بەڵکو زۆرجار هەستە ناخۆشەکان لەڕێگەی بیستنەوە دەگوازرێنەوە، هەروەک ئەم وێنەیە:

کێو هاتنە سەدا و ناڵە، بەگریانی وەفایی

جارێکی لە تۆ کاری نەکرد، ئاهـ وفوغانم (٢٠١)

وشەکانی ئەم دێرە شیعرە بارگاوی کراون بەدەنگی فوغان و ناڵینی شاعیر و لەوێوە هەست بە دڵتەنگییەکانی شاعیر دەکرێت، دڵڕەقی یاریش بەو گریانە نەرم نەبووە.

**٣,١,٢,٣,٢ ڕۆڵی پیت لە دروستکردنی وێنەی شیعریدا:**

مەبەست لەم وێنەیە ئەوەیە، کە "پیت" وەک کەرەستەیەکی دیکە، بەشدار دەبێت لە بنیاتنانی وێنەی شیعریدا، لەم شێوازەدا سوود وەردەگیرێت لەشێوەی "پیت" بۆ پێکهێنانی وێنە و هەر پیتێکیش وێنەیەک دروست دەکات. ئەم شێوازەش شتێکی تازە نییە، لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات و کوردی بەدیدەکرێت.

لە ناو شاعیرانی کرمانجی خوارووودا "**نالی** "شاعیر سەر قافلەی بەکارهێنەریی ئەم شێوازەیە[١].

"**وەفایی**"یش، لە ژێر کاریگەریی "**نالی** " دابێت، یاخود وەک شێوازێک ئەم هونەرەی بەکارهێناوە و بەشداری پێکردووە لە پێکهێنانی وێنەی شیعریدا.

"**وەفایی**" لەم دێرەدا، دەڵێت:

---

[١]هێتلەر ئەحمەد حەمە، وێنەی شیعری لای نالی، ل٣٠.



هەواڵنامەی کتێب

جیـمی زولف و ئەلــفی باڵا و نــوونی ئەبرۆی رەحمەتت

تەرزی دوو عەکس؟ عاشقانی تۆن لە ئاتەش (خر رجان) (٢٢٦)

لەم وێنەدا "**وەفایی**" سوودی لە وێنەی سێ پیت وەرگرتووە بۆ کێشانی وێنەی یارەکەی. شێوەی (جیم، ج)ی، وەک وێنەیەک بۆ زولفی یار کە پێچی کردووە، هەروەها قەد و باڵاکەی وەک (ئەلف،ا) وایە لە باریکی و ڕێکیدا، ئەبرۆی یاریش شێوەی کەوانەییە، هەروەک پیتی(نوون، ن). بەمشێوەیە ئەم پیتانە جگە لەوەی مۆسیقاییێکی خۆش دەبەخشێت، هەروەها وێنەیەکی بەرزی جوانی پێکهێناوە.

### ٢,٢,٣,٢ لایەنی دەروونناسییەوە:

پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاوە، (ئەدەب بەر لە هەموو شتێک شتێکی دەروونییە)[1]. ڕێگەیەکە بۆ هەڵڕشتنی دەروون، هەندێک لە لێکۆڵەر و ڕەخنەگران (ئەدەب بە ئاوێنەی عەقڵ و دەروونی نووسەر، یاخود بە وێنەیەک لە وێنەکانی گوزارشتکردن لە دەروون دادەنێن)[2].

هەر ئەدیبێکیش ڕێگە و شێوازێکی تایبەتی هەیە بۆ گوزارشتکردنە دەروونییەکەی، دەقیش وەک نێوەندێکە بۆ گەیاندنی قوڵاییەکانی دەروونی نووسەر بۆ خوێنەر، خوێنەریش چێژ لەو دەقانە وەردەگرێت و ئەو دەقانە هەڵدەبژێرێت، کە گوزارشت لە حاڵەتە دەروونییە هەنووکەییەکانی دەکات، بەجۆرێک خوێنەر لە هەر کاتێک ئارەزووی جۆرە دەقێک دەکات، ڕەنگە ئەم ئارەزووەی بۆ کاتێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، واتە خوێنەر دەق وەک پڕکەرەوەی بۆشاییە دەروونییەکان دادەنێت، هەر

[1] هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، لا١٨.

[2]، شکری عزیز الماضي ، تیۆری ئەدەب، و/سەردار ئەحمەد گەردی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠، لا١٧٠.

که دەقیش وەڵامی پێویستییە دەروونییەکانی خوێنەری دایەوە، ئەوا پەسەند دەکرێت. لە زووەوە هەست بە پەیوەندیی نێوان ئەدەب و دەروونناسی کراوە

((لە سەدەکانی پێش زایینی (مەسیح) ەوە، ئاماژەو تێبینییەکانی تایبەت بە پێوەندیی نێوان (ئەدەب) و بابەتەکانی دەروونناسیی کەون، لە کلتووری گریکیدا دەبینین))[١]. "**ئەفلاتوون**" دەروون بەهۆیەکی درێژە پێدەری مێژووی مرۆڤایەتی دادەنێت و دەڵێت: ((دەروون جۆرێکە لە ئاوازە (...) و بریتییە لە گونجانی هاودژەکان: سارد و گەرم، تەڕ و وشک، بە جۆرێک کە ژیان بە بەردەوامیی ئەو ئاوازەیە بەردەوامە))[٢]. ئەم بۆچوونە لای "**ئەرستۆ**" زیاتر برەوی پێدراوە و ئەمە ((لە هەرسی گوتارەکانی (ڕیۆتیکا)، بەتایبەتی لە گوتاری دووەمدا، وانەکانی گوتاربێژیی لەگەڵ بابەتـە دەروونییەکاندا گرێداوەو ڕۆڵی هەریەک لەو بابەتانەی لە داڕشتنی ئەوشێوازانەدا زۆر بـە وردی دیاریکردووە))[٣].

هیچ دەقێک ناتواندرێت لە دەروونی نووسەرەکەی جیاکەیتەوە، ((شاعیرەکانمان مامۆستامانن لە ناسینی دەروونمان، لەبەرئەوەی ئەوان لە سەرچاوەی ئاڵۆزترین شوێنی ناخەوە شتەکان هەڵدەهێنجن، کە ناچنە ژێر باری زانستەوە... لەڕێگەی ئەوانەوە دەتوانین مرۆڤ لە شوێنە ڕاستەقینەکەی خۆیدا لەو جیهانەدا دابنێین))[٤].

دەروون ڕەگ و ریشەی ئەدەبە و دەقیش بەری ئەو دەروونەیە، کە خوێنەر لێی دەخوات، بۆیە ناتوانیت هیچ دەقێک بدۆزیتەوە، کە بەشێک نەبێت لە دەروونی خاوەنەکەی، یان بەشێک لەو دەروونە بەدەرنەخات.

هەموو داهێنانێکی هونەری و ئەدەبیش، وەک لقێکی ئەو هونەرە لە هۆکارێکی دەروونییەوە بەرهەم دێت و وەکو خەون ناوەڕۆکێکی دیار و لە هەمان کاتدا شاراوەشی هەیە[٥].

---

[١] محەمەد بەکر محەمەد، دینامیزمی ( سۆز ) لە شیعردا پەخشانەشیعری کوردی وەک نموونە، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، ژمارە (٢)، پەربەندا (٩)، ٢٠٠٦.

[٢] سەرچاوەی پێشوو.

[٣] سەرچاوەی پێشوو.

[٤] محمد غنیمی هلال، النقد الادبي الحدیث، ص٢٤٧.

[٥] بەسام قطوس ، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی هاوچەرخ، و/ محەمەد تاتانی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، ٢٠١١، لا٦١-٦٢.

ئەمەش وایکرد ڕەخنەگران میتۆدێک دابنێن بۆ شیکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی دەقەکە، بۆیە زۆرجار ئەوەندە بەدوای لایەن و گرێ دەروونییەکانی نووسەر دەگەڕان لایەنە هونەرییەکەی دەقیان فەرامۆش دەکرد و تەنیا جەختیان لەسەر لایەنی دەرەوەی دەکرد.

(زانایانی دەروونناسی بە زۆری ئەدەبییان هەڵبژاردووە، وەک ماددەیەک بۆ بابەتە دەروونییەکان، گەلێک ڕاستی دەروونیان هەڵێنجاوە کە بایەخێکی زۆر مەزنیان هەیە)[1]، چونکە ((هونەر پێش زانست توانی خەیاڵ و بیری مرۆڤ بخاتە گەڕ، تا بتوانێت لەڕێگەی خەیاڵی شاعیرانەوە ڕوو لە گەردوون بکات و کێشە دەروونییەکان بخاتە گەڕ))[2]

"**فرۆید**" یەکێک بوو لەو پێشەنگانەی بۆ لێکۆڵینەوە لە دەروونی مرۆڤ و چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان پشتی بەئەدەب بەستووە، وەک کەرەستەیەک بۆ لێکۆڵینەوەکانی بەکاریهێناوە. قوتابییەکانیشی "**ئەدلەر**" و "**یۆنگ**" زیاتر برەویان بە بابەتەکەدا. لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکان ئەوەندە قووڵ ڕۆیشتوون، تا ئەوەی وایان هەژمار کرد کە ئەدیبان گرێی خۆبەکەم زانینیان هەیە، بۆیە نووسین دەکەنە ڕێگەیەک بۆ پڕکردنەوەی ئەو گرێی خۆ بەکەمزانینە.

دوای ئەوەی زانستە شیکارییە دەروونییەکان وەڵامی ئەو پرسیارەیان دەست کەوت، کە بەرهەمی ئەدەبی هۆکاری دەروونی لە دواوەیە، پرسیاری ئەوەیان لا دروست بوو

کە ئایا ((دەروون کاریگەری لەسەر ئەدەب هەیە یاخود کاریگەرییەکە دوولایەنییە.. دیارە دەروون ئەدەب دروست دەکات، ئەدەبیش دەروون دروست دەکات. ئەدەب بەدوای ڕاستییەکانی ژیان دەگەڕێ تاکو دڵ و دەروون ڕۆشن بکاتەوە. دەروونیش بوارەکانی ژیان کۆدەکاتەوە تاکو ئەدەب بێنێتە ئاراوە))[3]. واتە هەردووکیان کاریگەرییان بەسەر یەکەوە دەبێت، چونکە ((خودی خوێندنەوەش وەکو دەقێک دەلالەتی دەروونی خۆی هەیە،

---

[1] شکری عزیز الماضي ، تیۆری ئەدەب، و/سەردار ئەحمەد گەردی (د)، ل١٦٩.

[2] ئازاد عەبدلواحید کەریم ، سۆسۆلۆژیای ئەدەب لە ڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینییەکانەوە (شیعری کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە) بەنموونە، چاپی دووەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکووک، ٢٠١٣، ل٢٤٩.

[3] سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا (١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤،ل٨٨.

لەبەرئەوەی هەر خوێنەرێک ئەزموونی کەسی خۆی کە گوزارشتە لە تێڕوانین و دەروونی خۆی، بۆ دەقەکە دەهێنێت))[١].

زۆرجار وەرگر دەکەوێتە ژێر کاریگەری دەقێکی ئەدەبی، یان کارێکی هونەری بارە دەروونییەکەی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەوانەیە هەست بە تورەیی و ڕق، یان ئارامی و خۆشەویستی بکات، یان ئەو بەرهەمە هۆکار بێت بۆ لەدایکبوونی دەق یان بەرهەمێکی دیکەی هونەری.

شیعر بەو مۆسیقا چێژبەخشەی کە لە هەناویدایە، ڕێگەیەک دەبێت بۆ ڕووچوون بەرەو قوڵاییەکانی دەروون. ((ئەوە سروشتی گیانلەوەران و مرۆڤە کە گوێبیستی ئاوازێک دەبن بەرەو ئەو دەنگە دەچن، مرۆڤیش ئەگەر تووشی هەر هەڵچوونێکی دەروونی بوو، ئەوا دەوروبەری خۆی بە دەنگە جیاوازەکان پڕ دەکاتەوە))[٢]. مۆسیقای شیعر هەروەک "**ریچاردز**" پێی وایە، (شتێکی خودی نییە، بەقەد ئەوەی چالاکییەکی دەروونییە)[٣].

بارگاویکراوە بەهەست و سۆزەکانی دەروون و ئەزموونە لەیادنەکراوەکانی نووسەر، ئەمجۆرە شیعرەش کە بەر گوێی وەرگر دەکەوێت، تەقینەوەیەکی دەروونی لای دروست دەبێت.

کەواتە ((هونەر ئەرک و پەیامێکی زۆر قورسی دەکەوێتە سەر شان کە دەبێ بەهرەیەکی هونەرمەندانە بنوێنێ بۆ گەڕانێکی ورد بەناو فەرهەنگی زمانی هۆنراوەی نەتەوەکەی داو وشەی نقووم بوو لە ئاوازی ئەو هەستە هەڵقوولاوەی دەروونی بدۆزێتەوە، کە بە هانایەوە بێت بۆ زیاتر دەربڕینی هەستی هەڵچوو و کەف کردووی دڵ و دەروونی))[٤].

ئەمە وا لە شاعیر دەکات، کە خۆی ماندوو بکات و وشەی مۆسیقادار هەڵبژێرێت و لەگەڵ بارە دەروونییەکەدا یەکبگرێتەوە، تا نەکەوێتە حاڵەتی نەشازی مۆسیقییەوە. واتە

---

[١] ڕێبین خلیل قادر، میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، (نامەی ماستەر)، کۆلیژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، (٢٠٠٩)، لا٢٠.

[٢] رشيد شعلال، البنيه الايقاعيه في شعر أبي تمام بحث في تجليات الايقاع تركيبا و دلاله و جمالا، الطبعه الآولى، مطبعه حلاوه، الاردن، ٢٠١١، ص٢٣.

[٣] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤.

[٤] عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، لا٧٢.

دەبێت شاعیر بەمتمانەوە وشەکانی هەڵبژێرێت، تا بتوانێت قەناعەت بە گوێی وەرگر بێنێت.

چونکە ((ئاواز و ڕیتمی وشەکانی شیعر تیشکێکە بیری گوێگر، یان خوێنەر ڕووناک دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو تیشکە دنیای ئەو دیو وشەکان بەدی بکات و بتوانێ پەردەی ڕواڵەت و دەرەوە ببڕێت و بگاتە ناخی حەقیقەتی هونەرەکەوە))[(١)]. کە ئەمەش مەبەستی ڕەسەنی مۆسیقای شیعرەکە لەخۆی دەگرێت.

زۆرێک لە لێکۆڵەران کاریگەری دەروون هەر بەتەنها لە ناوەڕۆکی دەقدا نابینن، بەڵکو پێیان وایە کە دەروون کاریگەری هەیە بەسەر ڕوخساری شیعرەوە، بۆنموونە پەیوەندیی هەیە لە نێوان دەروون و ئەو کێشەی شاعیر هەڵیدەبژێرێت

چونکە (ڕێکوپێکی لە شیعر گوتندا سەرچاوەی مۆسیقای شیعرە ، کە دەروون دەهەژێنێ و سروشتەکان دەبزوێنێ کۆمەڵێ وێنەی هەڵچوونی جیاواز لە دەروونی وەرگر دەبوژێنێتەوە، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی ئەو نزیکایەتیە بێت، کە لە نێوان کۆمەڵی مرۆڤ و ڕێکوپێکیدا هەیە، کە مۆسیقای شیعری بەشێکە لەو یاخود یەکێکە لە وێنە بەرزەکانی)[(٢)].

هەندێکیش لەسەر ئەوە کۆکن کە هەر کێشێک لەگەڵ بارێک لە بارەکانی دەروون یەکدەگرێتەوە.

(وەکو ئەوەی هەندێک کێش هەن لە بنچینەدا زیاتر لەگەڵ خۆشی و کامەرانی دەگونجێن، هەندێک کێشی دیکە هەن، کە ئاوازی ماتەمینی لێ دەچۆڕێتەوە)[(٣)]. واتە شاعیر ئەو کێشە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ ناوەڕۆکەکە یەکدەگرێتەوە، بەڵگەشیان بۆ ئەمە دووبارەبوونەوەی جۆرە کێشێکە لای چەند شاعیرێک.

کاریگەری دەروون لە بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا بەسەر تەواوی دەقەکەدا زاڵدەبێت هەر لە هەڵبژاردنی ناونیشانی دەق، زمانی دەق، وێنەی شیعری، بەکارهێنانی ڕەمز، جۆرەکانی دووبارەکردنەوەی دەنگ، وشە، دەستەواژە، ڕستە،.....تاد). شێوازەکانی

---

[(١)] عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، لا٧٣.

[(٢)] عیسى علي العاكوب ، موسیقا الشعر العربي، الطبعە الاولی، دار الفکر المعاصر، دمشق، ١٩٩٧، ص١٦.

[(٣)] عەزیز گەردی ، ئەدەب و ڕەخنە، لا٦٩.

دووبارەکردنەوەیان، چۆنێتی و چەندێتی دووبارەکردنەوەیان. هەموو لایەنەکانی دیکە کە مۆسیقای شیعری دەقەکە دروست دەکەن.

(شاعیر نهێنی کاریگەریی شتەکان بەسەر ئێمە دەدۆزێتەوە دواتر دەتوانێت –بەو توانا هونەرییەی هەیەتی– ئەو کاریگەرییەمان لەڕێگەی زمانەوە بۆ بگوازێتەوە)[1].

ئەو زمانەش لە توندی و خاوی ڕیتمی دەقەکە بەدەردەکەوێت، وەک لە حاڵەتی بێتاقەتیدا شاعیر ڕیتمێکی خاو هەڵدەبژێرێت

چونکە ((ڕیتمی مۆسیقا لەگەڵ ڕیتمی دەروونی ئادەمیزاد و هەستیدا دەگونجێت و یەکدەگرێت، وەک هەستی مرۆڤێک کە ڕیتمێکی خەمناکی هەبێت دەتوانێت مۆسیقاییێکی بۆ دابندرێت ، کە لەگەڵ ئەو ڕیتمەیدا بگونجێت. بۆ لایەنە هەستیەکانی دیکەش هەر وایە))[2].

"**وەفایی**"، دەڵێت:

ئـەی ڕەفیــقان وەرنە یاریــم زۆر زەلیـلـم دڵشـــکاو

جان و دڵ مەحرووقی نارم، ئـــاخ لە بۆ تیرێک دراو

ئاخ لە بۆ تیـرێک دراوان، نووری دڵ بینـــایی چـاو

مـەرهەمی دڵ کـون کراوان، یان پەڕۆی پشتی شکاو (٢٤٠)

لەگەڵ خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە، خوێنەر ڕاستەوخۆ بێتاقەتی و هیلاکی شاعیری دێتە بەرچاو، کە لەو پەڕی بێزاریدا بەدوای هاودەمێکدا وێڵە و داوای یارمەتی دەکات. هەموو ئەو بارانە مۆسیقای شیعرەکە و ڕیتمی خاوی شیعرەکە نیشانمانی دەدات، ئاشکرایە ئەگەر دەروون ماندوو بوو ڕەنگدانەوەی بەسەر جووڵە و هەڵسوکەوتەکانی دیکەی مرۆڤەوە دەبێت، مۆسیقای شیعریش بەرپەچدانەوەیەکی ڕێکی بارە دەروونییەکانە. شاعیریش زیرەکانە وشەکانی هەڵبژاردووە، کە لەگەڵ بارە دەروونییەکەیدا یەکدەگرێتەوە،

---

[1] أحمد بسام ساعی، ، حركه الشعر العربي الحديث من خلال أعلامه في سوريه، ص٣١٥.

[2]ئەنوەر قەرەداغی، ئیقاع و ژیان، لا٧٦.

چونکە ئەگەر مرۆڤ هیلاک بوو توانای قسەکردن و تۆنی قسەکردنی خاو دەبێتەوە، ئەمەش شتێکی فیسیۆلۆجییە، بارێک نییە شاعیر بۆ خۆی دروستی بکات، چونکە ئامانجی ئەدەب جگە لە لایەنی جوانی ڕاستگۆییە.

((مەبەستمان لە ڕاستی ژیان نییە، بەڵکو ئەو ڕاستییەیە کە هونەرمەند بەهۆی زانیاری قووڵییەوە دەربارەی ژیان، بەهۆی بەهرەی هونەری و کارامەییەوە دەیخاتە بەرچاوان و پێشکەشی دەکات))[1].

ئەم شیعرە لە (١٠) دێر پێکهاتووە لەئاستی دەنگسازییەوە دەبینین کە دەنگی /ا/ (٧٣) جار دووبارەکراوەتەوە، ئەم دەنگەش هەناسەی گوتن درێژ دەکاتەوە و لەرینەوەیەکی تیادایە، هەروەها ((مۆسیقایەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە))[2]. دووەم دەنگ کە بە ڕێژەیەکی زۆر دووبارە بووەتەوە دەنگی /ی/ە کە (٦٣)جار دووباربووەتەوە، (ئەم دەنگەش دەنگێکی نەرم و درێژە)[3]. زۆرترین ڕێژەی دووبارەبوونەوەی ئەم دوو دەنگەش بووەتە هۆی ئەوەی مۆسیقا و ڕیتمی شیعرەکە درێژ و خاوبێت، کە دەلالەتێکیشە بۆ بارە هیلاکیەکەی دەروونی شاعیر.

هەندێکجاریش دەروونی شاعیر ئارەزووی مۆسیقاییێکی بەجووڵەیە، کە دەربڕی بارە دەروونییە بەجۆش سەندووەکەی بێت، هەروەک لەم نموونەیەدا، دەردەکەوێت:

ڕۆژی تەرەب و کەیف و دەمی جۆنی کوتانە

بـــەو دەستەیی جـــۆنیوە پەری بۆتە نیشانە

دەستی بەمە توند گرتووە گەرمی قەوەتانە

---

[1] پیتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر،تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، و/ ئەنوەر قادر محەمەد ، چاپی دووەم، چ/کتێبخانەی یادگار، ٢٠١٠، لا٢٢٧.

[2]ماهر مهدي هلال، ، جرس الالفاظ و دلالتها في البحث البلاغي و النقدی عند العرب، دار الحريه، بغداد، ١٩٨٠، ص٢٤٠.

[3] سەرچاوەی پێشوو، لا٢٤٠.



هەوانامەی کتێب

نێــوکی نــەکەوێ یارەبی بەو بارە گرانە

جانی منە جۆنی دەکوتێ عوزر و بەهانە (٢٧٧)

لەم شیعرەدا شاعیر جگە لەوەی بابەتێکی ڕەسەن و کوردەواری هەڵبژاردووە، زۆر لێهاتوانە مۆسیقاییێکی جوانی بەبەر شیعرەکەدا کردووە، کە لەگەڵ بابەتەکە زۆر جوان چووەتە ناویەک و ئاوێتە بوون، لەبەرئەوەی بابەتی شیعرەکە باس لە کار و جوولەی ژیان دەکات، پێویستی بەڕیتم و مۆسیقاییێکی خێرایە، کە جووڵە و بزاوتی تیادا بێت، بەدەر لەمەش لەکاتی کاردا ڕیتمی خێرا مرۆڤەکان بۆ کار هاندەدا، بە پێچەوانەوە ڕیتمێک کە خاو و لەسەرەخۆ بێت، مرۆڤیش لەگەڵیدا خاودەبێتەوە، واتە مۆسیقا کاریگەری لەسەر دەروون هەیە، وەک چۆن دەروون کاریگەری لەسەر دروستکردنی مۆسیقا هەیە، ئەمانە هەردەم لە کاریگەری و کاردانەوەدان.

هەواڵنامەی کتێب

# ئەنجام

هەولێرەی کتێب

## ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتیین:

**یەکەم:** مۆسیقا لایەنێکی ڕوون و بەرچاوە لە شیعرەکانی "**وەفایی**"دا، ئەم لایەنەش لە زۆربەی شیعرەکانیدا دەرکەوتنێکی ئاشکرای هەیە. زۆرجاریش لە شیعرەکانی وا دەردەکەوێ کە شیعرەکە لەبەر لایەنە مۆسیقییەکەی هۆنراوەتەوە.

**دووەم:** شاعیر گرینگی بە مۆسیقای دەرەوەی شیعرەکانی داوە و کێشی وەک هۆیەک بۆ بەهێزکردنی ڕیتمی شیعرەکانی بەکارهێناوە. پەیڕەوی سیستەمی عەرووزی کردووە، زۆرترین شیعری بە کێشی هەزەج هۆنیوەتەوە کە لە (٥٥,١٧%)ی شیعرەکانی بەوکێشە هۆنیوەتەوە، دوای ئەم کێشە کێشی ڕەمەل کە بە پلەی دووەم دێت بەڕێژەی (٢٩,٦٥%) بەکارهاتووە، هەریەک لە کێشەکانی ڕەجەز بە (٣,٤٤%) و موزاریع بە (٢,٧٥%) بە پلەی سێیەم و چوارەمەوە، کێشەکانی بەسیت و موجتەس و سەریع کەمترین بەکارهێنانیان هەیە کە بەڕێژەی (٠,٦٨%)ن. "**وەفایی**" نزیکەی (٦,٢٠%) شیعرەکانی تا ئێستا بەتەواوی ساغنەکراونەتەوە.

**سێیەم:** وەفایی لە یاساکانی سەروادا لایداوە و شیعرێکی بێ مەتلەعی هۆنیوەتەوە، کە لادانە لە یاساکانی شیعری کلاسیزمی کوردی. ڕێژەی بەکارهێنانی سەروای ئاسایی (٥٧%) و پاش سەروا بە ڕێژەی (٣٨%) و پێنج خشتەکی(٧%) و هەریەک لە چوارین و پێنجین بە ڕێژەی (١%) دەردەکەون.

**چوارەم:** دووبارەکردنەوە بەشێوەیەکی زۆر بەکارهاتووە، بۆیە زۆربەی هونەرەکانی دووبارەکردنەوەی، وەک (دەنگ، وشە، ئامراز، دەستەواژە، ڕستە) لە شیعرەکانیدا بەکارهاتووە، هەندێکجاریش شێوەیەکی نوێ لە دووبارەکردنەوە پێشکەش کردووە،

هەولێرنامەی کتێب

وەکو: هێنانەوەی دوو وشە جارێکیان دوور لەیەکتری و لەنیوەدێری دواتردا بەشێوەی وشەیەکی لێکدراو.

**پێنجەم:** کۆی گشتی دەنگە بەکارهاتووەکانی شیعرە کوردییەکانی "**وەفایی**" (۱۲۰۸۰۵)دەنگە، کە (۷۰۱۰۵)دەنگییان نەبزوێن و (۵۰۷۰۰) دەنگییان بزوێنن، لە کۆی نەبزوێنەکاندا زۆربەی نەبزوێنە کپەکانی بەکارهێناوە کە دەکاتە(۵۱%)ی دەنگەکان، دەنگە کپەکانیش مۆسیقاییکی نەرم دەبەخشن لەچاو دەنگە نەبزوێنە گڕەکان، کە مۆسیقایان ڕەق و توندە. لە دەنگە بزوێنەکانیشدا زۆربەی بزوێنە کورتەکانی بەکارهێناوە، کە دەکاتە (٦٥%)ی دەنگە بزوێنەکان، و بزوێنە درێژەکانیش تەنیا (۳۵%)ی دەنگە بزوێنەکان پێکدەهێنن، لێرەدا دەردەکەوێت کە مۆسیقای شیعرەکانی "**وەفایی**" لەلایەک نەرمە بەهۆی زاڵی دەنگە کپە نەبزوێنەکان، لەلایەکی دیکەوە، ڕیتمێکی لەسەریەک و خێرای هەیە بەهۆی بەربڵاوی دەنگە کورتە بزوێنەکان، چونکە بزوێنە درێژەکان لە ڕیتمدا خاوترن لەچاو بزوێنە کورتەکان.

**شەشەم:** هەستە هونەرییەکەی شاعیر بەسەر زۆربەی شیعرەکانییەوە دیارە و ئەمەش هەر لە هێنانی ناو و ئامرازەکانی تایبەت بە مۆسیقا، شاعیر زیاتر لە (۱۲۹) شوێن ئاماژەی ڕاستەوخۆی بە ناوو ئامرازەکانی پەیوەست بە مۆسیقا کردووە، بۆنموونە: هەریەک لە ناوەکانی (نەغمە، موتریب) بەڕێژەی (١٦%)ی شوێنەکان و سەما بەڕێژەی (٦%) و ئاواز (٥,٥%) و هەریەک لە (ڕەقس و نەواو و دەف) (٢,٣%) و (بەربەت و تارزەن و موغغەنی و ئاهەنگ و تەمبور و زیرو بەم) بە ڕێژەی (١,٥%) وهەروەها ئامێرەکانی (تار) بەڕێژەی (١٣%) و (نەی) (١١%) و هەریەک لە ناوو ئامرازەکانی وەک: (ڕوباب و نەغمەخوان و مۆسیقار و شاناز و حیجاز) بە ڕێژەی (٠,٨%) هاتوونەتەوە.

**حەفتەم:** شاعیر جگە لەوەی چەند شێوەیەکی دووبارەکردنەوەی وشەیی بەکارهێناوە، لەسەر ئاستی دیوانەکەشدا چەند جارێک دوو وشە بەیەکەوە دێنێت و دووبارەیان



هەواڵنامەی کتێب

دەکاتەوە، واتە "**وەفایی**" هەستی بە گونجان و چێژی بەیەکەوە هاتنەوەی ئەو وشانە کردووە، جا ئەم وشانەش زۆرجار دەکەونە پاڵ یەکترییەوە، هەندێکجاریش لە سنووری هەمان دێردا دەهێندرێنەوە، بەڵام لە یەکتری دوورخستوونەتەوە، بۆ نموونە: شاعیر وشەکانی (شەو و ڕۆژ)ی (٥٨)جار بەیەکەوە هێناوە، (٢٧)جار ئەم وشانە بەیەکەوە هاتوون و (٣١)جاریش بەشێوەی دابڕاو لەهەمان دێردا هاتوونەتەوە، هەروەها وشەکانی (دڵ و دین) (١٩)جار بەشێوەی لەیەک دانەبڕاو و (٥)جار بەشێوەی دابڕاو هاتوونەتەوە، هەندێکجاریش سنووری وشە تێدەپەڕێنێ و ڕستەی (مەکەن مەنعم) (٨)جار بەشێوەی بەیەکەوە هاتوو و (٤)جاریش، بەشێوەی دابڕاو هاتوونەتەوە.

**هەشتەم**: "**وەفایی**" لە هونەری کەرتکردندا کەرتکردنی چواری و کەرتکردنی شەشی و کەرتکردنی هەشتی و جارجاریش هونەری کەرتکردنی لە سنووری یەک نیوەدێردا بەکارهێناوە، بەڵام لە هەموویان باوتر لای شاعیر کەرتکردنی چوارییە، زۆربەی زۆری ئەم کەرتکردنەش بەشێوەیەک هێندراونەتەوە، کە کەرتەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم هاوسەروایە و کەرتی چوارەمیش چووەتەوە سەر سەروای گشتی شیعرەکە.

**نۆیەم**: زۆرجار شاعیر، کە وێنەیەکی شیعری هێناوەتەوە بەتایبەت هونەرە ڕەوانبێژییەکان، وێنە ڕەوانبێژییەکە خزمەتی بە لایەنی مۆسیقای شیعرەکە کردووە، هەروەها هەستی بیستن، کە وەک سەرچاوەیەک بۆ کێشانی وێنە شیعرییەکان سوودی لێوەرگیراوە، بەرئەنجامی بەهێزی گوێی مۆسیقی شاعیربووە، زۆرجاریش لەپاڵ وێنە نایابەکەدا مۆسیقاییێکی قەشەنگی بەهۆیەوە داهێناوە.

**دەیەم**: بارە دەروونییەکان کاریگەرییان هەبووە، لەسەر داڕشتنی جۆری مۆسیقای شیعرەکانی، واتە مۆسیقا وەک هۆکارێک دەتواندرێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ ئاشکراکردنی دیوی ناوەوەی دەروونی شاعیر.

# سەرچاوەکان

هەوالنامەی کتێب

## لیستی سەرچاوەکان:-

### یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی

أ) <u>کتێب:</u>


١. ئازاد ئەحمەد مەحموود (٢٠١٢). بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. چاپی دووەم. چاپخانەی حاجی هاشم .هەولێر.

٢. ئازاد عەبدلواحید کەریم (٢٠١٣). سۆسۆلۆژیای ئەدەب لە ڕوانگەی پێوەرە ئاکاری و ئاینییەکانەوە (شیعری کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە) بەنموونە. چاپی دووەم. چاپخانەی کارۆ. کەرکووک.

٣. ئەحمەد هەردی (٢٠٠٩). عەرووز لە شیعری کوردیدا. و/ئاسۆس هەردی. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی. سلێمانی.

٤. ئەرەستۆ. (٢٠١١). هونەری شیعر. وەرگێڕانی عەزیز گەردی. چاپی دووەم. چاپخانەی گەنج. سلێمانی.

٥. ئیبراهیم ئەحەمەد شوان (٢٠١٢). ئەدەبی کۆنی کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

٦. ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠٠٣). جوانکاری لە ئەدەبی کوردیدا. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

٧. ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠٠٦). قۆناغی پێش ڕۆمانسیزمی شیعری کوردی (١٨٥١-١٩٢١). چاپی یەکەم. چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری. هەولێر.

٨. ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٣). کۆوانەکانی ڕەوانبێژیچاپی یەکەم. چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.

٩. ئومێد ئاشنا (٢٠٠٢). نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران. چاپخانەی/ وەزارەتی پەروەردە. چاپی یەکەم. هەولێر.

١٠. بەسام قطوس (٢٠١١). دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی هاوچەرخ. و/ محەمەد تاتانی. چاپی یەکەم. چاپخانەی شڤان.

١١. پیتەر هاڵبێرگ و دانەرێنی تر (٢٠١٠). تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی. و/ ئەنوەر قادر محەمەد. چاپی دووەم. چ/کتێبخانەی یادگار.

١٢. جەبار ئەحمەد حسێن (٢٠٠٨). ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق(١٩٥٠-١٩٧٠).چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

١٣. حەمدیە حەسەن محەمەد (٢٠١٢). لایەنی هونەری و ناڤەرۆکا هۆزانا سەبری بۆتانی. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

١٤. حسێن سابیر عەلی (٢٠١٢). ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە رۆمانەکانی کاکە مەم بۆتانی-دا. چاپخانەی لەریا. سلێمانی.

١٥. خانزاد عەلی قادر (٢٠١١). زمانی شیعری حاجی قادری و کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

١٦. دلێر ئیبراهیم (٢٠٠٤). تیۆری مۆسیقا.چاپی سێیەم.______؟..

١٧. دڵشاد عەلی (١٩٩٨). بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا. چاپخانەی/ ڕەنج. سلێمانی.

١٨. دڵشاد عەلی (٢٠٠٧). دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری. چاپی یەکەم.چاپخانەی/دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

١٩. ڕێزان سالح مەولود (٢٠٠٩). ئەندێشەی شیعری لەنێوان ڕێبازی کلاسیک و رۆمانتیکی کوردی لە کرمانجی خوارووداا. چاپی یەکەم. چاپخانەی شەهاب. هەولێر.

٢٠. ڕەزا سەید حوسێنی (٢٠٠٦). قوتابخانە ئەدەبییەکان. وەرگێرانی/ حەمە کەریم عارف. چاپی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

٢١. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی (٢٠٠٤). بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا (١٩٧٠_١٩٩١). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

هەولێنامەی کتێب

٢٢. (سیروس پرهام) میترا (٢٠٠٤). رالیزم و دژە ڕیالیزم لەئەدەبییاتدا. و/ حەمە کەریم عارف. چاپخانە وەزارەتا پەروەردآ. هەولێر.

٢٣. صلاح رۆوف (١٩٨٩). تیۆرەکانی مۆسیقا. چاپی یەکەم. چاپخانەی/ سومر.

٢٤. شاکر فەتاح (١٩٦٩). یەزیدییەکان و ئایینی یەزیدیچاپخانەی کامەران. سلێمانی.

٢٥. شەعبان چالی (٢٠٠٨). شێوازی شیعری جزیری. چاپێ ئیکآ. چاپخانا حەجی هاشم. هەولێر.

٢٦. شکری عزیز الماضی (٢٠١٠). تیۆری ئەدەب. و/سەردار ئەحمەد گەردی چاپی یەکەم. چاپخانەی ماردین. هەولێر.

٢٧. عەباس محەمەد قادر (٢٠١٠). ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (١٩٤٦-١٩٧٠). مەڵبەندی کوردۆلۆجی. سلێمانی.

٢٨. عەزیز گەردی (١٩٧٢). ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا –ڕوونبێژی-. بەرگی یەکەم. چاپخانەی جاحظ. بەغداد

٢٩. عەزیز گەردی (١٩٧٤). ئەدەب و ڕەخنە. چاپی یەکەم. چاپخانەی (الحوادپ). بەغدا.

٣٠. عەزیز گەردی (١٩٧٥). ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا-جوانکاری-. بەرگی دووەم. چاپخانەی شارەوانی.هەولێر.

٣١. عەزیز گەردی (١٩٩٩). کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا. چاپی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.هەولێر.

٣٢. عەزیز گەردی (١٩٩٩). سەروا. چاپی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.هەولێر.

٣٣. عەزیز گەردی (٢٠٠٢). ڕەوانبێژی بۆ پۆلی دووەمی پەیمانگاکانی مەڵبەندی مامۆستایان. پۆلی پێنجەمی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان. چاپی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

٣٤. عەزیز گەردی (٢٠١٤). کێشناسی کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانە/ کتێبخانەیرانیە. رانیە.

٣٥. عبدالرزاق بیمار (١٩٩٢). کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانەی دار الحریە. بغداد.

٣٦. عبدالرزاق بیمار (٢٠٠٦). خوێندنەوەیەکی تازەی هەڵبەستی کوردی. بڵاوکراوەی ئاراس. هەولێر.

٣٧. عوسمان دەشتی (٢٠١٢). لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

٣٨. عەبدوڵڵا خدر مەولوود (٢٠١٠). عەرووز یا کێشناسی. چاپخانەی پاک. هەولێر.

٣٩. علاءالدین سجادی (١٩٦٩). نرخ شناسی. چاپخانەی مەعاریف. بەغدا.

٤٠. علاءالدین سجادی (١٩٨٦). خۆشخوانی گوزارەکاری. رەوانکاری. جوانکاری. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

٤١. عیزەدین مستەفا رەسووڵ (٢٠٠٨). ڕیالیزمی نوێ ئەدەبیاتی کوردی. چاپخانەی ڤاری. سلێمانی.

٤٢. فەرهاد پیربال (٢٠٠٤). ڕێبازە ئەدەبییەکان.چاپی یەکەم. چاپخانەی دەزگای ئاراس. هەولێر.

٤٣. کامل حەسەن بەسیر (١٩٥٣). ویژەی کوردی و ڕەخنەسازی. چاپخانەی (دار الجاحظ). بەغدا.

٤٤. کەمال مستەفا مەعروف (٢٠٠٧). ڕەخنەی نوێی کوردی. بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی. سلێمانی.

٤٥. کەمال مەمەند میراودەلی (١٩٧٩). فەلسەفەی جوانی و هونەر. چاپخانەی زانکۆی سلێمانی. سلێمانی.

٤٦. مارف خەزنەدار (١٩٥٨). پێشەکی دیوانی سەلام. چاپخانەی تەمەدون. بەغدا.

هەواڵنامەی کتێب

٤٧. مارف خەزنەدار( ١٩٦٢). کێش و قافیە لە شیعری کوردی دا. چاپخانەی الوفاء. بەغدا.

٤٨. مارف خەزنەدار (١٩٨٤). لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە. چاپخانەی (المؤسسە العراقیە للدعایە و الطباعە). بەغدا.

٤٩. مجید محمود مطلب (١٩٨٧). شیعر و فەلسەفە. وەرگێرانی فوئاد مەجید مسری. چاپخانەی علا .

٥٠. محەمەد بەکر (٢٠٠٤). کێش و ڕیتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی.چاپی یەکەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

٥١.محەمەد حەمە باقی (٢٠٠٢). مێژووی مۆسیقای کورد. چاپی دووەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە. هەولێر.

٥٢. مستەفا سەید مینە (٢٠٠٧). پێیەی وەفایی لەناو شاعیرانی سەدەی نۆزدەهەمی کرمانجی خواردوودا. چاپی یەکەم. چاپخانەی تەفسیر. هەولێر.

٥٣. هاوژین سلیوە عیسی (٢٠٠٩). بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا. چاپی یەکەم. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی.

٥٤. هاوژین صلیوە (٢٠١٣). ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت دا. چاپی یەکەم. چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر.

٥٥. هەڤاڵ ئەبوبەکر حوسێن (٢٠١٠). پێگەی ڕێبازی ڕۆمانتیکیی لە شیعری کوردیدا. چاپخانەی لەریا. سلێمانی.

٥٦. هۆراس (٢٠٠٥). هونەری شیعر. و/ حەمید عەزیز. چاپی دووەم. چاپخانەی چوارچرا. سلێمانی.

٥٧. هیمداد حوسێن (٢٠٠٧). ڕێبازە ئەدەبییەکان. چاپی یەکەم. چاپخانەی دەزگای ئاراس. هەولێر.

٥٨. نووری فارس حەمەخان (٢٠٠٤). عەرووزی کوردی. چاپی یەکەم. چاپخانەی/ دەزگای ئاراس. هەولێر.

هەدوالنامەی کتێب

٥٩. یادگار رەسول باڵەکی (٢٠١١). عەرووز وەک پێوەرێک بۆ ساغکردنەوەی شیعری نالی. چاپخانەی ڕۆشنبیری. هەولێر.

**ب)دیوانەکان:**

٦٠. وەفایی (دیوان) (٢٠١٢). ساغکردنەوە و پێشەکی نووسین و ئامادەکردنی/ عوسمان دەشتی. چاپخانەی حاجی هاشم. هەولێر.

٦١. وەفایی (دیوان) (١٩٥١). کۆکردنەوەی/ گیوی موکریانی. چاپخانەی کوردستان. هەولێر.

٦٢. (دیوانی وەفایی) (١٣٨٥). لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. چاپی دووەم. بڵاوکردنەوەی کوردستان.

**پ) نامە ئەکادیمییەکان:**

٦٣. ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩١). بڕگە و ئاسێن بوونی بڕگە لە کوردیدا. (نامەی ماستەر). کۆلیژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەددین.

٦٤. ڕێبین خلیل قادر (٢٠٠٩). میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التکاملی) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا هەردوو کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) و (کاروانی شیعری نوێی کوردی) بە نموونە. (نامەی ماستەر). کۆلیژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.

٦٥. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا (٢٠٠٧). شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە. نامەی ماستەر. کۆلیژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

٦٦. عثمان عبدالله فرج (٢٠١١). ڕەهەندی مۆسیقی لەشیعرە کوردییەکانی (صافی)دا. نامەی ماستەر. کۆلیژی پەروەردە. زانکۆی سەلاحەددین.

٦٧. هیتلەر ئەحمەد حەمە (٢٠٠١) وێنەی شیعری لای نالی. نامەی ماستەر. کۆلیژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەددین. هەولێر.

هەوڵنامەی کتێب

٦٨. هیوا نورالدین عزیز (٢٠٠٩). بنیادی ڕیتم لەشیعرە کوردییەکانی عبدالله بەگی میصباح الدیوان (ئەدەب)دا. نامەی ماستەر.کۆلیژی زمان.زانکۆی سەلاحەددین.

٦٩. هێمن عومەر ئەحمەد (٢٠٠٨). چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆچیرۆکی (نامەکانی ژێکۆن)ی (جەبار جەمال غەریب)دا. نامەی ماستەر. کۆلێژی زمان. زانکۆی سەلاحەددین.

## تـ) گۆڤار:

٧٠. ئەحمەد هەردی (١٩٧١). کێش لەشیعری کوردیدا. گۆڤاری برایەتی. ژمارە (١٠).ساڵی

٧١. ئەکرەمی میهرداد (٢٠١١). ئاسمانی بێ سنووری سرودادنی شیعر. گۆڤاری هەنار. ژمارە (٦١). ساڵی شەشەم.

٧٢. ئەنوەر قەرەداغی (١٩٨٨). ئیقاع و ژیان. گۆڤاری کاروان. ژمارە (٦٤). چاپخانەی / دار الحریە.

٧٣. ئیبراهیم ئەحمەد شوان (٢٠٠٠). گوێگرتن (السماع) لەنێوان زانایانی شەریعەت و سۆفییەکاندا. گ/کاروان. ژمارە (١٥١). تشرینی دووەم. هەولێر.

٧٤. باکووری (١٩٩٧). پێوەندی نێوان مۆسیقا. گۆڤاری ڕامان. ژ(١٢).

٧٥. سەردار ئەحمەد گەردی. ٢٠١٣. کاریگەری مۆسیقای غەزەلێکی جزیری لەسەر قەصیدەیەکی وەفایی. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی. ژمارە (٢٤).

٧٦. شاهۆ سەعید (٢٠٠٠). ڕیتم لەنێوان شیعر و مۆسیقادا. گۆڤاری ئاییندە. ژمارە(٥٠-٥١).

٧٧. عثمان شارباژێری. ١٩٨٢. وەفایی و گۆرانی و مۆسیقای کوردی. بەشی دووەم. رۆشنبیری نوێ. ژ(٩٠)ی کانونی دووەم و شوبات.

٧٨. کامل ژیر. شوباتی (١٩٨٩). هەڵبەستی کوردی لەنێوان عەرووز و پەنجەدا. گۆڤاری کاروان. ژمارە(٧٢). چاپخانەی (الآدیب البغدادیە).

٧٩. كامیل ژیر. ١٩٩٠. بەرگری لە هەڵبەست. رۆشنبیری نوێ. ژمارە (١٢٦).

٨٠. كەریم شارەزا. ٥ی ئاداری (١٩٩٧). وێنەی شیعری لە هۆنراوەی كوردیدا چۆن دروست دەبێت و بە چ هەستێک وەردەگیرێت. گۆڤاری ڕامان. ژمارە (٩).

٨١. كەمال غەمبار (١٩٨٠). "قافییە لەپرچی ئەو كچەدا" كام بۆچوونی ڕەخنەگرانە. گۆڤاری (بەیان). ژمارە(٦٣). دار الثقافه.بەغدا.

٨٢. محەمەد موكری (٢٠٠١/١٠/٥). سۆفیزم و مۆسیقا. گۆڤاری رامان. ژمارە (٦٤).

٨٣. محەمەد بەكر محەمەد (٢٠٠٦). دینامیزمی ( سۆز ) لە شیعردا پەخشانە شیعری كوردی وەک نموونە. گۆڤارا زانكۆیا دهۆک. ژمارە (٢). پەربەندا (٩).

٨٤. محەمەد محەمەد نوری عارف (١٩٧٤). تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی كوردی. گۆڤاری كۆلیجی ئەدەبیات. زانستگای بەغدا. ژمارە (١٨). بەغدا.

٨٥. وریا عومەر ئەمین (١٩٩٠). شەپۆڵەكانی شیعری كوردی. ڕۆشنبیری نوێ ژمارە(١٢٦).

**ج)فەرهەنگ:**

٨٦. هەژار (١٣٩١). هەنبانەبۆرینە. چاپی هەشتەم.چاپخانەی سروش. تهران.

**ح) ڕۆژنامە:**

٨٧. عزیز گەردی (١٩٧١). هۆنراوەی كوردی و عەروزی عەرەبی. رۆژنامەی هاوكاری . ساڵی دووەم.ژمارە (٢٥). ٢٤ی تەموزی.دار الجماهیر

٨٨. كارۆخ خۆشناو (١٩٩٨). شیعر لەنێوان "كێشی مۆسیقی" و "بە مۆسیقابوون"دا. رۆژنامەی برایەتی. ژمارە(٨٤).

٨٩. گۆران (١٩٧١/٤/١٥). لە هەلبەستا_كیش_ ڕۆژنامەی ژین. ژمارە (١٨). چاپخانەی "ژین"ساڵی یەكەم.

خـ) <u>موحازەرە:</u>

٩٠. چیایی کەمال سەعدی (٢٠١٤-٢٠١٥). مێژووی مۆسیقای جیهانی. موحازەرەی کۆلیژی هونەرە جوانەکان/ بەشی مۆسیقا. قۆناغی دووەم.

**دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:**

أ) <u>کتێب:</u>

٩١. ابراهيم انيس (١٩٧٢). موسيقى الشعر. الطبعه/ ارابعه.مطبعة/ دار القلم. بيروت-لبنان.

٩٢. ابراهيم أنيس (١٩٩٩). اصوات اللغويه. مطبعة نهضه. مصر.

٩٣. إبراهيم محمود خليل (٢٠١٢). عروض الشعر العربی. الطبعه الثالثه. دار الميسره للنشر و التوزيع و الطباعه. الاردن.

٩٤. أحمد رجائی (١٩٩٩). أوزان الألحان بلغه العروض و توائم من القريض. الطبعه الاولی. دار الفكر للطباعه و التوزيع والنشر. دمشق.

٩٥. أحمد بسام ساعی (٢٠٠٦). حركه الشعر العربی الحديث من خلال أعلامه فی سوريه. الطبعه الاولی. دار الفكر. دمشق.

٩٦. اسعد محمد علی (١٩٨٥). بين الادب و الموسيقى. مطبعة/ افاق عربيه. بغداد.

٩٧. ألفريد ايتشتين (١٩٧٣). الموسيقى فی العصر الرومانتيكی. ت/ أحمد حمدی محمود. المكتبه العربيه. القاهره.

٩٨. اميه حمدان (١٩٨١). الرمزيه و الرومانتيكيه فی الشعر اللبنانی. دار الرشيد. بغداد.

٩٩. جابرييل جارثيا ماركيز. ٢٠٠٢. غريق على أرض صلبه-مقالات. ت/ مها السيد عبداالرؤوف. الطبعه الاولی. ميريت للنشر و المعلومات. القاهره.

١٠٠. جوزيف ميشال شريم (١٩٨٧). دليل الدراسات الاسلوبيه. المؤسسه الجامعه للدراسات و النشر و التوزيع. الطبعه الثانيه. بيروت.

١٠١. حسن حسنى (١٩٩٤). موسيقا الشعر و العروض. الطبعه الاولى. دار الهجره. بيروت.

١٠٢. حسنى عبدالجليل يوسف (١٩٨٩). موسيقى الشعر العربى. الجزء الاول. الهيئه المصريه العامه للكتاب.

١٠٣. خضر موسى محمد حمود (٢٠١٣). الراقى فى حداثه علم العروض و القوافى. الطبعه الاولى. دار الكتب العلميه. لبنان.

١٠٤. خميس الورتانى (٢٠٠٥). الايقاع فى الشعر العربى الحديث خليل حاوى نموذجا. الطبعه الاولى. (دار الحوار) للنشر و التوزيع. سوريه.

١٠٥. رجاء عيد (١٩٧٥). الشعر و النغم. مطبعة/دار الثقافه. القاهره.

١٠٦. رشيد شعلال (٢٠١١). البنيه الايقاعيه فى شعر أبى تمام بحث فى تجليات الايقاع تركيبا و دلاله و جمالا. الطبعه الاولى. مطبعة حلاوه. الاردن.

١٠٧. رينييه ويليك أوستن وارين (١٩٨٧). نظريه الادب.ترجمه/ محى الدين صبحى. المؤسسه العربيه للدراسات و النشر. بيروت.

١٠٨. شكرى محمد عياد (١٩٦٨). موسيقى الشعر العربى. الطبعه الاولى. مطبعة/ دار المعريفه. مصر.

١٠٩. شوقى ضيف (١٩٧٧). فصول فى الشعر و نقده. الطبعه الثانيه. مطبعة دار المعارف.

١١٠. شوقى ضيف (١٩٧٨). الفن و مذداهبه فى الشعر العربى. الطبعه العاشره. دار المعارف. مصر.

١١١. صالح مهدى (١٩٨٦). الموسيقى العربيه تاريخها و أدبها. مطبعة/الدار التونسيه للنشر. تونس.

١١٢. صفاء خلوصى (١٩٨٧). فن التقطيع الشعرى و القافيه. الطبعه/السادسه. دار الشؤون الثقافيه العامه. بغداد.

١١٣. عبدالعزيز عتيق (١٩٧٤). علم العروض و القافيه. مطبعة/ دار النهضه العربيه. بيروت.

١١٤. عبدالعزيز العتيق (١٩٨٥). علم البديع. دار النهضه العربيه للطباعه و النشر. بيروت.

١١٥. عزالدين أسماعيل (١٩٦٧). الشعر العربى المعاصر قضاياه و ظواهره الفنيه و المعنويه. الطبعه الثالثه. دار الفكر العربى.

١١٦. على يونس (١٩٨٤). النقد الادبى و القچايا الشكل الموسيقى فى الشعر الحديث. هيئه المصريه العامه. مصر.

١١٧. عيسى على العاكوب (١٩٩٧). موسيقا الشعر العربى. الطبعه الاولى. دار الفكر المعاصر. دمشق.

١١٨. كمال أبو ديب (١٩٧٤). فى البنيه الايقاعيه للشعر العربى. الطبعه الاولى. دار العلم للملايين. بيروت.

١١٩. ماهر مهدى هلال (١٩٨٠). جرس الالفاظ و دلالتها فى البحث البلاغى و النقدى عند العرب. دار الحريه. بغداد.

١٢٠. محمد أحمد قاسم و محى الدين ديب (٢٠٠٨). علوم البلاغه البديع و البيان و المعانى. المؤسسه الحديثه للكتاب طرابلس-لبنان.

١٢١. محمد الصادق شفيعى ( ١٩٨٧). النقد التطبيقى و الموازنات. مؤسسه الخانجى. مصر.

١٢٢. محمد غنيمى هلال (١٩٧٣). النقد الادبى الحديث. مطبعة "دار الثقافه". بيروت- لبنان.

١٢٣. محمد غنيمى هلال (١٩٨١).الرومانتيكيه. الطبعه السادسه. دار العوده. بيروت.

١٢٤. محمد فتوح أحمد (١٩٧٨). الرمز و الرمزيه فى الشعر المعاصر. الطبعه الثانيه. دار المعارف. القاهره.

١٢٥. محمد مندور (١٩٧٤). الادب و فنونه. دار النهضه. مصر.

١٢٦. محمد مندور (١٩٨٨). فى الميزان الجديد. الطبعه الاولى. مطبعة كوتيب. تونس.

١٢٧. مزاحم مطر حسين ( ٢٠١٣). المعنى فى الدراسات البلاغيه الثراء- التمكين- التوجيه. الطبعه الاولى. طباعه نشرتوزيع(تموز). دمشق.

هدو الناهدى كتيب

١٢٨. موفق قاسم الخاتونى (٢٠١٣). دلاله الايقاع و ايقاع الدلاله فى الخطاب الشعرى الحديث قراءه فى شعر محمد صابر عبيد. (دار نينوى) للدراسات و النشر و التوزيع. سوريه.

١٢٩. ياسين عايش خليل (٢٠١١). علم العروض. الطبعه الاولى. دار المسيره. عمان.

**ب)نامه ئەكاديمييەكان (ماستەر و دكتۆرا)**

١٣٠. أحمد حسانى (٢٠٠٥_-٢٠٠٦). الايقاع و علاقته بالدلاله فى الشعر الجاهلى. رساله دكتوراه كليه الاداب و اللغات. جامعه الجزائر.

١٣١. بو عيسى مسعود (٢٠١١-_٢٠١٢). التشكيل الموسيقى فى شعر سليمان العيسى ديوان الجزائر نموذجا. (رساله الماجستر) كليه الاداب و اللغات/ جامعه الحاج لخضر- باتنه-.

١٣٢. داحو أسيه (٢٠٠٨_-٢٠٠٩). الايقاع المعنوى فى الصوره الشعريه "محمود درويش نموذجا".رساله الماجستير. كليه الاداب و اللغات. جامعه حسبيه بن بو على. الشلف.

١٣٣. عمر بن طريه (٢٠٠٩-_٢٠١٠). التفكير البلاغى عند الزركشى من خلال كتابه البرهان فى العلوم القران. رساله دكتوراه. جامعه الحاج لخضر- باتنه. كليه الاداب و العلوم الانسانيه.

١٣٤. مسعود وقاد (٢٠١٠-_٢٠١١). جماليات التشكيل الايقاعى فى شعر عبدالوهاب البياتى. رساله دكتوراه. جامعه الحاج لخضر- باتنه كليه الاداب و العلوم الانسانييه.

١٣٥. هبه غيطى (٢٠٠٨_-٢٠٠٩). بنيه الصوره الشعريه عند ابى تمام. (رساله الماجستر) كليه الاداب و اللغات/ جامعه منتورى. قستنطينه.

پ) **گۆڤار** :

١٣٦. عبدالحميد جودی (مارس ٢٠١٢). الموسيقی الشعريه فی شعر الزهد عند أبی اسحاق الالبيری الاندلسی. مجله علوم اللغه العربيه و آدابها. مطبعة المنصور. عدد (٤).

١٣٧. عبدالغفور النعمه (١٩٨٨). الرباط المقدس بين الموسيقی و الشعر. مجله الاقلام. العدد(٥).

١٣٨. محمد صابر عبيد (ايلول ١٩٨٩). انماط الصوره الفنيه فی شعر أحمد عبدالمعطی حجازی. مجله الاقلام. عدد(٩).

ت)<u>لێکۆڵینەوەی زانستی</u>

١٣٩. فکری عبدالمنعم السيد النجار (٢٠١٣). العلاقه بين اللغه العربيه و الموسيقی من خلال عروض الشعر العربی. بحث مقدم للمؤتمر الدولی الثانی للغه العربيه. دبی.

ج)<u>فەرهەنگ</u>:

١٤٠. محمد التونجی (١٩٩٩). المعجم المفصل فی الادب. المجلد الاول. دار اللكتب العلميه. بيروت. ط/٢.

**سێیەم: سەرچاوەبە زمانی فارسی:**

<u>کتێب:</u>

١٤١. پرويز ناتل خانلری (١٣٦٧). وزن شعر فارسی. چاپ/هفتم. انتشارات توس. تهران.

١٤٢. سيروس شمسيا (١٣٩٢). عروض و قافيه. چاپ/پنجم. دانشتگاه پيام نور. تهران.

١٤٣. محمد رضا شفيعی كدكنی (١٣٧٢). صورخيال در شعر فارسی تحقيق انتقادی درتطورايماژهای شعر پارسی و سيرنظرييه بلاغت در اسلام و ايران. چاپ پنجم. مؤسسه انتشارات اگاه. ايران.

١٤٤. محمد رضا شفيعی كدكنی (١٣٩٢). موسيقی شعر. چاپ چهاردهم. نشر اگه. تهران.

هەواڵنامەی کتێب

چوارەم: سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:

145. Abrams, M.H. (1999). A Glossary of Literary Terms, 7th (eds).United Kingdom and The United States of America: Cornell University Publication.

146. Baldick, Chris. (2001). The Concise oxford Dictionary of Literary Terms.Oxford: Oxford University Press.

147. Damaré, Brad M. (2008). Music and Literature in Silver Age Russia:

Mikhail Kuzmin and Alexander Scriabin, ph.d.The USA: The University of Michigan.

148. Dundas, Judith. (1973). Illusion and the Poetic Image. Wiley on behalf of The American Society for Aesthetics. The Journal of Aesthetics and Art Criticism, Vol. 32, No.2.

149. Evans, Vyvyan.(2007). A Glossary of Cognitive Linguistics. Scotland: Edinburgh University Press Ltd.

150. Françon, Marcel. (1939). Music and Poetry in the French Renaissance. American Association of Teachers of French Stable URL: http://www.jstor.org/stable/380763.

151. Hollander, John. (1956). The Journal of Aesthetics and Art Criticism, Vol. 15, No. 2, pp. 232-244 Published by: Wiley on behalf

هەولێنامەی پێنۆر

of The American Society for Aesthetics. Stable URL: http://www.jstor.org/stable/427879 .Accessed: 08/02/2015 15:48.

152. Hughes, Patrick (1984). More on Oxymoron. Jonathan Cape Ltd.

153. Humboldt, Wilhelm von. (1988). On Language: The Diversity of Human Language-Structure and its Influence on the Mental Development of Mankind. Trans. Peter Heath. Cambridge: Cambridge University Press.

154. Jones, Amy. (2013). The Translation of Musicality in the Lyric Poetry of Helmina von Chézy and Marceline Desbordes-Valmore. USA. The Ohio State University.

155. Kjerkegaard,Stefan. (2011). Seven Days Without a Pun Makes One Weak. Two Functions of Wordplay in Literature and Literary Theory. Aarhus University: Journal of Literature, Language and Linguistics. Volume 3, Issue 1, ISSN 1948-5778.

156. Koh, Joyce Beetuan and Steve Dixon. (2013). The Music of T.S. Eliot's Poetry: Integrating Live Performance, Poetry ,Sound, and Video in a Multimedia Theatre Production of the Waste Land.Singapore :LaSalle College of the Arts.

157. Lederer, Richard. (1990). Oxymoronology. In Word Ways: The Journal of Recreational Linguistics. The USA: Spring Valley.

158. Manjavidze, Tamar. (2013). Stylistic Repetition, Its peculiarities and Types in Modern English. Georgia: Grigol Robakidze University.

هدى الشامي كتب

159. Maulsby, Stephen C. (2008). The Harley Lyrics Revisited: A Multilingual Textual Community, PhD disseration. United States of America: The Catholic University of America.

160. Whitman, Walt, Wallace Stevens and John Asbbery. (2005). Poetry and Repetition. Great Britain: Routledge Taylor and Francis Group.

161. Richards, Jack C and Richard Schmidt. (2010). Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, $4^{th}$ (eds). Britain: Pearson Education Limited.

162. Salmon, Arthur L. (2015). The Relations of Music and Poetry. The Musical Times, Vol. 60, No. 920, Published by: Musical Times Publications Ltd. Accessed: 08/02/2015.

163. Synder, J.M. (1980). Puns and Poetry in Lucretius' De Rerum Nature. The Netherlands: B.R. Gruner Publishing.

164. Vlček, Viktor. (2008). Major Writers of the Sixteenth Century English Sonnet. Czech Republic: Masaryk University.

165. Yule, George. (1996). The Study of Language, $2^{nd}$ eds. Cambridge: Cambridge University Press.

### پێنجەم: ئینتەرنێت:

166. http://www.merriam-webster.com/dictionaryhttp://en.wikipedia.org/wiki/R .

167. http://www.etymonline.com/index.php?term=poetry&allowed_in_frame.

168. http://www.iranchamber.com/music/articles/development_changes_meaning_musicphp

169. Oxford English Dictionary. http://www.oed.com/search?searchType=dictionary&isWritersAndEditors=true&searchUri=All&q=onli

هەواڵنامەی کتێب

**Abstract**

The music of poetry covers all those aspects that participate in building the rhythm and melody of a poem. This thesis, which is entitled (The Music of Poetry in ‘Wafayee’s Poems), is an attempt to determine and highlight musical aspects poetry, especially the music of Wafayee’s poems.

The research is divided into two chapters and an introduction, and each chapter is opened to several sections.

The first chapter is specialised to the theoretical aspects of music of poetry, which are mentioned in three independent sections. Generally, in each section an area of the music of poetry and those aspects that create musicality in poetry are specified.

The second chapter tackles all the sides of external music and internal music of Wafayee’s poems. This is conducted via taking the characteristics of Wafayee’s poems into account. Alongside this, through Wafayee’s poems, attempts have been made to build a relationship between the music of poetry with poetic image on the one hand, and the music of poetry with psychology on the other.

Eventually, we have realised that Wafayee cared a lot about musicality, and he often wrote poem for the sake of musicality, as Wafayee was adorer of song and musicality.

زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# The Music of Poetry in Wafayee's Poems

A thesis

Submitted to the Council of the College of Languages at the University of Salahaddin-Hawler in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

By

**Frmesk Muslih Mohammad**

B.A. Kurdish Department

Supervised by

**Prof. Dr Ibraheem Ahmed Shwan**

Erbil, Kurdistan

October 2015